مەم و زین

A-PDF Page Cut DEMO: Purchase from www.A-PDF.com to remove the wa

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین

سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب

***

ناوونیشان:
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

ئەحمەدی خانی

مەم و زین

ئامادەکردن و پەڕاوێزنووسینی:

هەژار

ناوی کتێب: مەم و زین
نووسینی: ئەحمەدی خانی
ئامادەکردن و پەڕاوێزنووسینی: هەژار
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٧٧٤
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
چاپی دووەم، هەولێر ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١٧٤٣ی ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

مەم و زینی خانی چییە؟

ئەو کێژە کوردە پاکانە، ئەو لەوەندە لاوچاکانەی خوێندەوارن و دەزانن کوردی وەخوێنن و حەز لە باری وێژە و بێژەی هەرە جسن و هەرە بایەخدار و هێژا و هەرە چێژە و بەرامە دەکەن و دڵبژۆکی چیرۆکی ئەڤێنداریشن... ئەگەر مەم و زین ببینن، ئەو مەم و زینەی سێ سەدە بەر لە ئێستە خانی شانی کوردی داوە و بە بەند بۆ کوردی داناوە، من لێم ڕوونە زۆر بە هەڵپە و بە پەلەپەل رووپەلان هەڵدەدەنەوە و بەلەز و بەز کاڵەشومێکی دەبڕن و خوا خوایانە هەرچی زووە چارەنووسی دوو دڵداری چارەڕەش دەبناوان بکەن. ئەوسا هەرگا لەسەر تەرمی جوان و نەرمی ئەو دوو نەمامە ناکامە چەمەر و گەرمە شینیان گرت و لە ڤەشارتنیان بوونەوە... بەچاوی ئەسرین تێزاو، بەدوو هەناسەی ساردەوە، بێژن بەخوا فریە خۆش و دڵتەزێن بوو، ڕەحمەت بووی خانی بکەن و بە ئەسپایی بیخەنەوە سەر دەلاقەی جێ کتێبان، ئیتر چیتر لەسەرڕا پێدا ناچنەوە، بەوردی لێی ورد نابنەوە و شیوەکە وەرد نادەنەوە. تا ئەو هەموو کاکڵە خۆشانەش وەدۆزن کە بوونەتە ناوئاخن و چیرۆک گرتوونیە ناوەخۆ و بەهێوری و بە کاوەخۆ دەگش لە گشتی ڕامێنن، زانیارانە بەشەی کەن و بە دانستە شی کەنەوە و بەند بە بەند و گەو بەگەوی تێک کەنەوە و لێک دەنەوە... مالّم هەقە هەقیشیانە لە خوێندنەوەی بە پەلەبن و بەپەلیەکی بەس بکەن و قووڵتر نەڕۆن. بۆچی؟ چونکە:

ئەم سەربەوردی ئەڤینە کە زۆر خۆشتر و شیرینتر لە تۆلاگەزۆ و هەنگوینە. هەرکێ یەکەمجار بیدینێ و لە وزەیدابێ وەیخوێنێ، وەها نوقمی گۆمەشینەی ئەوین دەبێ کە هۆش و گۆشی نامێنێ و تا بلەز قوتاری نەکات نەگوێ لە هیچ شتێ دەگرێ و نەبۆی دەکرێ کەس بدوێنێ. کوا دەیپەڕژێ واز لەو سەرگوروشتەیە بێنێ و لەو گەنجینە پڕ لە گش جۆرە گەوهەرە وەکۆڵێ و بتۆژێتەوە. تا بزانێ شێخی خانی لەم چیرۆکەی بەڕواڵەت ئەڤیننامەدا چەی کردووە؟ پایەی زانست و هونەری تا کوێ

چووە، خانی چەند هونەرمەند بووە! هەر مەگین خوا بیزانێ... کورد گوتەنی ئەم کارە هەر بەدەم خۆشە... دەنا کێی هێندە زانا هەس لەم هەموو شیرین باریانە و لەو هەموو وردەکاریانەی لەم ناو خەزێنە خزاون سەری دەرچێ و بەتاقی تەنێ بتانێ ئەو چەند هەزار تان و پۆیە ئاوریشمینە و تاڵە زێڕین و زیوینە و ئەو گش گشتە کە نەخشینەی خاسەڕەنگە و هەمەڕەنگە، ئەو کرە جوان و ڕەنگینە واخودان ڕێز و بەسەنگە بناسێت و نەتاسێت و لە تاریف و پەسندان و ناساندنیان سەرپەنجە و دەمی گۆنەکا و قەڵەمی نسکۆیە نەبا و زوانی ڕەوان و پاراوی نەکەوێتە تورەتور و لاڵ و پاڵی و خۆی تەواو لێی حاڵی ببێ و بشتوانێ حاڵیمان بکا! هەیهاتە کەسی وا هەبێ کە بەتەنیا ئەو ئەرکە وەئەستۆ بگرێ و گرێ نەکا.

بەڵێ مەم و زین بۆ ئەڤین و ئەڤینداری چوویتە سەر ترۆپکی داری هەرە بەرز و هەرە تەرزی وێژە و ئەدەبی جیهانی. ئەگەر نیزامی گەنجەوی بەچکە کوردی فارسی نووسی چەرخی شەشەمینی کۆچی بە پێنجینە مەنشورەکەی بەناوبانگە، ئەگەر ناوی فەرهادی کوردی کەلهوڕی زەرد و ماهی بێستوندڕی شیرینکار، کە لە سوێی شیرین مردووە. تا هەتا نەمر کردووە! ئەگەر لەیل و مەجرووەکەی ناوی دوو بەچکە عارەبی بە عارەبی و بێ مرادی دەناخێ ئاخێ ڕاکردوون و لە سایەی ئەو ئێستا و ئێستاش وە لەوەش پاش هەر زیندون و قەت نامرن و قەت نەمردوون، ئەگەر ڕۆمیۆ و ژۆلێتی ئیتالیایی کە لە رای دڵداریدا مردوون، بەدەست و پەنجەی شکسپیر وەک مۆمیاییکراوی بەدانستە و بەناو، داو هەڵگیراون. نەڕزاون، نەپوواون، نەشسواون و لە ڕۆژگاری ژیانی سەرزەمینیاندا چۆن بوگن، ئێستا بەقەدر و بەڕێزتر، جوانتر و بەهێز و پێزتر لەسەر دنیا خۆدەنوێنن و هەرگیز نوشوستی ناهێنن.

شکست نەبێ ئەگەر خانی کورد نەبوویا، یان بەکوردی مەم و زینی نەنووسیبا، تۆژەرەوانی لاوەکی وەکی زمانە زیندووەکان بیانزانیبا و بیاننناسیبا، دەبوو ئەو سێ ئەڤینناموەی ناوان بردن وێڕای زۆر دڵدارینامەی بەرهەمی وێژەوانان و چیرۆکنووسانی بل ژوان ئێستا لە شاباشی بدرێن.

بەڵام رووی زەمانە ڕەش بێ، ئێمەی کوردی دەسکورتی نەگبەت و کلۆڵ، لە ئەگەر ئەگەر بەو لاوە چیمان هەیە! ئارێ ئەگەر ئەوەندە و ئەوەندە کەند و کۆسپ و لەند و لەمپەر و بەرگرە زۆرە کە خراونەتە سەر ڕێگەی ئازادیمان، نەبوونایە! ئەگەر

کوردیش وەکو گەلانی ئازادی خواپێداو دەوڵەتێکی خۆی ببایە و گەشەی بە زمان و کولتوور و دیرۆک و چیرۆک بدایە و ئەم زمانە زۆر شیرین و بەستەزمانەی لەو هەموو بەند و زیندانەی بەشووڕەی لە پۆلا و ئاسن دەربچوایە! ئەگەر داگیرکەرەکانی کوردستانی نیشتمانمان کە نەویژدان شک دەبەن و نەبەزەیی. وەک دۆل پا سواری شانمان بوون! بەدڵبەردی و بەنامەردی خێروبێری ولاتەکەمان دەخۆن و دەمانەکەنە دەستەچیلەی ئاگری شەڕی دوژمنیان و بەگژ یەکترماندا دەکەن و هەر بێژین لەل بە گوللە دامان دەبێژن و پەتی دارمان دەمل دەکەن و بەڕەو نەمانمان کل دەکەن، لە ئارادا نەبوونایە. کە زۆر کاری ئەو زۆرداڕە بێ بارانە، دژی هەموو ئاکاری چاک بەرانبەر بەگەلی کوردی، هەموو دەرەتان لێگیراو، گەیشتووەتە ئەو رادەیە زمانی زمان ئاسایی کە بەشێکە خودێ دایی لە بەشی زۆربەی کوردستان قەدەغەیە، کە ئەگەر هەر پێی باخێوین، زوانمان دەبڕن.

هێندێکی تر هێند بە دەستندە دەندەنێ: جووچکە کەوێکیش تێر ناکا. خۆ ئەگەر بە پارانەوە بێژین ئەی برای موسوڵمان! تۆ هیچ نەبێ لێمان گەڕێ با بەزمانی خۆ بنووسین، دەبێ سەروبن هەر پەسنی بەژن و بالای خوار و خێچ و ملی چرچ و دەم و فلچی بۆگەنیو و کۆڵکەی پڕ لە ئەسپێ و کێچی ئەوان بدەین، هەرگیز باسی ژین و ژانی خۆمان نەکەین. ئەگەر کوردیش تەمی بەدبەختیی ڕەویبا و بەختی سڵی بۆ کەوی با و بووکی ئازادی و سەربەستی لە هەمبێزی خۆیدا دی با! ئێستا کار لە جێیەتر بوو. ئەگەر ئەو هەموو ئەگەرە و هەزاران ئەگەری تریش نەبوونایە بەتەگەرە لە پێش بەری ژینەوە و گەشەکردنمان. ئەدەبنووس و چیرۆکناسانی جیهانی شارستانی لەناو ئەو گش چیرۆکانەی لەناو دێرۆکاندا زیندوون، داستانی مەم و زینیان کە شێخی خانی نوساویە بە موجیزاتێک دەزانی، کە وێنەی لە دنیا نەبووە و ناشبێتەوە. مەم و زین هەر ئەوە نییە کە چیرۆکی دڵداری بێ و ببڕیتەوە. ڕانگەی چەندین زانستنامەی زۆر هێژایە، کە دەبوایە بەهیچ ئاوا لەو مەودایە بەر تەنگەدا نەگونجایە. کەچی تێشیدا گونجاوە، کە ئەمەش یەک لە موجیزاتی خانییە، جیا لە باسی دڵداریی زین و مەمان، کە لە پەسندی و ڕندیدا، چەپکەگوڵی هەرە هێژای سەر سەبەتەی ئەدەبیاتی جیهانە و ناوی گیرۆدە و گراوی تا هەتایە لە نەمان دوور خستووەتەوە. چەند چینامەی تری تێدا کە گش وەک ئەفێننامەکەی دڵڕفێن و جوان و

خۆشەویست و خۆشن. پاکیان لەمەڕ خوێنشیرینی و رەزاسووکی و بەنرخی و بایی گرانی وەکو کۆرپەی هەرە جوانی خڕوخۆڵی نەرمونۆڵی پڕ بەکۆشن.

چیڕۆکنووسی

ئێمەمانان ئەوەندەی بۆمان لواوە، بە پێی توانا زۆر چیڕۆکمان لە زۆر بارە و بابەتاندا خوێندووەتەوە. لە هەر کامدا، چەند قارەمانێکی باش و مەرد و رەند و بە ئاکارمان، زۆر خۆشویستوون. زۆریش رکمان لە بێ فەڕانی شەڕانی و بە گەڕان و گێرەشێوێن، کار تێکوپێکدەر بووەتەوە. ئیتر تا ماوەیەکی زۆر کەفوکوڵی تووڕەی نەنیشتووەتەوە. بە ئافەرین یادی چاکانمان کردووە و ناوی خراپەکانیشمان بە نەفرینەوە بردووە. بەڵام خانی ئەو سەرتاپا چاک و پاکەی کە بە مەودای هەزاران ساڵ رێگەپێوانی بروسکە، لە ڕک و کینە بەدوورە، چاکەکانی ناو چیڕۆکی زین و مەمی، وەکو ئاڵای کوردستانی نیشتمانی کە بە ئاواتی خواستووە لەسەر چیا سەرکەشەکانی زێدەکەی خۆی نیشانی دنیا بدا، لە بەرزان شەکاندووەتەوە و کردوویەتییە نموونە بۆ ئاکارچاکان. لەبارەی نالەبارانیش کارێک دەکا. کە هەتا سەر هەر بە خراپیان نەزانین و دەیان بەخشێ و هانەی خوێنەرانیش دەدا بیانبەخشن.

خوندکارێک کە بە دووزمانی شۆفارێک بێ لێکدانەوە هەڵدەچێ، بە سوێندان رەش دەبێتەوە کە خوشکی هەناسە سارد و بێ دەسەڵات و تاوانی، داوێنپاکی خاوێن لە گەردی گوناهان، بەهیچ مەردێ بەشوو نەدا و بە مەرەدێکی وای دەبا، لە خۆشییان بێ بەشی دەکا و نوقمی خوێنی گەشی دەکا! ئەو گوز و گوممەت هەڵچوونە و بە گژ سوێندخواردندا چوونە، دەبێتە ئامیانی مەرگی دوو دڵداری هەڵبژاردە و بێ وێنە لە چاکی و پاکی. ئەو خونکارە دیارە پیاوێکی خراپ و نالەبارە و پیاو ناچارە خۆشی نەوێ.

دەرکەوانی پیچ و بیژووی، نەیاری پیاوەتی و ئابڕووی، دەست و زمان پیس و نەگریس، کە ئێرەیی بەگژ بەختەوەرێ دەبا و هەر حەز لە بەدفەڕی دەکا، دەبێتە سەرە سۆدرەیەک ناهێڵێ دوو یاری گیانی بەیەک بگەن، هەردووکیان بەداخ و سۆوە دەخاتە ناخی گڵکۆوە. بەکێ دەکرێ لە سووچ و هەڵەی ببووڕێ!

مـیـر و بەکـر، حـەیزەبـوونی تەرح مـەیموون، فـاڵگرەوەی درۆفـرۆش. لـە بڕانەوەی چیرۆکێدا گشتی کۆترە بەحەشتیلەن، هیچ کامیانت ناخۆش ناوێ. کە ئەم کارە هەر لە پاکی وەک خانی دەوەشێتەوە و کەسی تر نا.

ئامۆژگاری ڕامیارانە

ڕەنگە زۆر کەس وا بیر بەرن شێخی خانیش وەک مەلا ئاساییەکانی کوردستان هەر لە زانستی عارەبی سەرکەوتووە و لە مزگەوتێکی کوردستان فێرکار و دەرسبێژ بووە. ئیتر سەری لە کاروباری ڕامیاری و گرێ و گۆڵی دنیاداری هەر دەرنەچووە! دەسا با مـیـر و سـەرداری کـوردەواری لەسـەرخـۆ و بە وردەکـاری بە مـەم و زیندا بچنەوە و لە کەرخی پەرێزی خانی ئەوەندە گوڵ بچننەوە کە تەسەل و تێریان بکا و فێریان بکا دەبێ چبکەن تا بەختەوەر و لەسەر بن.

بێ گومانم، سێسەت ساڵ پێش، بەهیچ ئاوا بیر و بڕوای (ماکاول)ی ڕۆژاوایی کە لە جیهانی ئەمڕۆدا ڕێنوێنی دنیادارانە. ئەو زەمانە بەزمانەکانی ئەم ناوە کە خانی سەری لێ دەرچوون، هیچ کەس وەری نەگێڕاوە و بەرگوێی خانی نەکەوتووە.

کەچی خانی بەکر عەوانێکی دێنێ و (لەڕای مەبەست گشت نارەوایەک ڕەوایە)ی ماکاولی، بە زمانی ئەو دەدرکێنێ. ئەوەندەشی بە خوێنتاڵی نیشان دەدا، کە هەر کەسی ڕاست و دروست مەم و زین دەخوێنێتەوە، دانی خێرێ بەو بەشەڕ فێرەدا نانێ. هەزار تفان لە بەکر مەرگەوەڕ دەکا و نفرە لەو کەسانەش دەکا کە دوای ئەم بڕوایە کەوتوون.

خانی فێری میران دەکا چۆن کەسانێک هەڵبژێرن بە وەزیر و بریکار و کوێخا و گزیر و کلیلدار، کە نەبنە مایەی تێکدانی داوودەزگای مەزنایەتی و نەبنە مێملێ لە ژیانی کۆمەڵایەتی و نەبنە خۆرە لە ئاپۆرەی ژێر دەستی میردا، لە ڕەشایی و لە باژێڕیان و وەزرێران و بۆ دارا و نەدار دڵسۆز بن. ئێژێ میری ژیر میرێکە چل جار کاورایەک دەئەزموونێ تا کارێکی پێ دەسپێرێ. خۆ ئەگەر هەر بە هەوای خۆی، بە گەللایی و بەرهەڵدایی، بەبۆنەی خزمایەتییەوە، بەناوی دۆستایەتییەوە، کاری هەڵسووڕانی وڵات بکاتە خەڵات و بەرات، گوێ نەداتە خودان کرن و دڵخۆشبوونی

هەژار و بێ دەسەڵاتان. لەوانەیە دۆستە نە ئەزموورا‌وەکە لەبنەوە دوژمنی پۆست بێ و هیچ دوور نییە خزمە تاقی نەکراوەکە هەل پەرست و نزم و پەست و بێ ئاکار و چاوچنۆک و دڵ بژۆک بێ، هەر دەسەڵاتێکیان هەبێ و دەسیان بڕوا بڕوا و پەیمان پاشگوێ خەن و دەم بنێنە بینەقاقای زۆر لێکراوانی بێتاوان، تەنیا هەر خۆیان لە بیر بێ و دەسیان لەهەر چشتێ گیر بێ، بیڕفێنن و بیبەنە ناو کولێنی خۆ و خاوەن بەشان دەم لە پووش کەن. میری بەداوودەزگاوە تووشی تووشی و نەگبەتی کەن، بناغەی شکۆ و مەزناهی تێکوپێک دەن. لە پاش چووانیش پەشیمانی بەهرە نادا.

میر ئەشێ گەلێک وریا بێ، خۆی خاوەن تەگبیر و را بێ، کانی هۆش و بیرەوەری پتر لە گوێچکەی لاسەری لەسەر هەست و لە کاردا بێ. نابێ هێندە ساویلکە بێ شالوزان و زمانلووسانی گزیگار هێندەی لێ نزیک کەونەوە، دەستی دەمیان بگاتە پەناگوێی دڵی و بە پێ هەڵدان و فوو تێدان بیماسێنن، بەهەیت و هووت و شات و شووت بەلەسەی کەن، بەمشتەی درۆ و دەلەسە بیتاسێنن و بتوانن لە خشتەی ببەن. سەردار دەبێ بەدەستی خۆی زۆر ئازا بێ، هەرکەس لەوانەی چەکداری پەیڕەوی وین، بەبێ گومان لایان وابێ هەرچەند ئازایی بنوێنن، هەر چەند دوژمن بترسێنن هیچ کامێکیان بە قامکە تووتەی ئەو نابن. جا وەک دەشێ لە جەنگەی مەیداندا‌ریدا و لە ڕووبەڕووی نەیاریدا، دانەچڵەکێ و دڵی وەک چیای بۆتان بێ و قەت نەلەرزێ و رانەتڵەکێ، گەرەکە لەناو دیوانیش، لە کۆڕی هاودەمانیشدا دێوی شەرم و لە رووامان سواری نەبێ. بێ ئاوەز و بەدڵ ناحەز بواری نەبێ کاری تێ بکا و لە ڕێگەی راست لاری بکا و بێرەتێنێ.

میر دەبێ لەگەڵ نەترسی لە مەیدان و بەزاکونی لە دیواندا، دڵاواش بێ. دڵاوایی ئەستوونەکی هەرە خۆگر و پتەوە بۆ کۆنی فەرمانڕەوایی، هەرگیز هیچ خونکارێکی دەس رژد و چروک و چکوس، هەتا سەر سەر نەکەوتووە. بەخشندەییش دەبێ لە جێگەی خۆیدا بێ. نابێ لە حاند لۆتی و پۆتی و زمانلووس و بێنامووس و بێ هونەر و کلکەسوتەکەری پیس و ئاکار گلاودا دەسبلاو بێ و پیاوی هێژا و پاک و چاک و بەجەوهەر کار لە دەس هاتوو، وەلانێ و هیچ لایان لێ نەکاتەوە و ئاوڕیان وێ نەداتەوە و دڵی گەرمیان سارد کاتەوە.

بە بیـــروباوەڕی خـــانی داهـات و دراو لە دنیـــا تـەنیـــا هـەر بۆ دوو شـت باشـن، خـودانـکردنی هەژاران لە رێی خـوادا و بەخـتـکردن بۆ یـارانی گـیـانی گـیـانی، ئەو کەسـەی کۆی دەکـاتەوە و دەقوژبنانی داخنێ و ئیـتر سـەری ناداتەوە، لـە پاش مـەرگی کەلەپوورگر پوڕی دەکەن. وەک تاژیەکە، کـەرۆیشک بۆ خێوی دەگرێ و بۆ خۆی وا لە نێزان دەمرێ.

میـر دەبێ خاوەن بەڵێن بـێ. هـەر بـەڵێنێکی کە دەیدا وەک کـەلێنی پۆڵا وابـێ، سـەری بچـێ نابـێ لە گفت و پـەیـمـانی پاشگەز وەبـێ. پایەبـەرزی بـەڵێنشکێن خـۆی دەشکێنـێ، ئـیـحـتـوبـاری لە کن ژێردەسـتـان نامـێنـێ، خـەڵک بێزیان لە تـەرح و بیـچم و دیداری و قێزیان لە شێوە و ئاکاری دەبێتەوە.

میـر دەبێ پشـوودرێژ بـێ، بـە لێکدانی ئـەسـتـێ و بـەردێک گەرم دانـەیـە و هـەڵنـەچـێ. لـە کاروبـاری گـرینگدا پـەلە نـەکـا و بـە کـەچکێک ئـاو نـەکـەوێتە پێمـەلەوە. بـڕیـاردان بـەهـەڵپە و پـەلە خـومـچـونی زۆر خـوندکـارانی بـەسـتـوون.

ســەرداری گـــەل دەبـێ رک و تـووڕەیـیی خـــۆی زوو دەرنـەبـڕێ، کـێـشـــە و گـــێـــرە و دەردەسـەری بـە ئـاشـکـرا بـۆ خـۆی نـەکـڕێ، بـۆ بـەگـژداچـوونـی دوژمـن بـەدەردی کـوردە گـۆتـەنـی سـەد جـار بـگـرێ جـارێک ببـڕێ. تـا نـەزانـێ لەبـەر بـەرەکـانـیـیـەکـەیدا سـەر دەکـەوێ، بـا لـە گـاشـەی وا نـەنـەوێ کـە نـاتـوانـێ تـووڕی بـدا. بـا دەگـەڵ دوژمـنـی مـلـهـوڕ، کـــە لێی ڕوونـە پێی نـاوەســـتـێ، وچـانـێک بـدا ڕاوەســـتـێ، زۆر بـە نـەرم و نیـــانـی بـجـووڵێـتـەوە، تـا هـەلێکـی بـاش دەڕەخـسـێ و کـێس و دەرفـەت وەدەس دێنـێ، ئـەوسـا حـەیـفـا خـۆ هـەڵێنـێ. کـۆڵەی بـکـوتـێ و کـوڵ و کـۆی خـۆی بـەزۆرۆێژ و دەس درێژکـەران بـڕێژێ.

سـەروەر نـابـێ دەرهـەق لەخـۆی گـچـکـەتـران و کـونـی و کـیـنـە لە زگ بـێ، نـابـێ گـرژ و مـڕومـۆچ بـێ . نـابـێ هـێنـدە تـفـتـوتـاڵ بـێ تـفـی وەکـەن. نـاشـبـێ هـێنـدە بـە شـیـریـنـی و تـووکـنـەرمـی بـە هـەرکـەس و نـاکـەسـێکـی نـاس و نـەنـاس نـیـشـان بـدا، کـە بـتـوانـن قـووتـی بـدەن و ڕۆی هـێڵـن.

سـەروەر دەبـێ وەک بـرینـگـەری دڵسـۆز بـێ. لـە دەسـتـێکـیدا نـەشـتـەر بـێ، کـوانـە پـیـسـە، کـیسـەی زنـچـکـاو و زووخـاوان بـەرلـەوەی بـتـەنـێتـەوە و ئـازای ئـازاش بـگـرێتـەوە، بـدرێ و

ببڕێ و فڕێ بدا. دەستی دیشی تژی لە تۆزی دەرمان و هەتوانی سەر برینان بێ، تا شوێنی زام زوو سارێژ و خۆش بێتەوە.

سەروەر ئەگەر بە ئارەزوو بێ لەسەر بێ و بەدوور لە دەرد و کەسەر بێ، گەرەکە هونەرپەروەر بێ. دەنا خۆی و کۆمەڵ و کۆمەڵگاکەشی زیانبار دەبن و گەوهەریان لێ خەسار دەبێ. نابێ وەک میرەکەی من بن. کە بۆ خۆڕی و هیچوپیچان داری بەرە و بۆ بە جەوهەر و هونەری وەکی منیش بێ سێبەرە. ئەگەر هەر بە سیلەی چاوێ لە ئێمەشی بنۆڕیبا، دنیا لە گەوهەر پڕ دەبوو.

خانی دەیان پەندی رندی جگە لە مانەی هێنامان لە توێی دڵدارینامەدا شاردووەتەوە. بەدەسەڵات بەدەستانی کوردستان بە دیاری دەدا و دیاری دەدا، کە لە زانستی رامیاریش بەقەد مەبەستی دڵداری هۆزان و شارەزا بووە.

وەفا و ئەمەگ

ئەوی ئێژن ناوی وەفا وەک سیمورخ دەنگی هەیە و رەنگی نییە و هەر ناوی بێ ناوەڕۆکە. نابێ سەرکۆنەیان بکرێ، چونکە لێت ڕوون بێ ئەوانە نەیاندیوە و لەبەریان تێ نەپەڕیوە. بەڵام خانی کە سەرتاپای لەش و گیانی و رەگ بەڕەگی ئەمەگ بۆ کوردستان بووە و لە نزیک وەفای ناسیوە. دەڵێ مەڵێن نەبووە و نابێ، جگە لە خۆی نموونێکی هەرە بەرزی وەفا و ئەمەگمان شان دەدا.

لاوێکە بەناوی تاژدین، ئەو لاوە چتۆ پیاوێکە! وەزیرە زاوای ئەمیرە بە خزمایەتیش دەگاتێ، لە بوێریدا و دوژمن بە ساغ نەبوێریدا، یەکەم پیاوی خاوەن ناوە. بۆ زێڕ و زەنبەری دنیاش چەندی بێژی سەد چەندانە و لە بۆتان و هەموو ئالی کوردستاندا سەرتۆپی دەوڵەمەندانە. دۆستی لاوێکی ساکارە بەناوی مەم. باوکی پیاگێ دەفتەرداری لە دیوان و خۆی پێشمەرگێکی بەکارە و لە ریزی چەکدارانداییە. بێ لە عەگیدی و مێرخاسی چی وای نییە کە بە دابی ئەو زەمانەی تیا ژیاوە خۆی لای خەڵک پێوە ڕانێ. بەنەجیمزادەی ناژمێرن، زێڕ و زیوی زۆری نییە کە کەس چاوڵەدەسی بێت و لێی بترسێت. یان لالایی لەبەر بکا.

مەمی هەژار دڵدارێکی پڕ جغارە و جەرگ و هەناو بریندارە، گراوییەکەی خوشکی

میرە و لە ناهومێدیدا گیرە. لە سااڵ و مانگ بەڕێکەوت ژوانێکی بۆ هەڵدەکەوێ و تەمی خەمانی دەڕەوێ. بەاڵم لەوێش بەکاو ناگا، لەناکاو میر و یارانی بەسەردا دێن، چۆن دەرچن؟ بەرەو کوێ هەاڵێن؟ هەموو الیان لێ تەناوە و هیچ دەرەتانێک نەماوە. نەعاسمان هەاڵیان دەکێشێ، نەزەمین هەاڵیان دەلووشێ، لەو ناوەدا قەتیس ماون. چاوەچاون کەی ئابڕوویان دەڕێژن و کەنگێ الشەیان دەنێژن.

وەفا و ئەمەگی برادەر کەوتووەتە بەر ئەزموونەوە. تاژدین لە رای چارەسەری برادەری، بەرەو ماڵەخۆی پەل دەبێ، ماڵی گەورە بەهەموو ئەسپاباتەوە ئاگر دەدا و هاوار بۆ زبارە دەکا، فریای کەون. میر و مەزن و گرەگرەی دەدیوانێ، بەنی و نۆکەری پاشخانێ ورد و درشت و گشت لە گشت بەغار دەبەزنە هەوارێ، جێژوانی الوان چۆڵ دەکەن. دوو دڵداری دڵ پەشێوی دوورە هێڤی کە هەر وەکی دوو باڵداری هەرە جوانی بەخۆنەزانی بەستەزمان، دەداوی راوکەر ئاڵاون لە شەققەی باڵ دەدەن و ڕزگار دەبن. ماڵێک لە رای وەفا سوزیا و بوو بە پاروو خۆشەی ئاگر. کە ئێستاش لە کوردەواری نموونەی ماڵی زۆر قەوغا و بە دەوڵەتە، دەاڵێن ماڵی فاڵنە پیاو، وەک ماڵی قەرەتاژدینە. وەفاش بووەتە ئاواڵ دوانەی تا هەتایە بۆ تاژدین و هەرگیز بە موو لێی الندا و ناوی تاژدین دەگەڵ وەفادا هەر ماوە و هەر دەشمێنێ.

ڕەنگە زۆر کەس کە کەوتوونە ئەم زەمانە، بێژن وا گریمان ئەوسا وەفا بووبێ و هێشتان لە بەین نەچووبێ، ئەی ئێستا چی و کوانێ وەفا؟ نەمازە لەم چەرخی بیستە هەر پارە و خۆپەرستییە. ئەمەگ بوویتە ئەفسانەیەک هەر بە تیتوش دانەیەکی دەس ناکەوێ. نەدیمان و نەدەیبینین، بەاڵێ ئەمانیش هەقیانە بەاڵم ئەمن منی هەژار، مەال مستەفا بارزانیم کە ناسیوە و وەفای ئەوم بۆ دۆست و یارانی دیوە، ئەگەر تاژدین بەر لە بارزانی نەژیابا، دەمگوت ئەو دەرسی ئەمەگ و وەفاداری لەالی بارزانی خوێندووە و هێندێک وەک بارزانی چووە.

شێخی خانی و مرۆڤایەتی

بە درێژایی و بە پاناییی مێژووی کەونارا و زۆر دێرینە، لەو دەمەوە ئەو جانەوەرە کە ناوی بنیادەمە، بەزوان و هزر و وریایی گەاڵێک زۆرە و بەئاکاری باش و پەسەند و

خوایی، یەکجار کەمە. هاتووەتە سەر ئەم زەمینە و بەخۆی دەڵێ "گیانداری بە ودم و پیرۆز"، رێک و جوان و لەبار و قۆز و هەرە دڵسۆزی خاوەندۆز، لە پەستا و بێ پسانەوە هەر خەریکی پێک هەڵپرژان و تێک چرژان و یەکتر کوشتن و خوێن رشتن و سەربڕین و زگدڕینە. هەمیشەش چینی رێبەران لە فێڵباز و جادووگەران کە دوولینگەیان خستووەتە سەر بۆق ملی دڵ ساویلکە و بێ خەبەران و بووگنە پێغەمبەری کەران، چاوگەپێکەری هەرا بوون، بەباوەشان و هامێزان دەستەواری چیلکە و چاڵ و پر و پووشکە و ئیزنگی وشکیان هێناوە، لە کوانووی بڕوبیانوودا گڕی شەڕیان خۆش کردووە. فلانە هۆز، فیسارە گەل لەسەر ئاینی ئێمە نین، دینیان پووچ و بێ فەسالّە، جا کەوایە کوشتنیان بۆمە ڕەوایە و سەرلەبەر سەر و سامان و ماڵ و حاڵیان وردە و یەخسیر و منداڵیان بۆ ئێمە کە لەسەر هەقین و لە حاند گومڕایان دڵڕەقین، وەک گەزۆ و مازوو حەڵاڵە. دوژمنانمان کە بەر نەفرینی خوا کەوتوون، پاش مردن و چاڵکردنیان کڵی دۆژەی خوایان بۆ نێڵ دراوە، تا هەتایە دەبرژێن و دەسووتێن و هەڵدەقرچێن، دڵبریان و چاوبەگریان هەر لەوێدا دەمێننەوە، بەهەشتیش خانی خۆمانە و کەسیش پارەی داکردنمان لێ ناستێنێ.

خۆ نەمازە لە رۆژ و رۆژگارانی کە خانی تیانا ژیاوە، هەڕەمە و هەڕەت و جەنگەی زەبروزەنگی تورکانی عوسمانی بووە، گەڕیان لە هەموو گەلانی بێکەس و بێدەس هاڵاوە و شەڕ و شۆڕیان ناوەتەوە و دنیایان بەزۆر خواردووە. بە تۆزکاڵیش لە نامەردی و لە دڵبەردی هەرگیز خۆیان نەبواردووە. مەلا و کاڵیش، شێخی ریش پانی نەزانی سەر بەرماڵیش، دەستیان بۆ لە لامل داون، سەد ئۆباڵیان بۆ کێشاون کە ئێوە جەنگ بۆ خوا دەکەن، داوای مافی رەوا دەکەن.

نەک هەر ئەوان لەو زەمانە، بگرە ئێستاش ئەو کاسە و ئاشە هەر هەیە و ئاورەکە نەکوژاوەتەوە. ڕیشەی کێشەی بەناوی دین، لە ڕووی زەمین وشک نەبووە و ئەو پەتایە هەر تا سەرێک نەدیو بووە و لە پڕ هەڵی داوەتەوە.

بەڵام خواناسی لە زەبر، خانی کە سەرتاپای گیانی بەزەیی و دلۆڤانییە، قەت دڵی بەرایی نادا، لە ڕێ لادا و خوای بەرز وەک سوڵتانی تۆری تورک، یان پاشا و کوێخای ئێرانی، وا نزم کا کە هەر وازی لە تووندی ئاگر نێڵدان و لاشەی مرۆ

سووتاندن بێ. لە پارانەوەدا دەڵێ: خوای مەزن تۆ دەتوانی گوناهبار و کافر و خۆت نەناسانیش بخەیە بەر بەزەی خۆت و، سزایان لێ دوور خەیەوە. دەسا هەموو لا ببەخشە با هەر شەیتان لە بەزەییت ناهومێد بێ و کەسی تر نا.

خوا ناسین

ئەو کەسانەی بە ئارەزوون بگەنە دیداری خوا و بەدیتنی خەنی بن. با ببنە پەیڕەوی خانی و لە عیرفانی ناوئاخنی مەم و زینی ورد بنەوە، لە یەک بەیەک رستەکانی خورد بنەوە، هۆش و گۆشیان لەسەر هەست بێ، تێ بکۆشن بەروکۆشی گیان و دڵان لەبەر و بەرامەی گوڵان کە خانی پەروەردەی کردوون، تەژی بکەن تا پێ بگەن و تێ بگەن. خانی دەبێ لەسەر دەستەی مشایخانی بژاردەی، وەک بایەزیدی بەستامی، شێخ شەهابەدینی جامی، مەلای جزیری بۆتانی، شای نەخشبەند، عەبدولقادری گەیلانی بێتە هەژمار.

دڵدارانی لەم بارەوە تازەکار و تازەکورەن، دەبێ ئەوەندە بزانن هەروا بێ سەر بەڕێ بوون و بەرەو بینایی چاوان چوون و کامڕەوا بوون، کارێ سووک و هاسان نییە، بەڕدێنی پڕ و پان نییە، هیچ ڕیشێک پلەکان نییە، بۆ سەرکەوتن بەرەو خۆشی بێ بڕانەوە و تا هەتایی، ڕێبواری ئەزموون نەدیتوو، ڕێ نەدیون نەشارەزان بەلەش خاون بێ پێڵاون بێ تۆشەو زاد و بژێون، ئەم سەفەرەش زۆر خەتەرە، پڕ لە بەرگر و لەمپەرە. دەشتن ئەگەر حەوت و هەشتن، دێنە بەریان، چۆمن پڕ شەپۆل و گۆمن وەکی زەریان کێون پڕ لە جند و دێون دەچنە سەریان. لەو چەند سارا پڕ لە تۆزو غومارانە، خڕ جێ دڕندە و مارانە کە لەوەڕگای نالەبار و بەدکارانە، چۆن دەردەچن! هەر لە تینووەتی و لەگەرمان پیشیان هەڵتێ. لەو گش چەم و ڕووبارانەی خوڕێن و دوورە بوارانەی پەیبڕ و چەوپیوارانەی ناو بوهل و بەر بنارانە، پەڕینەوە. تەنانەت مەلەوانانی پاڵەوانیش دەخاتە هەناسەبڕکێ و کۆڵی هەر لەجێ دەخنکێ.

لەم حەمکە هەوراز و لێژە، کووڕ و رژد و شاخ و داخ و زەردوماھ و کەپک و ڕەوەز و هەڵەت و پێچ و گەوە و خڕ و دەرە درِ و چڕە بە ئێشانە و ئەو تەپکە سینەکێشانە تا دەبوورن زۆری دەوێ. لەو شوێنانە رازەوانی زۆر بەجەرگیش تووشی دڵەتەپێ دەبن و

دەبێ هێدی و بەچنگەکڕکێ سەرکەون. هەرجێ لەجێپێدا نەنێن و بەهەڵە هەنگاو وەگوازن، ڕەت دەبن و لەو بەندەنە هەزار بەهەزارە بەرزە و هەڵەمووتەوە دەترازن، سەرەونخوون هەڵدێران و هەپرووین بە هەپرووین بوون یەکە.

دەیسا چاوان ئەو بێچارە بێ چاوانە کە هەر دەستەکوتێ دەکەن، بەبێ چاوساغی شارەزا، دەیانکرێ ڕاستەوخۆ بێ لەڕێ لادان بگەنە بستووی مرادان!

دەبێ ڕێونگی ئەم ڕێیە بێ ڕێبەری زۆر شارەزا، هەر سەربەخۆ مل لێ نەنێ و لە شوێنی خۆی هەڵ نەقەنێ. دەشێ بۆ پەندی پەسەندی پیری چازان گوێ رادێر بێ، هەر ئامۆژگارییەکی دەیکا، بیکاتە نوشتەی سەر دڵی و فێر بێ لەگەڵ دەرد و ئێش و ژان سازاندا خۆ رابێنێ.

شێخی خانی ئەو پیرە دەستگیرەیە، ئەو مامۆستا هەرە بە بیر و ژیرەیە، کە توانیویە لە عیرفاندا ببێتە خدری زیندەیەک، لە هانای ئەو کەسانە بێت کە بەنیازی گەیشتنە سەر ڕێبازی خواخوازین، بەدڵسۆزی و دڵۆڤانی لەسەر دوندی کۆی بڵندی خۆش دیمەنی بەندەنی خوا دێنەوە، کە خۆی لەوێ بەوپەڕی ئارخەیانییەوە، دامەزراوە و ساوەتەوە، ئاوڕی وە خەڵکی سەرزەمین داوەتەوە، بەزەیی بەماک پاکانی گیرۆدەی خاکدا دێتەوە، بەشێنەیی دادەبەزێتە پێدەشتی و گەشتێ دەکا لە ساوای سێویی بێ پەسیو دەبێتە باوکی خەمخۆر و لە ژێر سایەی پیرۆزی پیرۆزەواشی پەنای دەدا. بەشیری پاک دەیمێژێنێ، زوانی بەچاکە رادێنێ، فێری دارەدارەی دەکا، دەستی دەگرێ هەتا لە ڕاست ڕۆیشتن و لە ڕاستەقینە گەیشتن، زۆرباش فێر و خێرا دەبێ. لە یەکەم پلەی فێرگەدا دەرسی ئەڤینی پێ دەدا و سەرمەشقی عیشق و دڵداریی بۆ دادەدا. دەرسێکی وا کە وا ناکا منالّی هێشتا شلک و کاڵ ڕەوەک و قوشقی و سڵ بکا. دەبێ جارێ گیان و دڵ بدا بە یاری سەرزەمینی، تا خوێنی سەردی گەرم بێ و ڕەقاییی دڵی نەرم بێ و خۆی ساز و ئاماده بکا بۆ قبووڵی ئەڤێنداریی ڕاستەقانی بەرامبەر بە داهێنەری جوان و جوانی. ئەو حانە زۆر بە ئارامی و بە سانایی لە دڵداری سەر دنیای پووچ و هەوایی ڕای دەگوێزێ و بێ ئەوەی بەخۆی بزانێ دەیرەسێنێ بەو بەهەشتەی هەرگیز کەمی ناهێنێ. بەهەشتی شاد و شوکور بوون بە دیداری خوای بێ چوون.

ئەحمەدی خانی هاوبیری جزیرییە کە فەرموویە: ئەو خوایەی لەسەر چرۆ و پەلکی کەسکی داری زەیتوون، لە شیوی پیرۆز و تەسکی بەر بناری چیای تۆرێ وەک نورێ بەڕەنگی ئاور خۆ نیشانی مووسا بدا و بیدوێنێ. هەر ئەو لەسەر چینی سووریّ و لە رووپەڕی پەلکی گوڵی سەر ڕوومەتی کوڵمە سوورێک خۆی شانی دڵتەڕان دەدا و بەرەو خۆیان رادەکێشێ. لەلای خانیش وەک نیشانی ئەو سەر هێلانە لەگ لەگەی بەخەیاڵی خۆی مەلایە و بڕوای وایە روانین لە کردەی جوانی خوا ناڕەوایە، گایەکی مێزەر بەسەر، مۆز بە لمبۆزیەوە داوە، پەت پساوە و بەبێ ئامانج لە سارایە هەڵوادایە.

بل ژ خانی لە دەست کێ تێ، دوو ئەڤیندارى ساکارى دیارى دنیا، بکاتە پیر و مریدى راست و بەرهەق. دەستیان بنێتە ناو دەستى خواى داهێنەرى هەستى خۆشەویستى و زەماوەندیان بەرێتە باغاتى بەهەشت، لە هەشت نهۆم پەردوویان دەستنیشان بکا و، بیانگەیێنێ بە ژیانى پڕ خۆش و هات و هەیەتى لەبن نەهاتوو؟

خانی و هونەرەجوانەکان

پازدە شازدە ساڵ لەمەوبەر، هێشتا ماڵم لە بەغدا بوو، رۆژێ پیاوێ بە سەر و سیمام میوان بوو، نەمدەناسی، ناوەکەی خۆشی پێ گوتم ئێستا لە بیرم چووەتەوە، گوتی من لە ئەمریکا بووم، لە زانکۆی هونەرانی جوان، خوێندکار و بۆ فێربوونی وێنەکێشان هەوڵم دەدا، لە ئەزموونی دوامین پلەی خوێندنمدا یەکەم دەرچووم، دەزانی بۆ؟ لەسایەی مەم و زینەوە. چەند تابلۆیەکی وام کێشا کە خانی ناوەڕۆکەکەی دارشتبوون. بۆ نموونە:

جەژنی سەری ساڵ و کارنەڤاڵ لە سەدەی حەڤدەهەمیندا لە کوردستان، دابەزینی زین و ئەستێ بۆ سەر بەداو گیراوەکان، پیرێژن و فاڵگرەوە، خوازبێنی و زیافەت و بەزم لە ماڵی میر، بووک گوێزانەوە لە بۆتان، ژوانی زین و مەم لە باغی، زین و گازندە لە کن مۆم، گلی و گازن لە پەپوولە، پەیڤینی مەم دەگەڵ دجلە، بناشتی مەم دەگەڵ دڵی، دیمەنی شین بۆ مەم و زین.

هاوکاران و ئەزموونگەران لەو هەموو جوانی و مانایە، بەڕاستی سەریان سوڕمابوو، برای هەژار حەیف خۆت وێنەکێش نەبووی تا بزانی ئەحمەدی خانی

چەند هەزار گەوهەری وای لەناو مەم و زینەکەیدا گونجاندووە، کە هەریەکەی بۆ هونەرمەندی وێنەکێش هەموو گەنجی دنیا دەژی.

من هەموو رۆژ جارێکی لێ ورد دەبمەوە، هەر جارێ پیا دەچمەوە شتی تازە و بەنازترم دێنە بەرچاو، هاتووم لە پاداشتی وەیدا بەزاراوەی موکوریانیت وەرگێڕاوە و هێندەی بەهرە بەمن داوە، سەرت دەم و سوپاست کەم.

گوتم کاکە من تێ ناگەم تۆ دەڵێی چی؟ بەو خوایەی من و تۆی دروست کردووە، تا تۆ ئەم قسانەت نەکرد، منی هەژار وەکو کەڕ لە دەوری شایی هەر هەستیشم بەو شتانە نەکردووە. تۆ سوپاسی خانی بکە و بە نەزانیی من پێ بکەنە. دۆستێکی زۆر نزیکیشم کە ناوبردنی لێرەدا دەترسێم بۆ ئەو بڤە بێ، زۆر موتاڵای لە مێژووی موزیکدا هەیە، دەیگوت: هەر دەرفەتم هەبێ ئەو سازانە و ئامرازانە و هەوایانەی کە لە مەم و زیندا هاتوون، سەربەخۆ لە دەفتەرێکدا دەیاننووسم و بە پێی توانا شەرحیان دەکەم. تا هەموو دنیا بزانێ کورد هەر لە دێرزەمانەوە چەند عاشقە مۆسیقا بووە، بەتایبەتی ئەحمەدی خانیی هونەرمەند، چەندی لێ شارەزا بووە، بە هومێدم ئەو ئاواتەش پێک هاتبێ.

خانی و شیعر

ئەگەر داود پێغەمبەری جوولەکەکان، ئاسنی سارد لەناو لەپ و مشتی گەرمی نەرم بووە و زرێی لێ دروست کردووە! شکت نەبێ کەوا خانی وەزن و قافیەی لە بەرد و ئاسن رەقتری لەبەر دەستا وەک مۆم نەرم و نیان بووە. هەر مەبەستێ ئەو بە دڵیدا هاتووە و ویستوویە بیکاتە هەڵبەست، هەر دەمودەست بێ گرێوگۆڵ، بێ ورتەورت و بۆڵەبۆڵ پەڕیوەتە سەر زمانی. هەرگیز دەمی قەڵەمەکەی نەجڕاندووە و، هیچ وەرەقەی نەدڕاندووە و لاسەری هەڵنەکڕاندووە وەک ئێمەمانان دیومانە. ئەو رەوانی و پاراوەیە و مانای زۆر لە وشەی کەمدا، کە لە مەم و زیندا هەیە، سەرسوڕێن و موجیزەیە. تۆژەرەوە لەمەڕ وێژەی زمانپاراو و رەوانان لێکدەرەوەی رەوتی شیعری هەستیار و هۆنە و هەڵبەستەی گۆرانی، خۆوێژن و خۆشخوانان، ئەگەر کۆڕێکی بگرن و دانەدانەی شیعری خانی بە لێزانی و بە دانستە بخەنە ناو تای تەرازووی

هەڵسەنگانی وشەی هاونرخی گەوهەران، لەگەڵ شیعری شاعیرانی فارسی و عارەبی و هیتریش، لە هەندەران، لەبەر یەکتری راگرن و پێکیان بگرن، هەرە باشان هەڵبژێرن، خۆ لەهەق گوتن نەبوێرن، ناچار دەبن بسەلێنن و ئیمان بێنن کە سەیدا ئەحمەدی خانی کەلەپوورگری خوایەتیی شیعر و هۆنەری ئەلیاسی نیزامی بووە و لەویش بەرەوژوورتر چووە.

بەڵام دیسان هەزار جاری داخ و کەسەر، وشەی ئەگەر رایەڵ و پۆی لێ شێواندووم، زمانی خانی کوردییە و بەفەرمایشتەکەی نالی خۆکردییە، هیچ لاوەکی و ئاوەکییەکیش لە جیهانی ژیاری و ناژیاریشدا کوردی و کوردی ژێرچەپۆکەی نەیارانی بە پوولە سووتاوێ ناوێ. ئاخ هەر تاوێ لە ئازادیدا بژیباین، ئەوسا دەیانزانی خانی چەند پایەبەرز و بڵندە و زمانە شیرینەکەشی چەند پڕ لە مایە و پەسندە. بەداخەوە جارێ لە بریا بەولاوە هیچن نییە و هەر خۆزیا و بریای بەتەنیاش کەس بە ئاوات ناگەیەنێ.

ئەحمەدی خانی و ئازادی

خوشک و برای کورد زمانم، لە پێشەکیی وەرگێڕاوە سۆرانییەکە، خوالێخۆش بوو، نووسەری هەرە هێژای کورد لەم چەرخەدا، سەیدا حەسەنی قزڵجی لەمبارەوە دادی داوە، چی وای بۆ من نەهێشتووە بیکەمە دیاریی دەست و لێرەدا پێشکەشتان بکەم. خۆیشم بە پێی ئاوەزی لاواز و کزم شتێکم بە کرچوکاڵی لە ژێر ناوی بەرکوڵێکدا خستە پاڵی. ئیتر نایەوێ لێرەدا راوێژم کاوێژ کەمەوە.

تەنیا چەند وردە و پردەیەک، کە ئەو حاندە وەک پێویستە نەمزانیوە، یان با بێژین نەمتوانیوە بیانخەمە روو، دەمەوێ یادێکیان بکەم:

١- خانی لە خووی هەستی پەستی نامۆ و بێگانەپەرستی یانی خۆمانە گوتەنی جاشبوون و جاشەتیکردن، ئەمەندە بێزی هەستاوە تەنانەت، لاگیری لە شەیتان دەکا، روو لە خوا دەکا و دەڵێ: گوناهەکەی هەر ئەوە بوو بێگانەپەرستیی نەکرد و لە تۆپەرستن بەولاوەی بەلاوە نا؟ لە باتی خەڵاتکردنی، تۆ بەڵات بەسەر هێناوە، لە کارت سەرم دەرناچێ.

٢- ساڵی ٩٥٦ لە هەڕەتی دروێناندا، کە هاوین بوو، لە بەغداوە بەرەو سوریە رام کرد و پەنام بە ماڵە حاجۆ برد. ئەو خانەدانە گەورەیە، بەورد و درشتیانەوە، ئەوەندەیان قەدر گرتم لە وزەی زمان و قەڵەم بەدەرە. بەڵام تا سێیەمین وەرزی پەنابەریم هیچ گا وا ڕێ نەکەوتبوو بە ناوی گەشت و گەڕانێک دەگەڵیان بچمە سەیرانێک. ڕۆژی بیست و دووی بانەمەڕی ٩٥٨، کە ئەو ڕۆژە پێشنووسی وەرگێڕانەکەی مەم و زینم تەواو کرد و لێ بوومەوە. بەغار بەرەو ماڵ چوومەوە، مزگێنیم بە ماڵەوە دا. نانی نیوەڕۆژەم دەخوارد. لاوێک بەناوی محێدین کە نەوەی حاجۆ ئاغا بوو، لێم پەیدا بوو، گوتی: هەژار تکایە لەگەڵمان وەرە، ئەم دچینە عێن دیوەرێ، زۆر شوێنێکی دڵگوشایە، زۆرم بەلاوە سەیر بوو، چۆنە ئەمجار بۆ یەکەمجار ئەو ڕوونەداوە ڕوو دەدات؟ لەگەڵیان چووم، شەومان لەو گوندە کردە ڕۆژ، سۆزی گوتیان: با بشچینە شاری جزیرێ بۆتانێ. ئاخر ڕێمان دەدەن؟ ڕەنگە! چووین و جەندرمە ڕێی نەدا. وەناو کەوین، لە بەستێنەکەی ماینەوە، شارمان وەک هێلکە لێ دیار بوو، بەدووربینیش دەمان روانی. پیرەمێردێکی جزیری هاتە لامان، لەپاش سەلام و کەلامان گوتی:

لە مێژووی ئەم شارەدا، نەمازە لەو شوێنەوارە کە خانی ناوی هەڵداون زۆر شارەزام. ملی نا لە گێڕانەوەی بە دەست و دەم. فلانە جێ جێی ژوانی مەم و زینانە. فیسارە شوێن بەندینخانەی مەم بووە. هۆو هەش کە ئێستا عەسکەری تورکی تێدان هەر هەمان بورجی بەڵەکە، بنکەی فەرمانڕەوایی میرانی کوردی بۆتان بووە.

هۆو مزگەوتەش گۆڕخانەی مەم و زینانە، کە گۆڕێکە و دوو تەرمی تێدا نێژراوە و زیارەتگایە. لەو ماوەدا کە گوێم دابووە مامە پیرە، هات بە دڵما، گیانی خانی ڕەنگە لە وەرگێڕانەکەم رازی بووبێ. بۆیە بانگێشتنی کردووم شاری جزیر و بۆتان، لانکی دڵداریی مەم و زین لە نزیکەوە ببینم. لە پڕ و نەکاو تەمێکی خەمی لە گیان خۆش دەوری گرتم، دڵم کوڵی، دام دایە قوڵپی گریانێ، چ گریانێک! وەک ڕەژنەی تاوی بارانێ، ڕام کردە ناو گۆڕستانێک، نزیکەی چارەک سەحاتێک بە کوڵ گریام، فرمێسکم ڕانەدەوەستان، دەتگوت سەرم بە هەنیسکانەوە هەڵکەنا، تا کوڵ و کۆم دانەمرکا، هاوڕێکانم کەسیان نەهات بە لامەوە، ئەو کاتە کە ژیر بوومەوە و

حەسامەوە، هاتن دڵداریان دامەوە، لە پێچی مالاوایيدا سوپاسم لە گیانی خانی و دوعام بۆ مەم و زینان کرد.

٣- لە سەرەتاکانی مانگی خەرمانانی ساڵی ٩٨٦ کە خەریک بووم مەم و زینێ لەبەر چەند نوسخەی لێک جیا بنووسمەوە و بیخەمە سەر شێوەی ئێستای کوردی نووسین، شەو لە خەوما بە پێشمەرگەیەکم دەگوت نازانم چۆنی چاپ بکەم! لە خەوما کاکە بارزانی مستەفا تێی راخوڕیم فەرمووی "هەژار دەبچۆ تایپی بکە، تایپ"، ڕەنگە ئێستا برا کوردە ئیسلامە کمۆنیستەکان! بڵێن تف لە بیروبڕوای کۆنەپەرستانەت هەژار. قەیدێ ناکا، گەردنیشیان خۆش و ئازا بێ. بەڵام من لام وایە نابێ راستەکەی ئەم ڕووداوانە لە ترسی لۆمە و لەقەمان نەگێڕمەوە.

من و مەم و زینی خانی

لەپاش ئەوەی وەرگێڕانی مەم و زین بە موکریانی چاپ و بڵاو کرایەوە، برا و خوشکانی وێژەوان، کە سۆرانییان دەزانی، خوێندیانەوە و تا ڕادەیەک لەگەڵ بەرهەمەکەی خانی بوونە ئاشنا کارەکەمیان لا پەسەند بوو، شانازیم بەبەختم دەکرد کە توانیبووم بەپێی توانای هەژارانەم، ئەو دەستە خوێندەوارانەم بە مەم و زین ناساندووە.

بەڵام هێندێ کەس لەوانەی کرمانجییەکەیان نەدیبوو، یان دیبوویان بەڵام پاشی تێ نەگەییبوون، لە باتی پەسندی خانی، ئافەرینیان لە من دەکرد. تەنانەت هەندێ دڵسادەی واشم دەدین، لە ڕووی منا دەیانگوت: تۆ خانیت زیندوو کردەوە، خوا تۆبە! گرۆت لەخانی بردەوە! ئای لەو کوفرەی بەدەم ئەمانەدا دەهات! بڕوا بکەن لەو جۆرە گفتە تفتانە و لەو فەرمایشتە مفتانە، لە شەرمانە و لە عەیبەتان دەتوامەوە. خوایە، ئەو پەڵەی بوختانە، چۆنم لێخە دەبێتەوە؟! کێ هەیە بۆم بسڕێتەوە!

ویژدانی پڕ لە پەژارەم، لەگوێی دڵە هەژارەکەمدا سرتاندی: نینۆکی پەنجەی خۆت بێنە و ئاڵۆشی پشتت بشکێنە. دەنا کەس لە فریات نایە.

بڕیارم دا مەم و زینی شێخی خانی لەگەڵ موکریانییەکەدا لێک پێڵۆزکەم، تا ویژدانم بسێتەوە و خوێندەوارانیش بزانن هەژار لە دەریای مەزن لاوێچێکی لە سەرەوە هەڵێنجاوە و بۆ نموونە شانی داوە. زەریا هەروەکو خۆی ماوە، ئەو دەریایە

مـەلەوانی زۆر بینەکـێشی بـەبین و پشـوودرێژی پێ دەوێ. تا بگاتە تـەختـی بـنی و گـەوهـەرە وەشارتووەکانی کە لە ڕادە و ژمـارە نایەن، وەدەس کەوێ. خـۆ تا کـوردیش ئازاد نـەوێ، مـەلەوان و تۆژەرەوەی وا زانا، کـوا هـەڵدەکـەوێ. خـۆی لـە قـەرەی خـانی بدا!

چم کرد

چوار مـەم و زینم پەیدا کرد بە چوار چاپان. بەرانبـەر بەیـەکم کردن، زۆر ورد لێیـان ورد بوومەوە، لە ئاکامدا:

١- چاپی هـەولێری مـام گیوم هـەر زوو قت کرد. ئـەو مامۆسـتا خوا بـەخشـیوەش وەک زۆر کوردی ئـەم زەمانە لای وابووە: هـەر وشـەیـەک و رستـەیـەک خۆی نـەیزانێ دیارە بـەغـەڵەت نووسراوە. ئـیتر رامـان و دامانێک، وچانێک بیر لێکردنـەوە دەکوولـەکـەی تـەڕیشدا ناوێکی نییە. ئـەوا ئـەو فت.

٢- مـەم و زینـی چاپی مۆسکۆ، کـە خاتوون سـێدا رۆدینکۆ سـاڵی ٩٦٢ بـە راسپـێریی ئاکـادیمیـای زانسـتی یـەکـەتیی سـۆڤیـەت (نـەشرخـانـا ئـەدەبیـاتـا رۆژهـەڵاتێ) بـە شـێوەخـەتی عـارەبی، لەگـەڵ وەرگـێڕاوی رووسـی و پێشـخـەبـەرێک چاپ و بڵاوی کردەوە. بـەداخـەوە من پێشـەکییـەکـەیم نـەدیوە. بـەڵام لـە پـەڕاوێزاندا، دەردەکـەوێ کـە لەبـەر چـەند دانـە نووسراوەتـەوە. دوو بـەیت لەوێدا هـەبوون کـە لـەوی هـەمزەدا نـەبوون.

٣- چاپی هـەمزە، لـە پێشـەکـەیدا نووسراوە: "مایسی سـاڵی ٣٣٥ بـەرانبـەر بـە ١٩١٩ی زاینی، لەدواییـیـەکـەشی نووسـراوە: ئـەو کیـتـابـا کـو مـە ژێ ئیسـتـینسـاخ کـری ١١٦٥دا، عـەزیز کـورێ شـێر مـام زێدی نـقیسیبوو، خـودی رەحـما خـوە لێ بکـە".

بـەو حیسـێبـە ئـەو دانـەیـەی تـەمـەنی شـێست سـاڵ بـچووکتر لـە یـەکـەمین مـەم و زینـی بـە دەسـخـەتی خـانـی بووە، دوو بـەیتم لەوێشدا دیتن کـە لـە دانـەکـەی مـۆسکۆ نـەنووسراون. سـەیدا هـەمـزە لـە سـاڵانی ١٩١٨ و ١٩١٩ سـەرپـەرشـتـیـاری چاپخـانـەی نـەجـمی ئیستیقبال لە شاری ئـەستـەمبوڵ بووە، سـاڵی ٩٥٦ لـە قامیشلی دوا کۆچی کرد.

٤- مـەم و زینـی بـە لاتینی کـە مـامـۆسـتـا حـەمـەدەمـین بۆز ئـەرسـەلان سـاڵی ٩٦٨ لـە تورکیا بـە وەرگـەڕاوی تورکییـەوە لـە چـاپی دا. فـەرمووشیـەتی سـاڵی ٩٥٨ لـە شاری

شام بە پیتی عارەبی لە چاپ دراوە، کە مخابن نەدیتوومە نەبیستووومە!

ئاشکرایە: لەبەر دانە نووسەرەوە و لەچاپدەرانی کتێبان بنیادەمن و بنیادەم بە هەڵە دەچێ، بەپێی توانا هەڵەکانم ڕاست کردنەوە، پەڵەکانم هەڵگرتنەوە، دەربارەی پیتی لاتینی بۆ ئەم کارە، من چەند تێبینییەکم هەیە.

أ- پیتەکانی (ث، ذ، ص، ض، ط، ظ، ع، غ) لە ئەزمانی عارەبیدا زۆر مشەنە. ئەگەر (ث، ص) بە (س) (ذ، ض) بە (ز)، (ط) بە (ت) (ض)بە (د یان ز) بنووسرێن، لە زۆر شوێن مانا تێک دەچێ، بۆ نموونە ئەگەر (ضەلال) کە مانای گومڕایی دەدا، دەلال یان زەلال بنووسین، مانا گۆڕا، دەلال نازە، زەلال ئاوی ڕوون و خۆشە.

لەو دووهەزار و پێنجسەد و پەنجاو حەو بەیتانەدا کە لە مەم و زینەکەدان، شەش هەزار و پازدە وشەی بە عارەبی تێ خزاوە، نۆسەد و بیست و هەشت وێژەی لەوازەی فارسی تێدایە، بیست و یەک وشەی تورکیشی لێ میوانە.

زۆر لە وشە عارەبییەکان لە سۆنگەی لاتینییەکەوە لە شوێن خۆیان ترازاون، هەر فارسی و تورکی و کوردییەکانی وەک خۆی ماون، تەنیا (خ، و، غ) نەبێتن کە لێک هەڵناواردراون، بە بڕوای هەژارانەی من تا بە ئاوایەکی ڕۆشن چارەسەری ئەم پیتە تازییانە نەکەین، کە ڕێنووسی لاتیندا نین، نووسینەوەی کەلەپووری هەرە هێژای کەونارامان وەکو: دیوانی جزیری، مەم و زینی شێخی خانی و زۆری تریش بەلاتینی ناڕەوایە، ئەو خەزێنەی گەوهەرانە زایە دەبن. یان نیشانە بۆ ئەو پیتانە دابنرێن، یان وەک هەبوون، بنووسرێن و بە لاتینی ڕاڤە بکرێن.

ب- سەیدا ئەمین بۆز ئەرسەلان، وەک لە زوانی عارەبیدا زۆر مەلا و زۆر شارەزایە، لە تورکیشدا گزوفتی بولبول دەدا؟ کەمتر ئاشنایەتی زۆری دەگەڵ زوانی فارسیدا هەیە. لە چەند شوێنێک ئەویش زۆر کەم، لە فارسییەکان گرێی بۆ ڕەها نەکراوە. هەقیچیەسی. هیچ کاری بە فارسی نەبووە، وەک مەمانان بە ملهوڕی و زۆرەملێ بەسەریدا نەسەپاوە.

پ- سەیدا دەڵێ "نازانین کەی مەم و زین دەستی پێ کراوە، ئێژن پەنج ساڵی بۆ خانی خایاندووە" خانی لە پێشەکییەکانیدا فەرموگیەسی: (کیشایە جەفا ژ ب بویی عامی) یانی ساڵێک. وا ئەم مەتەڵەش زاندرا.

شێخی خانی خۆی ژینامەی خۆی بە کورتی بۆ درکاندووین. لە هەزار و شێست و یەک هاتووەتە دنیا، لە تەمەنی چاردە ساڵی بووەتە نووسەر، ساڵی هەزار و سەت و پێنج لە مەم و زینێ بووەتەوە.

ت- لەبارەی ساڵی وەفاتییەوە، ئەوی راستە هەر ئەو رستە جوان و هێژا و دروستەیە کە عەلائەددین سەجادی لە مەلایەکی بیستووە فەرموویەتی: لە پشت کتێبێکدا دیومە عیبارەتی (طار خانی الی ربە) بە ئەبجەد ساڵی وەفاتی خانییە، کە ڕاست دەبێتە هەزار و سەت و نۆزدە.

دڵە هەژارەکەم دەڵێ: ڕەنگە لەو چاردە ساڵەدا هیچ نەبێ چوار لیزگەی دیکەی زۆر نادری هۆندبێتەوە. تا لە بەرانبەر پێنجینەی نیزامیدا. خۆڕانێن و بۆڕیان بدەن. بە هومێدم ئەو خەونەی دڵم وەدی بێت، بەرهەمی دیش لە خانییەوە لە گۆشەی فەرامۆشییەوە بێنە دەرێ و چاوی دڵان پتر گەش و ڕوون کەنەوە. بەتەمای خوا.

ج- ئەوەی سەیدایێ هێژا بۆز ئەرسەلان لە چەند جێیەکا نووسیویە: زەبانی ناو مەتنەکەمان کردە زمان، لەوە دەکا قورعان نووسەرەوێک بێژێ فووم و ثووم هەردووکیان سیرن من لەبات فووم لە قورعاندا ثوومم نووسی. چونکە لەسەر زار سووکترە.

کێ دەتوانێ شەرحی کا و لە بن وشەیەکی وەک زەبان بڵێین زەبان لە فارسیدا زمانی کوردی خۆمانە. نابێ فەرمایشتی خانی بەهیچ جۆر دەسکاری بکرێ، چۆن بووگە هەروا بمێنێ، چونکە مەم و زینی خانی پرتووکی پیرۆزی کوردە. دەبێ هەروا دەستنەخوردە رابگیرێ.

بە پێی توانا وشە و رستە عارەبی و فارسییەکان و زاراوەی خواپەرستانەم وشە لە بەرانبەر وشە، بەبێ هیچ زۆر لێکدانەوە و درێژەدان، بەکوردی مانا کردەوە و لەگەڵ وەرگێڕاوەکەمدا بەو کوردانەی ئەڤێنداری ئازادین پێشکەش دەکەم. من خۆم لەسەر ئەو باوەڕەم هەموو کوردێکی ڕۆشنبیر لەسەریەتی بۆ موفەڕک دانەیەکی لەلا هەبێ، لە بەرگی مەخمەری بگرێ، بیکاتە نوشتەی سەر دڵی، ماچی کا و هانای پێ بەرێ، دوعایەکی بەخێریش بکا بۆ هەژار.

پەسنێ خودێ

سەرنامەیێ نامە نا مە: ئەڵڵاھ
بێ نامێ وی ناتەمامە وەڵڵاھ
ئەی مەطلەعێ حوسنێ عیشقبازی
مەحبووبێ حەقیقی و مەجازی
نامێ تەیە لەوحێ نامەیا عیشق
ئیسمێ تەیە نەقشێ خەمەیا عیشق
بێ نەقشێ تە نەقشێ خامە خامە
بێ نامێ تە نامە نەتەمامە
نامێ تەیە شاھ بەیتێ مەقصوود
فیھرستێ موکاتەباتێ مەحموود
مەضموونێ موراسەلاتێ لارەیب
مەشھودێ موکاشەفاتێ (بالغیب)
مەحبووبێ قولووبێ (من له القلب)
قەلبان تو دکی ب بال خۆڤە جەلب
مەعشوق تویی ب فەخر و نازی
عاشق تویی لیک بێ نیازی
موطلەق تو، موفید و موستەفادی
بێ شبھە موورید و ھەم موورادی
نووری تو د حوسنێ روویێ دڵدار
ناری تو د قەلبێ عاشقێ زار
شەمعی نە ژ قسمێ نوور و ناری
شەمسی ژ عەیان تو پەردەداری
گەنجی تو د نێڤ طەلسمێ عالەم
کەنزی تو عەیان ژ ئیسمێ ئادەم
ئەڤ عالەم و ئادەمی یو مەشھوود
ئەڤ مومکین و ماسوای مەوجوود

فەرموودەی پێغەمبەرە: "ھەرچی بەناوی خوا دەست پێ نەکرێ بێ پیتە" * مەطلەع: جێگەی رۆژھەڵاتن * حوسن: جوانی، باشی * حەقیقی: راستەقانی * مەجازی:بە دەڵ * لەوح: تەتەڵە * خامە: قەڵەم * خام: کاڵ و کرچ * شاھ بەیت: چاکترین تاک بەیت لە قەصیدەدا * موکاتەبات: نووسراوان * مەحموود: پەسندراو * مەضموون: ناوەرۆک * موراسەلات: نامە بۆ یەکدو ناردن * لارەیب: بێگومان * مەشھوود: دیاری * موکاشەفات بالغیب: دیاریکردنی نادیاران * قولووب: دڵان * مَن لَهُ القَلْبَ: کەسێ دڵی ھەیە * جەلب: راکێش * موطلەق: ئازاد * موفید: بەھرەدار * موستەفاد: بەھرە گەیێن * موورید: داواکار * موراد: داواکراو * نار: ئاگر * عەیان: ئاشکرا، چاوان * عالەم: جگە لە خوا ھەموو شت * کەنز: خەزینە... حەدیثی قودسییە "خەزینەیەک بووم نادیاری، چێ کریم ئافراندن تا بێمە ناسکرن" * ئیسم: ناو... ئایەتە: خوا ھەموو ناوێکی فێری ئادەم کرد * مومکین: ھەرچی، لەوانەیە ببێ و نەبوونیشی جێ باوەڕە، بەرانبەرە بە واجب کە ھەر دەبێ ببێ

هەمیان ب تەیە مەدارە و دەبر
فەییاضێ ریاضێ خەلق، وەلئەمر
ئەمرێ تە بلەفظێ کون دو عالەم
مەوجود کرن غەرەض چ؟ ئادەم؟
ئادەم بخوە یەک ژ هەردووانە
یەک حەرف ژ ئەمرێ کون فەکانە
ئەف حەرف حەقیقەتن موحەققەق
هەم ئەمرە بقودرەتا تە هەم خەلق
ئەشباح موەسسەمن ژ ناسووت
ئەرواح موەسسەمن ب لاهووت
ئەف روح و جەسەد ب جەبر و ئیکراه
تەزویج بوین بئەمرێ ئەلّلاه
ناسووت ئەگەر چی ڕەنگ سەفاله
لاهوت ژ پورتەوا جەمالە
حەرفا کو مە گۆتی نەقشێ هووره
لێ مەقصەد و مەعنێ یا وی کووره
ظاهیر تە ئەگەر نومایە صوغرا
باطن ئەوە نەقشێ خامە کوبرا
مەوجودە د وێ شەهادەت و غەیب
مەشهوودە دوێ سەیادەت و عەیب
ئینسان ب خوە هەم ظەلامە هەم نوور
ئادەم ژ تە هەم قەریبە هەم دوور
هیندی وەکو جینسێ عالەمینە
ئەو تابیعی نەوعێ ئادەمینە

* مەدار: کار پێکهاتن * دەبر: تەدبیرکردن، کارڕێکخستن * فەییاض: ڕەژنەبەخش * ریاض: باخچان * خەلق: چێکرن * ئەمر: کار * کون (کُن): ببە ... خوا فەرموویە: "ببە و هەموو شت بووە" ئایەتە. ئەگەر خوا ویستی شتێک ساز دا دەلّێ: ببە و دەبێ * غەرەض: مەبەست * کون فەکانە (کُن فکان): ببە و بوو * ئەشباح: ئەوی دێنە بەرچاو، شەخص * موەسسەم: ڕەسم و خەت لێدراو * ناسووت: سرشتی مرۆڤانی، ئینسانی * موەسسەم: نیشانەکراو* لاهووت: سەر بەکاری خودایی * جەسەد: لەش *جەبر: زۆری * ئیکراه: نابەدلّی* تەزویج: لێک جووتکردن * سەفال: سواڵەت، ماکی دیزە و گۆزەی گلّین * پورتەو: تیرێژ، تیشک * جەمال: جوانی، سپەهیتی * هوور: ورد * مەقصەد: مەبەس * کوور: قوولّ * ظاهیر: ڕواڵەت * نومە: نواندن، خۆشاندان، دیاریدان * صوغرا: هەرە بچووک * کوبرا: هەرە گەورە، بۆ جێگیربوون و ڕوونکردنەوەی بابەتێک کەمترەکەی شان دەدەن و زۆرترەکەی پێ ئاشکرا دەکەن. بۆ نموونە دەلّێن: مرۆڤ جانەوەرە، هەر جانەوەرێکیش جیسمە و لاشی هەیە * شەهادەت: دیارە * غەیب: نەدیار * مەشهوود: دیارکراو، بەچاو * سەیادەت: گەورەیی * عەیب: شوورەیی، زەدە، کەمایەتی * ظەلام: تاریکی * نوور: ڕووناکی * قەریب: نزیک * جینس: نەوع، تەور، جۆر

ئەڤ رەنگە فەلەک هەمی موعەظظەم
ئەڤ چەندە مەلەک هەمی موکەڕەم
ئەڤ کارگەها عەظیم و دەووار
ئەڤ بارگەها بەدیع و سەییار
ئەڤ چەندە زەمین د گەل عەناصیر
ئەڤ رەنگە عەرەض د گەل جەواهیر
ئەڤ چەندەهە نیعمەت و نەفاییس
ئەڤ رەنگەهە مەئکەل و مەلابیس
ئەڤ چەندەهە، موددەعا و مەطلووب
ئەڤ رەنگەهە موشتەها و مەحبووب
حەیوان و مەعادین و نەباتات
مەطلوبێ مەقاصید و موورادات
بیلجوملە ژ بۆ مەرا ل کارن
فیلجوملە ژ بۆمە بەر دبارن
حەققا کوتە خوەش نیظام و رەونەق
تەرتیب کرن ژ بۆ مە ئەلحەق
ئەم غافیل و عاطل و گونەهکار
ماینە د قەیدێ نەفسێ ئەممار
نینن مە د قەلبی فکر و ذکرەک
ناکن بزەبانێ حەمد و شوکرەک
"خانی" کو نەهن بقەلبێ ذاکیر
باری بدە وی زەبانێ شاکیر

* فەلەک: عاسمان* موعەظظەم: مەزن، گەورە، گەپ * مەلەک: فریشتە * هەمی: گش * موکەڕەم: بەڕێز و قەدر* کارگە: جێگەی کار، کارخانە * عەظیم: گەورە * دەووار: بە چەرخ و سوڕ * بارگە: بارەگا، داوودەزگا * بەدیع: چێکراو، زۆر جوان * سەییار: گەڕۆک * عەناصیر: کۆی عونصور، ماکی هەرە سادە و تاکی هەر شتێ کە زانایانی پێشوو بەخاک و باو ئاگر و ئاویان دەژمارد و دەیانکردنە ماکی ژیان * عەرەض: شتێ کە خۆی بۆخۆی نەهاتووە و بە شتێ ترەوە پاڵی داوە و پەیدابووە * جەواهیر: کۆی جەوهەر، هەرچی ماک و ڕەگەزە و سەربەخۆیە، دژی عەرض * نەفایس: کۆی نەفیس: بەنرخ، بوهادار، هێژا * مەئکەل: مەئکولات، خواردەمەنی "ڕەنگە ئەو نیو بەیتە: "ئەڤ ڕەنگە مەئاکیل و مەلابیس" بووبێ، خواردەمەنییان و شیاوانی دەبەرکردن" * موددەعا: داواکراو * مەطلووب: خواستەمەنی * موشتەها: تشتێ کو دل دبێژە * مەحبووب: خۆشتەڤی * حەیوان: زیندی * مەعادین: کۆی مەعدەن، کان * نەباتات: کۆی نەبات، رووەک * بیلجوملە: بەگشتی، پوختەی وتار * بەردبار: باربەر، راستەکەی بوردبارە: یانی پشوو لەسەرخۆ و خۆڕاگر * حەققا: ب راستی * نظام: تەکوزی * رەونەق: جوانی، رێکوپێکی * ئەلحەق: دڕاستیدا، دوروست وەیە * غافیل: بێئاگا * عاطیل: بێکارە * قەید: تۆق و زنجیر * نەفس: نەوس * ئەممار: زۆر فەرماندەر، لە قورئاندا فەرموویە: نەفس زۆر فەرمانی خراپکاری دەدا * فکر: بیر * ذیکر: بیرەوەری * حەمد: پەسن * شوکر: سوپاس * نەهن: نین * باری: خودێ، دەیسا

گازی و لاڤایی

ئەی شـــوکـــرێ تە جـــەوهـەرا زەبانێ
وەی ذیکرێ تە صـــەیقـــەلا جـــەنانێ
ئەی واحـیـدێ بێ شـەریکی یەکـتـا
وەی واجـیـدێ بێ نـەظیـر و هـەمـتـا
ئەی باقـــیـــیـــێ بێ زەوالێ دایم
وەی هـادییـێ بێ فـــەنایێ قـــایم
ئەی فـالقێ ئەرض و عـاسـمـانان
وەی خـالقێ جـومله ئینس و جـانان
مـولک و مـەلەک و فـەلەک ب جـارەک
بیلجـــومله تە چێ کـــرن، تەبارەک
(١) "سـبـحـانک کل مـا خلقت"
"احـــسنت فکیـــفـــمـــا فلقت"
هـەرچی کـــو تە چێکر ئەی نکوکـــار
هـەر یەک د حـــەدێ خـــوەدا ســـزاوار
ئەڤ نـەھ صـــەدەفێ د پڕ مـــرارى
رۆژێ د ســفـیـد، شـــەڤـا د طارى
حـەفـتـێ د مـیـثـالێ دوڕێ غـەلتـان
هـەر شـەش جیـهـەت و چەهار ئەرکان
هـەرسـێ وەلـەدێد پڕ مـــــەوالیـــد
غـەبرا و ســەمـا دگـــەل مـەقـالیـد

* صـەیقـەل: مـشـتـومـاڵ * جـەنان: دڵ * واحـیـد: یەک * یەکـتـا: تاقـانە * واجـیـد: خـودان، نـاوی خـودێیـە * نەظـیـر: وەک * هـەمـتـا: هـەڤـبـەر* باقی: مـای * زەوال: لناڤچوون * دایم: هـەرهـە * هادی: رێبـەر * فەنا: تونەبوون * قایم: هـەروەستای * فالق: قەلشێن * خـالق: چێکەر * جومله: هـەمی * ئینس: مرۆڤ * جان: ئەجیننە * روح: گیان * مولک: دارایی، زەمین * مەلەک: فرشتە * فەلەک: ئاسـمـان * تەبارەک: پیـرۆزی بۆ تۆ خـوایـە * نکو: چاک، باش، قـەنج * حـەد: ئەندازە، سنوور * سزاوار: شـایان، شیاو * صەدەف: قالکی مرواریـیان * نەھ صەدەف: نۆ ئاسـمـان * مـرارى: مـرواری، مـەبـەست ستـێـرن * سـفـیـد: سـپی * طاری: رەش، تاریک * دوڕ: مـرواری درشت * غـەلـتـان: گلۆر * شـەش جیـهـەت: شـەش ئالی: ژوور و ژێر و راست و چەپ و پشت و روو* چـەهار ئەرکـان: خـاک و با، ئاگـر و ئاو * وەلەد: رۆڵە * مەوالید: بێچوان، رۆڵان، مەبەست لە مـەوالید جانەوەرە و رووەک، کرەک: جـەمـاد * غـەبرا: ئاخ، سـەرزەمـین * سـەما: ئاسـمان * مـەقـالیـد: کـۆی مـیـقـلەد: کلیل، لێـرەدا مەبەست خەزێنە زۆرەکانی ناوەندی عەرز و ئاسمانن

(١) "پاکی و چاکی لە تۆڕایە، لە هـەرچیدا سازت داوە، زۆر کارت جوانە هـەرچۆنێ لەتت کردووە."
خوا فـەرمـوویە: خوا شـەوی شـەق کرد و بـەرەبـەیانی لێ دەرخست دیسان فـەرمـوویە: "ئەدی نەتدیوە کـە عـەرد و عـاسـمـانان پێکەوە نووسـابوون، لەبـەریەکـمـان هـەڵوەشـاندن."

لەوح و قـــەلەم و ئەوابت و عـــەرش
حـەیوان و نەبات و مـەعـدەن و فـەرش
ظاهیـــر کـــرن ئەڤ قـــەدەر صـــەنایع
پـەیدا کـــــرن ئەڤ قـــــەدەر بـەدایع
هـەریەک ژ عـــــەدەم کـــــرن تە پـەیدا
ئـیـــــبـــــداع کـــــرن تەبێ هـەیوولا
فـــیـلجـــوملە چ ئەووەل و چ ئـاخـــر
ئەلقـیـصـصـە چ مـوئـمـن و چ کـافـر
هـەریەک ژ تـەرا وە بـوونە مـــەظـهـــەر
ئەو ڕەنگە دوان تـو بویی مـوضـمـــەر
بێ حـــوسـنێ تـە نـینـە وان وجـــوودەک
بـێ نـووڕێ تـە نـیـنـە وان نـمـوودەک
حـــیـکـمـــەت ئەوە: بـاطـنـی یو ظـاهـیـــر
قـودرەت ئەوە غـایبی یو حـاضـیـــر
نـینن تە تـەجـــززی یـو، تـەمـــەککون
ئـــەممـا وە دوان دکـی تـــەوەطـطـون
گـویا هـەمی جـیـسـمـەکن تو جـانی
گـــویا هـەمی شـــەهـرەکن تو خـانـی
حـــوسـنا تەیە زینەتا حـــەبـیـبـــان
ڕەشکا تەیە غـــیـرەتا ڕەقـــیـبـــان
مـــەیلا تەیە عـــاشـــقـــان دکـــێـشـت
دەردێ تـەیـە دل ژبـەر دئـێـــــشـت
شـــیـرین تە کـــرە شـــەکـر ل پـەرویز
فـــەرهـاد ژ ڕەشک ئەشکی خـــون ریز
لـەیـلا تەکـــــرە بـەلا ل قـــــەیـسـی
رامـــین ب تـــە رام بـــو ل وەیـــســـی

* لەوح و قەلەم: ئەو رووپـەل و قەڵەمـەیە کە خوا هـەموو مەبـەستی ئافراندنی پێ نووسیوە * ئەوابت: چەقیوە نەگەڕەکان کە چەند ئەستێرەیەکی بەناوبانگن * عـەرش: تەختی بارەگای خوا * فـەرش: رایەخ، مـەبەست زەمـینـە * صـەنایع: کـۆی صنعـەت: پیشـە * بـەدایع: کـۆی بـەدیع: داهاتووی زۆر جـوان * عـەدەم: نەبوو * ئـیـبـداع: داهێنان * هـەیولی: مـاکی سـەرەتایی * مـوئـمـین: خـاوەن باوەڕ * کـافـر: بێ باوەڕ، ناسـوپاس * مـەظـهـەر: جێگەی ئـاشکرابوون، دیارگە * مـوضـمـەر (مُضمر): تێدا ڤەشـری * نمود: شکل و بیـــچم * حـــیـکـمـــەت: زانایی زۆر * باطن: نهێنی* قودرەت: توانایی * غـایب: نـەدیار * حـاضـر: لەبـەرچاو، دیار * تەجـــەزی: پـاژبوون * تەمـەککون: جێگیربوون، نیشتەجێبوون * تەوەططون: جێگیربوون لە جێگەیەکی دیاریدا * شـەهـر: بـاژێر، شـار * خـانی: مـــاڵ، خـــانـوو * ڕەشک: ئێـــرەیـی، چاوچنۆکی * غـیـرەت: ئـابڕووپـارێزی * ڕەقـیـب: چاودێر * مـــەیل: ئـارەزوو * عاشق: ئەڤیندار * شیرین: گـراوییـەکەی فـەرهـاد کـە ژنی خـوسـرەو پەرویز بوو * ئەشک: هـێـسـتـر، ڕۆندک، فـرمـێـسـک، ئـەســر * خـــون: خـــوێن * ریز: ڕێژ * لەیلا: لەیلێ، گـراوییـەکـەی قـەیسی عـامـری کـە بە مـەجنوون ناسـراوە * وەیس و رامین: ناوی کـوڕ و کـیـژێکن لە چیرۆکی زۆر کەوندا هاتوون.

یوسف ته چرا نومـــا زلەیخـــا؟
وامـیق ته کـوسـا گـیـهـانده عـەزرا؟
شـێـخی وەکـو پێنجـه حـەج بژاری
دین کـر تەژ بۆ کـەچا کـوفـاری
نیـلوفـــەڕی ناز پـەروەری کـــر
ئەو ژی تـه ل مـیـهـر مـوشـتـەری کـر
بـالایێ بلـنـد تـه دایـه ســـــەروان
پـابـەنـدێ بـەلا تـــەدا تـــەزەروان
صـــۆرگـــول تەکـــرن ژخـــار پەیدا
بولبـــول تـه کـــرن هەزارێ شـــەیدا
خـوەش رەنگی تەدا گـیـایـێ صـۆرگـول
خـــوەش دەنگی تەدا نەوایـێ بولبـــول
روناهـی تەدا ســـەری شـــەمـــالان
پـەروانـه کـــرن بشـــــەوقـێ تـالان
مـەحـبـووب تە چـێ کـرن د دلکەش
مـەجـذووب تـه پـێ کـرن مـوشـەووەش
ئەڤ عـیـشق و مـەحـەبـبـەتا د دلدا
ئەڤ زلف و ســـەلاسلێـــد د ملدا
ئایا نەتەچـێ کـــرن مـــوقـــابیل؟
هەر یەک تە بهـەڤ کـرن مـوعـادیل؟

* یوسف: پێغەمبەرێکی جوولەکان و جوان بوو * زلەیخا: ناوی ژنێکی کاربەدەستێکی میصر کە یوسفی کڕیبوو تەماحیشی تێ کردبوو، ئەم باسە لە قورعاندا هەیە * وامق و عـەذرا: یا عـەزرا، ئەڤیننامەیەکی زەمانی بەر لە ئیسلامـە، عـەزرا ناوی کیژەکەیە، لە سەدەی یازدەیەمی کۆچیدا کراوەتە شیعری فـارسـی * شـێـخـی صنعـان: داسـتـانێکی شیعرە لە کتێبی مەنطیقولطەیری شێخی عەططاردا، کە شێخ عاشقی کچە کافرێک بووە، بۆ خاتری ئەو قـورعـانی سـووتاندووە، شـەرابی خواردووەتەوە، بوویتـە بەرازەوان * نیلوفـەڕ: لوولووپەڕ گوڵێکە لە ئاودا دەڕوێ، رۆژ پەرسـتـە، هەر تـاو هەڵات سـەر لە ئاو دەردێنێ و تاو ئاوابوو سـەردەباتەوە بن ئاو * میـهـر: خۆر، خۆشـەویستی * موشـتـەری: کـڕیار، ناوی ئەسـتـێـرەیەکی گـەڕۆکـە لە عـاسـمـان، چـیـرۆکـێکی ئەڤـیـنداری هـەیە بەناوی میـهـر و موشتەری، کە کیژەکە ناوی مـیـهـر، مـێـرێ بووە * بالا: بەژن * سـەرو: داری سـەوڵ * پابەند: بەندەوار * تەزەرو: دیکلێ لێڕ و جـەنگەلی * خار: ستری، چقڵ، درک، درِوو * هـەزار: دە جـــار صـــەد * هەزار: جـۆرێ بولبـولی ڕەنگینە * شـەیدا: دینێ ئەڤـیـنـێ * نەوا: هـەوای گـۆرانـی * روونـاهـی: رۆشناکی، روونـاکی * شـەمـال: مـۆمـی ئایسـان * پەروانـە: پەپوولە، فرِفرِۆک * شـــەوق: ئارەزوو، تیـــشـک * دلکەش: دڵکێش، دلبـەر * مـەجذووب: حـاڵ لێ هاتوو، راکێشراو * موشـەوەش: تەڤ ل هەڤ، سـەر لێشـێـواو * زلف: کەزی * سـەلاسیل: کۆی سـیلسـیلـە: زنجـیـر * مل: گـەردن، شـان * مـوقـابیل: بـەرانبـەر، هـەڤـبـەر * مـوعـادیل: رێکی یەکتر، وەکەهـەو

ئایینه تەچێ کـــرن مـــوکـــەڕڕەر
حوسنا خـوه دوان تەکر مـوصـەووەر
ئایینه لپـــێـــشێ تووتیـــان: گـــرت
داڤەک تە ل پێشێ کـوڤیـیـان گـرت
ئایـینـه ژوان وەیه کـــــو ئـاڤـــــه
ئەو عـەکـســه ژوان وەیه کـو طاڤـه
نـەقـــــشێ تـه دبیـنن ئـەو د ئـاڤـێ
نـاکـن حـــــەذەرێ ژ ئـاڤ و داڤـێ
لـەب تـەشـنـه طـەلـەب دکـن زەلالـێ
وێ دانـه و دامـێ، زلـف و خـــــالـێ
مـەقـصـوود کـوبو ژپێشـڤـه حـاضـر
دێ قـــەصـد بکن جـــەمـیـعێ نـاظر
تووتی نـه ب خـــوه شـــەکـــەر دڕێژن
هـەرچی دبـهـــــێن ئـەوی دبـێـــــژن
وێ مـەقـصـەدێ مـوخـتـەصـەر دبینن
پـابـەنـد دبن گـــــــەلـەک دمـــــیـــنن
مـەقـصـوود و مـورادێ دڵ توشـایی
ئـەمـمـا تو "تـضـل مـن تشـــــاء"ی
هـەرچی تـه دڤـێ ببـێ ضـــــەلالـێ
پـابـەنـد دکـی ب زلـف و خـــــالـێ
هەرچی کـو تو بینی ســەرهـیـدایەت
ڤـێ را بـگـری بـکـی عـــــیـنـایـەت
حـاضـر وی دبی مـەقـامی مـەعلووم
گـەر خـادیمـه وی دگـێـڕی مـەخـدووم

* ئاینه: نەینک، نەینۆک، عەینک، قۆدی * موکەڕڕەر: دووبارە * موصـەووەر: شکل کشایی * تووتی: طوطی، مەلێکە دەتوانێ لاساییی خەڵک بکاتەوە و بپەیڤێ * داڤ: داوی راو * کـوڤی: حـەیوانە کـێـوی * حەذەر: پارێز، خۆپاراستن * لەب: لێڤ * تەشنە: تی، تووتی، تینوو * زەلال: پاک و خـــۆش * دام: داو * دانـه: دان، دەنک * ژپێشـڤـه: لە پێشـەوە، هەر لە پێشـدا * جـەمـیـع: گش * ناظر: تەمـاشـاکـەر، چاونۆڕی هـەل * دبهـێن: دەبیـسـن * مەقصـەد: مەبەست، جێگەی بۆ چوونێ * مـوخـتـەصـەر: بەپوخـتی، بەکـورتی * پابەند: تێگیراو، قـاچ بەستراو، بەندەوار * تضل من تشاء: گـومرادکی کـەسێ تە بخوازێ گومراکی، ئایەتێکی قورعانە لە زمـان موسـا پێغەمبەرەوە دبێ: خودێ بۆ تە دخـوازێ ئەم بدی هیـلاکێ چمـا کـەم عـەقلێت مـەکارن کرنە... تمام فیتنا تەیە، تە بـه فـیـتنا خـوه لاڕێ دکی کـەسێ تە بخـوازێ، ڕێشـاندەدەیە کـەسێ تە بڤی، تەی مەزن و دۆستی مـه، ژ مـه ببـهـورە و رەحمێ بمە بکە، تە چێترین بهوردۆخی * ضەلال: گومرایی، ئاڤارێیی، لاڕێ بوون * هیـــدایەت: شـــارەزایی، ڕێکزانـی * عینایەت: چاڤدێریکرن، قەنجی د گل کرن * حـاظر: دەس لەجێ * مـەقام: جـێگە * مەعلووم: دیاریکراو * خادیم: خزمەتکار، بەنی * مەخدووم: کەسی خزمەتا وی دکن

بێ سەجدە تە ئەی جەنابی مەعبوود
ئادەم کرە قیبلەگاە و مەسجوود
عیسا تەکوسان گەهاندە، ئەوجان؟
ئایا ب چتە حەباندی ئەوجان؟
دەرسا کو بخەف تە گۆتە ئیدریس
ئەلبەتتە د چو مەقامێ تەقدیس
ئیبلیسێ فەقیرێ بێ جینایەت
هیندی تە هەبوو دگەل عینایەت
هەر رۆژێ دکر هەزار طاعەت
لەوڕا کو تە دا وی ئیستیطاعات
وی سەجدە نەکر لغەیرێ مەعبوود
گێڕا تە ژ بەردەرێ خوە مەردوود
یەک سەجدە نەکر لپێشێ ئەغیار
قەهرا تە کرە موخەللەدونار
ئەلقیصصە ژ حیکمەتا تە ئاگاە
فەردەک مە نەدی تەبارەکەڵلاە
عیرفان طەلەبێ د صاحیب ئیدراک
دەرحەقێ تە گۆتی "ماعرفناک"
خانی بنەزانییا خوە دەرحەق
گومراە ببت نەدوورە ئەلحەق
ئیللا کو مەگەر موعین خودا بت
یا راهبەرێ وی موصطەفا بت
یارەب تو بحەقی موصطەفا کی
خانی ب خوەڕا تو ئاشناکی

* سەجدە: سەر لعەردێ دانان بۆ کرنووش * جەناب: وشەی ڕێز لێنان * مەعبوود: ئەوی دێتە پەرستن * قیبلەگاە: ڕووگە * مەسجوود: ئەوێ سەجدە بۆ دبن * کوسان: کوسا، چلۆن، چاوا * ئەوج: بلند یان پڕ بلند * حەباندن: خۆشویستن * جان: ڕح * خەف: خەفی، نهێنی * ئیدریس: پێغەمبەرێکە * ئەلبەتە: بێگومان * تەقدیس: مبارەکی و پیرۆزی * ئیبلیس: شەیتان * فەقیر: هەژار * جینایەت: خەتا و گوناە * هندی: تا ئەو دەمەی * طاعەت: پەرستن، گوێ دان بە فەرمان * ئیستیطاعەت: توانایی * دەر: دەرگا* مەردوود: دەرکراو، بەردایی * ئەغیار: کۆی غەیر: بیانی، نامۆ * قەهر: تووڕەیی * موخەللەد: بۆ هەمیشە * موخەللەدونار: هەمیشە لە ئاگردابێ * ئەلقیصصە: پوختەی وتار * ئاگاە: هایدار * فەرد: تاک * تەبارەکەڵلاە: تاک و بێ کەمایەسییە خودێ * عیرفان: خواناسین * عیرفان طەلەب: داواکاری ناسینی خوا * صاحیب ئیدراک: دارای تێگەیشتن * دەرحەق: دەربارە * "ماعرفناک": نەمان ناسیت، فەرموودەی پێغەمبەرە: "ئەی خوای ئێمە وەک پێویست بوو بتناسین نەماننناسیوی" * دەرحەق: لەبارەی خواوە * ئەلحەق: بەڕاستی * ئیللا: مەگین * موعین: ئاریکار * موصطەفا: بژاردە، "ناوی پێغەمبەری خۆمانە"

پەسنێ پێغەمبەر

ئەشیا بحەسەب دەلیل و بورهان
نابن چو مەگەر وجووب و ئیمکان
واجب یەکە: ذاتێ کیبریایە
مومکین پڕە: جەمعێ ماسیوایە
* هـەوا: با * هـەوا: هـیچ و بـێ کـــار * ئەر: ئەگەر* چکیـیـا: تکا، چکا * هەبا: تۆز و گـــەردی وردیـلـە * هەبـا: نەتشت، لەناوچوو * میـثـال: وەکی * ئاسـیـاب: ئاش * هەمـواره: هەمـیـشـە، بەردەوام * چەرخ: ســـووڕ * ئینقـیـلاب: گـــەڕ بە هەموو لادا، گەڕان بـە هـەموو باراندا * دەخل: دەغل: گـەنم و جـۆ و دانەوێلّـە * ئادەمـی: مـــــرۆڤ * مـــەطـمـــوورە: داپۆشـراو، وەبن دراو * ئەرض: عـەرد * ئـاردلێـنـە: ئـاردی نـەرم * لـین: نـەرم * دانـە: دەنـک * نـەوبـەت: نـۆرە * تـەوالـی: بەشـوێن یەکدا * جـەوال: دەفـری دەخل * مـوجـەززا: پاژ پاژ، بەلاڤ * مـوهـەڕا: پلّیخاو، پلّیشـاو، هـەڕشتی، هـەلا هـەلا * تەخمیر: شـێلان وەک هـەویر، ئامیان لێ دان وەک هـەویر ترش دەهـەویر دەکرێ ... راگـرتن و هێـشـتنەوە تاپێ دەگـا وەک هـەلّاتنـی هـەویـر * تەکـرار: دیســـان * قـــالب: قـــاپۆر * قـــەلب: دلّ * قـــەلب: نادروست * قـــابیلوننار "قـــابل النار": شیاوی ئاگر * سیاسەت: سزا و ئازار * راضـــیـنـە: قـــانعن، مل کـــەچن * مـەرتەبـە: دەرەجـە، پلە * نـەجـاسـەت: پیسایی

فیلجوملە نەمووردە و نەئەحیا
بەر موجبێ "لایەموتو یەحیا"
ئیللا کو نەفیس و پاک طینەت
یەعنی کو نفووسێ نیک سیرەت
دیهقان ب خصوصیەت هەلینت
وێ دانەیێ خاصصەتەن بچینت
حەتتا نەڕزت هەلاک نابت
نارِسکەت و قەنج پاک نابت
وەقتێ رەسییاو بویە خوشە
وێ دێ بقوطن ژ بوێ توشە
ئاشێ دەڤ و چەق چەقا زەبانان
ئاڤا دەهەن و بەرێ ددانان
ئەو چەند ئەوی دەق ددەن دهێرِن
ئەو چەندە د شەهرێ تەن دگێرِن
ئەو چەند دقوتن وی ئەڤ عەمەلدار
حەتتا وەکو هوور ببت وەکی ئار
حاصل کو ژ پاشێ وان جەفایان
دێ بیتە تەصەڕوفا قوایان
گەهـ جاذیبە باطنێ ڤە کێشت
گەهـ ماسیکە بگڤشت بئێشت
دەم هاضیمە بێت، ئەوێ بکەت هەضم
دەم دافیعە بێت ئەوی بکەت کەظم
تەننووری مەعیددە وێ بپێژت
هەرچی کو خرابە ژێ برِێژت
تەصعید بکن هەچی لەطیفە
تەنزیل بکن هەچی کەثیفە

* فیلجوملە: پوختەی وتار * موردە: مردوو * ئەحیا: زیندووان * بەرموجبێ: بەگۆرەی * لایەموتو، یەحیا: نامری و ناشژی... ئیشارەتە بە ئایەتێکی قورعان کە خوا فەرموویە "ئەو کەسەی بە گوناحباری دێتەوەلای خوای خۆی بەشی جەهەنەمە، نەدەوێدا دەمرێ . نە ژیانی هەیە." * نەفیس: بەنرخ، هێژا * طینەت: سرشت * نفوس: گیانان * نیک: باش، قەنج * سیرەت: رەوشت * دیهقان: وەرزێر * خصووصیەت: تایبەتی * خاصصەتەن: بەتایبەتی * هەلاک: لەناوچوو * نارِسکت: نارِوێ * رەسی: گەیشت * خۆشە: گولّی دەخلّ، هێشوو * بقوطن: بکوتن، بهارِن * توشە: زاد، بژێو، زەواد * دەڤ: زار، دەم * چەق چەق: چەقەنە * زەبان: زمان * دەهەن: زار، دەڤ * بەر: بەرد * دەق: کوتان * شەهر: باژێرِ، شار * تەن: لەش * عەمەلدار: دەس بەکار، کارکەر * هوور: ورد * ئار: ئارد * تەصەڕوف: کار تێکردن * قوایان: هێزان * جاذیبە: کێشەر * باطنی ڤە: بۆ ژوورەوە * کێشت: دەکێشێ * ماسیکە: گرتۆخ * بگڤشت: دەگوشێ، رێکی دەگوشێ * هاضیمە: توێنەرەوە، عەزمکەر * هەضم: حەلکردن * دافیعە: پالّ پێوەنەر * کەظم: قوتدان * تەننوور: تەندوور * مەعیددە: ئاشک، عوور، ورگ * بپێژت: پوخت دەکا * تەصعید: بەرەو ژوور بردن * لەطیف: پاک و نەرم و بێ خلّتە * تەنزیل: بەرەژێرکردن * کەثیف: خەست و خلّتاوی

پاشێ ژ وی ئەلطەفێ جـــــودا کن
تەمـــــیـــــز بکن ژ هەڤ بەلاکن
طەبباخێ حـــەرارەتا غـــەریزی
صـەبباغ و مـومـەییزێ تەمـیـزی
تەوزیع بکەت ل جـیـسـم و ئەعـضـان
مـەعـمـوور ببن جـیـهـات و ئەرکـان
دیزا جـــەگـــەر و دلێ زوجـــاجێ
تەقطیـــر بکن مـــەیا مـــیـــزاجێ
حـاصـل عـــەرەقـــا مـــەیا حـــەیاتێ
تەقطیـــــر کـــــو بو وەکی نەباتێ
هێـــژا ژ گـوهـورێ ڤـان شـــوئونان
بو قـــابیلێ عـــالەمـــا بوطونان
گـەهـ غـوطـه دخـوت د بەحـرێ مـائی
رەنـگـین دبـتن دەمـــــــەک دیمـائـی
دەم عـــەقـــد دبت ژ بۆ وی تەرکـیـب
تەصـــــویر دبت ب نـەظـم و تـەرتـیـب
تەرکـیـب کـو بو مـیـثـالێ مـەرجـان
بو عـــەکس پەزیرێ پورتەوا جـــان
ئەو جـان چیـیـه! مـوهـجـەیا نەباتێ
ئەو مـوهـجـەیه مـەنشـەئا حـەیاتێ

* ئەلطەف: پاک و باشتر * تەمـیـیـز: جـوداکـردن * طەببـاخ: پێـژەر * حـەرارەت: گـەرمـا، گـەرمی * غـەریزی: سـرشـتی * صـەببـاغ: رەنگرێژ * مومەییز: جیاکەرەوە * تەمیز: خاوێن * تەوزیع: دابەش * جـیـسـم: لەش * ئەعـضـان: ئەعـضـایان، ئەندامـان * مەعموور: ئاوەدان * جیهات: ئالییان * ئەرکان: پایە و ئەستوون * دیز: دیزە * زوجـاج: شووشـە * تەقطیر: دڵۆپاندن * مـەی: شـەراب * مـیـزاج: تەبیـات * عـەرەق: ئارەق * نـەبات: قـەندێ کـە لە قامیشی شەکر دەیگرن، شیلەی قامیش چەند رۆژان لەبەر گەرمایەکی شیـاوی ئەو دەهێـڵـنەوە تا خـۆی سـەر بەخـۆی دەبێ بە قـەند * ظوهـوور: دیاریدان * شـئـوون: کـاروبار، باروکـار * قـابیل: شیـاو * عـالەم: دنیا* بطوون: زگان * غـوطه دخـوت: نوقم دبت، قـوم دەبێ * مائی: ئاڤی * دیمائی: بە رەنگی خـوێن، خـوێنی * عـەقـد: مـەییـو، مـەیی * تەرکـــیـب: تێکەڵکردن و لێکدان * تەصـویر: بەشکل، بیـچـمـدار * نەظم: تەکـــوزی * تـەرتیب: رێکوپێکی * مـەرجـان: شـەرابی لە ترێ * مـەرجـان: جۆرێ مـوروی سـوورە لە جـانەوەرێکی دەریایی دەگـیـرێ * عـەکس پەزیری: کەوانە قـبـوول کردن * پورتەو: تـیـشک، تیـرێژ * مـوهـجـە: خـوێنی دڵ، خـوێن * مـوهـجـە: گـیـان، مـاک * نەبات: رووەک مەنشەء: ژێدەر، ماک * حەیات: ژی

هندی وەکـــو ســـاکـــینی بوطوونە
خـــامـــۆشـــە و خـــوارنا وی خـــوونە
وەقـــتێ کـــو ژ مـــەزرەعێ خـــەفـــایێ
ئەو ســـەبزەیێ تەر بکەت نومـــایی
وی ســـەبزەیی دەم ب دەم ب خـــوونێ
دێ ئـــاڤ بـــدەن ژ پـــاشـــێ بـــوونـــی
باران نە ژ فـــەیضـــێ بت مـــەدەکـــار
ئەو دانە دبیـــتـــە نەخلێ بـێ یار
ســـەر ســـەبز دبت ب بەرگ و باران
گـــەر لـێ بوەرت ژ فـــەیضـــێ باران
ئەو سەبزە کـو بو نیـهالـێ سەرکەش
سەر خوەش گەڕییا ژ میوەیێ خوەش
ئەو مـیـوە دەمـا گـیـهـا کـەمـالێ
بو مـــەظـهـــەرێ پورتەوا جـــەمـــالێ
گـــەر لایقـێ عـیـــززەتا ئەمـیـــرە
وەر دەرخـــورێ حـــەضـــرەتا قـــەدیرە
وی هـــەڵـدگـــــــــرن ژ بـۆ دیـاری
بـێ واســـــــیـطـە وی دبـن دیـاری
فـیلحـال کـو چـو دبێـتـە مـەحـبـووب
ناڤێ وی ل وێ دبێـتـە مـەجـذووب
ئەو نەخلنە وافـــیـــرول فـــرووعن
لـێ زیـدە د نـادیـرول وقـــــــووعن
وەرمـــــایی وســـــان ل بـەر هـەوایێ
ئەو دێ چتـە مـەعـصـەرا جـەفـایێ
لازم ئـەوە پـەروەرش بـبـــــــیـنـت
تـەربیـــیـــەتێ دەر خـــورش هـلینت

* ساکین: نیشتەجێ * خاموش: بێ دەنگ، کڕ * مەزرەع: مەزرەعە، کێڵگە، مـەزرا * خـەفـا: نادیاری * ســەبزە: شـینکە * نومـا: هەراش بوون * دەم ب دەم: وەخت بە وەخت * دەم: خـــوێن * فەیض: مـەبەست رێژنەی روحمی خوایە * مـــەدەدکـــار: ئـاریکار * نـەخل: دارخـورمـا * بار: مـیـوە * بوەرت: ببـاریّت، داوەرێ * نیـهـال: نەمـام * سەرکەش: بڵند و شۆخ * مـەظهەر: جێ دیاریدان * پورتەو: تـیـرێژ * جـەمـال: جـوانـی * عـیـزززەت: رێز و قـەدر * دەرخور: شیاو * حـەضرەت: پێش بەر، نزیک و رووبـەروو * قـەدیر: تـوانا، ناوی خـوایە * دیاری: سـەوقـات * واسـیطە: هـۆ، نێـــوبژیکەر دیـاری: بـەرچاو * مـەجـذووب: جـەذبە گـرتوو، رفـێنراو * مەجذووب: لە زاراوەی ئەولیادا کەسێکە بە پایەیەک بگا کە لە هەموو خراپەیەک پاک و بەدوور بوو بێ و خـوا بۆ خـۆی هـەڵی بژاردبـێ * نـەخلن: نـەخـــلان، دارخورمایان، دارانی بڵند * وافیر: زۆر * فـروع: کۆی فـەرع: لق "وافـر الفـروع" واتە پر لقوپۆپ * نـادیرول وقـوعن "نادر الوقـوع": کـەمـتـر هەڵدەکـەون * وەر: ئەگـەریش * هەوا: با* هـەوا: هەوەس و ئارەزوو * مەعصەر: گوشینگە. ئەوجێی میوەی لێ دەگوشن * پەروەرش: بەخێو کرن، راهێنان * تەربییەت: بەخێوکردن * دەر خـورش: شیـاو، لایق * ئـافتـاب: خۆر

گەھ پوختە ب ئافتابێ شەرعی
گەھ سوختە ب ماهتابێ وەرعی
گاڤا پژییا گیها کەمالێ
وەقتێ رژییا ژ سەر نیهالێ
حەتا نەکەڤت ژ ئەوجێ عیززەت
حەتتا نەگەهیتە خاکێ ذیللەت
ئەو نابتە سالکی طەریقی
وی نابنە مەعصەرا حەقیقی
ئەڤرەنگەهە دەست ب دەست ب رێڤە
ئەو مەرتەبە مەرتەبە ب وێڤە
ئەو میوە بخۆت کەمالێ ضەربەت
ئەو لوقمەیێ خوەش ببێتە شەربەت
ئەو میوە ئەگەر شرینە خامە
وەر طەحلە و طرشە ناتەمامە
حەتا نە ب دەستی پیرێ مەیخوەر
ئەو هەلکەلتن دخوممێ ئەکبەر
گاڤا کو دوێڤە کەل ب سەرکەت
وەقتێ ژ خومێ مەزن ب دەرکەت
یەعنی کو ژ کەثرەتا صیفاتان
ئەو طەی بکەتن تەجەللییاتان
ئەلقیصصە ژ گەرمییا جەمالێ
حاصل کو ب شەوکەتا جەلالێ
جەوهەر کو تەمامی موضمەحیل بوو
تەشبیهێ عەرەض کو مونفەعیل بوو
گەرمییەتی وان تەجەللییاتان
وان موحریق و وان موقەوویاتان

* شەرع: رێوشوێنی ئایینی * سوختە: شەوطی، سووتاو * ماهتاب: طاڤ هەیڤ، تریفەی مانگ * وەرع: دوورەپەرێزی لە گوناح * پژیا: پێژراوبوو، کولا * رژیا: داوەری * ئەوج: هەرە بلّندایی * عیززەت: قەدر، رێز * ذیللەت: زەلیلی و زەبوونی * سالک: رێڕەو، رێوی، رێبوار * طەریق: رێ * حەقیقی: راستی، راستەقینە * مەرتەب: پلە * ضەربەت: لێدان * لوقمە: پاروو * شەربەت: ڤەخوارن * شرین: شیرین * خام: کاڵ، نەگەهیشتی * وەر: وەئەگەر * طەحل: تاڵ * طرش: ترش، مزر * مەیخۆر: شەرابخۆر * هەلکەلتن: هەڵکولێ، بوکڵێ و هەڵچێ * خومم: کوپە * ئەکبەر: مەزنتر * کەل: قوڵت و کوڵین * کەثرەت: زەحفی، زۆری * صیفاتان: ئاکاران * طەی: پێچانەوە، رێ بڕین * تەجەللییاتان: خۆنیشاندان لە خواوە * جەمال: جوانی ... مەبەست جوانیی خوایە * شەوکەت: شکۆ * جەلال: شەوکەت و گەورەیی ... مەبەست شکۆی خوایە * موضمەحیل: تەرت و تونا، حەلاندی * عەرەض: رووداو بەسەر ماکدا * مونفەعیل: کارتێکراو * گەرمییەت: تین و گەرمایەتی * موحریق: سووتێن * موقەووی: هێز و پێز بەخش

تەنزیل بکن ژ وێ غـــــــوبارێ
تەصـــعـــیـــد بکن ژوێ بوخـــارێ
خالیص کو ببت ژ پاشێ تەصعید
هێـــژا دچتـــه مـــەقـــامێ تەجـــرید
جەوهەر ژ عەرەض کو بو موجـەرِەد
داتیـنـنه بوتەیێ مـــــوجـــــەددد
ئەو بوتـه ئەگـــــــەرچی تەنگنایه
صـــەحـــرایێ فـــەنایێ دلگوشـــایه
هەم رەنگێ صـــــوراحی یو پەیاله
هندی وەکـــــو صـــــۆرە یانـه ئاله
هێـــژا نەبوویه رەحـیـقێ مـــەختـــووم
هێـــژا نەچوویه مـــەقـــامێ مـــەعلووم
هندی ژ خـــوه وی هـەبت وجـــوودەک
نـیـنن ژ خـــــــودێ ئەوی نموودەک
بێ مـــەشـــرەبەیێ وەفـــایێ شـــاهی
ئەو ناچتـــه مـــەشـــرەبا ئیـــلاهی
فـــانی نەبتن فـــەنایێ مـــوطلەق
نابینـتن ئەو بـەقـــــایێ بیلحـــــەق
فـــانیـــــتی ژ بۆ ویرا بەقـــــایه
باقـــیـــــتی ژ بۆ ویرا فـــــەنایه
ئەمما نه ب ئیـتـتـیـصـال و ئیلحـاق
بەلکی نه ب ئینفـیـصـــال و ئیطلاق
ئەف رەنگه دکـــەت مـورادێ حـاصل
ئانجـــا دبتـــه مـــوریدێ واصل
یارەب چ دبت ژ بـەرمـــــه کـــــۆران
جـارەک تە ڤـەدی حـیـجـاب و تۆران

* تەنزیل بکن: بەرژێر بین * غوبار: تۆز
* تەصعید: بەرەژووربردن * بوخار: هەڵم
* خالیص: پاکـژ و بێ خـەوش * هێـژا: هێشتان * مەقام: جێگە * تەجرید: رووت بوون... لە زاراوەی شێخاندا پلەی تەجرید بریەتییە لە بێجگە لە خوا پێوەندیت بە هیچ شـتـێکەوە نەمـێنێ * جـەوهەر، گەوهـەر: ماک و رەگەز * عـەرەض: ئەوی لە لاوە بەسەر ماکدا هاتووە * موجەرِەد: رووت کـراو، رووت * بوتە: ئەو قـالبـەی زێرِینگەران زێرِ و زیوی تێـدا دەتوێننەوە * مـوجـەددەد: سـەرلەنوێ، ژنو * تەنگنا: تەنگەبەر * صـەحـرا: دەشت، سـارا * فـەنا: نـەمـان * دلگوشـا: دڵخـۆشکەرە * صـــوراحـی: تونگـەی مل باریک * ئال: سووری ئاچخ * رەحیق: شەراب، مەی * مەختووم: سـەرمـۆر، مـۆرکراو * مـەقامی مەعلووم: جێگەی دیارکراو * وجود: بوون * نموود: دیاردە و قـەدر و قیمـەت، بڕەو، رمێن * مـەشرەبە، ئامـانێ پێ ڤەخوارنێ * مەشرەب: جێگەی ڤەخورانێ * ئیلاهی: خوایی * فانی: نەماو * فەنایێ موطلەق: نەمـانی تەواو * بـەقـا: مـان * بیلحـەق "بالحق": بەڕاسـتی، بـە ئیـرادەی خـوا * ئیـتـتـصـال "اتصال": پێوەندی، لکان * ئیلحـاق: گەیشتنە شتێکی تر * بەلکی: بەڵکو * ئینفـیـصـال: جـیـابوونەوە * ئیطلاق: ئازادی و بەرهـەڵدایی * ئانجـا: ئەوجـار * مـوریدێ واصل: مـریدی گەیشتوو بە مراد * یارەب: ئەی خودێ، خـودێوۆ* کۆر: کـۆرە، کوێر * حـیـجـاب: پەردە * تۆر: گەوچن، داو

بیننده بکی ئەمێ د عـــاجـــیـــز
بێ پەردە و بێ حـیـجـاب و حـاجـیـز
دەریایـێ یەقین بکـەت تـەمـــــەووج
ئەم ژی بکرین دەمـــەک تـەفـــەڕوج
ئەڤ ظەنن و گـومـان و عیلم و تەقلید
تـەبدیل بـبن ب عـــەیـنـێ تەوحـــیـــد
ئەســبـاب و وەســیـلـە قـەط نەمـیـنن
جـــارەک تە مـــوســـەبـیـــبی ببـیـنن
ئـیـمـــان مـــە هەیە ب ذاتێ واجـیـب
ئـیـمـکانیـــەتا مـــە بوویە حـاجـیـب
دیســان ژ مـە هەرتو مـە خـەلاص کـە
یارەب مـــەژ بۆ خـوەرا خـوە نـاس کـە
ئەڤ ســەیر و سلووک و طەیـێ مـەنزل
مـەخصـوصـە ژ بۆ مـوریدێ مـوقـبـیل
کـەنگی ژ مـــەڕا دبت مـویەســســـەر
خـالیق ژ ئەزەل نەکـەت مـــوقـــەددەر
لەوڕا کـــو خـــرابی یو قـــەبوولی
نـیـن ب فـــەضـــایل و فـــضـــوولی
عـــــابـیـــــد ب ریایـەکی هـەلاکن
عـــــاصی ب دوعـــــایەکی دپـاکن
عـــالـەم کـــو وەکی خـــەیالێ ظیللە
صـانیع ب خـــوە هادی یو مـــوظیللە
ئەو تینـەتە مـــــەنظـەرا خـــــەیالێ
ئەو تیـــخـــتـــە پەردەیا ضـــەلالێ
لێ دایە مـە جـوزئـێ ئـیـخـتـیـاری
نەفـســا مـــە پەلیـد و حـیـلـەکـاری

* بیننده: دیتۆخ، چاوساخ * عـاجـیـز: زەبوون * حـــاجـیـز: نێـوان، بـەرگـر * یەقین: بڕوای تەواو * تەمـەووج: پێلدان * تەفـەڕوج: ســەیران، تماشـا * ظەن: گـــومـــان، دوودڵی * عـــیـلم: زانست * تەقلید: لاسـایی * تەبدیل: گـۆڕینەوە * عـــەین: چاو، خـــودی خـۆ * تـەوحـیـد: بـەیەک زانین * ئـەســبـــاب: هۆیان * وەسیلە: بۆنە * موسـەبیب: سەبەب ساز * ئـیمان: باوەڕ * ذاتی واجب: خودێ * ئیمکانییـەت: دەسـەڵات و لە دەست هاتن * حـاجیب: پـەردەدار * خـەلاص: رزگـار * ســـــەیر: رۆیشـتن * سلووک: ڕێوە چوون * طـەی: پێـچـانەوە * مـــەنزل: قـۆناخ * مـوقـبـیل: بەختـەوەر، خـاوەن ئـیـقـبـال * مـویەسـســـەر: پێکهـاتوو * خـــــالـیـق: چـێـکـەر * ئـەزەل: رۆژی هەرەبـەرێ * مـوقـــەددەر: بڕیاردراو * فـــــەضـــایل: زانست و هـونـەران * فـضـوولی: لە سنوور دەرچوون، خـۆ تێ هەڵقوتاندن

ئەو ژی بریيـــە ژ دەست مـــە ناچار
ئەم مـانە و لوطفێ حـەق مـەدەکـار
بـەس قـــەنج ژبۆ مـــە عـــامـــيـــانرا
هـەر ئـەڤ بەســـە بۆمـــە عـاصـيـــانرا
ژەووەلڤـــە خـــودێ ب حـــەق بناسين
هـەرچەندی قـوصـوور و کێم و کـاسين
پـاشـی ب دلێ خـــــوە ژێ بتـــــرسين
دينـێ خـــــوە ژ عـــــالمان بپـــــرسين
چـاوا کـــــو دبێـــژن ئـەم وســـــابين
حـــەتتـــا کـــو ژ روو دنـێ فـــەنابين
پـالا خـــــــوە بـدينـە لـوطـفـێ بـاری
بـەلکی مـــە ببـــەخـــشـتن ژ نـاری

* عـابيد: خـواپەرست * ريا: دووروويی، رووبـيـنـی * هـەلاک: لـەبـەين چـوو * عـاصی: گـوناحبـار، ياغی له فەرمان * دوعـا: نزا * ظيلل: سێبـەر * صـانيع: دروستکەر، چێکەر... مـەبەست خـوايە * هـادی: رێ شـــانـدەر * مـــوضـــيـلل: گـومـڕاکـەر، ئاڤـارێ کـار * مـەنظەر: ديمەن * خـەيال: هزر و بيـر * خـەيال: تـارمـــايی * ضـــەلال: رێ وندابـوون * جـوزء: پاژ * ئـيـخـتـيـار: دەسـەڵات * نەفس: نەوس، گـيـان * پـەليـد: پيس، لەوتی * حـيلەکـار: گـزيکەر * عـامی: بۆره پـيـاگ * عـاصی: گـوناحـبـار * قـوصـوور: کـۆتـايی * کـێم: هـندک * کاس: گێژوويژ * عالم: زانا * وسـابين: ئاوهابين * پال: پشت * باری: خـودێ * نار: ئاگر

بناشتێ خانی ب قەلەمێ خوەڕا

ئەی راکـــیـــبێ واقـــیـــعێ پیـــادە
وەی عـاشـقێ صـەفـحـەیێ د سـادە
ئەی شـاعیـرێ صـاغـیـر و نگون سـەر
وەی ساحیـرێ ساخیـر و فسـوونگەر
ئـەی هـایمـێ وادیـێ ضـــــــەلالـێ
وەی غـاوییـێ دەعـــوەتا کـــەمـــالـێ
ئەی خـامـەیێ سـەرتەراشێ بـەدڕەنگ
بەس نامـەیێ خوەش قوماشێ خوەشڕەنگ
رووڕەش کـە ب نـاقێ خـەطـط و خـالان
بـــەد نـــام بـــکـــە ب بـــێ و دالان
هـندی وەکـــو خـــەط غـــوبار و هـورە
ئـەو خـــــەط ژ لـەگـــافـــەتێ نـەدوورە
گـاڤـا کـو ژ رەنگێ مـەشـقێ پڕ بوو
یا شـبـهـەتێ نـەسخ و ثولثێ گـر بوو
ئەو نـاسـیـخێ نوسـخـەیا جـەمـالە
بـێ رەونـەق و روهـنـی یو کـــەمـــالە
لازم ئـەو دلبـــــــەرێ د ســـــــادە
خـــــەط لـێ نـەبـتن وەکی قـــــەلادە
خوەش زینەتە خـەط ل ماهـێ روخسـار
هـندی ل روویـان نـەبـویە هـەڤـســـار
ئەی خـامـــە تەژی گـــەلەک درێژ کـر
ئەڤ نامـــە بەســـە تە پڕ قـــرێژ کـــر

* راکیب: سـوار * واقیـعی: لە ڕاستیدا * واقیـع: کەوتوو * صـەفحـە: رووکار، روویەل * شـاعـیـر: خـاوەن هـەست * صـاغیـر: زەلیل و زەبوون * نگون سـەر: نخـوون سـەر، سـەرنخـوون * سـاحیـر: جادووگەر * ساخیر: گاڵتەکەر، تیزکار * فـســـونگەر: ســحـــرباز * هـایم: بەرهـەڵدای بێ خـاوەن * وادی: گـەلی، شـیـــو، نواڵ * ضـــەلال: ئاڤـارێیی، گـومـــڕایی * غـاوی: هـەڵەی نـەزان * دەعوە: ئیـدیعا، داوا * خـامـە: قـەڵەم * سـەرتەراش: سـەرتاشـراو * بـەدرەنگ: ناحـەز، کـرێت * خـۆش قومـاش: پارچە جـوان * خـەت و خـاڵ: نیشـان و مـووی ســـەر ڕوو * بـەدنـام: نـاوزڕاو * بـێ و دال: ب، د. پێکەوە دەبنە بد... واتا خراب * غـوبـار: تۆز * خـەتـی غـوبار: شـێـوە خـــەتێکی ورد و جـــوانـە * لەطـافـــەت: نـەرمـی و جـــوانی * مـــــەشـق: لـەبـەر نووســـینەوەی منالاّن کـە تـازە فـێـرە نـووسـین دەبـن * نـەسخ: ثولث: هـەریـەک لەو دووانە شـێوە خـەتن * گڕ: درشت * ناسـیخ: کوڕێنەوە، لەبـەینبـەر * نوسـخـە: نووسـراوەوە * دلبـەر: جـوانی دڵڕفێن * سـادە: بێ ریش و سـمـێڵ * قـەلادە: گەردانە، رستە * زینەت: جـوانی، خشڵ * مـــاهـ: هـیڤ * روخـــســـار: ڕوو * هەڤـسـار: هـەوسـار * قـرێژ: چـەپەڵ، چڵکن

هەرچەندی کەلام شبهێ دوڕ بت
بێ قەدر دبت، دەما کو پڕ بت
نابینی ب قیمەتن جەواهیر
لەورا کو د هندکن د نادیر
سەهو و غەلەط و خەطا و نیسیان
مەجموعەیێ ناپەسەندێ عیصیان
تەحریر کرن تە بێ تەئەممول
کێ دی بکەتن ژ تە تەحەممول
کەس نینە بکەت ژ بۆ تە تەحسین
گوێندەیێ ئافەرین و نەفرین
ئەی بێ ئەدەبا خرابە بێ عار
گوستاخ و ستەمگەر و سیەهکار
هندی کو سەرێ تە من قەلەم کر
ئەو چەند تە خەطی خەطا رەقەم کر
هندی کو سەرێ تە من تەراشی
ئەو چەند تەکر گونەھ تەلاشی
فەححاشی تە کر ب رەنگێ "خانی"
نەقاشی تەکر میثالێ "مانی"
مەشغوولی بەسە ب لەعب و لەهوان
تۆبا خوە بکە ژ خەطئ و سەهوان
جارەک وەرە سەر طەریقێ تۆبە
هندی نەگەهیشتیە تە نۆبە
نۆبەت کو گەهیشتە خەصم خامە
طەی کر ل مە ئەف نزاع نامە
وێ بەطلێ دلاوەرێ زەبەردەست
ئەووەل کەمەرا تەهەوورێ بەست

* کەلام: پەیڤ * دوڕ: مرواریی درشت * پڕ: زۆر، زەحف، زاف * قیمەت: نرخ، بەها، بایی * هندک: کەم * نادیر: کەم وێنە * سەهو: هەڵە، غەلەط، نەڕاست * خەطا: سووچ * نیسیان: لە بیر کرن * ناپەسەند: نەهێژا * عیصیان: گوناح * تەحریر: نووسین * تەئەممول: بیرکردنەوە، رامان * تەحەممول: تاقەتی قبوول کردن * تەحسین: ئافەریم، پەسن * نەفرین: خراپە گوتن، تووک لێکردن * گوستاخ: رووقایم * ستەمگەر: زاڵم * سیەهکار: رەشکار، کار خراب * قەلەم کرن: پەڕاندن * خەطا: هەڵە * رەقەم: نووسین * فەححاش: جنێو فرۆش، قسەی نالەبار بێژ * نەقاش: وێنەکێش، رەنگرێژ * مانی: پێغەمبەری وێنەکێشی قەدیمی * لەعب: گاڵتە * لەهو: گەمەی بێ تام * تۆبە: گەڕانەوە * خەطأ: هەڵە * سەهو: لە بیرکرن * طەریق: رێگە * نۆبە: نۆرە * خەصم: دوژمن * خامە: قەڵەم * طەی: پێچانەوە، لوولدان * نزاع: کێشە * بەطل: پاڵەوان * دلاوەر: نەترس * زەبەردەست: باڵادەست * کەمەر: پشتێند * تەهەوور: هاروهاجی

بو راکـــیـــبێ دولدولێ ئەنامـــیل
دەرحـــال دگـــەل مـــە بو مـــوقـــابیل
کـــێـــشـــا ژ زەبانێ ذول فـــەقـــارەک
بو خـەصم دگـەل مـە شـــەهسـەوارەک
سل بو رکـــیـــیـــا ژوان عـــیـــتـــابان
ئەزمـــان گـــەڕییـــا ب ڤـــان جـــەوابان
گـۆ ئەحـمـــەد ئەگـەر تو نەی خـەبیـثی
هەرچی کـو تە گـۆت من ئەو نڤـیـسی
قـــەولێ د تە قـــەنج ئەگـــەر خـــرابن
فـیـعـلێـد تە خـەطا ئەگـەر صـــەوابن
ئـەی بەد عـــەمـــەلۆ تو قـــەنج دزانـی
تۆ قـــایل و فـــاعـــیـل و خـــودانـی
نەی بووم و دعـــالەمـــا نەییـســـتـــان
مەی بووم نە ب دەستێ مەی پەرستان
گـــاڤـــا کـــو تە ئەز بریم ژ ســـازی
نـــە دەنگ د مـن هـەبوو نـەگـــــازی
تـەدوور کـــــرم ژ نـک هـەڤـــــالان
مـــەهـجـــوور کـــرم ژ ملک و مـــالان
بـەنـد و وەصلـێ دمـن ســـــەرا بوون
ئەووەل تە کـرن ب ئەمـرێ کـون کـون
پاشـێ کـو تە کـر د باغێ عـیـشـقێ
کـون کـر دلێ من ب داغێ عـیـشـقێ
تە پف کـرە جـیـسـمێ من دەمـا جـان
هـاتن ژ دلێ من ئـاە و ئـەفـــغـــان
نەفـخـا تە ل من دل و جـەگـەر صـۆت
هەرچی کـو تـە پف کـری من ئەو گـۆت

* راکـــیـب: ســـوار * دولدول: ناوی ئێستریێکە کە ئیمام عەلی سواری دەبوو * ئەنامل: کـۆی ئەنمولە: ســەرپەنجـە، گەی سـەری تبل * دەرحـال: دەسبـەجێ * مـوقـابیل: بـەرانبـەر * زەبان: زمـان * ذولفـەقار: دوخـدار * "ذوالفقـار": ناوی شـمـشـێـرێک بووە بە قـەدی ئیـمـام عـەلیـیـەوە * شـەهسـوار: شـاسـوار، شـۆڕەسـوار. سل: تووڕە * رکـیـیـا: رقی هـەســتـا، لـە ڕکـەوە چوو * عـیـتـاب: ســەرکـۆنە * ئەزمـان: زمـان * جـەواب: بەرسڤ * خـەبیث: پیس * قـەول: پەیڤ * فـــیـــعـل: کـــردە * خـــەطـا: هەڵە * صـەواب: چاک و راست * بەدعـەمـەل: کار خراب * قایل: بێژەر * فاعیل: کارا * خـــودان: خـــاوەن * نەی: قـــامـــیش، قـامـووش، چیتک، زەل * عـالـەم: دنیـا * نەییـستـان: قـامیـشـەلین، قـامیـشـەڵان * مـەی: شـەراب * کـو تە ئەز بریم: کـە تۆ منت بڕی * ســـازی: ســـاز و تـەیاری * ســـازی: زەللەک، قـــامـــیـــشـــەلین * مـەهـجـوور: دوور * بەند: گرێ * وەصل: قـــەف، گـــەو * ســـەرابوون: ســـەرەوبن، ســەرنخـوون * ئەمـر: فـەرمـان * کـون: ببـــە: کـون: قـول، کـونا * پف: فـوو * جـیـسـم: لەش * دەم: فـوو، هەناســـە * نەفخ: پف

ئەز لالم و بێ زەبان و خـــامـــووش
بێ نەفس و نەفەس ژ قیسمێ قامووش
بەزمـــا طەرەبێ ب من تە خـــوش کـــر
دیوانی گـــونەھ ب من تە رەش کـــر
ھـەرچەند کـــو طاھیـــری ھـەیم ئـەز
ســـــازەندە تویـی وەکـی نـەیم ئـەز
مـــا نەی ب خـوە تشـتـــەکێ دبێـژت؟
خـامـــە ب خـوە رەشـحـــەکێ درێژت؟
کـاتیب قـــەلەمێ دکـــەت ســـیـــەھکار
ســـــازەندەیە نـەی ژ دەست ب ھـاوار
نای و قـــەلەم و کـیـــتـاب و نیـشـــان
تیـر و ھەدەف و کـەمـان و کـێـشـان
مـــەحکوم و عـــەلەیھی بوون ب تەقـدیر
ھێژ ئیسمێ گونەھ نەبوویی تەسطیر
یـارەب تـو دزانـی خـــــــانیـێ ژار
تەشـبـیـــھ ب خـامـــەیا گـرفـتـــار
قـــەلبێ وی د دەست تـەدایە ئـەلحـــەق
دەستێ وی د دەست خوە نینە موطلەق
گـاڤـا کـو ل وی تە ســەر قـــەلەم کـر
ھەرچی تە ئـیـــرادە کـــر رەقـــەم کـــر
ئامـیـر تـوی ئەو ب ئەمـرێ مـەئمـوور
مـەئمـوور دبن ھەمـیـشـــە مـەعـذوور
گـەر داییـیـــە وی تە ئـیـخـتـیـــارەک
ئەو ژی وی ســـپـــارە تـە ب جـــارەک
پەیوەسـتـە د دەست تەســەر قـەدەم بوو
ئەو گـــەر عـــەلەم و ئـەگـــەر قـــەلـەم بوو

* خاموش: کڕ، بێدەنگ * نەفس: گیان * نەفـەس: ھەناسـە * قـیـسم: بەش * قاموووش: زەل، چیتک، چیت، قامیش * طەرەب: خـــۆشی و شـــایی * دیوان: کـتـێـبـی شـیـعـران * ھـەیم: ھەم * سـازەندە: سازلێدەر، سازکـەر * نەی: بلور، بلوێر * مـــا: بۆچی، مـــەگـــەر * رەشـحـە: دەلآندن، دەلآو، تەڕاییی کەم * کاتب: نووسـەر* سیەھکار: کارڕەش * نـای: بلوێر * قـــەلـەم: ئالآ، خـــامـــە * کیتاب: کتێب، پرتووک * نیشان: کێلک، ئامـانج * نیـشـان: نوخـتـە و خـەت * ھەدەف: ئامـانج، نیـشـانە * کـەمـان: کـەوان * مـەحکومـو عـەلەیھی "مـحکوم علیـە" حوکم بەسەردا دراو * ب تەقدیر: بە فـــەرمـــانی خـــوا، بڕیاری خـــودێ * ئیـــسم: ناو * تـەسگیـــر: خـــەت دران، نووسران * ئەلحەق: بەڕاستی، بێگومان * موطلەق: بەھیچ جۆر* ئیرادە: ویستن * رەقەم: نووسین.

* ئامیر: فـەرماندەر * ئەمـر: فەرمان * مەئمـوور: فەرمانبەر * مەعذوور: عوزور قـــبـــوول، جـێـگەی چاو لـێ پۆشـین * پەیوەستە: ھەمیشە * قەدەم: پێ، لاق * عەلەم: ئالآ

نەفع و ضـــەرەرا خـــوە ئەو نزانت
یا قـــەنج ژ بـۆ خـــوەرا چ زانت؟
چاوا کـــو ژ بۆتـەرا رەضـــایە
ئەو نەی صـیـــفـــەتە وی ئەو هەوایە
وەڵلا ژ ســـفـــیـــدی یو ســـیـــاهـی
وی قـەصـد و غـەرەض تویی ئیـلاهی
ئەمما ب مـــــورەککەبا قـــــەبایح
روو رەش کـــرنە گـــەلەک صـــەفـــایح
خەططێ تـەیە سەر نویشت و سـەرمەشق
سیە ساڵە خـەطێ خەطا دکـەت مەشق
لەورا کـــو دەمـــا ژ غـــەیب فـــەک بوو
تەئریخ هـەزار و شـێـست و یـەک بوو
ئیـســال گـەهیـشـتـە چلل و چاران
وی پێـــشـــــرەوێ گـــوناهـکاران
ڤـێکدا ژ مـــەناهیـیـان گـەلەک مـال
یەک پول نەهـن ژ حـوسنێ ئـەعـمـال
ئەووەل کـو تەدا ژ عـیـشـقێ مـەطـلەع
ئاخـیـر بدە وی تو حـوسـنێ مـەقـطەع

نەفع: قـازانج، فـایدە * ضـەرەر: زیان * رەضـا: رازیبـوون * هەوا: بـا * هەوا: ئەڤین * وەڵلاە: ســـوند ب خـــودێ سفیدی: سپیایی * سیاهی: رەشایی * قـەصـدا: مـەبـەست * غـەرەض: هزری دڵی * ئەممـا: بـەڵام * مـــــورەککەب: رەنگی رەش بۆ نووسـین * قـەبایح: کۆی قەبیح: پیس، خراب و کرێت * صەفایح: کـۆی صـەفـحـە: لاپەڕ، روویەڕ * سـەر نویشت: چارەنووس * سـەرنویشت: ئەو خـەتەی فـێرکار بۆ زارۆکـانی دەنووسـێ تا لـەبـەری بـنووسـنەوە * ســـەرمـــەشق: خـەتی مـامۆسـتا بۆ لـەبـەر نووسـینـەوە و راهـاتـن * دەم: وەخت، گـاڤ * غـــەیب: نادیار * فەک: جیابوونەوە، هەڵپسان * تـەئـریخ: مـــێـــژوو، دیریک، دیرۆک * ئیسال: ئەم ساڵ * پێشڕەو: رەم کێش، سـەرگـەلە * مـەناهـی: ئەو کارانەی خوا گـــوتوویە مـــەیکەن، نـارەوایان * پول: قـــۆشـــە * حـــوسـن: باشـی، چاکی * ئەعـمـال: کۆی عـەمـەل * کردە: کـار * ئەووەل: ســـەرەتـا * مـــەطـلەع: جـێـگەی دەرکـــەوتـن و ســـەرکـــەوتـن * مـــەقـطەع: جێگەی بڕین، بڕانەوە

بەیاری خوا سەعات نۆ و سی و هەشت دەقیقەی رۆژی یەکشەممەی ٥ گەلاوێژ ١٣٦٥ شەمسی ١٩ ناوجـێـژنانی ١٤٠٦مـانگی ٢٧ تەمـووز ١٩٨٦ خـاچپەرستی لـە نووسـینـەوەی ئەم مـەم و زینە بوومەوە. هەژار لە شاری کەرەج.

ئەحمەدی خانی

مەم و زین

هەژار

کردوویە بە موکریانی – سۆرانی

سەرەتا

١

شاعیری نەمر و بەناوبانگی کورد پیرەمێرد ڕاست دەکا کە دەڵێ: (نامرن ئەوانە وا لە دڵی میللەتا ئەژین). میللەتان هەرگیز نامرن، میللەتان هەرگیز ئەستێور و وەجاخ کوێر نابن و شوێنیان کوێر نابێتەوە. کەند و کۆسپ لە ڕێگەی هەموو هۆز و تیرە و بەرە و میللەت و نەتەوەیەکدا بووە و دەشبێت، میللەتان وردە وردە و لەسەرخۆ دەبووژێنەوە و دەگەشێنەوە و بەخۆدا دێن و پێ دەگەن لە کاتی تەنگ و چەڵەمەدا، لە تەنگانە و لێقەوماندا، لە وەختی ژێر دەستی و دیلی و زەبوونیدا، لە تووش هاتنی کەند و کۆسپی نەتەوایەتیدا، کەسانێک هەڵدەکەون کە تیشکی خۆشەویستیی میللەت، نەتەوە دۆستی، هاوخوێن پەرستی، ڕووناکایی جوامێری و پیاوەتی و مرۆڤایەتی، عەشق و ئەوینی بێشکەی باوک و باپیریان، خانە و لانەی خۆیان و کەسوکاریان، مایەی ژین و ژیانیان دەداتە مەغز و مێشکیان، بیریان ڕوون دەکاتەوە، دڵیان دەگەشێنێتەوە ئاسۆی دیمەنگای چاویان هەراو بەرین دەبینن و بە دڵی وریا و زیندوویان زووتر و زۆرتر هەست بە ئێش و ئۆف و دەرد و ناڵەی میللەتەکەیان دەکەن. مرۆڤایەتی و جوامێری، ویژدان و گەل پەرستی تین و تاویان دەدا کە بە پەرۆشی ولّات و نیشتمانی خۆیانەوە بن، خەمی گەلی خۆیان بخۆن و بکەونە چارەسەری هۆز و ئاو و خاکیان، لەسەر ولّات و نیشتمانیان بکەنەوە، مافی خوراوی نەتەوەیان بستێننەوە، خەڵک ڕابەری بکەن بۆ ژیانێکی باشتر و دواڕۆژێکی ڕووناکتر.

ئاشکرایە کە پێداویستیی هەر میللەتێک بە پێی ڕۆژگار و ناوچە و مەڵبەند دەگۆڕێت. بەڵام ئەوانەی ئەو ئەرکانەیان گرتووەتە ئەستۆی خۆیان و لە ڕێگای ئاوات و ئارەزووی میللەتەکانیاندا ڕەنجیان داوە و ژیانی خۆیان لە پێناودا ناوە چ سەرکەوتووبن و چ تێ شکا بن نەتەوەکانیان ڕەنج بە خەساریان ناکەن، هەمیشە

لەمەڕ ئەوان ئەمەکدار دەبن و لە کانگای دڵدا جێگەیان دەکەنەوە و هەموو بەرەیەک بەبەرەی پاش خۆیان دەسپێرن. پێشینان چەند جوانیان وتووە: (دڵ ئاگای لە دڵە).

هەروەکو میللەتان لە دڵی ئەو جۆرە پیاوە گەورانەدا حاواونەتەوە، ئەوپیاوانەش لە دڵی نەتەوەکانیاندا دەحەسێنەوە. هەڵکەوتوویی ئەمەیە و هەڵکەوتووش ئەمانن. هەڵکەوتوویش وەکو باوی ژیان و پێداویستی عینسان رەنگاورەنگ و جۆراوجۆرە، دەریای مێژوو پڕە لەم جۆرە گەوهەرانە کە هەر یەک لە بیچمێک و هەر تاکەی لە رەنگێکە.

فەیلەسووفەکانی یۆنان کە خزمەتیان بە زانیاری کردووە، کریستۆف کلۆمب کە ئەمەریکای لە گەرووی ئاودا دۆزیوەتەوە، لنکۆلن و جۆرج واشنگتۆن کە گەلی ئەمەریکایان لە بێگانە و دیلی رزگار کردووە، یان شکسپێر و ڤیکتۆر هوگۆ و دانتی و پۆشکین و مەکسیم گورکی و چیخۆف بە نووکی قەڵەم چاوی دۆژمنی گەلیان کۆڵیوە، نموونەیێکی بەرز و بەنرخی هەڵکەوتووین.

میللەتان هەموو لە بنەماڵەی ئینسانن، هیچ نەتەوەیەک لە هۆزێکی کە گەورەتر نییە، ڕەسەن و نارەسەنی قسەیەکی پڕوپووچە. پێشکەوتوویی و دواکەوتوویی سەبارەت بە ڕێگە و جێگە و پێوەندیی ئابوورییە کە بووەتە هۆی شارەزایی و دەوڵەمەندی و تێگەیشتن و پێگەیشتن.

ئەو میللەتانەی لە جێگای نەرمان و گەرمێن و بەڕێڕە و پڕ پیت و بەرەکەت، یان لە قەراخ چەمی گەورە و لەسەر بەندەران و لە پەنای کانگایاندا ژیاون زووتر و زۆرتر بووژاونەتەوە.

ئەمریکا کە ئەمڕۆ خۆی بەسەرگوڵی جیهانی ئابووری دەزانێت چوار پێنج چەرخ لەمەوپێش لەسەر نەخشەی جیهان ناوی نەبووە، یەکەتیی سۆڤیەت(*) کە ئەمڕۆ ئالای لەسەر پشتی مانگ هەڵکردووە نیو چەرخ لەمەوپێش لە دەریای چارەڕەشی و نەزانی و دواکەوتووییدا پەلەقاژەی بوو.

کوردیش میللەتێکە لە میللەتان، وەکو نەتەوەکانی دیکەی جیهان لە بنەماڵەی ئینسانە، بە کوێراییی چاوی دیکتاتۆر و کۆنەپەرستەکانی ئێران و تورک و عەرەب

(*) یەکەتیی سۆڤیەت: سیستەمی سیاسیی کۆمۆنیزم بوو لە ڕووسیا، ساڵی ١٩٩١ هەڵوەشایەوە.

رەوتی مێژوویی خۆی دەبڕێ و دەگاتە وارگەی بووژانەوە و پێگەیشتن.

نەتەوەی کورد هەرچەند جێگاکەی – کە کوردستانە – کێو و کەژ و سەخت و چڕ و سارد و سڕە و پێوەندیی ئابووری لەگەڵ دنیادا کەم بووە و بەهۆی چاوچنۆکیی ئیستیعمارەوە کوت و پچڕ کراوە دیسان لە زگوزا نەوەستاوەتەوە و ئەستێور و وەجاخ کوێر نەبووە.

بارامی چوبینە کە لە پێش ئیسلامدا خەسرەوی ئیمپراتۆری ئێرانی راو نا و کردی بە مااڵی قەشەدا، سەاڵحەدینی ئەیووبی کە رۆژهەاڵتی لە دەستدرێژیی ئەوروپا رزگار کرد و کونە مشکی لە (ریچار شێردڵ)ی ئیمپراتۆری بەریتانیا کرد بە قەیسەری، ئەبو حەنیفەی دینەوەری و ئیبن خەلەکان لە مێژووزانیدا، ئامێدی و شارەزووریی لە رێ و شوێنی ئیسلامدا، ئەحمەدی خانی و مەولەوی و بێسارانی لە جیهانی ئەدەبدا نموونەی بەرز و بەنرخی هەڵکەوتووەکانی کوردن.

لە نزیکتر بدوێین شێخ مەحموود کە بەکوێراییی چاوی ئیستیعمار بانگی حوکومەتی پادشاییی کوردی دا، قازی موحەمەد کە لە کوردستانی بەستراو بە ئێرانەوە ئااڵی کۆماری کوردی هەڵکرد و خوێنی خۆی کردە هەوێن و رشتیە خاکی پاکی مەهابادەوە، مەلا مستەفای بارزانی کە بە بنەماڵە بەربەرەکانیی ئیستیعماری عوسمانی و ئینگلیزیان کردووە و خۆشی بەرەنگاری ئیستیعماری بەریتانیا بوو، لووتی نوری سەعید و فاشیستەکانی تورک و ئێرانی دا لە بەرد و بۆ یەکەمین جار بە شاکارە ستراتیجییەکەی لەمپەر و سنووری ئاسنینی ئیستعمار و نۆکەرەکانی شکاند و چووە یەکەتیی سۆڤیەت، یان لە جیهانی ئەدەبدا پیرەمێرد و بێکەس و حەمدی و کاک هەژاری خۆشمان هەر کامێکیان لە بابەت کاری خۆیانەوە نموونەی هەڵکەوتوویی گەلی کوردن و لەو رۆاڵنەن وەجاخی کوردیان رۆشن کردووەتەوە.

۲

ئەحمەدی خانی یەکێکە لەو هەڵکەوتوانە لە دڵی میللەتی کورددا دەژین، لەو رۆڵە بەنرخانەیە وەجاخی کوردی رۆشن کردووەتەوە، لەو ئەستێرە گەشانەیە لە عاسمانی ئەدەبی کوردیدا هەمیشە دەدرەوشێتەوە.

خانی ناوی ئەحمەدە کوڕی ئەلیاسە، لە عێلی خانییانی ولاتی بایەزید و بۆتانە،

ساڵی ١٦٥٠ لە دایک بووە و لە تەمەنی پەنجا و هەشت ساڵیدا لە بایەزید مردووە و نێژراوە. ئەلیاسی باوکی بە چەند ساڵ پێش لە دایکبوونی ئەحمەد لە بایەزید دانیشتووە، بەڵام پێوەندیی لەگەڵ عێلەکەی خۆیدا هەر بووە. ئەوان لە بایەزید گەورەماڵ بوون. ئەحمەدی خانی لە مزگەوتی مرادیەی بایەزید، لە ئۆرفە و لە ئەخلات و بتلیس خوێندوویەتی و سەری لە میسریش داوە، زانایەکی سەربەدەرەوە و بەناوبانگ بووە.

***

شاکاری ئەحمەدی خانی چیرۆکی مەم و زینە، ئەگەر شاکاری نیزامی گەنجەوی کە لەیلا و مەجنونە پاڵەوانی چیرۆکەکەی عەرەبن و چیرۆکەکەش لە بنەڕەتەوە عەرەبییە، ئەگەر یەکێ لە شاکارەکانی تری کە شیرین و فەرهادە پاڵەوانی چیرۆکەکەی کوردێکە، لە چیرۆکی مەم و زینی ئەحمەدی خانیدا پاڵەوانانی چیرۆکەکەش کوردن و چیرۆکەکەش لە بنەڕەتەوە کوردییە.

مەم و زین رەواقی مێشک و شیلەی مەغز و بیری خانییە "ئەو وتارە شیرنانە و ئەو بیرە جۆراوجۆرە پاکی کچی تازەبووک و رووسوورە"، خانی ئەو تەڵای دەستەوشار و ئەو گەنجە بەنرخ و بێ ئەژمارەی لە دەریای بیری هەراو و بەرینی خۆی کۆکردووەتەوە و بە لێزانییەکی هەڵکەوتووانەوە بە هەودای بێ هاوتای هەوریشمی شیعر هۆندوویەتەوە، لە شار و بازاڕی هەندەرانی نەکڕیوە و لە خەزینە و گەنجینەی کەسی نەدزیوە، راست دەکا کە دەڵێ:

ئەم نامە کە خاوە، یان لە باوە
سەد رەنجی لە رێگەدا، دراوە
ساوایە، مناڵە، شیر نەمشتوو
تازە بەرە، تازە پێگەیشتوو
میوەی منە خۆشە بۆی نەماوم
کۆرپەی منە بووەتە چاوی چاوم
خشڵ و جل و یار و زێڕ و زەنبەر
نەمخواستووە هی منن سەروبەر

ئەگەر چیرۆکی مەمی ئالانیش لە پێش ئەحمەدی خانیدا گوترابێت هیچ لە نرخی شاکارەکەی خانی کەم ناکاتەوە، چونکە خانی چیرۆکێکی خەیاڵیی هەڵنەبەستووە، بگرە چیرۆکێکی راستەقینە و رووداوی بەجوانترین خشڵ رازاندووەتەوە و بە شیرینترین شێوە هۆندوویەتەوە. ئەوەتا دەبینین دوای چەند چەرخ تازە لە بازاڕی ئەدەبدا ئەو شتانە پەسەند دەکرێن کە باری راستەقینەی رووداو نیشان بدات، واتە خانی لە سەردەمی خۆیدا و بەسێ چەرخ و نیو لەمەوپێش بە بیری ورد و چاوی تیژ و دڵی رووناکی چیرۆکی ئەمڕۆ پەسەندی گوتووە و کاری ئەمڕۆی کردووە. سەرەڕای ئەمەش فیردەوسی تووسی دەڵێت: "رۆستەم قارەمانێک بووە لە سیستان من کردوومەتە رۆستەمی داستان". ئایا کەس هەیە بڵێ: چونکە رۆستەم لە پێشا بووە شانامەی فیردەوسی شاکارێکی ئەدەبی نییە؟ یان چونکە چیرۆکی قەیس و لەیلا عەرەبییە و چیرۆکی شیرین و فەرهاد کوردییە، لەیلا و مەجنون و شیرین و فەرهادی نیزامی شاکارنین!

راستە کە ئەحمەدی خانی چیرۆکێکی دڵداری نووسیوە و لەمەدا بە پێی داب و داهاتی کوردەواری بزووتووەتەوە، چونکە نەتەوەی کورد بۆ هەموو جۆرە کارێکی گرنگ چ شەڕ و شۆڕ چ عەشق و دڵداری چیرۆکێکیان لێ گێڕاوەتەوە و پتریش وابووە ئەو چیرۆکانە بە شیعر گوتراون و پێیان گوتووە: "بەیت"، وەکو بەیتی لاسە شۆڕی باڵەکی، ناسر و ماڵ ماڵ، بەیتی دمدم، شێخی سەنعان، خورشید و خاوەر و بەیتی ئەورەحمان پاشای بەبە و... هتد، خانی لە پەسنی پاڵەوانانی چیرۆکەکە و سەریەکخستنەوەی بەسەرهاتەکان و رێکوپێکیی کارەساتەکان و نەرم و نیانیی وشەکان و جوانیی شێوە و خۆشیی راوێژ و تەڕ و پاراویی قسەکاندا، گەیاندوویەتە ئەوپەڕی رەوانی و دادی داوە، بەڵام جگە لەمەش خانی مەبەستێکی گرنگتری بووە و مەم و زینی کردووەتە بەهانە، وەک خۆی ئەڵێ:

دەردی دڵی خـــۆم بێ لەم وتانە

زین و مـــەم، ئەدی چین؟ بەهانە

مەبەستی راستی خانی دەردی دڵ بووە، خانی لەو هەڵکەوتووانە بووە کە زۆر زوو هەستی بە ئێش و ئۆفی نەتەوەکەی خۆی کردووە، ئاوات و ئارەزووی میللەتەکەی

خـۆی به گـوێچکەی دڵ بیـسـتـووە، کـوت و پـچـڕی و دیلی و کـەنەفـتـیی کـورد و کوردەواریی بەوردی سەرنج داوە و گلەییی لە بەختی رەشی کورد دەکات و دەڵێ:

بەدبەختـی سـەری لە ئێـمـە داوە
تۆزکـاڵێ کـەمـایـەسی نـەمـاوە
ئاخـۆ دەبـێ ڕوو بکاتە کـەمـبـوون؟
یاخـۆ هـەر دەبـێ بە مـانی گـەردوون!

خـانـی سـەردەمی دەسـتـەڵاتداریی کـوردی بیـر دەکـەوێتـەوە و کـەنەفـتـیی پاش سەربڵندی ئەبینێ و گلەیی لە ڕۆژگار دەکات و دەڵێ:

ڕێ و شـوێنی وەهایە چەرخی گـەردوون
نـەویـایـەتـیـیـیـە لە پـاش بـەرزبـوون

خانی وەرە بەرنادا و نـاهـومێد نابێت و تیشکی هیوا لە دڵی دەدا ئارەزووی میللەتی کورد دەردەبڕێ و دەڵێ:

تۆ بڵـێی کـە هـەڵـێ چ زوو چ دێرێک
بۆ ئێـمـە لە عـاسـمـان سـتـێـرێک؟
بەختی مـە لە خەو هـەڵسـتـێ جارێک
جـارێک بکـەوێتـە کـار و بارێک

خـانـی بە پێی ڕۆژگـاری خـۆی دەرمـانی دەردی کـوردەواری دەدۆزێتـەوە و داوای پادشـایەک دەکات کـوردسـتـان بخـاتـەوە سـەر یەک و کـوردان سـەربەرز کـات و لە کەساسی رزگاریان کا:

بۆ مـەش کـە هـەبایە پـادشـایـێ
خـوا تانجێکی پـێ ببەخشیـایـێ
ئێمـەی لە کەسـاسی دەردەهێنا
بێستـانی هیـوای وەبەر دەهێنا

مـەغز و مـێـشکی خـانـی لەو ڕۆژگـارەدا ڕەمـەکی نـەبووە، بیـری ئەم پیـاوە لە چاو زەمانی خـۆی سەمەرەیە. خـانـی بلیمـەتێکە لەو زەمانەدا پێودان و ڕێ و شوێن بۆ ئەو

پادشایە دادەنێت کە ئارەزووی دەکات بۆ کوردستان و دەڵێ:

بۆ مەش کە بۆیە سەربڵندێک

زۆرزان و بەبیر و مەرد و رەندێک

ئینجا روو دەکاتە پارە و دراوی حکومەتەکەی و وێنەی پادشایەکەی لێ دەدا و دەڵێ:

نەخشێ لە دراوی مەش درابوو

بێ نرخ و چرووک و باو نەمابوو

خانی لە ژێر دەستی تورک و عەجەمان بێزارە و فەرمانبەری بۆ کوردان بەلاوە شەرم و عارە و دەڵێ ئەگەر پادشایەکمان بووبوایە:

تورکان نەدەبوون بەسەرمەدا زاڵ

بۆ کوند نەدەبووینە لانە و مااڵ

چۆن بۆ عەجەمان دەبووینە ژێر دەست؟

ژێر دەستی شتی وەها نەوی و پەست

خانی بیر لە هۆی سەربەرزی و گەورەیی دەکاتەوە و سێ شت دەدۆزێتەوە، یەکیان دلێری و ئازایی، دووەمیان مەردی، سێیەمیان دڵئاوایی و بەخشەندەیی:

ئەم بووکی جیهانە بۆ کورێکە

شیرێکی بەدەست و شێردرێکە

خشڵ و جل و شیرینی و نیشانی

بەخشینە بە بیر و رێگەزانی

پرسیم لە جیهان رەقی لە بەردی

نەرمیت بە چییە؟ گوتی: بە مەردی

خانی کە ئەم ئاکارانە هەموویان لە کورددا دەبینێت و تەماشاش دەکات هەر ژێر دەستن، تووڕە دەبێت و گلەیی لە چارەنووس دەکات:

دنیا کە وەها بە بەخشش و شیر

بۆ پیاو دەستەمۆ دەبێت و دەسگیر

کورد چۆن دەبێ دیل و چارەڕەش بن
کەی راستە لە خۆشی دوورەبەش بن
دەستــرژدیی ئەمــانە حــاتەمــێکە
هەر گــوردێ لەمــانە رۆستــەمــێکە

خـانی لە تووڕەییـیـەکـەی خـاو دەبێتـەوە و دێتـەوە سـەرخـۆ، سـەرلـەنوێ بە وردی سەرنجی ژیانی نەتەوەکەی دەدات و هۆی راستیی دیلییەکەیان دەدۆزێتەوە و دەزانێ کـە ئالۆزی و نـاکـۆکـیی ناوخـۆیان و سـەرڕەقی و دەمـارزلیـیـانە، بەڵام دڵی نـایە ڕێوڕاست بیڵێ و بەشێوەیەکی هێجگار نەرم و مامۆستایانە دەری دەبڕێ:

هێندەی کـە بەجـەرگ و دوورەترسن
کـەمـتـر لە بـەیەک گـەیین دەپرسن
کـەس بۆ کـەسـێ نابێ چاودەبـەر بێ
هەرکـەس دەیـەوێ زل و لەســەر بـێ
لەم سـەرڕەقـیـیـە و دەمـاری زلیـان
بێگـانـە دەبـن ســـــواری ملیـــــان

ئەمـجـار خـانی دوامین دەرمـانی دەرد و ئـاخـرین چارەی دیلی و ژێر دەستی و هۆی رزگاری و سەربەرزی دەدۆزێتەوە و دەڵێ:

کـوردیش کـە بـبـایە یـەک دڵ و دەست
دەسـتـیـان دەکـەوت ژیانی سـەربەست
پـەیدا دەبـوو باو و گـــــەورەیی و ژین
نـاومـــان دەردەکـــرد بـە بیـــر و زانـین

***

وەکو لە پێشـەوە گوتمان خانی ئەم چیرۆکەی کردووەتە بەهانە بۆ دەربڕینی دەردی دڵی خۆی، خـانی شێوەی ژیان و سـەنگـبـاییی مێشک و بیر و ئاکاری میـر و بەگ و خانان و مەزنانی ئەو سـەردەمەی باش هەڵسـەنگاندووە و زۆر چاکیان تێ گـەیشتووە، زانیویەتی کە پەیدابوونی پادشـایەک و کۆبوونەوەی دەسـتـەڵات لە دەست دەوڵەتێکدا بە کـەیفی میـر و بەگ و خـانان نییـە، تـەنانـەت ناشـتـوانێ ئـارەزووەکـەشی بێ پەردە و

راستەوخۆ دەربڕێت، ناچار بووە ئەم چیرۆکە بهۆنێتەوە و بەناوی سەرەتاوە لەم بابەتەوە بدوێ، جگە لەمەش دەیەوێت مەیگێڕ رژدی نەکات و پیاڵەی بۆ پڕکا و نەپسێنێتەوە و لە پەستا بیداتێ تا کار بکاتە سەر دەروونی و هێزدار بکا دڵەی زەبوونی، لە میر و مەزنان نەترسێ و رازی نهێنیی خۆی دەربڕێ، جا لێرەدا بە شێوەیەکی بەرزی ئەدیبانە دەستی وەشاندووە و بەکوێخا و گزیریان ناو دەبات:

مەیگێڕ لە دەسی مەدە هەلێکە
وەک گیانی نەمر مەیێکی تێکە
کوێخا و گزیر بەڵان نەزانن
دەرکەین کۆڵ و خەم ئەویش لەوانن
سەرخۆش ببم و بەخۆم بنازم
نیازم هەموو ئاشکرا بخوازم

خانی جگە لەوە کە مەترسیی لە میر و مەزنان بووە، لە خوێندەوارانی سەردەمی خۆشی دڵنیا نەبووە، چ بکا چارە چییە و بڵێ چی؟ "کەڵەشێرێکی بێوادە بخوێنێ سەری دەبڕن"، گوڵێکی لە زستاندا بڕوێ سەرما دەیبات، چیکڵدانەی خەڵک بیروباوەڕی بەرز و بڵندی خانیی هەڵنەگرتووە، ناچار پەنا بە خوا دەبات و دەپارێتەوە چیرۆکەکەی نەکەوێتە دەس لاساران و خوێندەوارانیش لێی لە هەرا نەدەن:

خوایە مەدە دەستی پیاوی لاسار
ئەو دڵبەری شۆخ و شەنگ و نازار
پارانەوەمە لە خوێندەواران
بێهودە نەکەومە لێو و زاران

خانی پاش ئەوە کە دەزانێ کەس گوێ ناداتە دەردی دڵەکەی، کەس قازانجی خۆی نانێتە پێناوی گەل، کەس ئامادە نییە هەنگاوێک بەرەو ئامانجە بەرزەکەی هەڵێنێت، تاک و تەنیا هەر خۆیەتی و خۆی:

مەزنی مەکە ژیر و چاکەناسە
بۆم تێ نەگەیندرا چ باسە!

لە عاسمانی بەرزی ئامانج و ئارەزوویەوە دەگەڕێتەوە بۆ لای خۆی، ئەرکی خۆی کە ئەدیبێکە ئەنجام دەدات و دەیەوێ تا بۆی بکرێ خزمەتی ئەدەب و زمانی کوردی بکا، و کارێکی وا بکا:

بێگانە نەڵێن کـــە کـــورد نەزانن
بێ نووســـــەر و هـونـەر و زمـــــانن

چیرۆکی مەم و زینی خانی وەک گەنجینەی پڕ لە گەواهیرات وایە، دەکرێ لە زۆر بابەتەوە لێی بدوێین، بەڵام لەم سەرەتایەدا ئەوەندە بەسە، خوێندەواران خۆیان بە وردی سەرنجی بدەن و بە ئارەزووی خۆیان گەوهەری نایابی لێ هەڵبژێرن.

۳

هەژار ناوی عەبدولرەحمانە، کوڕی حاجی مەلا محەمەدە، ساڵی ۱۹۲۱ لە دایک بووە، لە بنەماڵەیەکی زانای ئاینییە، هەژار وەکو جارێکی تریش لە سەرەتای دیوانەکەیدا کە بەناوی "ئاڵە کۆک"ەوە چاپ کرا، نووسراوە بیر وردی و باریکبینی لە نالی، میللەت دۆستی و نیشتمان پەرستیی لە حاجی قادری کۆییەوە وەرگرتووە.

حاجی مەلا محەمەدی باوکی هەژار هەرچەندە زانای ئاینی بوو، چاو لە دەستیی پێ ناخۆش بوو، نەیدەویست بە یارمەتیی ئەم و ئەو بژی، خەریکی بازرگانی بوو، بژێوی خۆی بە دەستی خۆی پەیدا دەکرد و کاروباری ئاینیی خەڵکی بە خۆڕایی ئەنجام دەدا. کەس و کاریان لە لادێ زۆر بوو، هێندێک زەویوزاریشیان هەبوو، جا سەبارەت بەمانە، هەژار لە ژیانی خەڵکی ناوبازاڕ و مەلا و فەقێی مزگەوت و وەرزێر و جووتێری لادێ شارەزایە، واتە لە هەناوی گەلدا ژیاوە و بە ئێش و ئۆف و رەنج و دەردی گەل ئاشنایە. گرینگترین لایەنی شیعرەکانی هەژار ئەمەیە کە بە زمانی ساکار و بێ گرێ و قۆرتی گەلە، ژیانی گەل نیشان دەدات، ئاوات و ئارەزووی گەل دەردەبڕێ، دەردی گەل دەناسێ و دەرمانی بۆ دەدۆزێتەوە.

هەژار شاعیرێکی دڵداری نییە، عاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕخاڵ نییە، عاشقی کێو و کەژ و بەندەن و چیا و شیو و دۆڵی کوردستانە، شەیدای گەلی خۆشەویستی کوردانە، لە پێناوی کورد و کوردستاندا گێرە و کێشە و چەرمەسەریی زۆر و زەوەند و بێ ئەژماری دیوە، بەڵام شاعیرێکی ئازا و دڵقایمە، سەری بۆ هیچ

تەنگ و چەڵەمەیەک دانەنەواندووە، بەهێزی بیروباوەڕی خۆی لە بەرامبەر هەموو تاڵی و سوێری و سارد و گەرمی رۆژگاردا راوێستاوە، هەرگیز لە شیعرەکانیدا هاواری خۆی ناکات، هەمیشە بە پەرۆشی گەلەوەیە.

هەژار مێشک و بیری هەراو و بەرینە، ئازادیی بۆ نەتەوەی کورد و گشت نەتەوەکانی تریش دەوێت . هەژار لایەنگری ئاشتییە و دوژمنی شەڕ و جەنگە. هەمیشە نووکی رمی قەڵەمی رادەدێرێتە چاوی ئیستیعمار و دیکتاتۆری و کۆنەپەرستی و دەرەبەگی. هەرکەس شیعرەکانی بخوێنێتەوە ئەمانەی بە ئاشکرایی تێدا دەبینێت.

گەلێ شیعری هەژار بە زمانی ئازەربایجانی و رووسی وەرگێڕاون، سەربەخۆ یان لە رۆژنامەکانی وڵاتەکانی سۆڤیەت تەنانەت لە رۆژنامە هەرە گرینگەکان وەکو: "پراڤدا" و "ئازڤێستیا"دا چاپ کراون، هەژار لەم سەفەرەدا کە چووە یەکەتیی سۆڤیەت بە ئەندامی شانازی دەستەی نووسەرانی ئازەربایجانی سۆڤیەت دیاری کرا. بە کورتی هەژار یەکێکە لە رۆڵەکانی کورد کە لەباری شیعر و ئەدەبەوە وەجاخی کوردستانی رۆشن کردووەتەوە.

هەژار لە هەڤاڵەتیدا راست و بە ئەمەگ، قسەخۆش و دەم و راوێژ شیرینە، بێ فیز و بێ فڕوفیشاڵە، خۆپەسەند و دەمارزل نییە، لە بابەت بیچمەوە حەز دەکەم وێنەیێکی خۆی لەگەڵ ئەم سەرەتایەدا چاپ بکات تا خۆتان ببینن و پێویستی بە گێڕانەوە نەبێ.

هەژار کە مەم و زینی خانیی لە راوێژی کرمانجییەوە بە سۆرانی دەگێڕێتەوە، نەوەڕگێڕان و تەرجەمەیە، نەبەڵگەیە بۆ ئەمە کە ئەم راوێژانە وەک دووزمانی جیاوازی وان، بگرە ئاسەوارە بەنرخەکەی خانی بەشێوەی رەوان و رێکوپێکی ئەمڕۆ و بەکوردی پەتی ژیاندووەتەوە و گیانی خانی بەم کۆماری دیموکراسیی کورد و عەرەبە و بەم ئازادییەی کە ئارەزووی دەکرد شاد کردووە و بەرەی ئەمڕۆی بە شاکارەکەی خانی و رۆژگاری خانی ئاشنا کردووە. بەم جۆرە بەخۆداهاتن و بووژانەوەی ئەدەبی کوردی نیشان داوە. هەرکەس مەم و زینی خانی لەگەڵ مەم و زینی هەژار بە وردی سەرنج بدات تێ دەگا کە ئەدەبی کوردی چ مەودایەکی بڕیوە تا

ئاوا گەشاوەتەوە و گەیشتووەتە ئەمڕۆ. لە بازاڕی ئەدەبدا ئەمە کارێکی زۆر گرینگ و هێژایە و خزمەتێکی گەورەیە بـە ئەدەب و کولتووری کوردی. ئیتر هومێد وایە هەژار بتوانێ پتر یاریدەی گەل و نیشتمانی بدات.

حەسەن قزڵجی

بەرکولێک لەلایەن وەرگێڕەوە

لە مەڵبەندی سولەیمانیدا باوە دەڵێن "موکریانی نانی بە نانی دەخۆن"، نیازیشیان ئەمەیە نان دەگوشنە شۆرباوە و بەنان دەیخۆن، بەڵام من بەمەشەوە نەوێستام چووم کوردیم وەرگێڕاوەتە سەر کوردی! جا بزانین چۆن و لەبەرچی؟ منداڵ بووم لە تەمەنی سێزدە و چاردەدا فارسیم دەزانی و تازەش گڕوگاڵی کوردی خوێندنەوەم کەوتبووە سەر. لەو رۆژگارەشدا لە مەڵبەندی ئێمە نووسین و خوێندن بە زمانی کوردی بەرانبەر بە یاسای داگیرکەران زۆر بە گوناهێکی گەورە دەژمێردرا.

بەڵام خوێن گەرمی و منداڵی، زۆر بیر لەو وردە وردانە ناکاتەوە. هاوڕێیەکم هەبوو، تۆزێک بەتەمەن لەمن زلتر و بە بیر و ژیری زۆر لە من باوەخۆشتر بوو دەمانتوانی تاق و واز لێر و لەوێ نووسراوەی بەکوردی پەیدا کەین و خۆ بکوتینە ناوباخان و دەری شار و زمانمان بە خوێندنەوەیان رابێنین.

یەکەم نووسراوێکی زۆرم لێ خۆش هات کۆمەڵە هەڵبەستەکەی حاجی قادر بوو کە دەتوانم بڵێم چاوی نیشتمان پەرستیم بەو پشکووت، حاجی هەموو شت بوو لەبەر چاوم، داهێنەری کوردایەتی، یەکەم بژیشکێ کە باش دەردی کۆمەڵی ناسیوە و رێگەی چارەی نیشان داوە، تەنیا هونەرمەندێک کە دەستی لە کلکی نووسەرەکانی بەرێ بەرداوە و باری بەند و باوی لە پێ هەڵگوتنی ئاغا و پیرانەوە خستۆتە سەر رچەی گەل خۆشەویستی و نیشتمان دۆستی و هوروژم بردن بۆ سەر خوێنمژان. تا رۆژێک گەیشتینە ئەم هەڵبەستەی کە دەڵێ: تەنها ئەمە وەها نین دیباچەکەی مەم و زین پێتان دەڵێ چلۆنن ئاکاری پیاوی چازان. هەیاران! لە پێش حاجیشدا یەکێکی دیکە بووە کە گەلی کوردی بانگ هێشتووەتە سەر خوانی گەل پەرستی و دنەی داون بۆ ژیانی سەربەخۆبوون و سەربڵندی و حاجییەکەی ئێمەش یەکێکە لە شاگردە ئەمەگ ناسەکانی ئەو.

کەوتینە پێ و شوێنی مەم و زین، بەخوا دیتم وا رۆژێک هاوڕێکەم بە گەشکەیەکەوە

پیلی کێشام بۆ دەری شار و مەم و زینێکی لە ژێر بەرۆکی دەرخست و دەستمان کرد بە دیباچە خوێندنەوە، بەڵام چت لێ بشارمەوە هەر هێندە بوو بە راوێژ تێ گەیشتین نیازی چ بووە، ئەویش چونکە فارسییەکانمان دەزانی لەوی بەولاوە هەرچی بەدەوریا هاتین و چووین چمان بۆ بە چ نەکرا و هەر تەقەمان لە سەرەوە دەهات. رۆژگار سووڕا و کەوتینە دەربەدەری و کۆڵان گەڕی، ساڵی ١٩٥٣ کە لە بوخارێست گەڕامەوە و پازدە رۆژ لە جەزیرە مامەوە، مەم و زینێکم دەست کەوت ئەمجارە عەرەبیشم دەزانی کە خوێندمەوە بەشی زۆر زۆرتری تێ گەیشتم، تا ساڵی ١٩٥٦ کە کەوتمە کوردستانی داگیرکراوی سوریا و بە باشی زاراوەی کرمانجی فێربووم، توانیم هەمووی ساغ کەمەوە. تازە بۆم دەرکەوت خانی کێیە و چیی گوتووە و پلەی هونەروەریی تا کوێ باڵا چووە.

مەم و زینی خانی گرینگییەکەی نە لەوەدایە کە چیرۆکێکی ئەویندارییە و هۆنراوەتەوە چونکە چیرۆکەکە بەر لە خانیش بەسەتان ساڵ هەر بووە، پایەبەرزیی خانی نە تەنیا هەر لەوەدایە کە پێش هەموو کوردێک هەستی بە دەردی کۆمەڵ کردووە و نیشتیمان پەرستیی هێناوەتە روو، بە بیری من شتی زۆر گرینگ لەو وردەکاری و بنووس لووسی و بۆژییەیدایە کە شانی لە شانی نیزامی گەنجەیی و ئاورەحمانی جامی داوە، تەنانەت دەتوانم بڵێم بەجێشی هێشتوون.

هەر نووسەرێک لە نووسەرە بەناوبانگەکان کە لێیان ورد دەبیەوە هەر لە مەیدانێک و دووراندا توانیویانە خۆ بنوێنن بۆ نموونە فیردەوسی لە جەنگنامە و سەعدی لە ئامۆژگاری و حافز لە پەسەنی دڵداری چارەڕەش و بادە و نیزامی لە پەسەنی جوانی و خەمباریدا سەرکەوتوون، بەڵام خانی بە تەنیا هەموو شتێک بووە.

خانی لە باسی خواناسی و پەسەندیی پێغەمبەر و پاڕانەوە و وردەکاریی دەرونشانەدا دەستی لە هەموو کەس ئەستاندووە. لە پەسەنی جوانی کچ و سروشتی خواکرد و ڕازاندنەوەی کۆڕی بەزم و ئاهەنگدا کێ دەتوانێ لەبەری بکۆخی! لە راووشکار و گەرمکردنی مەیداندا تاقە سوارە هەر خۆیەتی. لە پەند و ئامۆژگاری لە دەردی دڵ و لاواندنەوە لە پێک گەیشتن و لێک بڕانی دڵدارانداو دەستی هەموو بوێژێکی لە تەختە بەستووە. "هەرچی جوانان هەموو لایانە بەتەنیا لاتە".

بابگەڕێنەوە سەر نیشتمان پەرستییەکەی

وەرە لەگەڵم بچینەوە سەدەی یازدەیەمی ئاوارەیی کە دەبێتە چەرخی حەڤدەیەمی خاچ پەرستان و لەوێوە سەیرێکی گەڕی گەردوون بکەین بزانین باوی گەلپەرستی و نیشتمان خۆشەویستی گەییبووە چ رادەیەک؟

بەڵێ ئەو بیرە لەناو رۆژئاواییەکاندا تاک و تەرا پەیدا بووبوو بەڵام خۆ لە رۆژهەڵاتی ئێمەدا دەتوانم بڵێم لە هەموو ئاسیاشدا کەس بۆنی نەکردبوو، خۆ بەتایبەتی لەم رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەدا تا پەنجا ساڵیش لەمەوبەر سەروبنی بەندوباو و نوێژ و رۆژوومان هەر بە بەژن و بااڵی پاتشای موسوڵمانان هەڵدەگوت کە نیازیشمان سوڵتانەکانی عوسمانی بوو.

فارسەکان بێجگە لە شەخسێ و وەخسێ و جەنگی هەمەر و وەتمانی هەزار ساڵ لەمەوبەر هیچیان بە بیردا نەدەهات، حارەب هەر خەریکی تاڵان و بڕۆ و کۆچ و کۆچبار و مەڕ و وشتر لەوەڕاندن بوون. تورکیش بەناوی ئاینەوە دەمیان تێ نابووین و بە پیتاکی هەژاری موسڵمان کچ و لووسکە و بادەی کۆن و خۆراکی تازەیان لە پێش خۆیان ریز دەکرد.

لە کوردستانێکی پڕ لە خان و ئاغا و میر و بەگ و چەکمە رەقدا، لە کوردەواریەکی بە هەزاران پیر و مەال و بوێژی وای تێدا بووە کە هەر یەکی خۆی بە نۆ مانگای زاو نەگۆڕیوەتەوە، هەرگیز هەستیان بە هۆرەی تورکان نەدەکرد. کەچی لەو ناوەدا مەالیەک لە قوژبنی مزگەوتێکدا لە شاری بایەزید کە بیرێک لە خۆی دەکاتەوە: هەیاران من خۆم دەزانم لە نیزامی و جەالەدینی رۆمی کەمتر نیم و چەپێکم دەبەر فیردەوسی و سەعدیدا نییە. بۆ کەس لە من ناپرسێ؟ بۆ ناوێرم لای کەس بڵێم منیش شتێکم؟ پێم دەڵێن کوردی و کورتی، بەڵێ کورتم بەاڵم بۆیە کورتم چونکە گەلەکەم دەستی کورتە، چونکە هیچ پەنا و پەسیوێکمان نییە، چونکە کەسمان نییە نرخی هونەر و کردەوەمان بدا. ئەگەر باوەڕیش ناکەن ئەوا من مەم و زینێک دەهۆنمەوە کە هەزاری وەک لەیل و مەجروون و شانامە و مانامە بە تۆزیشی رانەگەن با هەموو کەس تێ بگەن کە:

کورد هێندە نە گێل و گێژ و کاسن
داخم ئەو بێ کــەسن کــەســاسن
ژیـر و بـەدڵـن گـــــەلێک دەزانـن
بێ خـێـوییـە بێ ســەر و زمــانن
بۆمـەش کە هـەبـایە خـێو و سـەردار
بەخــشندە و ژیرو زیت و وشــیـار
ژیری و هـونـەری بەدڵ کـــڕیبـــا
ژەنگی لە دڵی هـەژار ســـــڕیبـــا
من ئێـسـتـــە لە کـۆڕی وێژەوانان
ئالآم دەشـــەکـا لـە عـاسـمـــانان

خـانـی سێ سـەد سـاڵ لـەمـەوبـەر بیـری ئازادبوونی خـسـتووەتە بیـرمـانـەوە، خـانـی داهێنـەری نیشـتمان پـەرستیـیە لە رۆژهـەڵاتی ناوەڕاستدا. خانی کەسێکە شـتێکی وا بـەنرخ و گـەورەی بەکوردی بـۆ بـەجێ هێشـتـووین کـە بـە زۆر شـانـازییـەوە خـۆی پێوە رانێین و بـەسـەربـەرزی بڵـێین: ئێـمـە خـانیـمـان هـەیە و گـەلێکی خـاوەنی خـانـی بێ، هـەرگیز نامرێ.

ئەوەی منی هێنایە سـەر بیری وەرگێڕانی مـەم و زینی خانی ئەوەبوو: وەک گوتمان مـەم و زینی خـانی پڕیـەتی لـە عـارەبیی رەق و فـارسـیی گـران، ئـەمـەش نابێ لە خـانی بگـرین چونکە ئـەو دەمـــەی ئـەو پێی ژیـاوە ئـاوا بـاو بـووە، هـونـەرمـــەنـدیی هـەر کـــەس بـەوەدا دەرکەوتووە زۆر وشـەی رەقی عـارەبی و فـارسی بـەکـاربێنێ . جـابۆ ئـەو دەمـەش بـەپێی ئـەم رێ و شـوێنە خـانی دادی هـونـەروەری داوە.

من هـەمـوو کـەس بۆم بڵـێ، هـەر پێـم وایە و لێـشـم رووندە گـەلی کـورد درەنـگ یـان زوو رزگـار دەبـێ و وەک گـەلانی خـواپێـداوی دیکە بۆ خۆی رێ و شـوێنی ژیـانی خـۆی رێک دەخـا و ناچـار نابێ وەک ئێستا تـەنیا گـەلێک و بـەچـەند زمان بخـوێنێ و زمـانی خـۆشـی لێ بـەربـەسـت کـرابـێ . جـا ئـەو ڕۆژەی من لـەبـەر چـاومـە، کـوڕی کـورد هـەمـوو شـتێک بـە زمـانی خـۆی دەخـوێنێ و ئـەگـەر زمـانی بێگـانـەش فـێربـێ دیـارە هـیچ یـەک لـەو زمـانـانـەی ئێستا خـەریکیـانـە بـەکـەڵکی نایە و هـەر بـیـریشـیـان لێ ناکـاتـەوە. ئـەو رۆژە کـوردێکی

وات دەست ناکەوێ لە مەم و زینە کۆنەکەی خانی بگات چونکە هەر کەس عارەبی و فارسی و زاراوەی کرمانجی زۆر باش نەزانێ و تۆزێکیش لە تورکی سەری دەرنەچێ و زۆریش لە وشەی سەیر و سەمەرەی دەرویشانە ئاگادار نەبێ، مەم و زینی خانی بێ گرێوگۆڵ بۆ ساغ نابێتەوە. جا هەموو رۆژ لە کوێ یەکێکی وەک خۆم پەیدا کەین کە لە سایەی دەربەدەری و کوێرەوەری و شەڕەشەقی جیهان و چەرمەسەرەی ژیانەوە بەناچاری فێری ئەو هەموو وردەکارییانە بکرێ! لەبەر ئەوە هەلم بەدەرفەت زانی و لە زستانی ساڵی ١٩٥٨دا لە جزیرە "لە کوردستانی داگیرکراوی سوریا" مەم و زینی خانیم وەرگێڕایە سەر موکوریانی یان بێژین سۆرانی.

بیخوێننەوە ئەگەر پێتان باش بوو ئەوا ئافەریم بۆ خانی بنێرن، ئەگەر وەبەر دڵیشتان نەکەوت ئەوا تاوانی من بگرن. بەڵام منیش بۆ پینە و پەڕۆی هەڵە و چەوتییەکانم دەستە و داوێنی بوێژە کوردەکان دەبم و فەرمایشتەکەی خانی دووپاتە دەکەمەوە:

لێم وەربگرن بە سینەیی روون
لێمی نەگرن، چ خۆشە خۆشبوون
بۆم پینە بکەن هەڵەی زمانم
بابێننەوە بیر منیش لەوانم

سوپاس بۆ خوا کە بە کوردی دروستی کردم، سوپاس بۆ خانەدانی حاجۆ ئاغا لە جەزیرە کە لە پەنانیشینیی ئەواندا توانیم ئەمە بنووسم. سوپاس بۆ بارزانی کە بۆی چاپ کردم. سوپاس بۆ شۆڕشی گەلاوێژ کە دەتوانم بە ئازادی بڵاوی کەمەوە.

هەژار

بەغدا ١٩٦٠/١/١٥

هەژار

مەم لاوی لە پیسەتی و گوناھ دوور زین ئەو کچی وا بە شەرم و رووسوور

دڵ تەنگە دەدەنگی زیر و بەم بێ
دڵداری لەلانی زین و مـــــەم بێ

وا بکەم کە جیـهانێ بێ و بنۆڕی
دەژیەنمەوە زین و مــەم لە گـۆڕی

دەیکەم بە شتێکی وا تەڕ و خۆش
هەرگیز لە جیهان نەبن فەرامۆش

هەڵبـەستی وەها هەچی ببـینێ
بۆ خـــانی دەنێـــرێ ئافـــەرینێ

زۆر زانی و بیـــــر و وێژەوانی
پارچێکە بڕا بە بەژنی خـــانی

خانی وەکو رۆژە تیشکی داوێ
پێی ناوێ بدەم پەســەندی تاوێ

ئەو باخی گـــوڵان و من بژارم
بیــر لەو دەکــەم و دەڵێم هەژارم

زیانی نەدەدین و بێ بەزین بوو ناویشی ئەمیر زەینەدین بوو

دیباچه

سەرنامە بەناوی تۆ خوایە
چی بێ ئەمە پیت و پێزی نایە
سەردێری پەری ئەوین پەرستان
جێ ناز و نیازی خۆشەویستان
روونـاکی دڵ و بینایی چاوان
گەر تۆ نەبی کێ ئەوینی دا وان؟
بێ ناوی تۆ نامە هیچ و پووچە
نەتنووسێ بنووس کەچ و کوروچە
ناوت بووە شەوچرا لەبەرمان
بۆ دەردی دەروون دەبێتە دەرمان
نەدیاری بەناوی تۆ دیارن
ئەو هۆیە کە مێشک و دڵ لە کارن
گیان بەخشی و ژیندەری گیانی
ئاواتی دڵ و لەبەر دڵانی
دڵخوازی و خۆت ئەوین و نازی
کارسازی و ساز و بێ نیازی
تۆی چوویەتە رەنگی بەرگی سوورگوڵ
تۆی بوویەتە سۆزی جەرگی بولبول
تۆ تیشکی لە کوڵمی دڵبەراندا
تینی لە دەروونی دڵ تەڕاندا
رۆژیت و کەچی ونی لەبەرچاو
روناکی نە چەشنی ئاگر و ئاو

هەرچی هەیە لێی جیا و جیانی
بێ جێی و چ جێش نییە تیانی
چی دێت و دەچێت و چی هەیە و چوو
هیچی نەبوو تۆ وتت ببە و بوو
گیاندار و نەبوو و دیار و نەدیار
زاناو نەزان و گێل و وشیار
لەو پیتەوە گشتی هاتە بەرهەم
تۆزێ لەوە خاک و ئاوی ئادەم
گەنجینەی و تاکو تۆ بناسین
هاتووین کەچی هێشتە گێژ و کاسین
تاپوێەکی تۆیە گەر ژیانە
گەر گیانە دروشمی تۆی نیشانە
ئەو لاشە گڵینە و قوڕینە
هۆی تۆیە کە جێی گیان و ژینە
راسپاردەتە ئەم گیانە پاکە
ناچارە کە یاری خۆڵ و خاکە
گیان تیشکی پریشکی تۆیە روونە
گڵ تیشکی کە لێ نەدا زەبوونە
لێ وردبەوە ئەم وتارە وردە
هەرچەند بە ڕواڵە وردە گردە
پیاو گەر لەشە نزمە رێکی عەرزە
گەر گیانە بڵندە پایە بەرزە
لەو بارەوە پووچ و نادیارە
لەمڵاوە دیار و یاری یارە
گا سەربەرەژێر و گا بەرەوژوور
هەرکەس لە خوا نزیکە هەم دوور

هەرچی کـــــــە دیار و نادیارە
بۆ تیـــــرەیی ئادەمی لە کـــــارە
عـــاســـمـــانێ کـــەوا زلە و بەرینە
هەرچی کـــە فـریشـتـــەنە و پەرینە
دەزگـــایەکی وا بـە ســـوورِ گـــەورە
ســـــامـــــاڵە مـــــژە هەتاوە هەورە
تیـــرێژە ســـتـــێـــرە رۆژە مـــانگە
چی جـــــانەوەرە و روا و کـــــانگە
ریشـــــە و رەگـــەزێک لەناو زەویدان
هـەر لاسـک و چـڵ و وەچـێ لـەویـدان
ئـەم چەندە شـــــتی بـەنرخ و هـێـــژا
دڵخـــــۆشی دەدەن لە بـۆن و چـێـــژا
چی دڵ دەیەوێ ببـــێـــتـــە خـــۆراک
چی لەش دەیەوێ ببـــێـــتـــە پـۆشـــاک
هـەرچی لـەمـــــــە دووەرە یا نـزیکـە
بۆ ئـێـــمـــە بـە رۆژ و شـــەو خـــەریکە
تـۆی رێکخـــەری هەر ســـەروبـەرێکی
بـۆمـــــان بـە تـەکـــــووز و رێکوپـێکی
داوتینی بـەبـێ ژمـــــار و ســـــامـــــان
لای ئـێـــمـــە نە بیـــر هـەیە و نـە ڕامـان
زۆر بـــەدنمـــەکـــین و ڕێ نـــەنـــاســـین
نـانی تـۆ دەخـــۆین و بـێ ســـپـــاســین
ئـەی خـــــوایـە بە دڵ نـەزانـە خـــــانـی
خـۆت فـێـری سـپـاسی کـەی زمـانی

پەسندی خوا و پاڕانەوە

ئەی هێنەری هەردوو عاسمانان
ئەی دووری هەموو هەڵە و گومانان
بێ رۆڵە و داک و باب و کاکی
بێ هاوبەش و تاک و پاک و چاکی
نیتن چ وەزیر و یاریکارێک
لات وەک یەکە پادشا و هەژارێک
هەر بووی و دەبیت و پایەداریت
چوونت نییە تا هەتا لە کاریت
تۆ نەچیە زمانێ لال و پاڵە
بیرت لە دڵا بێ مشت و ماڵە
عاسمان و زەوی و مرۆ و فریشتە
هەرچی هەیە وردە یا درشتە
دارا و رەبەن و بەنێو و بێ نێو
دار و دەوەن و کەژ و بەژ و کێو
چێو و چڵ و چاڵ و نزم و باڵا
چی خۆشە چ تاڵ چ پڕ چ والا
هەرچێکی لە ناخی ئاخ و دەریان
هی چووەتە بناو ئەوی لە سەریان
بەرهەم بوو بەهۆی کر و نیگارت
سەر سوورِە جیهان لە کاروبارت
لەو بەرزییە کۆشکی حەوت نهۆمە
کۆکۆ لە دەوری ستێرە کۆمە

هێندێکی چەقـــیـــو هێند گـــەڕیدەن
دیـارن کـــــــەم و زۆری دووره دیـدەن
مـــانگی گـــەش و رۆژی رۆشنیـــدەر
شـــینکەی لـه زەوی دەبێـــتـــه راخـــەر
چوار ئـالی و شـــەش رەخـی هـەواگـــر
مـــــاکی گڵ و بـاو و ئـاو و ئـاگـــــر
خـەست و شـل و توند و خـاو و گشـتی
تـۆی دانـەر و رانـەری لـه گـــــشـــــتی
هـەریـەک لـەبـەزەت بـەپـار و پـشـکـه
تیـــــشکت لـه هـەچی نـەداوه وشکه
داهـێـنـــەری پـــاکـــی بـــێ نمـــوونـــه
تـۆی بـۆنـه ئـەگـــــەر نـەبـوون و بـوونـه
چی پـاشی دەبـێ و چ هات لـه پـێـشین
چـی بـاوەڕی پێت هـەیـه و چه بـێ دین
هـەر گـیـــان و دڵ و ســـەر و زمـانێک
هـەریـەک لـه تۆ شـــان دەدا نیـشـانێک
هـیچ شت نیـــیـــــه تۆی نـه تێکەڵاوی
بـەرچـاوی ونـی خـــــــــڕی بـڵاوی
چـی زیندووه لاشـــه تـۆی گـــیـــانـی
تـۆ ژانـی نـەمـــــــــانـدەری ژیـانـی
تۆی خـشـڵی لـه رەنگی خـۆشـەویستـان
تـۆی کـیـنـه لەناو دڵی نـەویســـتـــان
شـــیـــرن دەکـــەیـه شـــەکـر لـه پـەرۆیز
فـــەرهـادی لـه ژین وەڕێز و پڕ بـێـــز
یـوسـف دەبـەیـه پـەنـای زەلیـــــخـــــا
تـا دەست و دڵی بدا بـه تیـــــخـــــا

مـەجـرووڕن و لەیل دەکـەیتـە ناکـام
رامـین و وەیس لە یەک دەکـــەی رام
دات وامـقـی شـەنگ نـیـشـانـی عـەزرا
لە ســـوێـی دڵی خـــەو لە چاوی دەزرا
پیـــری لە جـیـــهـــان بـە دووری چازان
بـۆ کـــیـــژێ دەنێـــریە بەر بـەرازان
لـولـوپـەری خـــۆشـــەویســـتـی نـازدار
وات کـرد کـە لە رۆژ ببـێـتـە کـڕیار
تـــۆ دات بـــە چـنـــار بـڵـــنـــدی بـــاڵا
تـاقـــــتـــــاقـکـەرە وا لـە دەوری هـاڵا
دەڕوێـنـی لـەنـاو دڕوو و گـــــوڵـی ئـاڵ
بۆی شـــێـت دەبـێ بولبـــولی ژیـان تاڵ
رەنگـان دەخـــەیە گـــیـــا و گـڵـــووکـان
چووکـان دەخـەیە جـرووک و نووکـان
گـــرێـکـی دەخـــەیـتـــە ســـەر چرایە
دەڕووزێ پـەپـــوولـە بـــەم هـــەوایـــە
جـــــوانکردنی دلبـــــەران لە تـۆیە
دڵدار کـــــە هـەژار و دڵ بـەســـــۆیە
ئـەو دڵ تـەڕی و ئـەوینـی دڵگـیـــــــر
کـــەزیەی کـە لە مل دەبن بە زنجـیـــر
کـێ کـــردی بە یەکـــتـــری بەرانبـــەر
کر تن کـە گـەش و رەشن ســەرانسـەر
ئـاوێـنـە و ئـاو کـــــــــە دێـنـە وێـنـە
جـــوانیـــتـــە لە رووڕنیـــیـــان هـەوێنە
ئـاوێـنـەیی پێـــشـی توتیـــیـــانـی
کـێ دیتـی شـــتـێ کـــە توو تیـــانـی

تـۆی دڵ دەگـــــــریت و بـۆ بـەهـانـە
خـــــاڵ و کـــــەزی دەبـنـە داو و دانـە
تـۆ هـەرچـی بـڵـــێـی ئـەوی دەبـێـــژیـن
چـیـــمـــان بـدەیـەی لـەوی دەچـێـــژیـن
دڵـخـــوازی دڵـی مـــە تـۆی خـــوایـە
لـەو پـێـــوە شـــتـێ لـە دەست مـــە نـایـە
رێـگـا هـــەڵـە بـوون و شـــــارەزایـی
ســـەر ڕشـــتـــە بـەدەســـتـی تـۆن دوایـی
هـەر کـــــەس دەتـەوێ بـچـێ بـە تـاڵان
پـابـەنـدی دەکـــەی بـە بـسـک و خـــاڵان
هـەرچـێکـی کـــە خـــۆت بـەزەت پـیـــاهـات
ســـەربـەرزی دەکـــەی بـە هـات و داهـات
ئـادەم لـە قـــــوڕێ پـتـــــر نـەبـووگـــــە
ویـســـتـت لـە فـــرشـــتـــە بـوو بـەرووگـــە
عـــیـــســـا لـە فـــوێکـە دڵ پـەسـنـدە
نـازداره لـە پـێـــــشـــــە جـێ بـڵـنـدە
ئـیـــــــدریس بـووە ئـاشـنـا بـە ڕازێ
پـیـــرۆزە بـە بـەخـــتـی خـــۆی دەنـازێ
ئـــەهـــریـمـــەنـــێ ڕێـــزی لـــێ نـــرابـــوو
لای تـۆوە بـوو هـێـــــزی پـێ درابـوو
نـــوێـــژی بـــەهـــەزاره دادەبـــەســـتـن
ســـــەرپـێـــچـی نـەبـوو لـە تـۆ پـەرسـتـن
رووی دانـەنـەواند لـەبـەر کـــــەسـی دی
ئـادەم پـەرسـی کـــــەمـــــایـەسـی دی
بـێگـانـە پـەرســـتـی نـەبـوو پـیـــشـــەی
بـەدبـەخـت و کـڵـــۆڵـە بـۆ هـەمـیـــشـــەی

کـــردت بـەنـەمـــر لـە ئاگـــری ســـوور
ویســـتی کـــە نزیک ببێ خـــرا دوور
دەرناچێ ســـــەرم لـە کـــــاروبـارت
کـــــێی وا بـووە بـووبـێ ئـاگـــــەدارت
خـــوانـاسـی مـــەزن گـــوتـی بەڕاسـی
تـۆمـــان وەکـــو تـۆ هـەبـووی نـەنـاسـی
خـــــــانـی دەبـێ چـی لـە تـۆ بـوێـژێ
گـــێـــژێکـە ســـەری دەخـــاتـە گـــێـــژێ
لـەو بـارە خـــەریک ببێ بـەهـــەرجـــوور
رێگـەی هـــەڵـەیـە و لـە تـۆی دەکـــا دوور
جـــا یـاری دەری مـــــەگـین خـــوا بـێ
پێـــغـــەمـــبـــەری ســـایـەدا و پـەنـا بـێ
تـۆ خـــوایـەکـی گـــــەورە و گـــــرانـی
پێـــغـــەمـــبـــەری ئـاشـنـاکـــە خـــانـی

چۆنیەتی و گەورەیی پێغەمبەر

روون بووەتەوە هەرچی هەس دوولایە
یان هەر هەیە یان لە هاتنایە
ئەویانە کە هەر هەیە خوایە
چی دێت و دەچێ لەدەست ئەوایە
کر گەر بوو دەزانی هەیشە کرگار
بۆ هەر شتێ سازکەرێکە ناچار
بڕوانی دەزانی دەفر و ئاماراز
وەستایێ نەبێ چلۆن دەبن ساز
کر رۆچنەیی رووناکی گەردگارە
بڕوانی لە خۆت خوا دیارە
گەنجینەیی گەوهەری وەشێراو
پاش پەردەیی کردە دێتە بەرچاو
چی جوان و بە نرخی ئەم جیهانەن
لە جوانیی خوای مەزن نیشانەن
ئەم چەند کر و کاری بێ بژارە
ویستی لەسەری هەبن ژمارە
پێش هەر شتێ کارسازی زانا
هێنای تەتەڵە و بنووسی دانا
خۆی ئێکەم و ئەو یەکەم گیانە
زانای یەکەمە و نە لێک جیانە
بەڕواڵە کە سێنە هەر یەکێکن
هەرسێ وەکو سێ گرێی لکێکن

دای جـوانـی نەمـر برووسکە یەک لەم
پێـغـەمـبـەری ئێـمـە هـاتە بـەرهـەم
ئەو تـیـشـکی خـوایە بۆ هـەمـیـشـە
بـۆ هـەر شـتێ بـووەتە پـنـج و ریـشـە
گـیـانـان لـە گـیـانـی ئەو پـەیـابـوون
چـەند تـیـرە و هـۆز لە یـەک جـیـابـوون
هـی بـەخـتـەوەر و بـەرەی بـەخـت رەش
چـی مـاون و هـەرچـی چـوونـە ناو لـەش
سـەرپـاکـی لـە تـیـشـکـی رووونـی ئـەو بـوون
گـش هـاتـن و بـوون لـە بـوونـی ئـەو بـوون
هـێـشـتـا نـە زەوی نـە عـاسـمـان بـوو
ئـەو سـەروەری هـۆزی سـەروەران بـوو
عـاسـمـان و زەوی لـەبـەر ئـەوی بـوون
بـۆ وی بـوو فـرشـتـە سـەرنـەوی بـوون
پێـغـەمـبـەرێ بـوو لـەلای خـوا ئـەم
پـێ خـوێـیـەکـی قـورِ بـوو بـاوە ئـادەم
ئـەو پـەنـجـەرەیـە و خـوا دەوێـرِا
تـیـشـکـی لـە دڵـی رەشـی مـە گـێـرِا
شـایـێ بـوو لـە بـەرگـی بـێ نـەوایـە
پێـغـەمـبـەری رۆژگـاری دوایـە
دیـتـی لـە جـیـهـان نـەدیـن نـە بـاوەرِ
هـەر خـواری و چـەوتـیـیـە و هـەڵـە و گـەرِ
خـوانـی لـە رەوشـتـی چـاکـی دانـا
دڵـپـاکـی و پـاک رەوشـتـیـی رِانـا
چـی بـت پـەرسـتـە و چـە جـوو و چـە گـەورە
بـانـگ هـێـشـتـنـی کـردە خـوانـی گـەورە

خـــاقـــان لە پەنای دەهـندەییی وی
نـاوبـانـگـی دەرچـوو بـە نـان نـەدیـوی
هـیـــرقـــەل نەگـــەیی بەتـۆز و گـــەردی
قـــەیســـەر ســـەری خـۆی دەدا لە بەردی
قـبـتـی و حـەبەش و فـەرەنگ و رۆمـان
دایـانـە رچـەی قـــــەراچ و دۆمـــــان
ئـالآی دەسـی ئـەو شـــــەکـــــا لە بـالآ
کـیـســرا ســـەر و لاشی کـــەوتـە چالآ
چـی دیـن و گـــــــەلـن لـەنـاوی بـردن
یـان تـەرت و تـونـا و بـلآوی کـــــــردن
ئـاورگی مـــــراند و گـــاوری کـــوشت
جـــێگابتی گش بـە ئـاگـــری شـــوشت
تـەورات و زەبـوور نـەمـــــان لە نـێـــوان
ئـینجـــیل پـەڕییـــە شکـەوت و کـــێـــوان
عـیـســا گـوتبـووی کـە مـابوو هێنگین
پێـــغـــەمـــبـــەرێ دێ لە ئـێـــوە مـــزگین
دڵخـوازی دەویست بەدەست و بـەزمـان
شـیـری لە دەسـا بوو، دەم بە قـورعـان
هـەر لـەو دەوەشـــــاوە کـــــار و ئـاکـــــار
ترســـێنـەر و مـــوژدەدەر بەیـەکـــجـــار
زۆرزان بـوو لەگـــەڵ نـەخـــوێندەواریش
زۆر نـان بـدە بـوو لـەگـــــەڵ هـەژاریش
شـــوانێکی هـەژاری بێ کـــەس و کـــار
چـەند تاجی پـەڕاند بە تیـخی مـووکـار
بێ لەشکر و چەک بوو سـەرزەویی گرت
هـەر خـــۆزگـــە بـەوە دەسـی وەویـی گـرت

بۆ جـــەنگێ کـــە لەشکری دەکـــێـــشـــا
پێـشـمـــەرگـە فـرشـتـە بـوون لەپێـشـا
بـێ خـــێـــوەت و بـارەگـــاە و هەیـوان
هـەوران لەســـەری دەبـوونـە ســـەیـوان
دەیـدیـن چـە هـەبان لـەپـاش و پـێـــشـێ
کـەس نـەیـدی کـە لـێی بنیـشـێ مـێـشـێ
چەند گـفـتی لـە یەک دەمـــا دەبیـــستن
جـیـاوازی نەبـوو چە ســەد چە بیـستن
ســـایەی نەدەکـــەوتە ســـەر گڵ و خـــۆڵ
وەدوای دەکـــەوت گـــژ و گـــیـــا و گـــۆڵ
دەیـدواند لکەدار و بـێ گـــیـــــانان
دەیـپـــرســـیـــیـــەوە دادی بێ زمـــانان
گـــیـــاندار و ژی یـاوی هـەر شـــوێنـێ
کێ مـــــابـوو کـــــە بـاوەڕی نـەهـێنـێ
بێـــــجگە لـە بـڕێ کـــــوڕانـی ئـادەم
تـا ببـنـە بـزووتـی نـاو جـــــەحـــــەندەم
ئـیـــتـــر لـە زەوی و لـە عـــاســـمـــانان
لـە فـــرشـــتـــە و ئـادەمـی و گـــیـــانان
کـــەس نـایـەتـە ڕێـزی ســـەروەری مـــە
بـێ ئـەو نـیـــیـــە کـــەس پـەنـادەری مـــە
کـێ پـەیـڕەوی ئـەو بـێ ســـەرفـــیـــرازە
شـــانـازی بـەخـــۆی دەکـــا و بـەنـازە
ڕێ و شـــوێنی ئـەوە کـە راســـتـەڕێـیـە
بـیـــبـــەیـتـــە ســـەرێ خـــوا لەوێـیـــە
پێـغـــەمـبـــەری جـووڵەکـان دەزانن
زانـای مـــــە هـەمـــــووی وەکـی ئـەوانـن

پێنسەد زلە پاڵەوانی گاور
سەرپاکی لە جەنگ و کێشە ئاور
بۆ یارێکی ئەو دەبوون بەرەنگار
مردن بوو دەبوو هەڵێن بە ناچار
لەوبارەوە هەرچی بەدگومانن
کێشەی چ دەکەن! گەلێ نەزانن
قورعان و وتاری ئەو بڕۆنن
هۆشیان هەبێ تێ بگەن کە چۆنن
چواریاری چلۆنی هەڵبژاردوون
فەرمایشی چۆنی راسپاردوون
ئەی شای مەزنی بڵندپایە
عاسمان و زەویت لەبەر دەسایە
چۆن ڕێم دەکەوێ بدەم پەسەندت
خوای گەورە دەدا پەسەندی ڕندت
تۆزێ لە پەسەندی تۆیە یاسین
بەو بۆنەوە ئێمە تۆ دەناسین
خۆی سوێندێ بە تۆ بخۆت چ ماوە؟
ڕێگا لە زمانی من بڕاوە
گەر ئێمە هەمان بێ سەد هەڵە و سووچ
سەد جار بگەڕێین لە دووی پڕوپووچ
هێشتا لە بەزەت هومێدەوارین
بەخشندە ئەتۆی و ئەم هەژارین
خانی کە گەلێ گوناهکارە
ناپاکە نەزانە نالەبارە

هیـــوای هـەیە پێت کـــە لێی ببـــووری
لـەو ڕۆژی ژمـــــارە نـەگـــــری دووری
نـاتوانـێ لـە ڕێوە ســـــەربـەخـــــۆ بـێ
بـا پـەیـڕەوی یـارەکـــــــــانـی تـۆ بـێ

پێڤەمبەر دەکاتە تکا کار

ئەی بۆنەیی بوونی دوو جیهانان
میوانی خوا لە عاسمانان
شابازی و پاتەخت مەدینە
شانازیی بە تۆیە ئەم زەمینە
لە وزەی هەموو کەس بەدوورە کردەت
قامک دەنوێنی مانگ دەبێ لەت
ئامادە کراوە ئەسپی باڵدار
داخوازە بەدڵ کە تۆی ببی سوار
تیژتر لە بروسکەیەک بە رەوتە
سەرداری فرشتە پێش جڵەوتە
نۆبەرزی و هەرچی وا لەوێیە
پێشوازن و گشتی چاوەڕێیە
جێ بێڵە بڵندیی عاسمانێ
نێزیکی خوا بەژێ کەوانێ
بەو جێ کە دەچی کەسێ نەگەیوە
بێ پەردە لەگەڵ خوا بپەیوە
بخوازە نیاز رەوا دەبن بۆت
بیدوێنە گەلێ لەمەڕ گەلی خۆت
دەسکاری ئەوین لە خاک و خۆڵین
گەر بەختەوەرین و گەر کڵۆڵین
نیازی ئەوە گەر هەبین و گەربووین
ڕێمان کە نیشان نەدا لەدەست چووین

هێـــزی ئەوە هێـــز و پێـــزی پێ داین
هـەر خـــــۆی لەبـەرێوە رێزی لێ نـاین
ئەو بەو پلـە بـەرزییـــــەی گـــەیاندین
خـــۆی رازی گـرینگی تێ گـەیاندین
دەیـــزانـــی زەبـــوون و نـــاتـــەوانـــین
ئـەم رازە گـــــــــــرانـە نـاتـوانـین
بۆ کـــردەوەمـــان لە رۆژی پێـــشـــا
هـەر خـۆیەتـی رێ و شـوێنی کـێـشـا
دەسـکردی ئـەون بـەدیـن و گـــــاور
لای چـەشـنـی یـەکـن بـەهـەشت و ئـاور
هـەرچـەن بـە رواڵە لێک جـــیـــــایـە
هـەریـەک رەوشـــــێکی ویـی تیـــــایـە
سـوچـمـانە لـە بـەخـشش و بـەزەی ئەو
بێـــبـــــاوەڕی تـاوی تـووڕەییـی ئـەو
ئاورگ و بـەهـەشت لەمـێـژە چـێ بوون
هـەر شت بـەری ئێـمـە جـێبـەجـێ بوون
هـەوری بـەزەیی کـــە بێـــتـــە رێژن
بـۆ یار و نـەیـار دەبێـــتـــە جـــێـــژن
گـــەر تـووڕەیـی بێـتـــە روو بـەیـەکـدەم
گڕ دەگـرێ بـەهـەشت وەکـو جـەحـەندەم
گـــەر گـــاور و گـــەر گـــونـاهبـــارین
گـشـتـمـــان لە بـەزەی هـومـێـدەوارین
دەریـای بـەزەیـی دەبـا بـجـــــــۆشـێ
چـەوتی و هـەڵـەییی مـــــە دابـپـــۆشـێ
تۆ شـــوانـی و ئێـمـــە پـەز لە پـەیتـان
وەک گـورگـە ددانی چیـرە شـەیتـان

ڕێگەی مـەدە کـێس لە ئێـمـە بێنێ
هـەر دەرفـەتی بێ دەمـانڕفـێنێ
کـارێ مـەکـە ئەو بە ئێـمـە خـۆش بێ
گـۆڕی ئەوە بێـبـەش و پەرۆش بـێ
هـەر خـۆی بکرێتـە دەسـتـە چیلە
لـەو ئـاگـری پڕ پـەڕەنـگ و ژیلـە
رزگـاری ببـێ بـەرەی گـوناهبـار
بـۆیان لە خـوا ببـە تکاکـار

بەدبەختیی کوردان دەڵێ و

بەمەردایەتییان هەڵدەڵێ

مـــەیگێـــڕ وەرە تـوخـــوا دەســـا دەی
بۆم تێکە دەجـامی جـەم قـومـێ مـەی
تا پیـاڵە لە من جـیـــهـــان نومـــا بێ
دڵخـــوازی مـــە گـــشـــتـی ئاشکرابـێ
روون بێـــتـــەوە بۆم شـــتـی نهـــێنـی
پرســـــێکی گـــــرانـە بـۆم هـەڵێنـی
رێوشـــوێنـی وەهـایـە چەرخی گـــەردوون
نـەویـایـەتیـــیـــــە لە پـاش بـەرزبـوون
بـەدبەخـــتـی ســـەری لە ئێـــمـــە داوە
تۆزکـــاڵێ کـــەمـــایـەسی نـەمـــاوە
ئـاخـــۆ دەبێ رووبکاتـە کـــەمـــبـــوون
یاخـــۆ هـەر دەبێ بـە مـــانـی گـــەردوون
تـۆ بڵـــێـی کـــە هـەڵێ چ زوو چ دێرێک
بۆ ئێـمـــە لە عـاسـمـان سـتـێـرێک
بـەخـتـی مـە لە خـەو هـەڵسـتێ جـارێک
جـــــارێک بـکـەوێـتـــــە کـــــاروبـارێک
لێن هـەڵبـکـەوێ جـیـــــهـــان پـەنـایـەک
پـەیـدا ببـێ بـۆ مـــــە پـادشـــــایـەک
بـۆ نـووکـی بـنـووس پـەیـابـێ مـــــایـە
شـــیـــری هونـەری مـــە بـێـــتـــە کـــایـە

ئەم بەختە ڕەشەی لەسەر مە راکا
کوردیش لە جیهان برەو پەیاکا
بۆ مەش کە ببایە سەربڵندێک
زۆرزان و بە بیر و مەرد و ڕەندێک
نەخشێ لە دراوی مەش درابوو
بێ نرخ و چرووک و باو نەمابوو
بێ سۆیە کە زێڕ و زیوی ساکار
نرخی نییە چەشنی هی نیشاندار
بۆ مەش کە هەبایە پادشایێ
خوا تانجێکی پێ ببەخشیایێ
پەیدا دەبوو ڕێز و گەورەیی و ناو
ڕەنگ و کری مەش دەهاتە بەرچاو
ئێمەی لە کەساسی دەردەهێنا
بێستانی هیوای وەبەر دەهێنا
تورکان نەدەبوون بەسەر مەدا زاڵ
بۆ کوند نەدەبووینە لانە و ماڵ
چۆن بۆ عەجەمان دەبووینە ژێر دەست
ژێر دەستی شتی وەها نەوی و پەست
هەر ڕۆژی بەرێ خوای توانا
ڕۆم و عەجەمی لەسەر مە دانا
بێ شەرمییە ژێردەستیی ئەمانە
ئەم شەرمە لە پیاوە گەورەکانە
شوورەییە لە میر و نامداران
سووچیان چییە هۆنەر و هەژاران
کێ دەستی درێژ بکاتە شیری
هەرچی بیەوێ دەخاتە گیری

ئەم بووکی جیهانە بۆ کورێکە
شێرێکی بەدەست و شێردرێکە
خشڵ و جل و شیرنی و نیشانی
بەخشینە بە بیر و رێگەزانی
پرسیم لە جیهان رەقی لە بەردی
نەرمیت بە چییە؟ گوتی بە مەردی
دنیا کە وەها بە بەخشش و شیر
بۆ پیاو دەسەمۆ دەبێت و دەسگیر
سا خوایە لە تۆ سەیر دەمێنم
لەو گێژە چلۆن سەرم دەرێنم
کورد چۆن دەبێ دیل و چارەڕەش بن
کەی راستە لە خۆشی دوورەبەش بن
بۆ بەخشش و دڵ بەناو و دەنگن
شێرن لە هەرا پڵنگی جەنگن
دەسترژدی ئەمانە حاتەمێکە
هەر گوردێ لەوانە رۆستەمێکە
بۆ رۆم و عەجەم وەکو دیوارن
ئەم هۆیە کەوا کز و هەژارن
گۆپاڵی دەسی ئەوانە ئێمەین
بۆ تیری بەڵا نیشانە ئێمەین
خۆیان لە گەڕ و هەرایە دوورن
کورد بەند و کلیلی سەرسنوورن
یەک هێرشێ بۆ سەر ئیدی بێنێ
هەر کوردە دەبن شەڵاڵی خوێنێ
ئازایی و بەخشیشێ بپرسی
مەردایەتیی و دڵ و نەترسی

هەر بۆ کـوڕی کـوردسـان هـەیە و بەس
نـەدراوە لـەبـەر ئـەوان بـەشـی کـــــەس
هێندەی کـــە بەجـــەرگ و دووڕە تـرسـن
کـــەمـــتـــر لە بـەیەک گـــەیـین دەپرسـن
کـــەس بـۆ کـــەسێ نـابێ چـاودەبەر بـێ
هـەر کـــەس دەیـەوێ زل و لـەســـەر بـێ
لەم ســـەرڕەقـیـیـــە و دەمـــاری زلیـــان
بـێـگـانـە دەبـن ســـــواری مـلـیـــــان
هـەر خـــۆیەتی زل کـــەوە و رەش و بۆر
هـەر بۆیـەیە بـوونـە هێـــزی خـــۆخـــۆر
کـــوردیش کـــە بـبـــایە یـەک دڵ و دەست
دەســتـیـــان دەکـەوت ژیانی ســـەربەست
رۆم و عـــەرەب و عـــەجـــەم ســـەروبـەر
بـۆ ئـێـــمـــــە بـەنـی دەبـوون و نـۆکـــــەر
پـەیدا دەبـوو بـاو و گـــــەورەیـی و ژیـن
نـاومـــان دەردەکـــرد بـە بیـــر و زانـین
جـیـــاواز دەبـوو گـــفـــتـی پاک و نـاپاک
پـڕ نـرخ و بـەڕێـز دەبـوو شـــــتـی چـاک

هۆی ئەم نووسینە و داد لەدەست

گەردوونی چەپگەڕ

تۆمـــەز لە وڕی و نەزانیی خـــانی
دەشـــــتی هونەری بە چۆڵگە زانی
واتـا نـە بـە زیـرەکـی و بـە ژیـری
ســـەربەرزیی هۆزی هاتە بیـــری
لاســـاری هێنایە بەر بەســـەرچوو
با پێـــشی بڵـــێین لە ڕێگە دەرچوو
پـاڵاوی ڕژانـد و تـڵـــــــتی نـۆشـی
وەک فـــارسی وا زمـــانی خـــۆشی
هۆنیـــوەتەوە بە بەند و ســـاڵێک
بۆی مـــاندوو بووە بەهۆی خـــەیاڵێک
بێگانە نەڵێن کـــە کـــورد نەزانن
بێ نووســـەر و هونەر و زمـــانن
پێـــمـــان نەڵێ وێژەوانی بیـــر ورد
دڵداری نەبوو لەناو گـــەلی کـــورد
کـــوا ئێـــوە نە دڵتـــەڕن نە دڵبـــەر
لـەم ڕێگـە نە ڕێـڕەون نـە ڕێبـــــەر
بێـــبـــەش لە گـــڕی لەشی و گـــیـــانی
دڵڕەش لە ئەوینی ڕاســـتـــەقـــانی
کـورد هێندە نە گـێل و گـێـژ و کـاسن
داخم ئەو بێکەسن کـــەســـاسن

ژیـر و بـەدڵـن گـــــــەلێـک دەزانـن
بێ خـــێـــوییـــە بێ ســـەر و زمـــانـن
بۆ مـەش کـە هـەبـایە خـێـو و ســەردار
بـەخـــشندە و ژیر و زیت و وشـــیـــار
ژیری و هـونـەری بـەدڵ کـــــڕیبـــــا
ژەنـگی لـە دڵـی هـەژار ســـــڕیبـــــا
مـن ئێـــســـتـــە لـە کـــۆڕی وێژەوانـان
ئـاڵام دەشـــەکـــا لـە عـــاســـمـــانـان
دەم خـســـتـــەوە ژیـن مـــەڵای جـــزیری
پـێـم زیـندوو دەبـوو عـــــەڵـی حـــــەریری
واشـــــاد دەبـوو پـێـم فـــــەقـــیـێ تەیـران
گـــیـــانـی بـەفـــڕین دەهـاتـە ســـەیـران
چ بکـەم کـــە گـــەڵێ کـــەســـادە بـازاڕ
کـــووتـاڵەکـــە بـاشـــە نیـــمـــە کـــڕیـار
پـــایـــەی هـــونـــەران بـــە پـــارە بـــەنـــدە
هـەر کـــەس کـە هـەژارە کـاری گـەنـدە
هـەر کـــەس لە رێگـەی دراو و قـۆشـــە
ســـەرخـــۆشـــە نەخـــۆشـــە دڵپـــەرۆشـــە
زانســـتـی هـەمـــووی بدەی بـە پووڵێ
پێـت وا نـەبـێ کـــەس دەسـی بجـــووڵێ
کـەس نـاکـا بـە مـەیتـەری خـۆ جـامـی
رانـاگـــــرێ بـە نـۆکـــــەری نیـــــزامـی
دیتـمـــان کـە جـیـهـان وەهـا شـێـواوە
هـەرجـــــەنگ و هـەرا لـەســـــەر دراوە
ویســـتم کـــە ببم بە زێڕ دروســـتـکەر
لێـی کـــەوتمە کـــار و بۆم نـەچۆ ســـەر

تا بۆم وەگـــــەڕێ زیان لە نیـــــوە
چاوم لـە شـــــتـــــێکی دی بـڕیوە
چون فـێڵ و فـەرەج نە پیـشـەمـان بوو
بێ نـانی بەشی هـەمـیـشـــەمـــان بوو
دیـــن ڕۆیـــی دراو نـــەهـــاتـــە بـــەربـــار
خـــــۆم داوەتـە مـــــسگەری بە نـاچار
شـێراوە بوو خستمـە دەر مسی خـۆم
وا پـەلک و بـنـووس هـەیـە و نـزاگـــــۆم
پـــاڕانـەوەکـــــــــــەم رچـێـکـی زانـی
لـەو ڕێگەوە گـــــەیمـە کـــــامـــــەرانی
ئـەو پـوولـە ئـەگـــــەرچی پـارە نـاکـــــا
تـالاّیـیـــی ژیـانـێ چـارە نـاکـــــــــا
بـێ فـــێڵ و گـــــەڕە ئـەگـــــەرچی وردە
کـرمـانجـیـیـە خـۆشـەویستی کـوردە
ڕووســـوورە مـــسی مـــە خـــۆ نـە زیوە
یـان زێڕە بلّـــێن کـــە نیـــو بە نیـــوە
پـوولی مـــــە بـە بـێ نـرخ مـــــەزانـە
هـەر پـارەیـە ســـووکـــە بـێ نیـــشـــانـە
جـوان بـێ کچ و کـەس ئـەوی نەخـوازێ
ئـەم هـەش بـەســـــــەرە بـە چی بـنـازێ
نـووســـــــراوی هـەژار و بـێ پـەنـایـان
بـێ بـاشـــــە لـە زاری پـادشـــــایـان
بـێ نـرخـــە لـەلای گـــەلێک لە ژیـران
هـێـــژایـە لـەکـن گـــەلێک بـە بیـــران
مـــەزنی مـــە کـــە ژیـر و چـاکـــە نـاســـە
بـۆم تـێ نـەگـــــەیـەنـدرا چ بـاســـــە

ئەو مـــیـــرە کـــە مـــیـــرزایە نـاوی
ســـەرچـاوەی ژین و پـیـــتـــە چـاوی
تیـــشکی دڵی رەش وەڕوون دەگـێـرێ
پـوولـێـکـی چـرووک دەکـــــاتـە زێـڕێ
ســەد مس بـێ کـە چاو بگێـرێ پێـدا
ســـەرپـاکـی دەبن بـە زێـڕ لەجـــێـــدا
گـەر تـووڕە بی زل دەخـاتە بـەردەست
دڵخـۆش بی بـڵند دەکـا شـتی پـەست
وەک دیل دەگـــرێ ئـەوانـی پـاشـــان
وەک رووت بـەرەڵا دەبـن لـە پـاشـــان
هـــەر رۆژێ هـــەزار نـــەدار و بـــێ جـــێ
هـەر تـاوی ســـەتـی گـــەدا لـەســـەر رێ
گـیـرفـان هـەمـوو داخـنن لە بـەخـشین
بـۆ وانـە نە لـەمـــپـــــەرە و نە پـەرژین
چـاوێـکـی خـــــشـــــاندبـا بـەمـندا
دەپســـــا رەگی بێـکـەســـیـم لە بـندا
ئـەم گـفـتـە هـەمـوو دەبـوونە هـەڵبـەست
وردەم وەکـــو زێـڕ دەچـوو دەمـــودەست
چ بـکـەم دڵی هـێـنـدی تـێ خـــــزاوە
جـــێـگـایـەکی بـۆ مـــــە لـێ نـەمـــــاوە
ئـەو خـــۆشـــیـــیـــە بـەس بـەشـی نـەزانـە
خـــــوایـە تـەمـــــەنـی بـدەی جـــــوانـە

پێشدەستەیەک بۆ چیرۆک

مـــەیگێـــرِ لـە دەسـی مـــەدە هـەلێکـە
وەک گـیـــانی نەمـــر مـــەیەکی تـێ کـە
تا بـەو مـەیـی گـیـان و دڵ بـەخـێـوکـەر
تـاوێکـی گـــــەرم بـکـەیـن دڵ و ســـــەر
مـــەیگێـــرِ بکە پیـــاڵە ئـاوی شـــابوون
ئـەو ئـاوە کـــە چـاوی دڵ دەکـــا روون
خـــــاوێـن بـکـەوە مـــــژی قـــــرێـژم
ســەرخـــۆش کـە دڵـی نەزان و گـێـژم
مـــەیگێـــرِ دە بە گـــەوهـەرین پیـــاڵە
لـەو شـــــــیـلـە رەوان و پـاک و ئـاڵـە
یـاقـــــــــووتـی تـواوە لـەعـلـی ئـاوە
خـــۆشـــاوی دورِ و دورِی خـــۆشـــاوە
رەنگخـۆش و بـەچێـژ و خـۆش بـەرامـە
دەنکێکـی کـەمـــە بـپـرســـە کـامـــە
دەنـکـێ دورِی رووتـی تـێ بـهـــــاوێ
خـــــوەدانـەکـی رووتـی وەک گـــــوڵاوێ
زووزوو بـدە دەسـتـی مـــەی پـەرسـتـان
ئـەو کـۆرِی کـە هێـشـتـە دڵ لـە دەسـتـان
تـا پیـــاڵەیـی دڵ بـە مـــەی بـکـەن رەنـگ
تـا ســـــاز و بـەدڵ بـێ بـەزم و ئـاهـەنـگ
مـــەپسـێـنـەوە بـیـانـدەرێ لـە پـەسـتـــا
تـا بـێ بـەش دەبـن لـە هـۆش و هـەســـتـــا

لەو بەخششی زۆر و دوور لە هەژمار
بەشکو لە دڵۆپێ ببمە بەشدار
گەشکەی مەیی شیلەداری بێ گەڕ
خۆشاوی تڕێی بەری ڕەزی تەڕ
کاریێکی بکاتە سەر دەروونم
هێزداری بکا دڵی زەبوونم
تیشکێ بکەوێتە گیانی تاریک
دڵ بێتە سەری خەیاڵی باریک
دا تیری هەناسە کاریگەر بێ
بیرکم بشکێنێ سەد چەپەر بێ
چڵک و چەپەڵی لە دڵ دەڕێنم
دەرچم وەکو بولبوولان بخوێنم
دڵ مردنی بەس بێ هەستێ بفڕێ
با شەرمێ نەهێڵێ پەردە بدڕێ
گۆرانی و لاوکان ببێژێ
چێژێ لە ئەوینی خۆش بچێژێ
هاواری بخاتە مێرگ و باخان
خونچان بدڕن بەرۆک و یاخان
گوڵخونچە بپشکفن لە چوقڵان
بولبول بگرین لە داخی چقڵان
جارجار بخەنن لە خۆشی دیمەن
ئاونگ بپژێ لە دەشت و چیمەن
سوێسنە وەزمان بێ بێتە باسان
رزگاربێ لە خەوخەوی و لە تاسان
مەیگێڕ بدە پێم مەیەکی گوڵڕەنگ
سەنتوور چ نەڵێت و دەف نەدا دەنگ

کـــوێخـــا و گـــزیر بـەڵان نـەزانـن
دەرکـەین کـوڵ و خـــەم ئەویش لـەوانن
دەست رژدی مـــەکـــە تژی کـــە دەفـرم
رەنگێکی جـــیـــا بـە خـــۆوە بگرم
ســـەرخـــۆش ببم و بەخـــۆم بنـازم
نیـــازم هەمـــوو ئـاشکرا بـخـــوازم
مـەســتم کـــە نەکـەی گـەلێک نـەنازم
بـێ مـــەی گـــەڕێ نـاگـــەڕێ زمـــانم
مـــەمـــهـێـلّـــە بەهـۆش و هیچ نەبێـژم
شـــێـــتم کـــــە هەتا دوڕان بـڕێژم
بـێ پـەردە وەشـاردووان وەســـەرخـــەم
گش راز و نەهـێنیـــیـــان وەدەرخـــەم
بلـوێر بـێ دڵـم بـە داخ و ســـــۆ بـێ
وەک تووتـی دەمم بە گـــفـــتـــوگـــۆ بـێ
تـێ هـەڵکەمـــە لاوک و سـێگا و دەشت
حـەیران و قـەتار و بـەست و گـوڵگەشت
بـــێ ورتـــە دڵـم بـنـــاڵـــێ وەک چـــەنـگ
پـێ پـەنجـــــە و پت دەفـم بـدا دەنـگ
بـێ ژێ و کـــــەوان بڵـــــێت روبـابم
تـۆ بمـدەیـە مـــــــەی دەبـێ وەهـابم
لـەو بـــەرز و بـڵـنـــد و لـەو هـــەوایـە
زوهـرە لـە هـەوام بـکـا ســـــەمـــــایـە
دڵـتـــــەنگـە دەدەنـگـی زیـر و بـەم بـێ
دڵـداری لـە لانـی زیـن و مـــــــەم بـێ
دەردی دڵـی خـــــــۆم بـێ لـەم وتـانـە
زیـن و مـــــــەم ئـەدی چ بن بـەهـانـە

وا بکەم کــە جــیــانێ بێ و بنۆڕێ
دەژیەنمەوە زین و مــــەم لە گــــۆڕێ
لەو دووی لە ئەوین بەزام و بیــمــــار
با خــۆم بکەمــە بژیشک و زانیــار
با گــەش بنەوە و بەخــەم بڵــێن بەس
ببنە نەمــر و نەچن لە بیــر کــەس
داخی جگەری مــەمی گــرفــتــار
ناخــــۆشــــیی ژینی زینی دڵدار
مــەم لاوی لە پیــسی و گــوناە دوور
زین ئەو کچی وا بە شەرم و رووسوور
دەیکەم بە شــتــێکی وا تەڕ و خــۆش
هەرگیــز لە جــیــهــان نەبن فــەرامــۆش
دڵبــــەر بۆ مــــەمێ بکەونە شــــینێ
دڵدار بخــــــــەنن بــە دەردی زینــێ
هاودەردبوون شــتــێکی خــۆشــــە
بێ دەرد بگرن کــــەنار و گــــۆشــــە
لام وایــە ئــەوانــی راســت و پــاکــن
دڵڕوون و ژیــر و بــیــــــــرروونــاکن
هــەڵبــەســـتێ وەهــا هەچی ببــینێ
بۆ خــــانی دەنێــــرێ ئافــــەرینێ
هەر کــەس کــە خــوای بڵند و پەستی
پێی داوە بەشێک لە خــۆشــەویستی
با بێن ببــیــەن خــۆیان لە بیــر کــەن
کــۆرپەی دڵی هێندێ پێــوە ژیرکــەن
بیکا بڕێ گــــوێی گــــیــــانی لێ پڕ
مــــاڵیــــاوا لەدڵ بکەن دوو سێ بڕ

هیـــوامـــه له راست و بێ گـــرێیـــان
نەبیـــەن له چنۆک و زۆربلّـــێـــیـــان
ئەم نامـــه کـــه خـــاوه یان له باوه
ســـــــەد رەنجی لـه رێگـەدا دراوه
ســـاوایه منالّه شـــیـــرنەمـــشـــتـــوو
تـازه بـەره تـازه پێگـەیشـــــتـــــوو
پێش من دەسی هیچ کـــەسی نەدیوه
مـــیـــوەی رەزی خـــۆمـــه نەمـــدزیوه
ئەو مـــیـــوەیه خـــۆشـــه یانه تالّه
دلّبـــــەندی منه وەکـــــو منالّه
هیـــــوامـــــه بوێژی هـاوزمـــــانم
تەوســـان نەگـــرێتـــه رۆلّەکـــانم
ئەو مـیـوه کـه وشکه تفـتـه تلّـخـه
خـــۆ کـــوردییـــه زۆر لەلام بەنرخـــه
ئەو کـــــــۆرپـه دەلّێـی نه نـازەنیـنـه
چون نۆبەرەمـــانه خـــوێن شـــیـــرینه
مـیـوەی منه خـۆشـه بۆی نەمـاوم
کـــــۆرپەی منه بووەته چاوی چاوم
خـــشلّ وجل و یار و زێڕ و زەنبـــەر
نەمـخـواستـەوه هی منن سـەر و بەر
نـاوئـاخن و پیت و تیپ بەجـــاریّک
ریزێکـی وشـــــێکی یـان و وتاریّک
هی خـۆمـه له کـەس نەهـاته چەنگم
خـۆم خـاوەنی کـەسم و خـێـوی رەنگم
ئەو گفتی شیرین و بیری سەد جوور
پاکی کـــچـــه تازەبووک و رووســـوور

خـوایه مـەده دەسـتی پیـاوی لاسـار
ئەو دڵبـەری شـۆخ و شـەنگ و نازدار
پـارانـەوەمـــــە لـە خـــــوێندەواران
بێـــهـــووده نەکـــەومـــە لێـــو و زاران
بـۆ گـــاڵتـــە نـەڵێن ئـەو و ئـەمی بـوو
بـاچاکی بـکـەن ئەگـــەر کـــەمی بـوو
چـی پـاکـــــژ و باشـــــە پـەردەپـۆشـن
هـەر دڵ چـەپـەڵن کـــە گـــەڕ فـــرۆشـن
هـیـــــوام ئـەوەیـە لـە مـــــەرد و ژیـران
بـۆ گـــەپ نـەبمە نـیـــشـــانـی تـیـــران
کـــــرمـــــێکم و هـەوریـشـم لیـکـاوم
خـــۆڕســـتم و خـــۆم لـە خـــۆم رواوم
کـــوردم لـە چیـــــا و کـــــەژ و نـزاری
چـەند گـفـت و وشـێکـی کـوردەواری
لێـم وەربـگـرن بـە ســـــیـنـەیـی روون
لێـمـی نـەگـرن چ خـۆشـە خـۆشـبـوون
دڵپـــڕ لـە رقـــیـش کـــە گـــوێ بدێرن
چـیـان لێ دێ کـەمـایـەسـیـم وەشـێـرن
ئـــابـــڕووی بـــوێـــژی بـــا نـــەڕێـــژن
گـەر دەکـرێ شـتـێکی بـاش ببـێـژن
بـۆم پـیـنـە بـکـەن هـەڵـەی زمـــــــانم
بـابـێـنـنـەوە بـیـــــــر مـنـیـش لـەوانم

پەسندی میری بۆتان و جووتە خوشکە جوانەکەی

رەنگرێژی پەرانی مێژووزانی
دەنگبێژی جیهانی خۆشخوانی
وانەخشی دەکرد بە رەنگی چەند جۆر
وای بۆ دەگوتم بە بەند و بالۆر
میرێ هەبوو رۆژگاری پێشوو
دڵخوازی بەچی هەبوو هەمووی بوو
سەرداری گەلێ گەلی زل و ورد
تۆوی عەرەبان و سەروەری کورد
پاتەختی جزیر و بەختی چابوو
زۆر دەستی گوشاد و شاد و شا بوو
رۆم و عەرەب و عەجەم لە فەرمان
ناوبانگی هەبوو بە میری بۆتان
خاڵندی دەگرتەوە لە باپیر
پشت پشتی هەموو زل و جەهانگیر
عاسمان لەوی بێ ترس نەمابوو
شێرێکی خوا بوو دەرکشا بوو
زیانی نەدەدین و بێ بەزین بوو
ناویشی ئەمیری زەینەدین بوو
بۆ جەنگێ کە تەختی خوانی زین بوو
ئێستر نە بەزین و نەدابەزین بوو
ئازایەتیی ویت دەوی بناسی
ناوبانگی گەیشتە مانگ و ماسی

خـــوانـاســـیی ئەویش بەدەنگ و نـاوبوو
بۆ هـەردوو جـیـــهـــان خـــوا پێـــداو بوو
حـــــــاتـەم لە دەهـنـدەیـی بـەزی بـوو
رۆســـتـــەم هـەڕەشـێـکی وی بەسـی بوو
ژیـری و هـونـەر و رەکـــــــاری و دیـن
بـەردە و بـگـرەی بـەداد و بـەخـــــشـین
دەتـگـوت کـــــە بە بـەژنـی ئـەو بـڕابـوو
تـا ئەو بـوو بـەشـی کـــەسێ نـەمـــابـوو
ســـەد جـــۆرە گـــەواهیـــرات و یاقـــووت
ئـەڵمـــاس و پیـــرۆزە لاڵ و زمـــوروت
داکـــرابـوو بـەکـــۆ لـە هـەر شـــوێنێک
دارمـــاڵ بـوو هـەمـــوو کـــەل و کـــولێنێک
پێت وابـوو کـــە هـنـدروو بـەهـەشـــتـــە
کـــیـــژۆڵە تـژی هـەمـــوو فـــرشـــتـــە
هـێـنـد ســـادە و لووسـکـە نۆکـــەری بـوو
ژوور و دەری هـــەر پـــڕی پـــەری بـــوو
لـەو بـاغـــــە دوو نـەونـەمـــــام ڕوا بـوون
بـێ وێـنـە لەنـاو بـەهـەشـــتـی خـــوا بـوون
ســـوورگـــوڵ دوو لە پـنـجـی شـــا روا بوو
دوو خـوشـکـی خـوشـیـک و یـەک برا بوو
دەتـڕوانـی ئـەگـــــەر لـەســـــەر روانـگـا
دوو رۆژت دەدی بـە دەوری مـــــــانـگـا
یـەک پیـاوی دەکـوشـت بـەچـاوی مـەسـتـی
ئـەو نـاوی نـرابـوو خـــــاتـوون ئـەســـــتـی
ئـیـــدی لـە دڵ و هـەنـاوی مـــیـــر بـوو
ئـەو نـاوی لـە نێـــوی نـاوی مـــیـــر بـوو

خـــــۆت رەنگە بزانـی نـاوی زین بـوو
بـەس دیـتـنـی زیـنـێ دڵـتـــــەزیـن بـوو
یـەک نـاوی جـــوانـی کـــەوتە شـــاران
گـــیـــانێ بوو ئـیـــتـــر لە کـــۆڕی یاران
یـەک گـــــەنـدەمـی و یـەکـێ زەری بـوو
یـەک چـەشنی فـرشـتـــە یـەک پـەری بوو
هـەرگـیـز کـەسێ جـوانی وای نـەدیبـوو
نـەمـــــزانـی هـەوێنی وان لـە چی بـوو
لاجـانگ وەکـو زیو چـەناگـە وەک سـێـو
ئـاونگی لە ئـاوی ژین لـەســـــەر لێـــو
ســـەر کـــوڵمـــە وەکی پـەڕی گـــوڵی ئـاڵ
چـێـنرابوو تیـــــا دەنک دەنک خـــــاڵ
تـەنـگـیـی دەم و دەنـگـی پـێـکـەنـیـنـێ
بـردیـان بـرەوی بـتـــــــانـی چـیـنـێ
رەشـــمـــــاری کـــەزی لە بـەژن و بـاڵا
وەک هـــەورە رەشـــێ لـــە رۆژ دەهـــاڵا
چـاوێـنـی پـەڕێن بـوو دێری ســـــەر ڕوو
چـاڵی چـەنـەگـــــە پـڕی لـە جـــــادوو
بـۆ خـــۆشـی وەنـەوشـــە و گـــوڵی ئـاڵ
پشکوو بوو لە جوقڵی سـەوڵ و شمشـاڵ
ســـوورگـــوڵ لە ســـەری لکان روا بـوو
تـاتای مـــــوو بـەســـــەر یـەکـــا رژا بـوو
رەشـخـــاڵ وەکـو بـەردی حـاجـیـان بوو
ئـەو کـــۆشکە حـــەجی ئـەوان دەمـــا بوو
ئـەبرۆ چ کـــــەوانی بـێ گـــــرێ و رێک
پـەیکـانـی بژانـگ چ تیـــــری دڵـپـــــێک

نـازک بـه لـەش و هـەڵـۆ بـه چـاوان
تۆقـــیـــبـــوو دڵی دڵان لە تـاوان
دایان نـا ئەوانـی مـــوو قـــەڵێـــشـن
هەر گـۆشـەیی چاوە گـیـان دەکـێـشن
تـوێڵـی ســـپی پەرچەمـی رەش و کـــۆ
وەک بـاڵی پەری لـه ســـووچی ئـاســـۆ
رۆژ کـــارەکـــەرێکی نـاوچەوان بـوو
لـه جـــوانـی بـه پـاس و دەرکـــەوان بـوو
کـێ کـــــوڵمـی دەدیـتن و بـنـانـگـوێ
مـــردن بوو پەنـای دەبـردە بەر کـــوێ
گـەردوون وەکـو قـومـقـومـۆکی بادە
پڕ بـێ لـه گـــــوڵاوی روون و ســـــادە
هـەر کـــەس کـــه ببـــیـنـێ پێی دەزانـێ
ســـــــەرچاوەی ئـاوەکـــــــەی ژیـانـێ
ســـەرپەنجـــه و نـینووکی خـــەنـاوی
خـــــوێنیـــــان دەڕژا دڵان لـه تـاوی
دینی بـەر و کـــەمـــبـــەری شل و مـل
چاوی گـەش و روون دەکـرد بە بـێ کل
هـەڵیـــان کـــه دەمـــاڵی قـــۆڵ و بـازن
جـێـدار بـوو لەســەر جـیـــهـان بـنازن
ئەو دوو گـوڵە شـۆخ و شـەنگ و جـوانە
هـاتبـــوونە جـــیـــهـــان هـەواڵ دووانـە
هـەرچەندە کـــە ئـەســـتـی نـازەنین بـوو
زین زۆرتری خـوشکی خوێن شیرین بوو
هـی وان بوو جـوانی گـشـتی شـەشـدانگ
ئەستێرە بوو ئەستی زین وەکی مـانگ

ئەستی وەکو مانگ و زین وەکو خۆر
چاوپیس و چنۆکی پێ دەبوو کـــۆر
ئەو هەردوو وەکو دوو شەوچراخان
کاتێ کە دەچوونە سەیری باخان
گیاندار دەچوو گیانیان بە تاڵان
گـــیـــا و گـــژ و دار و بەرد دەناڵان
پەرچەم شەوەڕەش لە دەوری لاجانگ
شمشێری برۆ لەسەر لەتی مانگ
پەرچوو کە لەسەر هەنی بنەخشێ
کێ بێ دڵ و گیانی پێ نەبەخشێ
رازانەوەیان بە زێڕ و گـــــەوهەر
لەرزانە و گـــۆبەرۆک و کـــەمـــبـــەر
ئەو لەنجـــەیی کـــۆتری بە ســـەد ناز
لەو جـــووتی بەژن نەمـــامی چاوباز
پۆل پۆل کچی شۆخ لە دەور و بەریان
پیـــر بۆ دڵ و دینی خـــۆ دەگـــریان
خـــواناس و مـــەلا و بەناو و بێ ناو
خـــونکارە هەژارە پیـــرە یان لاو
کـوانێ کـە دڵی نەچێـتـە جـوانی
نـرخـی کـــــە نـەزانـی زۆر نـەزانـی
هێندێک دڵ و بیـــر دەدەن بەتێکوڵ
هێندێ بەخـــوای چڵ و گـــوڵ و دڵ
دۆست هەریەکە بەردەشیوی شێوان
وەکـو تێکوڵ و کـاکـڵـێکە نێـوان

دیسان رانانی جوانی ئەو دوو چاوبازانەیە

هێندەی کــە خــوای بەتاق و تەنیــا
پووڵ و شـــمـــــەکی رژاندە دنیـــا
قـەیســەر هەچی بووی لە زێڕ و زێوان
زۆرتـر لـە بـژاردن و لـە پـێـــــــوان
هەڵمـاس و گــەواهێـراتی قــاقــان
تادەچتــە نقـێـمــەکـەی سلێـمــان
چـی نرخـی گـــــرانە پـێی دەزانـی
ناهێنێ کـــەمـــووسکەیەک جــوانی
ئەو جــوانی لە رووی ســتی و زینێ
دەریـا بـوو لە ئـاگـــــــری ئەوینـێ
کـاتێ کــە دەکـەوتە ســەر شــەپۆلان
ســەرپێژی دەکـرد لە گـرد و گـۆڵان
بۆ هـەرچی پریشکی خــۆی دەپڕژاند
سەد گیانی دەمەو لە حاست دەبرژاند
دارا و نـەدار و کــۆک و رەشـــوروت
ئەو دووانە کـــە هـاتبـــان دەیانگوت
جـوان گەیونە یەکدی مـانگ و خـۆرن
کـــــــڕیار ئـەوە بـۆیە هـێنـدە زۆرن
راوکـــــەر لە رێگـەی ئـەم ئـاسکـانـە
دڵبـــەســـتـــەیی ئەم دوو نـاسکانـە
گــەر بەور و پڵنگ و نێـرەشـێـر بوو
هـەر رۆژی بەرێ بـە نـاڵە فـــێـــر بوو

گـریان بوو هەرا بوو رۆژ ئەگەر شـەو
هەرگـیـز نەدەهاتە خـەونەوە خـەو
هـەر جـوانیـیـە بێ بن و کـەنارە
دڵداری گـــــەلێکـە بـێ ژمـــــارە
دڵدار هەیـە مـــەردە گـیـان دەبازێ
ئـی واش هەیـە وردە مـاچ دەخـوازێ
یـەک یـاریـی دەوێ لـە بـەزم و یـاری
یەک گـیـانی شـیـرین دەدا بـە یاری
لێـومـشـتنە بۆ ســتی و تاژدین
خـۆکـوشـتنە دێتـە ڕێی مـەم و زین

ئازایەتیی تاژدین و برایانی و

دۆستایەتیی مەم و تاژدین

با بێینەوە سەر وتارەکەی پێش
سەوداسەری دڵبرینی پڕئێش
هەرچەندە کە زۆر و بێ ژمارەبوون
گچکە و زل و خوێڕی و بەکاربوون
لەو کۆشک و سەرایەدا بوو سەد لاو
خوێن شیرین و ڕێکوپێک و بەرچاو
هەریەک بەجوانیی ڕۆژی ڕووناک
ڕووخۆش و لەبار و دەست و دڵپاک
وەک مانگی لە چاردە، بێیە ڕاستی
مانگ زەرد بوو کە یەک دەهاتە حاستی
سەوداسەری پیشەیان بوو گشتی
بەستبوونی ئەوین بەداوی گشتی
یەک ڕازی دڵی یەکی دەزانی
گشتی دڵی چووبووە سەر زمانی
سەودا لە دڵا نەوەک بەدیتن
ئەم جۆرە ئەوینە کەم بە پیتن
تێیدا بوو لەوانە تازە لاوێک
سەردەستەی گشت و خێوی ناوێک
تاژدین بوو، بەڵام چتۆ جوانێک!
گۆدەرزی جیهان و پاڵەوانێک

مـیـر کـامـه رەگـەز بوو ئـەو لەوان بوو
ســەر کــۆمــەڵ و گـەورە و گــران بوو
ئەسکەندەری ناو بـوو بابی جـوامـێـر
بیستووەمە عەرەب پێیان دەگوت شـێر
چـون رۆژی هـەرا بەتـاقـــە ســـواری
دەیتـــوانی بـەرێ ســـەری هـەزاری
تاژدین دوو برای بـوو کــوا وەکی وان
پێـمـیـردی خــوا دەگـەڵ چـەکی وان
ئــازایــی لــە پــاش ئــەوان درۆ بــوو
یەک عــارفی نـاو بوو یـەک چەکـۆ بوو
تاژدین لەســەر ئـەو هـەمـوو نەمـامـان
لە بـرای و لە خـزم و خــاڵ و مــامــان
لاوێـکـی تـری کـــــــەس و بـرا بـوو
چـم وت؟ نـەبـرا بـوو شـــــەوچرا بـوو
هـەر رۆژێ کـــە ئـەو بـرای نـەدیبـــوو
وا بـزانـە بـەشـــــەو چـرای نـەدیبـــوو
دنیـــــا بـوو لەبـەر دووچـاوی تـاریک
تـای کـــــرژی دڵی پســـــاو و بـاریک
هـاواڵی دەمـــانی خـــۆش و خـــەم بوو
دڵبـــەندی خـــەمـــان و نـاوی مـــەم بوو
ئـەو چۆن بوو مـەمیش لە ڕاستی وابوو
تـاژدین نـەبێ چـی لە بـیـــر نەمـــا بـوو
مـــەم رۆڵەی نـووســـەرێکی مـیـــر بوو
تـاژدین کـــوڕی گـــەورەتر وەزیر بـوو
هـەڵیـــان نـەدەکـــرد بـەبێ یـەک و دوو

جـــیـــاوازی بـەدڵ نەبـوو بـە لەش بـوو
ئەم جـوونـە بەجـۆرێ دڵ لە یـەک بـوون
دەتوت کـە بـووبـوونـە لـەیل و مـەجـنـوون
زۆر پێکـەوە هـۆگـــــرێکـی پـاک بـوون
جـووت بـوون و لە خۆشـەویستی تاک بـوون
بۆ یـەکـدی بـووبـوونـە دۆسـتی گـیـانـی
دەرچـوو لـە زمـــــــانـی و لـە نـانـی
بـــا وابـــێ هـــەواڵـــەتـــی و بـــرایـــی
بێـــهـــوودەیـە دەمـــدەمـی و هـەوایـی
هـاســـان نیـــیـــە دۆســـتی گـــرانـە
دۆســـــتـــــایـەتـی و ئـەمـــــەگ بـرانـە
گـەر دڵ بـە گومـان گـومـان دەبـەی خـۆت
دۆسـتی مـەکـە زۆر گـران دەبـێ بۆت

جێژنی نەورۆز

بڕوانە خـــــــوای بڵـنـد و زانـا
چی کـردووە لە هەردوو عـاسـمـانا
بێ مـشـتـەو و رەندە بـێ گـەز و گـاز
وەسـتـایەکـە ناگـەرەکـیـە ئامـراز
یەک گـەورە و یـەک درێژ و یـەک خـڕ
والا و بـەنـێـــــو و نـیـــــوە پـڕ
دەرکـــەوتووە گش لە کـــارگـــای ئەو
سـەرسـووڕە جـیـهـان لە بارەگـای ئەو
سـەیریش ئەوە گـشـتـیـان لە کـارن
هـێندێکی پیـــادە هـێند ســـوارن
هـێـندێ بـە هـەران و هـێـندێ وسـتن
دەسـتـێک پەلەکـار و هێندێک سـستن
یـەک دێت و یـەکێ دەچێت و دەســتـێ
هەروا لە گـەڕە و هـەشـــە دەوەســتـێ
هێندێکی دەنووسـێ و هـێندێ وەستـان
یەک سـەربـڕە یەک بوێژی بەســتـــان
یەک خـــەم دەڕەوێنێ یـەک کـزووڵکەو
یەک ڕۆژ دەپەرستـێ یەک چرای شـەو
هـێـنـدێکـی بـەچـەشـنـی زیـنـی نـازار
هێندێ وەکـــو مـــەم دەبن گـرفـتـــار
ســـــەرپاکی بـەرۆشـنـی و جـــــوانـن
هـێند شـــــاهن و هـێند وەزیری وانـن

ئەستێرەی هێندێ بۆیە ناردوون
هێنانی بەهاری پێ ساردوون
ساڵ تازە دەبێتەوە کە هاتن
سەرما دەکەوێتە سەر هەڵاتن
گێڕایەوە بۆم پیاوەکی پیر
پیرێکی بە بیر و زیت و دڵژیر
گۆیا کە لە رۆژگاری پێشین
جەنگە و هەڕەتی کە دەر دەبێ شین
واتا کە دەبوو بەرۆژی سەرساڵ
هەرکەس دەردەچوونە دەشت و بەرپاڵ

کێژ و کوڕ و لاو و کۆنە ساڵان
باپیر و نەنک لەگەڵ منااڵن
جێژنی هەرە زل بوو جێژنی نەورۆز
تا پێوە بنووسێ جێژنی پیرۆز
تاکی نەدەمایەوە لەناو ماڵ
دەیدا لەدەر و لە چۆڵگە بای باڵ
نەخوازە کوڕ و کچی گەیشتوو
چی هێشتە لە یەکدی چێژ نەچێشتوو

رازاوە لە خشڵ و بەرگی باشا
چاو تێر بوو هەمووی لەبەر تەماشا
هەر لاوێ لە بیری خواستنایە
با کێژێ ببینێ چی تیایە
رۆژێ کە دەچوونە گەشتی دەشتێ
دەشت مشت بوو لە میوەی بەهەشتێ

هەر جـوان بوو لەیەک دەبوونە کـڕیار
ســـــــــەودا بـەدڵ و بـەچـاوە بـڕیـار
هەر تاک بـوو لە جـووتی چـاو دەگـێـڕا
تاک بۆی دەچـوو جـووت دەهـات لەوێڕا

سەیرانی جێژن و دەزگیران گرتن

دیسان کە نواندی جێژنی نەورۆز
لە گوێرەی رێ و شوێنی پیرۆز
گش ورد و درشتی ناو جزیرێ
بیگرە لە شوانێ تا وەزیرێ
شاری و رەمەکی و گزیر و هەرچی
تێیدا بوو شرە و گەڕۆک و چەرچی
پۆل پۆل دەگەڕان لە کێو و دەشتێ
خەمیان دەپەڕاند لە سەیر و گەشتێ
هێندێک بە پەیا دەچوونە باخان
سواران دەگەڕان لە کێو و شاخان
هێندێکی بە یەک یەک و جودایی
دەستێکی بە گەل بە دڵ تەبایی
هێند هاتبوو خانم و ژنی جوان
دنیا پڕی گوڵ بووبوو لە بەر وان
تێی هاتبوو هێند پەری و فرشتە
تا وابێ بەهەشتی گەورە دەشتە
کێژۆڵە و لاو روو بەخاڵان
لێوقەند و مەمک دوو لیمۆ کاڵان
خونچەدەم و رووبەخاڵ و خوێن سووک
لاوی تەڕ و تازە لووس و بێ تووک
کڕیار و فرۆش هەموو جوان بوو
نرخ و بەنرخ لەسەر روان بوو

نـازداری دەهـاتـه بـاری ســـــــەودا
نـەک کـــۆنـه پـەڕۆ و کـــەڵاف و هـەودا
جـــوانـچـــاکـی دەهـاته نـاو تـەرازوو
چـاو کـــاری دەکـــرد نه زۆری بـازوو
ئـەو رۆژه که دەبووه جـێژنی سـەر سـاڵ
منداڵی ده ســاڵ و پیــری سـەد ســاڵ
خـــۆیان نـەدەهـاته بیـــر چه جـــارێ
ئـاهـەنـگ و بـەزم بـوو تـا ئـێـــــوارێ

خۆ گۆڕینی تاژدین و مەم لە بەرگی کیژاندا

پرشنگی چرای لە گـومـبـەزی شین
کـردی دەمێ خـاکـەلێـوە رەنگین
ڕێ و شـوێنی گەلێک لەمێژ و زوو بوو
حـەو ڕۆژەیی جـێـژنـە بۆ پشـوو بوو
هـەر ڕێگـە درا بـە کـیـژ و لاوان
دانێکی نـەمـان لـە مـاڵی باوان
کچ دەچـووە دەرێ دڵێکـی ببـڕێ
کـوڕ دەچووە بـەرێ گـوڵێکی بکڕێ
تاژدین و مـەم ئەو دوو شـێـردڕانـە
پۆشـیـیـان شـمـەک و جلی کـچـانە
هـەوری لـە مـلان بە ئـۆیە دەسـمـاڵ
تافـتـە کـوڵەجـە کـراس و لێـوئاڵ
کاکـۆڵ بوو بووبوو بە بسک و پەرچەم
هـەردوو کـچـی قـۆز ئەگـەر ببـا مـەم
هـەر بۆیـە بـوو کـەس ئەوان نـەناسـێ
بـاش گـوێ دەنـە بـەزم و دەنگوباسـێ
بیـانـهـێـڵـە بـە بەرگی نازەنینان
بـا بچـینـەوە لای سـتی و زینان

گرفتاربوونی مەم و زین و ستی و تاژدین

بەداوی ئەوین

هەردووک دەگــەڕان بـە بەرگی گــۆڕاو
رامــان لـە شــتــێکی ســەیری نـاکــاو
دیتـــــیـــــان لـە پـڕێ لـە هـەر دەرێکا
هەر کــووچە و کــۆشک و پەنجــەرێکا
چەند تازەجــوان لـە چەشـنی ســەروان
پارچەی هەمـوو جـۆر و رەنگ لەبەر وان
پۆل پـۆل کچ و لاو بەدەســتــە دەســتــە
هێندەش ئـەوە پیــری دار بـە دەســتــە
هـێنـد زگ زل و هـێـنـدێ لات و لـووتـن
هێندە پـۆشـتـە و هێندی رووت و قـووتن
هـێندێکی گــران و هێـنـدێ ســووکن
هـێـنـدێـکـی زەلام و هـێـنـدێ چـووکـن
یەک کــاڵە لە پـێ یەکــێکە پـێ خــواس
یەک قــیــژە دەکــا یەکـێ وڕ و کــاس
یەک ســەرقــژنە یەکــێک بە کــاکــۆڵ
یەک خـۆڵ وەســەرە یەکـێ لەســەر خـۆڵ
پیــتــۆڵە یەکــێک یەکــێک بـە تیــتــۆڵ
یەک بـۆڵە دەکـــات و یـەک رووەو چـۆڵ
مــرکــیــوە یەکـێ یەکـێ لەســەر جـۆش
هێندێکی خــەواڵوو هێندێ ســەرخـۆش

هـێـنـدێ لـه بـڵـنـد و هـێـنـد لـه چـاڵـن
هـــەریـــەک لـــه هـــەوایـــەکـــی دەنـــاڵـــن
گـــوێ پڕ بـوو لـه نـاڵـەیـی بـه زامـــان
هـەرتـک بـه وڕی ســـەرێـکـی ڕامـــان
تـاژدیـن لـه یـەکـــێـکـی پـیـــری پـرسـی
لالۆ چـیـــیـــه ئـەو هـەرا و مـــەترسـی
پێـی وت کـچـەکـەم دوو نۆنـەمـام کـوڕ
ئـەمـــڕۆ لـەمـــه بـوونـه مـیـــری ســـەربڕ
هـەر کـــەس کـــه بـبـیـنـێ ئـەم دوولاوه
ئـیـــتـــــر ئـەمـــــه هـۆشـی نـا بـەلاوه
وتـیـــــان ئـەتـۆ دیـتـن ئـەو چـڕەنـگـن؟
فـــەرمـــووی بـەڵـێ دوو کـوڕی چـەلـەنـگـن
گـوتـیـان کـه هـەیانه تـیـر و خـــەنـجـــەر!
یان شـیـری شـــەتـەکـدراو له کـــەمـبـــەر!
فـــەرمـــووی کـــه بـەســـیـله چـاو و ئـاوڕ
لـەم کـــۆمـــەڵـه بـوونـه جـــەرگ و دڵـبـــڕ
لـەو پـرس و وەرامـــــەدا لـه نـاکـــــاو
دڵ تـرسـی لـه چـی بـوو هـاتـه بـەر چـاو
بـێ وێـنـه دوو کـــــــوڕ دوو تـازه لاون
ســێـبـــەنـگـی بـرۆن و مـــەســـتـــه چـاون
یـەک ڕەنـگ و شـــمـــەک گـــەلـێ تـەیـارن
بـــێـــگـــانـــه و ڕەنـــگ نـــەنـــاس دیـــارن
بـالا کـــــەڵـەگـــــەت نـیـــــان و نـەرمـن
تـا چـاو دەیـەوێ بـه نـاز و شـــــــەرمـن
هـەر لـەو جـێ کـه چـاو کـەوت بـه چـاوان
یـەکـــجـــێ فـــــڕی هـۆش و دڵ لـه تـاوان

فـــرمـــێـــسک دەڕژان لە چاوی تـاژدین
مـــــەم بوو بـە بـەفـــــر لە تـاوی هـاوین
بـەو تاوی جـــوانی تـاس و گـــێـــژبـووون
بـێ هـۆش لـە چـەقـی رێگـا درێژ بـووون

ئـەو هـەردوو کـــوڕی بـەناز و نـیـــمـــاز
دیـتـن دوو پـەری شـــــــەهـێـنـی چـاوبـاز
رۆژن وەکـــــو مـــــانـگـی رەنـگ زەردن
دڵـــدار و شـــکـــاوی بـــەردی دەردن
وەک تـازە کـــوژراو بـەهـەڵـبـــڵـــۆقـن
بـــەو تـــیـــنـــی ئـــەوینـــە هـــەڵـدەچـۆقـن
دوو ســـوارە بـەزینـە ســـەر نێـــچـیـــران
دیـتـــیـــانـن و کـــەوتـنـە چـاڵـی بـیـــران
زانـیـیـان کـە نێـچـیـرەکـان قـەڵـەو بـوون
بـازگـــیـــرە لـە داو نـەزەڕەکـــەو بـوون
وێـســـتـــان و روانـیـــیـــان بـە گـــەرمـی
دڵـیـــان کـــوڵـی کـــەوتـە بـاری نـەرمـی
لـەو جـــوانـیـــیـــە بـەم دوو ئـاسـکـانـە
ســـــــووتـا دڵـی ئـەم دوو نـاسـکـانـە
دڵـیـــــان بـە دڵـی یـەک ئـاشـنـا بـوون
دڵ ئـاوێـنـە بـوون و رووونـومـــــا بـوون
دڵ بـوونـە هـــەواڵ لـە ســـــووچـی چـاوا
کـــــۆچ کـــــردبـوو دوو دڵـی لـە نـاوا
خـوا هێندی لـە خـۆشـەویسـتی پێ دان
دڵـداری وەهـای لـەیـەک گـــــرێ دان

دەتگوت کــە چوار گــیــانە یەک لەش
گــیــانێکە لە چوار لەشــان بووە بەش
راسـتت دەوێ هەر یەکن لەش و گــیــان
رۆژی بەرێ یەکــیــەتی بوو بەشــیــان
گــیــانان هــەمــوو پێکەوە تەبا بوون
کــاتێ کــە لە بارەگــای خــوا بوون
ناردوونیــەتە گــرتووخــانەکــەی لەش
ئەو رۆژە جــیــاوەبوون بە دوو بەش
هێــشــتــا بڕێ مــرچ و مــۆڕ و گــرژن
ئــەو تیــــرەیــە نــاو نــران بــە دوژمــن
دەســتــێکی لە یەکــدی بوونە دڵدار
ئەو دەســتی کــەوت ژیانی رزگــار
وێ رۆژی لە گــوێری ئەم ســرشــتــە
تێکەڵ بوو دڵی دوو جــووت فــرشــتــە
کــاتێ کــە گــەیینە ســەر دوو زامــار
ئەو دوو کــورِی دیدەمــەســتی نازار
دوو گــوڵ دڵی دایە دووی وەکــو گــوڵ
پشکووت گــوڵی دڵ رژا کــوڵی دڵ
بوو رانی ســتێ ســەنیــری تاژدین
جێی گرت سەری مەم لە باوەشی زین
لێــویان دەخــشــاند بە کــوڵم و خــاڵ
چاو تێــــر نەدەبوون لــە بەژن و بــاڵ
وتیــان دەبێ ئەم کــچــانە چی بن
تۆ بڵێی کــە فــرشــتــە یان پەری بن
ئەو مــیــــوە لە باخی کێ چناون
ئەو گــــوڵ لە چ گــــوڵبنێ رواون

دوو تازە نەمامی کام دەراون
رەگیان بەگوڵاوێ ئاو دراون

فرمێسکی لە چاو و خوە لەسەرسنگ
لەو دوو گوڵە سیسە بوونە ئاونگ
سەرخۆشی ئەوین بە بۆنی وا خۆش
پێم سەیرە کە هیچ نەهاتنەوە هۆش
تابینە هەواڵی دیدەمەستان
ئەنگوستیلە دەرخران لە دەستان
گۆڕیانەوە کلکەوانەیی خۆ
نایانەوە داو دانەیی خۆ

هەڵماسی نقێم دران بە شووشە
کار هەر بە دڵە شتی دی پووشە
شیرنایەتیی جێژنە بوو بە تاڵی
قاڵ بوون بە ئەوین بەسە منااڵی
تاوپەڕ بوو و بەجێ نەما لەوێمان
خۆش رۆین و دووی نەخۆش بەجێمان
تاژدین و مەمی بەدڵ بریندار
پێوەندی دوو ئاسکی ناسک و نازار
وشیارەوبوون شەوە شەوەزەنگ
بەس نااڵیی دڵ نەبێ نییە دەنگ
دوو رۆژی بە رۆژ ون و نەدیون
وەک مانگەشەوێکی رەنگ پەڕیون
بێ هێز و کز و سڕ و کڕ و تاس
بێ تین و توان هڕ و وڕ و کاس

لاواز و زەبوون و نـیـــــوە مـــــــردوو
بـەشـلـێـک و دڵێـکـی جـــــــەردەبـردوو
تـاگـــــــەیـنـەوە مـــــــاڵ بـە لارەلارە
لێی بوونـە تـخـــێڵ بە جـــەرگی پـارە
نە زمـــان و نە ســەر نە خـواردن و خـەو
لایان وەکـــو یەک بـوو رۆژ لەگـەڵ شـــەو

تاژدین و مەم بە دەردی خۆیان دەزانن

ئەو باز و شـــــەهـێنی پەڕ پڕووزاو
تاژدیـن و مـــــــەمـی دوو دیدە درواو
بـۆ پـۆڕ و کـــــــەوان دەچـوونـە راوێ
چۆن راوێ بـە جـــووتە کـــەوتنە داوێ
لێی دان لـە پـڕ و نـاکـــــاو بـریسـکێ
ســووتان نـەبوو هـەڵبـدەن هـەنیـسـکێ
حـەورۆژەیی جـێژنە هات و چوو خـۆش
ئـەم جـووتە لە جـێ نەخـۆش و بـێ هـۆش

چـەند رۆژی تـریشـی هات بـە شـــوێنا
ســـەریان کـــە لـەســـەر ســـەرین هـەڵێنا
لێـــــڵایـی لـە چـاو و ڕەنـگ بـزڕکـــــاو
تـارمـــــــایـی نـەبـێ نـەهـاتـە بـەرچـاو
تاژدیـن بـە مـــەمـی دەگـوت ئـەتۆ کـــێی
مـەم سڵ بـوو پـتـر لـە راسـتـی هـاوڕێی
دەرمـــان و بـژیشـک و نـوشـت و یـاسـین
تـا هـاتـنـە ســـــەر یـەک و دووناسـین
خـــۆیان دی لـە پێـــچـی پاچـە بـەندان
پێچـراو لەش و گیان بـە چـەند کـەمـەندان
بـــێ چـاو و بـــێ دان و ئـــاو و بـــێ تـــاو
بـێ بـاڵ و لـە دڵ بـرین و لـەش خـــــاو
وەک چاوی جـوان نەخـۆش و سـەرخـۆش
وەک خـــاڵی لەســـەر ڕووان ســـیـــاپـۆش

وەک خـــونچـــەیی زاری یار دڵتـــەنگ
نـاڵین لـە رەگی دڵان وەکـــــو چـەنگ
وتیـــان دەبێ بۆچی ئێـــمـــە وابـین
کـەی جـــەنگ بووە ئێـمـە هەنگوابین
یـان بـۆ چـی وەهـا کـــــز و زەبـوونـین
پـــڕ دەرد و بـــریـــن دەر و دەروونـــین
بەو گـێـژییـە لە گـێژی بـیر و خـەمـدا
تاژدین دی لـە دەسـتی کـاکـە مـەمـدا
ئەنگوسـتـیـلەیەک نـقـێـم لە گـــەوهـەر
دەرناکـا لـە نرخی کـــەس ســـەرەودەر
وەک دەنکی هـەنـار و ئـاگـــری ســـوور
شـــەوبـایە دەڕۆیـی تیـــشـکی بـۆ دوور
نـووســـراوە لـەســـــەر وی نـاوی زیـنـێ
کـێـشـــای دەسی باشـــتـری ببـیـنـێ
مـــــەم دی لـەدەسـی ئـەویـش نـگـیـنـێ
هێـژای هـەمـوو گـەنجی سـەر زەمـیـنـێ
بـێ هـەسـتـێ کـە سـەیری کـردە دەسـتی
رەنگیـــوە بەنـاوی خـــاتوون ئـەســـتی
دوڕناسـی جـیـــهـــان لە راست ئـەوانە
هـێـــڕ و وڕ و گـــــێل و هـیـچ نـەزانـە
سـەد هێنده بە سـەنگی گەنجی قاروون
هـەر زێـڕی هـەیـە و هـەچـی لە نـاوچوون
ناهـێنـێ لەوانـە هێـشـتـــە هـەشت یـەک
هـیـچـیـــان بـۆ نـەمـا جـیـا لـە پـەک پـەک
پـەک پـەک کـــە چ باشن ئـەو نـقـێـمـــە
ناســـیـــیـــان بـەمـــە یاری دڵڕەقی مـــە

هەرچییان بەمە کرد ستی و زین بوون
وەدیارە کــە فــێــری دڵ دزین بوون

گــۆڕییــان لــەمــە خــۆ بەبەرگی گــۆڕاو
لاولاو بــە دوولاو دەهــاتــە بــەرچــاو
ئەو بـوون کــە لە رۆژی جــێــژنە هـاتن
وتمـان ئــەوە مـــــانگ و رۆژ هــەڵاتن
ئەو دوو پەرییانە دەســتــوەشــێن بوون
ئەو خـوێن شـیـرینانە خـوێنرژێن بوون

ئەو بـوون کــە لە ئــێــمــە بوونە دڵبــڕ
ئەو مــامــزە بوون کــە بوونە شــێــردڕ
ئەو هــۆشی ســـەری مـــەیان رفـــاندن
هــەرزان بــوو لــە نــرخــی چــاو چڕانـدن
تـاژدین کـــەمێ هــۆش و بیـــری لابـوو
مـــەم نابـێ بپـــرسـی هــەر نــەمـــا بـوو
تێی راخـوڕی مــەم دە هــەستـە بــەس بێ
تـاکـــەنگـێ تـخـــێڵ دەبـی لەنـاو جـێ
شــێـرین ئــەمــە ئەو دوو ئاسکی مـاڵین
شــووڕەییـیـــە لە دەست ئەوان بنـاڵین
مـــــــەم هـاتـە وەڵام بــە نـاڵە نـاڵـی
تـاژدین وەدیـارە هێـــشـــتـــا کـــاڵی
زۆرتـر لە تـە خـــۆم شـــڵـــۆق دەبـینـم
زۆر کـــــاریگـەرن هــەمـــــوو بـرینـم
مـــەمـــبـــینـە کـــەوا لـەســـەر زەمـــینـم
کـــــــوژراوی ئـەوینـی چـاوی زینـم

سـینەم هـەمـوو هەنجنە بـە برژانگ
گـیـانم بـووە گـیـر لە مـاهی لاجـانگ
بـێ شـوێنە دڵم لـە پرچی رەشـدا
وەک نەشتەرە هەرچی موون لە لەشدا
بەو شـیـری برۆی کـە تازە سـاون
بـەندبـەندی دڵ و جگـەر پـسـاون
ئارا لـە چە جـێـیـەکم نەمـاوە
تۆ ئـەو مـەمی دیت نـەمـا تـواوە
دڵداری بە راسـتی دای بەسـەرمـا
لـەو هێـرشـەدا نـەدڵ نـەسـەر مـا
گـیـان و جگـەر و دڵ و هـەناوم
دەست و سـەر و پێ و پشت و چاوم
سـوێندم بـە خـوا نیـانە ئارام
شـێتن هـەمـوولا لـەلام نـەمـا رام
تـا مـن بـەدەمم دەمـێ دەکـەم شـین
ئەو هـەریەکـە بۆ خـۆ بانگ دەکـا زین
وا دڵـڕەقـی بـەو ژیـانـە تـاڵـە
تووش بـووم و دەڵێی بـەسـە و مـەناڵە
وان بێـڵـە بـە ئـاخ و داخ و نـاڵان
بـابێـینـەوە سـەیری چـاوکـەژاڵان

زین و ئەستی بە چ دەردێ چووبوون؟

هەر چوونەوە مـــاڵێ بەو جـــلانە
رووت بوونەوە ئەو کـــەمـــەر شـــلانە
هەرچەندە جل و شـــمـــەک کـــە گـــۆڕان
چۆن دێنـەوە رەنگ و دڵ کـــــە دۆڕان
دڵداری لەنـاو دڵان خـــــزیبـــــوو
گـــوڵ رەنگی لە کـــوڵم و لێـــو دزی بوو
کـــەس نەیدەگـــوت ئەو ســـتی و زینن
پێت وابوو کـــە خـــەڵکی ژێر زەمـــینن
پیـــرێژنـی دێوی ئەم جـــیـــهـــانـە
تـایەن بـوو لە کـــۆشکی ئەم کـــچـــانـە
فـــەرهـادکـــوژەکـــەی لەلا تکێک ئـاو
گـــەڕبـازی بـەناو و حـــــەیزەبـوون نـاو
ئەو هـات بـەســـــەرا لـەوان دەمـــــاندا
چاوێکی خـشـــاند بـە رووی کـــچـــاندا
دیتی چـە بـبـــیـنـێ دووی کـــــز و لات
ئەی خـوایە ئەمـانـە چیـیـان بەسـەر هات
وا مـــــاتی خـــــەیاڵ و دووره ئـاگـــــان
بـەرچێـــڵـــــە ونـی دەکـــا چـەنـاگـــان
رووی رۆژ چیـیـە بـوونـە مـانگی یەکشـەو
چـاوبـاز کـــڕن ئـەمـــڕۆ بـوونـە مـــێکـەو
خـــــوێن بـوونـەتـە بـەفـــــری تـازە بـاریـو
یـاقـــوتـی دوولێـــو ســـپـین وەکـــو زیـو

کـوا کـاتـه کـه زەرد بـبن گـوڵـی سـوور
دەک ڕۆڵـه لـه چـاوی پـیـس و بـەد دوور
ئـەی هـێـــزی دڵ و کـــــزەی هـەنـاوم
هـــەریـــەک لـــەوە ڕۆشـنـــایـیـــی چـاوم
پـارێـزەری ئـێـــــوە هـەر خـــــوا بـێ
بـاڵا و هـەمـــــوو کـــــاتـێ بـێ بـەڵا بـێ
وا ئـێـــــوە ئـەوەنـد لـه بـەنـد و بـەرچـاو
چـۆن چـوونـه دەرێ بـه جـــــووتـه بـۆ ڕاو
چـۆن وا زوو گـــــەڕانـەوە بـەرەو مـــــاڵ
چـۆن سـەیرو نـەکـرد لـه جـێـژنـی سـەرسـاڵ
بـێـژن شـتـــەکـــه چـیـــیـــه و چـه ڕەنـگـه
ســـەرگـــێـــژیـیـــه یـان خـــەیـاڵـی بـەنـگـه
گـــــیـــــران بـه چـه داوێ چـۆن تـەڵـێـکـه
هـۆی ئـاگـــــره هـەرچـی دووکـــــەڵـێـکـه
دەنـگـێ بـکـەن و نـەکـــــەن کـــــچـــــانم
مـن بـۆ خـــۆ هـەمـــوو شـتـــێـک دەزانم
قـــــومـــــێـکـی دەپـێـــــژم و دەڕێـژم
چـو دیـوه لـەڕێـوه پـێـــــو دەبـێـــــژم
شـیـــشـــۆقـــه و مـــوروو تـێـکـەڵـاو کـــەم
چـیـــتـــان لـه دڵـایـه لـێـــو بـڵـاو کـــــەم
گـــــوتـیـــــان بـەدزی بـه پـیـــــره زاڵـی
لـەو کـــــاتـەوه چـووینـه دەر لـه مـــــاڵـی
هـەر کـەس کـه دووچـاری ئـێـمـه بـوو زوو
شـێـت بـوو و دڵ و هـۆشـیـان لـه دەس چـوو

ئـەم زۆرییـــــــه زۆره هـاتـه ڕێـمـــــان
پـێـــــوەنـدی ئـەوینـێ هـاتـه پـێـــمـــــان

شێت بوون بەمە زۆر و دای لە سەریان
ئێمەش ئەوە بووینە شێتی پەریان

هەر بستێ لەمان ئەمانە دایە
لووسایی زمانی کەوتە کایە
چاومەس دەسەرو گەڕێم هەزار جار
ئێوەی کچی پاتشان و خونکار
کێ بێ کە ببێ لە ئێوە بێباک
کێ بێ کە نەدات بە ئێوە پیتاک
دەستان کە بەدەستی هەر کەسێ دا
دەیدا سەر و گیان و دڵ لە ڕێدا
نەخوازە کە ئێرەیی بێ دڵدار
من بیگەمێ ئیستە دێتە بەر بار
کام داری بڵندە دای دەهێنم
هەر شێتی دەکەم دڵی دەسێنم
وتیان هەموو وایە هەرچی دەیڵێی
ناسراوی لە لای ئێمە تۆ کێی
دەرمانی برینی مەت لە دەس دێت
شەرمێکە دەمانگرێ بڵێین پێت
دەردی مە گەلێک بە ئێش و ئۆیە
ڕێ کوێرە بە درکە پڕ کڵۆیە
چەندەی هەیە کێژ و کوڕ لە بۆتان
چەند هێندە کە ناو براوە بۆتان
هەرکەس بەجوانی ناوی داخەن
نووسراو لە سیایی ئێمەدا هەن
لەم شارە هەچێکی مەستە چاون

دیومـــانن و گـــشـــتی ناســـراون
ئیـــمـــڕۆکـــه دوو کچ بـه ئـاڵ و والا
وەک یـەک بەشـــمـــەک بە ســـاڵ و بـالا
دوو رۆژ کـــــه هـەڵێن بـزانـه هـەو بـوون
هـەنییـان وەکـو مـانگی چاردەشـەو بوون
تووشـیـان بوو بە تـووشـمـان لە نـاکـاو
چۆن دڵ نـەپـەڕێت و ئـاو نـەکـــا چـاو
هـەر چـووینـه نـزیـکـی وان بـەدیمـەن
دیمـان نـه لـه ئـاو و گـڵ وەکی مـــــەن
وەدیـارە فـــرشـــتـــه یـان پەری بـوون
دوو ســێـــوی بەهەشـــتـی داوەری بوون
ئـەو بۆ مـــه بـه جـــووتـه کـــەتنـه داوان
ئێـــمـــەش ئـەوە شـــێت دەبـین لـه تـاوان
رووومـــان وەکـــو مـــانـگ و رۆژێ وا بوون
ئـەو ئـاوێـنـەیـەکی رووونـومـــــا بـوون
ئەو شـــووشـه ئـەمـیش چرای بەرانبـەر
تیـشـکی مـه گـەڕاوە بۆ مـه لەو ســەر
شـــۆقـێ کـــه گـــەڕاوە دای لە ئێـــمـــه
تـاوانـدی دڵی مـــه هـای لـه ئێـــمـــه
ســەر کـوڵمی مـه ئـاگـری بە گـڕ بوون
ئـەو وەک دوو چـرای لـه رۆنـێ پڕ بـوون
گـــڕ گـــرتی و کـــەوتە هـەردوو لامـــان
دڵ بـووەتە مـــەکـــۆی برین و زامـــان
ســووتاین گش و ئێستـه کۆی زوخـاڵین
لات وایـه کـــه نـوقـــمـی ناو خـــەیاڵین

تایەن لەم وتانە سەرگەردانە

دایەن ســـەری ســـوورِ بوو لەم وتانە
رووی کـــردە کـــچـــان وتی: چتـــانە
چۆن ئێـــوە نەچوون بە تیلی چاوان
کـــــورِ راوکـــــەن و دڵ بەرن لە لاوان
بۆ خـــــــۆ و کچ و کچ دەبن بـە یارو
لام وایە شـــڵـــۆقـــە کـــاروبارو
دڵداریی کـــچـــان لە ئێـــوە نایە
کـەس ناچتـــە ســـەمـایە بەو هـەوایە
پێـویستـــە کـچـان بە کـورِ بنازن
لاویش گـــەرەکـــە کـــچـــان بخـــوازن
بێـــهـــودەیە کچ لە کچ کـــە جـــووتە
لاو لاوی بـــوێ لـــە هـــۆزی لـــووتـــە
کچ ســـوورگـــوڵی دەســـچنی خـــوایە
کـــــــورِ ئـاوی ژیـان و ژینـنـی لایـە
کورِ خوێن و کچیش لەشن هەتا جوێن
بێ خـوێن لەشن و لەشـانی بێ خـوێن
تا بـێ کـچـە کـورِ شـــەوە بەبێ مـانگ
تـا بـێ کـــــورِە کچ نـوێژە بـەبـێ بـانگ
کچ بـۆ کـچـێ چۆن بـە هاوســـەری بێ
جـــا با کـــچی پاتشـــای پەری بـێ
خـوســرەو کـە نـەبا ســواری شـــەودێز
شـــیـــرن لە شـــەکـر دەبـوو بە پـەرویز

فـەرهـاد و شـیـرین ئەگـەر نەبوونا
رووشـێک نەدەهات بـە بێـسـتـوونا
ئەو گش کـورِ و کـاڵە هەن لە شـارا
بـەگـزادە و سـادە سـاز و دارا
چوونو دڵ و دا بـە دوو کـچـۆڵان
چڵکاو چڵـەپێنی دەرک و کـۆڵان
بێ ناو و نیـشـان و کـەس نـەناسـان
کـارێکە نەهێندە سـووک و هاسـان
من دیمەوە هـیـچ مـەبن هـەراسـان
خـەودیتـەن و هێشتـە هەر لە تاسـان
ئەو چەڵتە چەڵت کە گەییـە گوێی زین
تێی راخـورِی بەسـیـە پیری سـەرشین
نـازانی دەڵێی چی کـۆنـە فـەرتووت
هۆشت نیـیـە چی دەڵێی و چت گـوت
نەتگوت کـە قـوم و گـڵی بـە باکـەی
پێت دەکـرێ نـهـێنی ئاشکراکـەی
ئێـسـتـا کـە دەڵێی خـەیاڵ و خـەونە
بیـرت وەکـو خـۆت رزیو و کـەونە
ئەو جـووتە فـرشـتـە یان پەری بوون
کچ یان کـورِ و کێ و کـێندەری بوون
دیومـانن و دەشـتـەوێ نیـشـانە
ئەنگوسـتـیلەیان لە پەنجـەمـانە
گـەر جـادووگـەریت نەهەر زمـانە
بیـانبـینەوە خـێـوی کلکەوانە
پیـرێژنی زمـاندرێژ و جـادوو
دەرخـەن لە دەسـو کـوتی دەجـا زوو

تـا ڕۆژ ئـەوە دەسـت بـە دەسـنـوێـژم
خـــەو ناچـەژم و قـــومـێ دەپێـــژم
خـێـویان چە پـەری و چە دێو و خـێـوە
دەیـنـاسـم و پـێـــــو دەڵێـم لـە ڕێـوە
گـــورجێ ســتـی دایە هـەنگولیـسـک
زین دادی دەدا دەگـــەڵ هـەنیـــسـک
پـاڕاوە لـە تـایـەنـێ بـە گـــــــریـان
لێم دووربـێ جگـەر دەبێـتـــە بریـان
گـــۆمـــێکە لە خـــوێن دڵی هـەژارم
هـەرچـەندە بڵـــــێی ئـەوەندە پـەژارم
ئـەو کـاتە کـە گـێـژی دڵ دەجـۆشـێ
گـــیـــانم بـەرەو چوونـەدەر دەکـــۆشـێ
فـێنکی کـــوڵی دڵمـــە ئـەو نقـێـمـــە
لێم ون بـێ جگـەر دەبێـتـــە قـیـمـــە
ســوێندت بـە خـوا دەدەم گـــەلێ زووم
بـۆ بـێنـەوە تاکـــــو بـۆی نـەمـــــردووم

تایەن دەچتە کن نوشتەنووس

پیـــرێژنی ســـەلکە تەپڵـــە گـــوێنی
بـوولێـــڵـــە کـــە دەرکـــەوت نهـــێنی
خـــۆی کـــرد بە کـــوڵیـــتی جـــادووێکدا
تـۆرتۆی دەمـی ســـەلم و تـووری لێک دا
مـن بێـــــوەژنێکی بـێ پەســـــیـــــوم
بـێ خـــــــــانـە و لانـە و بـێ بـژیـوم
پەرژینـی بە گـــوڵ بێ دوو کـــوڕم هـەن
دووی بـێکەسـی زۆر شـــــڕ و وڕم هـەن
چـووبوونـە گـــەڕانـی چـۆڵ و دەشـــتێ
تووش بـوون بە رمـــۆزنان لـە گـــەشـــتێ
هـاتوونـەوە شـــێت و رەنـگ بـزڕکـــاو
نە شـتـێکی دەخـۆن نە لێک دەنـێن چاو
بـێ هـۆش و زمـــان لـە جـێـــوە کـــەوتن
نـەمـاوە حـــــەســـانـەوە و ســـــرەوتـن
دووم ـــێـنـەکـــەیـان لـە دەســـتـی نـاون
دەســـــیـــــان لێـــوەشـــــاوە هـەنگـواون
بـڕوانـە چـیـــــــــــــە بڵـێ بـزانم
دەردت لـە کـــــزەی دڵ و گـــــیـــــانم
فـێـداریـیـە شـێـتـیـیـە دڵئـێـشـە
چارەم بـە چـیـــیـە و چ ڕێم لـە پێـشـە
هـــەرچـــی هـــەیـــە لـــەم دووانـــەڕایـــە
ئـاڵە و شـــــەوە دەســـتـــیـــان تیـــایـە

خـێـویان چ مـرۆ و چ خـێـو و دێون
پێـــمی بڵـێ کـــێن چن و چ نێـــون
جـادووگـەری ژیر و سـووک لە شـانان
زانـا بـە گـــەلێ وشـــەو و زمـــانان
ئـامـــڕاز و پســـووڵە کـــۆنی رانان
دەیڕوانی لە ســـووڕی عـاســمـــانان
"جووتەی کەو"ی گەش نزیکی یەک دین
دەرچـوون ئەوە بـوون ســـتی و تـاژدین
سـووڕاندی گەیشـتـە "لەیل و مـەجنون"
بەریان تەمی خـەم بوو زین و مـەم بوون
جـــادوو گـــوتـی بەســـیـــە پیـــرە دایە
هـێـنـد زۆرە درۆت دوایـــیـــی نـــایـــە
لێم بـووی بـە گـــوریسی نـاو هـەمـــانـە
راســـتی بکە پیـــشـــە بەس لـەمـــانـە
کـــوانێ کـــوڕی چی هـەڵی دەبەســـتی
هـاتووی لـەدوو کـــاری زین و ئەســـتی
لەو دەشـتـــە لە رۆژی جـێـژنـی نەورۆز
تووشیـان بوو بە تووشی دوو کوڕی قۆز

دوو مـــانگ و دوو رۆژ بـەیەک گـــەیشتن
یـەکـــــدەم دەم و دڵ دەیەک گـــــەیشـتن
ئەم جـــێـــژنـە کـــە دێ لە کـــوردەواری
زۆر پیـــشـــە و باوە کـــۆســـەکـــاری
بـوو بەرگی کـــوڕان لە ئەســـتی و زین
لە کـــوڕان بوو جلی کـــچـــانـە پەرژین

ئەو بوون لە گـڕەی ئەوینی بێـهـۆش
ئەم بوون لە مـەیی جـوانـی سـەرخـۆش
ئەو سـووتـەڵی گـڕمـەلای ئـەوینن
ئـەم تـینـووی کـەربـەلای ئـەوینن
گـۆڕییـانەوە کلکەوانـە دوو جـووت
شـیـشـۆقـەیی شین بـە نرخی یاقـووت
تـایـەن وتـی تـۆم گـەشـەی دڵانـی
پسـپـۆڕی هـەمـوو شـتـێک دەزانی
ئـەو جـووتە کـوڕەی ئەوەندە قـۆزن
کـێـهـە رەگـەزن لە کـامـە هـۆزن
بـەگـزادە و خـانـەدانی شـارن
یـان بـۆرەپـیـاگ و بـاب هـەژارن
فـەرمـووی لە رەوشـتـی دڵتـەڕیدا
سـەودایـە هـەیـە دەڵـێـن لـەویـدا
دوو دڵ کـە بـەیـەکـتـری گـەیشتن
پێـغـەمـبـەر و خـواشـیـان لە پشتن
نـەخـوازە ئـەوانـە دوون شـرین کـوڕ
مـرواریـیـە یەک یـەکی وەکـو دوڕ
یـەک رۆڵـەی نووسـەرێکی مـیـرە
یـەک خـزمـی نـزیک و بـاب وەزیرە
ئـەو تـایـەنـی پـڕ بـڕ و بـەهـانـە
پێی گـوت کـە نیـشـانـە نین ئـەمـانە
دڵداری سـتـی و زیـن هـەزارە
هـەی هـو چ هـەزارە بـێ ژمـارە
کـاروانـکـوژی چاوی ئـەو دووانـە
پـیـریش دەکـوژێ چـە جـای جـوانـە

لێت رووبه کـــــه چەندە لەم چزیرە
بەگـزادە و خـــان و مـــەزن و مـــیـــرە
چاکـــــــەی بکە پەردەپۆشی لادە
کـــێن ئەم دووە ســـادە گـــەورە زادە
بڕیاربێ بزانم و بـیـــــــاندوێنم
چل زێڕی بســـــێنم و بۆتی بێنم
جـادوو گـوتی خـۆت وەبینە شـوێنێ
بیـــپـــشکنە گش کـــەل و کـــولێنێ
هەرکـەس کە دەڵێن کـزە و نەخـۆشـە
بۆ دیتنی گـــــورجـێ تێ بکۆشـــــە
گـــەرخـــۆت بکەیە بژیشک و زانیـــار
چاوت دەکـــــــەوێ بـە هـەردوو دڵدار
ئەم جـــووتە فـــرشـــتـــە بۆ جـــوانی
بیـــانبـینی دەمـە و لە حـاست دەزانی
نەخـــوازە لە دەست نقـــێـــمی رەنگین
رەنگـینـە بـەنـاوی ئەســـــــتی و زین
لەو کـــاتەوە پیـــرە بوو بە لوقـــمـــان
تووربێن پڕی شـــووشـــە ئاو و هـەتوان
دەرمـــان هـەمـــەڕەنگە تۆز و نەشـتـــەر
کـــۆڵانی دەپشکنین ســـــەرانســـــەر
هێـدی و مـڕومـۆچ و کـوورِ و چاوزیت
پێی وابـوو بژیشکە هـەرچی دەیدیت
گـورجـێکی گـەیشـتـە پیـشـە کـاران
زووی دیتـــــەوە جـێ تەمـــــاڵی یـاران
پرسـیـیـان چە کـەسی ئەرێ پیـرێژن
فـــەرمـــووی ژنی چی بژیشکی بێـــژن

چاری هەمووو دەردێ باش دەزانم
پسپۆڕی دوو ژانی زۆر گرانم
چی ئێشی دڵان و ژانی گیانە
دەستی منە چارەسازی وانە
گوتیان چیە ژانی گیان چە جۆرە
ژانێکە وتی نیشانی زۆرە

دەردێکی گەلێ گران و سەختە
چابوونی گرێدراوی بەختە
ئەو ئێشە لە ئێوە دوور گەلی گوڕ
تیشکێکە لە ڕووی کچا جگەربڕ
کاتێ دەردەچێ وەکو بڕووسکە
بێ گڵپ و گڕ و بەبێ تڕووسکە
بێ زام و شکست و بێ برینە
ئەو ژانە ئەوینە زۆر بەتینە
دەیکا بە خەڵووز دڵ و هەناوان
خوێن فیچقە دەکا لە دڵ لە چاوان
وتیان وەرە سەر دوو چاوی ئێمە
بەو ژانە دەژین دوو لاوی ئێمە
دەی بیخەرە روو هەچێکی پێتە
چاوی مە لە پیتی دەست و پێتە
هەر چیت بوێ گورجێ دێتە بەردەس
هێند زێڕ ببەوە هەتا دەڵێی بەس
تایەن کە گەیشتە سەر نەخۆشان
زانی بە نیاز گەیی نەپۆشان

فـــەرمـــووی بەتەنێـــو دەبێ ببـــینم
وا باشـــــتـــــرە شـــــارەزای ئەوینم
جـــــارێ دەبێ تێـــــو بگەم لە پاشی
دەرمـــــــــانـو بـکـەونـە بـاشـی
هـاوڕێ هـەمـــــووچوونـە دەر لـەلایان
تـــایـــەن تـــەکـی دا بـــە تـــەک بـرایـــان

درکاندنی رازی دڵ لەلای تایەن

دوو لاوە کـــــــە چـاویـان هـەڵێـنـا
چـاوی مـــەلەوان لـە گـــۆمـی خـــوێنا
دیـتـیـان یـەکی پیـــرە هـەڵـتـرووشـکاو
وەک لانکی شرۆڵ شـەق و شڕ و شکاو
وا ورتـەورت شـــتـــــێک دەبـێـــژێ
فـرمـێـسکی لە چاوی کـــز دەڕێژێ
گـــوتیـــان چ کـەســێکی پیـــرە دایە
بـۆ دەگـــــری وە دەرخـــــە چت لـەلایـە
فـــەرمـــووی بـەســـەری ســـتی و زینێ
بـۆ ئێـــوە دەکـــەم گـــرین و شـــینێ
نـەخـــــوازە لـە کن ســـــتی و زینـان
دێم پێم هـەیـە شـــــەڵـتـــــە بـۆ بـرینـان
ئـەنگوســـتـــیلەکـــانـو ئـەم دووانـەن
باوەڕ کـــە نـەکـــەن ئـەوەم نیـــشـــانـەن
کـــــوا بمدەنـێ هـی ئـەوان بـەمـــــەردی
ئابڕووی دوو کـچـان مـەدەن لە بـەردی
راســـــــپـــــاردەم و تـایـەنـی ئـەوانم
نـامـنـێـــرنـەوە نـاهـومـــــێـــد دەزانم
کـــاتـێکی کـــە پیـــرەیـان وەهـا دی
هـەســتـانـەوە گـەشکە بوون لـە شـادی
یـەک مـاچی دەدان لە دەســتی چـرچی
یـەک بـۆنی دەکـرد لـە تیـسکی پـرچی

یەک دەستی لە بەژنی کووڕ وەرێنا و
یەک کەوشی دەخستە سەر سەر و چاو
تایەن بەمە جەرگی بوو بە بریان
دەیگوت بە دوو چاوی پڕ لە گریان
رۆڵەم بە خوای لە ژووری سەرمان
بۆ دەردی دڵو دەبم بە دەرمان
باڵداری هومێد بە داوێ دەگرم
دڵخۆشو دەکەم بژیم و نەمرم
هەرچوارو وەکۆ دەکەم وەکو کۆ
کار پێک دێ بە ئارەزووی دڵی نگۆ
ئەنگوستیلە بۆ بەژن نەمان
هەر بەرمەوە دێنمەوە وەڵامان
تاژدین لە دەسی دەرانی هی خۆی
پێی وت وەرە فەرموو بیبەوە بۆی
مەم روانی بەبێ نقێمی زینێ
ناژی بە ژیان لەسەر زەمینێ
بمبەخشە گوتی سەرم لەبەر پێت
هەر دامەوە پێت لە جێ دەبم شێت
ئەوناوە کە چووەتە ئەو نەقیمە
پێوەندی لە بەندی جەرگ و سیمە
گەر بتدەمێ بەندی دڵ پساوە
بێ ئەو لە ژیان بەشم بڕاوە
ئەی دایە لە ڕێی جوانیی زینێ
با بێت بەزەییت بەدڵبرینێ
گەر چوویەوە زین دەبینی هەردەم
پرسی کە لە من بڵێ دەڵێ مەم

ئەو شـــایە ئەگـــەر چی مـن گـــەدا بم
لێم رووبنە کـــــە نـاهـومـــێـــــدی نـابم
بـا خـــــــــواسـتن و دیـتـنـی نـەوێـرم
دڵـخـــــۆش بـە خـــــەیاڵی رادەبـوێـرم
ئـاخ خـــۆزگـــە لـە پێش ئـەوەی دەمـــردم
دەمـگـوت ئـەوە زیـنـە یـادی کـــــــردم
زۆر جـــــوانـە لـە ئـاهـی دڵ بـتـــــرسـێ
جـــــار جـــــارە چـلـۆنـەیـەک بـپـــرسـێ

گەڕانەوەی پیرێژن بۆ لای چاومەستان

ئەو هەردوو بەژن نەمامی وا شەنگ
دانیشتو لە چەشنی خونچە دڵتەنگ
خاوی مەیی خەوپەڕێنی دوێنن
بە هومێدی مەیەکی خەمڕەوێن
چاویان دەگەڕاند دییان لە ناکاو
وا تایەنە دێ بەوردە هەنگاو
سەیری بوو کە پیرە هاتە ژوورێ
پووڕەی بوو پەری لە دەوری پوورێ
پیرۆزە گەیشتە دیدەمەستان
ماچ گەییە هەزار لە لاق و دەستان
وتیان بڵێ ئەو فرشتە کامن
دوورن لە وزەی تۆ یانە رامن
ئەم دوو پەرییەت لە تەپکە هاڵا
یان هاتیەوە هەر بەدەستی واڵا
ئەو تیری لە جەرگی ئێمە راچوون
هاوێژەری وان دەزانی کێ بوون
سوێندم بە دووچاوی مەستی ئێوە
وا دێم وتی لای ئەوان لە رێوە
چەندم بەزەیی بەوانەدا دێ
چو کردووە بەژنو بێ بەڵابێ
هەر جارێ ستی و زین دەبێژن
چاویان دوو پلووسکە خوێن دەڕێژن

تایەن دەبەرو مـــرێ کـــچـــانم
چەند ســاڵە ئەوێســتــە پێــو دەزانم
ئەو جــووتە کــورِەو چڵــۆن بژاردن
چۆنتــان بە خــوای ئەوین ســپــاردن
بەو خـوایە کـە کـەس نیـیـە لـە رەنگی
ئەو جـووتە لـە باری شـۆخ و شـەنگی
ســەرتۆپی کــورِانی ئـەم جـیــهــانەن
تـای ئێـــوە ئـەگـــەر بـکـەن ئـەوانـەن
دوو سـێـوی بەهەشــتی لـەت کـراون
دوو لــەت ئــەوەتــا دوو ئــەو دوو لاون
وای گـــــرتـنـەبـەر بـە چـاو و راوان
هـەر هێنـدە بوو شـێت نـەبوون لە تاوان
ئـاوری دەگــەیاندە نـەوت و پووشـــوو
هـەر خــۆشـی دەکـرد و گـرِ بڵـند بوو
دڵ تـورە ئـەوین گـــــرِێکـە داگـــــر
دڵ چـەند تـەرِە هێنـدە دەگــرێ ئـاگــر
وەک تـاقـــــە لـەش و ئـەوین چـرایـە
گـــیـــان رۆنـە پڵـــێـت نە ئـاشـکرایـە
گـــەر رۆن و پڵـــیـــتـــە گـــەر چرایـە
بـەســـراوە هـەمـــووی بـە تـاقـــە تـایـە
بـەم ئـاگـرە گـشـتـیـان ســەروبـەر
ســووتان و یەکێ دەری نەکـرد ســەر
گـوتیـان دەبـێ ببـیـە چارەســازمـان
کـــاریکی بکەی نـەشـێـــوێ نازمـــان
ئـاودێری و ئێـمـە هـێـشـتـە کـاڵین
تـۆ زمـــان نـەبی ئێـــمـــە لاڵ و پاڵین

تۆمـــان نەبێ وشک دەبین و بێ بەر
هۆشمـان نەدەیەی دەکەین خەزەڵوەر
تۆی بۆمــە بەڕاســتی ســەرپەرشــتی
هەر تۆ کەس و کار و گشت لە گشتی
نەتوت وەکـــــو دوو پەپـوولە ئەو لاو
بۆمـــەن پڕووکـــاو و هـەڵپـــڕووزاو
دەیســـــا دەبێ چەندە چاوەڕێت بن
زو نەچیـــەوە زۆر نزیکە شـــێت بن
هـەڕاکـــــــە بـەلەز بـلّـێ بـە تـاژدیـن
ئەو ئەســتی ئەگـەر دەوێت و مـەم زین
مــزگـێنی لەوان بێ ئێــمــە ســازین
ئاواتی مـــەشـــە و بـەدڵ دەخـــوازین
بۆ وان دڵی ئێــمـــە گـــەرم و نەرمـــە
درکـــانی گـــرانـە کـچ بەشـــەرمـــە
ئەو پەردە لە رووی کـــوڕان نەمـــاوە
شـــەرمـــێـــونی دنبـــەگی دراوە
خـــوازبێنیکەران بنێـــرنە پێـــشی
هیـــوا هـەیە کـــەس پڕی نەکـــێـــشێ
توخـــوا بلّـێ بەو دوولاوی دڵبـــەند
چەندیان هەیە دۆست و دەستوپێوەند
هـەرچـی کـــــــە دەڵـێن نـزای رەوایـە
گـــشـــــتی لە خـــوا بکەن تکایە
ئەم دووریـیـــــەمـــــان لەناو وەلابات
پێکمـــــان ببـــــڕێ و بگەینە ئاوات

خوازبێنیی ئەستی بۆ تاژدین

چەند خۆشە نەخۆش نەخۆشی دڵ بێ
کــەم مــابێ نزیکی گــۆڕ و گڵ بێ
لەو کــــاتە بژیشکی بۆ پەیابێ
دەرمــــــانی دڵی بکات و چابێ
چەند خــۆشــــە وەڵام بگاتە دڵدار
مــزگــێنی بداتێ ســاز بووە یار
دیســان وەرە ســەیری پیــرە تایەن
فــێــڵاوییــەکــە فــێــڵی لە بنە نایەن
بۆی کــــەوتەوە ناو جلی بژیشکان
چاویلکە لە چاو و دەس بە پیــشکان
خــــۆی کــــردەوە لانی جــــووتە لاوا
خــــۆشی و بزە وا لە لێــــو و چاوا
مــزگــێنی لە چەشنی ئاگــری گــەش
رووناکی دەکــرد لەوان شــــەوی رەش
فــــێنکاییی دەدا دڵی بە کــــوڵیــــان
ســــارێژ بوو هەمــــوو بریــنی دڵیــان
کــــــۆبوونــەوە هــەر یــەکــــەی لەلایە
چەند پیــــر و ردێنســــپی و مــــەلایە
هەرچی کــە لە پێش و کــەیخــوا بوو
گــشــتی بەروڕووی لە مــاڵی شــا بوو
گــوتیــان دەســەرت گــەڕێ ســەر و مــاڵ
پێــشکەشــــتــــە ژیان و زیــچ و منداڵ

مەزنی گەلی کوردی مەرد و ڕەندی
خاوەن دەسەڵات و گیروبەندی
سەرمان هەموو پردەبازی سەر ڕێت
چی سارد و گەرم نەیێتە بەر پێت
تۆی سایە چەور لەسەر سەری مە
تۆی هاندەری بۆ پەنابەری مە
رووت نا لە کەسێک گەلێ بە بەختە
کێ تۆ نەتەوێ ژیانی سەختە
تاژدین کە نزیکە خزمی تۆیە
بەندەی هەرە چووک و نزمی تۆیە
ساوا بوو لە کۆشی دایک و باوا
زاوا بووە ئێستە بیکە زاوا
هیوا ئەوەیە ڕەوای ببینی
ئەستی بدەیەی بە هاوسەرینی
فەرمووی چ دەڵێن دەبا وەها بێ
جێ گیرە شتێکی پێو ڕەوابێ
دەمڕاست و مەلا بڵا نەوەستن
تاژدین و ستی لەیەک ببەستن
زۆر شادە دڵم بە کاری ئاوا
پیرۆزبێ ژیانی بووک و زاوا
هەستا دەم و دەس چەکۆی بەدڵ ژیر
بەسپاسەوە کەوتە دەست و پێی میر
خوازبێنیکەران لە بەگ لە میران
دارا و نەدار و لاو و پیران
پارانەوە مەزنی کوردەواری
زیندوو بێ بە کام و پایەداری

فـــەرمـــووی بکوتن دەهـۆڵی شـــادی
وەک ئەو هەلە کـێـیـە بێـتـە یادی
مـــەیگێـــڕ نە دەمی تنۆک – تنـۆکـــە
مـــەی کـــۆنە لەزاری کـــووپە رۆکـــە
هـەل هـاتـووە خـــــەم بدەیـن بـەبـادا
هـەڵکەوتـووە کـــەس لـەدەســـتـی نـادا
کـێ زانـی وچـانـی بـا نـەخـــــەیـنـێ
شـــەو ئاوســـە چی دەبـێ ســبـــەیـنـێ
دڵشـــــادی و شـین بـەرەی زگـــــێکن
گـــــریـان و کـــــەنـین بـەرەی لـکێکن
پێکهـــاتی گـــەڕی ئەم ئاســـمـــانـە
جـــــارێکـی ژیـانـە دووی نـەمـــــانـە
رووناکـــە بەرێک ســـەرێک تەپـومـــژ
کچ بەخـشـە چەلێک هـەلێکی کـوڕ کـوژ
دنیـــا وەکـــو شـــیـــرە لێی بـتـــرسـێ
گـــــەر هـاتـە بڕین لـە کـێ دەپـرسـێ
هـەل هاتووە خـــۆشـــە چاوەڕێی چـین
بـڕیـاربـێ ســـــــەبـارەتـی بـە تـاژدیـن
مـــەزنـایـی لەوێ بـووەســـتـێ ئـێـــوە
دامنێن وەکـو خـۆ لە ئـێـسـتـە پـێـوە
زۆر هـــاتـــووە ئـــەو بـــەدەوری مـنـــدا
دەســتـپـــاک و بەکـــار بوو هـەر لەبندا
شـــێـــرێکە لەجـــەنگ گـــوڵە لـە ئاهـەنگ
دەنـگ داوەوەێکـە ژیـر و بـێـــــــدەنـگ
پـێـــویســـتـــە لـە رێی کـــوڕێکی ئـاوا
ئـەمـنـیـش ئـەمـــــەگم هـەبـێ لـە چـاوا

نۆرەی منە جا لەسەرمە هەستم
بۆ کۆمەگی ئەو کەمەر ببەستم
کێ بێ و کەسی وای هەبێ گیانی
نابەخشێ لە رێی بەکامەرانی
گەر بمبێ نە هەر سەرێک هەزار سەر
گەنجینەی سەرزەوی سەروبەر
نەیدەم لە رێگای کەسێکی وا دا
مەردایەتی من بچێ بە بادا
تاژدین کە لەوێ دەسەو کەمەر بوو
بەروانکەی کارکەریی لەبەر بوو
ئەو خێوی شکۆیە هەر لەجێدا
لێی کردەوە خۆی لە خۆی گرێدا
رازاندیەوە جۆرە نان و خوانێک
خوان هەر مەڵێ بووبووە عاسمانێک
پێت وا بوو لەسەر سەلان لە جێی نان
کولێرەی مانگ و رۆژی هێنان
ئەو لەنگەرییەی لە زیو و زێڕان
عاسمانی لەسەر دەسان دەگێڕان
تا کاوڕ و گیسکی عاسمانان
برژان و نرایە بەر میوانان
هەر قاپی زەلام لە رەنگی بورجێ
سەرپۆشی فڕێ درابوو گورجێ
کۆجیلە و پیاڵەکانی فەغفور
ئەستێرە و رۆشنی دەدا دوور
شاکاشی هەمووی لە چەشنی عەنبار
سەرڕێژ وەکو نەوسی پیاوی بەدکار

خـواردن هەمـەڕەنگە چـەور و شـیـرن
نـەرمـــیش بـۆ بەشـی ئـەوانـی پیـــرن
ئـاوخـــۆرە و قـــومـــقـــومـــۆکی چینـی
نـاو ژوور دەگـــــــەڕان بـە نـازەنـینـی

ئـەســـتـــێـــرە گـــەڕیدە بـوون ئـەوانـە
دەتـدین هـەمـــوو دەم نـە هـەر شـــەوانـە
هـەرمـێ و هـولّـو شـــەلّانـی و ســـێـــو
دەتـوانـەوە هـەر دەگـــەینـە ســـەر لـێـــو
نـارنج و بـەهـێ و هـەنـار و لیـــمـــــۆ
چـەرخـیـان بوو لەبـەر شـەقـا وەکـو گـۆ
مـاسـتـاو و گـولّاو خـۆشـاو و قـەنداو
فـــێـنکاییی دلّان و جـــوان لـەبـەر چـاو
ئـەســپـــەنـدەر و داری بۆن دەســـووتان
بـۆنـێـکـی بـەهـەشـت دەهـاتـە لـووتـان
دەنگـخـۆشـی بەنـاو و دەنـگ سـەمـاکـەر
دنبـــەگـــژەن و تەپلّ و دەفـــە لـێـــدەر
دەتـڕوانـی هـەمـووی بـەشـێـوە هـاوڕەنـگ
لەو بـەزمـە هـەمـووی بووبوونـە هـاودەنـگ
شـمـــشـــالّ و کـــەوان و تار و تەنبـوور
زورنـا و کـەڕەنـا و ســاز و ســەمـتـوور
حـــەیران و نقـــام و خـــالّی رێبـــوار
پـایـزە و نیـــــوەشـــــــەو ئـەرێ یار
وێـکـڕا دەردەچـــوو بـــەرێـکـــوپـــێـکـی
بـێ قـــۆرت و گـــرێ بە لـووس و لـێکی

بلوێر کـــه دەسـی دەکـــرد بەنالان
دەیبـــرد دڵ و هۆش و بیـــر بـه تالان
مـــەیگێـرِ بـه بەرامـــه گـێـژ و وڕ بوو
مـــەیخـۆر وەکـو کـووپـه وڕگی پڕ بوو
بانگی بوو لە کـووپـه خـورِ خـوڕی مـەی
سـەرخۆش بە خـەم و کەسـەر هەتا کەی
شت هێـند هـەبوو کێ لە چی دەپرسـی
کێ بیـــــری دەکـــــردەوە لـە برسـی
ســـەرنووســـەری عـــاســـمـــان لەوێدا
رامـــــابوو بـنـووسێ خـــۆی فـــرێ دا
دیـتـی کـــــه هـەزار یـەکی بـنـووسـێ
نـابـڕێـتـــــەوە تـا بـنـووس دەخـــــوسـێ
زوهـرە لە ســـەمـــا کـــەوت شـکاوبـاڵ
خـۆی شـاردەوە مـانـگ لە کـونجی قـڕژاڵ
کـــەیوان چـووە دۆڵـچـــە رێـی نـەناسـی
کـــڕیار ســـەری بـردە ورگـی مـــاسـی
کـۆمـەڵ هـەمـوو دوور لە دەرد و ئـاخـان
پیـــرێـژنی عـــاســـمـــان لە داخـــان
کـــۆم بووبـووەوە رەنـگ پـەڕیو و جـــارِز
هـیـچ کـــاری نـەمـــابـوو بووبـووە کـــادز
شـاری و رەمـەکی و نـەناس و گـەڕناس
دارا و نـەدار بـەکـــەوش پێـــخـــواس
گـشـتی دڵی خـۆش لە بەزم و ئـاهـەنـگ
پـەیـدا نـەدەبـوو بـەتـیـت و دڵـتـــــەنـگ
کـــاتێکی لە کـــۆڕی چوونـە دەر پیـــر
لاو هـاتـنـە جـێـگـە بـانـگی کـرد مـیـــر

تـۆی لاوی بـژارده مـــــــــەم لـه نـاوا
هـەر خـــــۆت ببـــــه ئـاریکاری زاوا
رازاوه لـه چـەشـنـی یـەک لـه بـەرگـــــا
یـەک بـەبـزەیـه یـەک کـــزەی له جـــەرگـا
دەرچـوونـــه دەرێ کـــــــــه رابـوێـرن
گـــــــوێ تـاوێ لـه رازی یـەک بـدێـرن

رازاندنەوەی کچان و گواستنەوەی ستی

ئەو کـــاتە کـــە تازە بووکی رووســـوور
ســـــەرپۆشی رەشـی فـــڕێ دەدا دوور
رازاوە وەســـــەر کـــــەوت لـە ئاســـــۆ
رازاندییـــەوە دەشت و دەر کـــەژ و کـــۆ
بووک جـــوانکەر و تایەن و پـەرســـتـــار
ســـەرگـــەرم و خـــەریک لەبار و پڕکـــار
چون ســـــازی بکەن ســـــتی و زینـان
چـــۆن نـــاز دەدرێ بـــە نـــازەنـــیـــنـــان
روانیـیـان لە رەشـاییی بسک و خـالّان
دییـــــانـن کـــــە دلّان دەبـەن بـە تـالّان
هـەر گـــــەینـە نزیک بـرۆی کـــــەوانـی
گـــێـــژ بوون لـە کـــری خـــوای جـــوانـی
ســـەر روومـــەتی ســـوور چ هاتـە بـەر چاو
ســـوور بووەوە لە شـــەرمی وانـە ســـووراو
تـــوانـــای نـــەبـــوو کـــل بـــگـــاتـــە چـــاوان
هـەر بـوو بـەخـــــەڵووزی رەش لـە تـاوان
ســـــەرتاپـێ گـــەڕان لـە چەشنـی شـــانـە
دەســتـــیـــان کـــەوێ مـــوویـێ بۆ نیـشـــانـە
شـــێـــوان وەکـــو پرچیـــان و نـەشـــبـــوو
چم وت تـەنێ گـــەینـە تـاقـــە یەک مـــوو
ئەو مـــووش نـەپەڕیـوی پرچی ســـەر بوو
تای ژین و ژیان و مـــووی کـــەمـــەر بوو

پشـــتـێن نەدەبەســـتـرا لەســـەر مـــوو
گـــیـــان ترسی پســـاندنی لەبەر بوو
کێ تـوانی کـــــە تێـــــوەڕا بمێـنـێ
ترسـی بوو لـە دینی بـیـــــشـکێـنـێ
ســەرپەنجـە لە رەنگی گـولّ دەڕەنجـان
رەنگ و خـــەنە چۆن لەوێ دەگـونجـان
رەنـگـێـکـی خـــــــوا هـەڵی بـژێـرێ
گـــــــــۆڕانـدنـی کـێ هـەیـە بـوێـرێ
وان و خـــەنە پاشـی نـاهومـــێـــدی
چاریان بـە تـەنـێ لـە مـــــاچی پـێ دی
ئەو خشڵی کە بوو لە دوو گوڵی شـەنگ
تیـشکەی لە زەوی دەدا بەحـەوت رەنگ
پیـــرۆزە کـــلّاوی گـەییـیـــە ســـەر ســـەر
رووناکـی درا بـە تـانجی گـــــــەوهـەر
ســـــەردێری لە رووپـەڕی خـــوا کـــرد
ئەو رەنگی بەخـــشـلّ و زێرِ پەیا کـــرد
رازانـــەوەیـەک لـەوان کـــــــــرابـوو
خـــەرمـــانـە بوو دەوری مـــانگی دابوو
لیـــزگـــەی دورِ و لالّ و بەندی گـــەوهـەر
بسک و خـــەت و خـــالّی رندی دلّبـــەر
نەخش و خـەت و تیپ و پیـتـی قـورعـان
نیـــشـــانـە بەخـــالّ کـــرابوو نیـــشـــان
رەنـگێ لـە خـــواوە یەک لـە دەســـتـــان
چـاو رووڕنکەرەوەی خـــوا پەرســـتـــان
بـێ بـاوەڕێ ئـەم دووەی بـدیـبـــــــا
بێـــــچـــــارە دەبـوو بـە بـاوەڕی بـا

رازایەوە شـــار لە چەشنی بووکـــان
بازاڕ و شـــەقـــام و مـــاڵ و دووکـــان
پۆشـــرابوو هـەمـــووی بە ئاڵ و والا
ســـەر خـــوانچـــە بە لالە بان بە ئالا
چەند ســـەد کـوڕ و کـیـــژی نازپەروەر
خوانچەی دوڕ و گەوهەری لەسەر سـەر
بـــار بـــەربـــووە ڕێـــز و زێـــڕ بـــەبـــاران
هـەرچی بـە نـرخ هـەبـوو لـە شـــــاران
جـیـازێکی بەدەر لە ســەنگ و هەژمـار
هـەر لۆک بوو نـکـەی دەهـات لە بن بار
قـورسـایی ئەوەندە گـەییـیـە عـەرزی
بـــوولـــەرزە بـــوو دار و بـــەرد دەلـــەرزی
دنیـــایێ وەکـــۆ بوو بۆ تەمـــاشـــا
دەریایێ لە مـــرۆ بوو حـــەوشی پاشـــا
جـــارێک بە شـــەپۆڵ و گـــا بە پەنگاو
جـــێی دەرزی نـەمـــا هـەڵێنی هـەنگاو
دەروازەیی خـــۆشـــیـــیـــان کـــراوە
لـە پـرێـکـەوە هـاتـە دەر کـــــــەژاوە
گـێـــژاوە کـــەژاوەکـــەی ســـتی هـات
کـــۆشکی پەرییـــان بـە ڕاســـتی هـات
پێشـڕەو کوڕ و کیژی دەس لە کەمبـەر
ســـەرتـا بـە پێ زێـو و زێڕ و زەمـــبـــەر
تەخـتێ وەکـو بـەختـی ئێـمـە ڕەش بوو
بـەس ئەو نـەوەکـــو مـــە دووڕەبەش بـوو
لاڵ و دوڕی بـــەنـــدی دەور و بـــەر بـــوو
بەڵکیـسی لەســەر بـوو بەختـــەوەر بوو

سەد "ئاسەفی بەرخیا"ت بدیبا
تەختی دەرفاند بەشان وەکی با
ئەو تەختی رەوانە وەک گەمی بوو
دەریاکەشی گشتی ئادەمی بوو
دەریای ئەوینێ تێک بەاڵێ
ناچارە دەگاڵێ یان دەناڵێ
وەک پۆلی پەپوولە لە دەوری شەمدا
سووتانی دەوی بەدڵ لە دەمدا
پێت وابوو گیانە ئەو کەژاوە
گش ئەو لەشە هێندە دەوری داوە
دەروێش و مەلا و هەژار و پاشا
کەس هۆشی نەما لەبەر تەماشا
ئەو رۆژە کە سەر ببا بە دەرمان
دیاری نەبوو ون بووبوو لە شەرمان
هێند ئەسپ و پیادە تێ کشا و هات
بێچارە پەژارە کەوتە شامات
کێی وابوو بمایە هۆش نەبردوو
هێنایە سەمایە کۆنە مردوو
شمشاڵ و گەواڵ و تەپڵ و شەیپوور
ئاوازی بلوور و ساز و سەمتوور
گۆرانی و بەزم و چەپڵەڕێزان
قاقا و هەرای منااڵ و خێزان
لەرزانە و خشڵی هەوری لاران
رمبازی و هەوهەوی سواران
لەو رۆژەوە سەر زەوی زەوی بوو
تا وێستە شتێکی وای نەدیبوو

دەریا و گـــــــەمی و پەری لە ناوا
بەو زەمـــزەمـــە گـــەینە مـــاڵی زاوا
تاژدین لە بەرێک و مـــــــەم لە لایێ
مـــانگێ لە تەنیـــشـــتی پادشـــایێ
چەند میر و مەزن بە چوستی هەستا
گش ســینی و یاڵ تەبەک لە دەســتــا

هەر ســینیــیــەکی لە زێڕ و یاقــووت
هەر یاڵ تەبەکێ لە زێو و زەمـــڕووت
ســـەرپاکی لە زێڕ و لیـــرە دارمـــاڵ
دابـاری لەســـەر کـــز و نەدار مـــاڵ
رێـــژنـــەی بـــە تـــەوژمـــی ئـــەو دراوە
لێـــزمـــەی وەتەکـــانی خـــست کـــەژاوە
زۆرتر لە چڵـــێـــسی نەوسی بەدکـــار
جـێی هێشـتـبـوو دەسـتـەڵاتی زۆردار
رابـــرد لـــە دەهـــنـــدەیـــیـــی دەهـــنـــدان
دەرچوو بوو لە فـــیـــزی خـــۆپەسندان
رووت و رەبەنی دراو وەکـــــو کـــــەر
گـــیـــرفـــانی دەئاخنین لە دوو ســـەر
بێ جـــووت دەیەویست کـــە تۆ بـچـێنێ
دەمـــــڕووت دەگـــــەڕا ژنێکی بێنێ
پڕکـــــــار و نەدار و رووت و تـەڕپۆش
دارا و هـەژار و مـــــات و دڵخـــــۆش
دەتـدیـــن ئـەوی رۆژێ رێـکـــوپـێـکـن
پێت وابوو هەمـــووی برا و بەشـــێکن
جـیـایی نە بەدڵ هـەبوو نە بە شـمـەک
دڵخـــۆش و بەدڵ هەمـــووی وەکـــو یەک

گـچکه و زلی مـەسـتی بـادەیه و مـەی
گـوێ پڕ بـوو له هـەی هـەی و لـه ئۆخـەی
دار و دەوەنیش دەهـاتـه سـەرجـۆش
داروووغـه و پیـر بووبوونـه سـەرخـۆش
هێند مـەستی دەبەنگ هـەناسـه تـەنگن
هێندێک به گـەشـه و کـەن و جـەفـەنگن
هـاتبـایەتـه سـەیری لات و لـووتـان
خـۆیان دەنواند به شـات و شـووتان
مـەقـلاتی دەدا یـەک و یـەکێ بـاز
زۆرانـی دەگـرت یـەک و یـەکێ گـاز
لـەولاشـەوه نـەونـەمـامی دڵبـەند
شـیـرین و به زەردەخـەند و دەمـقـەند
رووومـەت گـوڵ و لەش گـوڵ و کـراس گـوڵ
پـاکی گـوڵی سـەرچڵ و لـەبـەر دڵ
زێڕ کـەمـبـەر و لار کـڵاو و مـوو ڕەش
مـانگ هـەنیـه و مـەسـتـەچاو و رووگـەش
هێند تۆێڵی گـوشـاد و هێندێ دەم تـەنگ
خۆشـدەنگه گـەڵێک و گـشتی خـۆشڕەنگ
لاجـانگ وەکـو زیـو بژانگ وەکی تـیـر
پـرچی ڕەشـەمـار بـرۆ وەکی شـیـر
مـەمکۆڵه هـەنـار چـەناگـه سـێـوان
سـەرچـاوەی ئـاوی ژین لـه لێـوان
کـێـل گـەردن و بـەرز و روو بـەخـاڵان
کـەم تێ دەپـەڕین لـه چـاردە سـاڵان
هێندێ گـەڵێ لووسـتـرن لـه گـۆی زێـو
هێندێ کـەمـێ گـەندەمـوو لەسـەر لێـو

بە کـوێری جـهـانـی پیـری پشـت کـووڕ
گـشـتـی بە سـەمـاوە بۆی دەدا سـووڕ
کـــچـگەل وەکـــو کـــۆ و حـــەوتەوانـان
کـوڕگـــەل خـــولی پێ دەدا بە شـــانان
کـــــــــۆزیـلـکـە لـەلایـێ رەو لـە لایـێ
ریـــز دوور و درێـــژ دوایـیـــی نـــایـــێ
حـەو رۆژ و شـەوان کـە رۆژ ئەگـەر شـەو
گـــۆوەند و بەزم بـوو تـار بووبـوو خـــەو
ئـاهـەنـگی وەهـا لـە کـــــــوردەواری
نایێـتـــەوە رووی جـــهـــان چـە جـــاری

زاوا دەچێتە پەردە بۆ لای بووک

زاوای بە شـــــــــۆقی رۆژ بـەیـانـی
مـیـوان بوو لە بووکی عـاسـمـانی
بـێـگـانـە بـەدەر بـە رۆشـنـایـی
کش بوو کـشـومـاتی تاریکایی
ئەو رۆژی دەکـەوتە پاشی حـەوتوو
ئەستێ گڕی خـۆی گـەیاندە پووشـوو
لـێـک دووری و لـێـک نـزیـکـی ئـاوا
وەک ئـاگـرێ کـەوتە بـووک و زاوا
زوو پێک نەگـەیین هـەناسـە دێنێ
گـلـپـەی لە ئەوینێ هەڵدەسـێنێ
هـیـوا و ئـەوین کـە بـوونە هـاوڕێ
فـریـای نـەکـەون هـەناوێ دەبڕێ
سـووتاوی بـەیـەک نـەگـەینی سـاڵان
سـووتان لە پەلەی لە یـەکـدی هـاڵان
دەریـای ئـەوینـێ هـاتـە جـۆشـین
ئـارامـی و هـۆش و خـۆشـی پـۆشـین
چـەنـدی لـە کـچ و ژن و لـە بـەربـووک
چەند لاوی لەبار و قـۆز و خـوێن سـووک
دیتـیـان بـەسـە دووری ئـێش و دەردە
هـەل هـاتـووە زاوا بـچـتـە پـەردە
بـەگـوێرەی ڕێ و شـوێنی جـاران
ڕێک کـەوتنە کـاروباری یاران

رازایەوە پەردوو و چەشنی بووکان
پەردووی چی بڵێ بووبوو بە دووکان
پڕ بۆن و بەرامی خۆش سەرانسەر
مەی کۆن و مەزەی نوێ بەرانبەر
دەفر و هەور و پیاڵە سەرڕێژ
پڕ شیرن و ترش و چەور و خۆش چێژ
هەرچی دڵ و زار و سەر دەکەن خۆش
هەرچی خەم و کوڵ دەکەن فەرامۆش
ئامادە و ریز کراو لە ناوا
چاویانە لە دەستی بووک و زاوا
چەند دۆست و برادەرێک هەڵستا
مۆمدانی لە زێڕی سوور لە دەستا
مۆمێک لە بەری لە دوور شەوانە
هۆنباتەوە لیزگە زەنگیانە
دایان نا لە کۆڕ لە بانی سینی
دەیگوت بە زمانی ئاگرینی
زاوا بەسە هێندە شەرمە شەرمە
تۆش رەنگ و دڵت پەڕیو و گەرمە
بولبول چتە خۆت لەگوڵ دەکەی سڵ
بفڕە و بگە سوورگوڵی لەسەر چڵ
پەروانە ببینە مۆمەکەی خۆت
فرمێسکی دەڕێژێ وا ئەویش بۆت
تاکەی وەکە من سووتان و ساچان
راکە و بگە دەمدەمان و ماچان
وا رووگە و کابە لێت نزیکە
حەج کەوتە سەرت دەهەستە بیکە

حـــەو جـــار بگەڕێ لە دەوری یارێ
خـاڵ مـاچ کـە هـەزار چەلان نە جـارێ
چاوتێر کـە لە سـەیری شـەکـرە سێوان
تێـــر هـەڵمـــژە ئـاوی ژین لە لێـــوان
دەس بـگـرە بـە بـسـکـی لـوولـدراوی
بـخـــــوازە نیـــــاز بـە راشکـاوی
تـاژدین لە نیـــاز گـــەیی بەبێ دەنگ
دی بـەســـیـــەتی کـــات و دڵ بکا تەنگ
دەرکـەوت و مـەمیش لەگەڵ وی هـەسـتـا
دڵ بە دڵەوە چەسپ و دەس لە دەسـتـا
ئـەو چوو لـە ســتـی ببـــێـــتـــە هـاودەم
بۆ پاســـدەری دەرکـــە مـــا لەوێ مـــەم
هـەرچەندە کـە خـۆشـەویسـتی خـەڵکە
پیـــاو هۆشـی لەخـــۆ بێ زۆر بـەکـــەڵکە
داخـــوازی پـەری لە دێو بتـــرســـــە
درکـیش هـەیـە هـەر لـە گـوڵ مـــەپرســـە
ئـی وا هـەیە چقڵ و هـەن گـــڵـــووکن
هـەن پیـــــاوی بـەنرخ و هـەن چرووکن

پێک گەیشتنی زاوا و بووک

زاوا کـــــە وەژوور کـــــەوت لە پەردوو
بووە جـێـژنـی بە راســتی لە هەر دوو
بـووک بۆ ئـەم و ئـەم بـەرانبـــەری بـووک
بـۆ یـەکـــدی چـرا و پـەپـوولـە هـەردووک
لـەولاوە ســـــــــتـی بـەبـاوەشـی واز
پێـــشـــوازی دەهات بـەناز و نیـــمناز
مـــافـــوورەیە زوور لـە لاقـی دڵخـــواز
پـرچـی رەشـی رادەخـــــا لـە رێبـــــاز
دوو چـاوی کـــــزی شـــــەوانـی دووری
گـــەش بـوونەوە خـــەو بەجـــارێ بووری
پێشـان وەکـو رێ و شـوێـنی چـەند سـاڵ
بـۆ شـــیـــرنی دەم بـە مـــەی کـــرا تـاڵ
قـــوم قـــوم مـــەیی قـــومـــقـــمـــۆکی بادە
دەیـگـوت کـــــە بـە بـادە خـــــەم بـە بـا دە
هـەریـەک بـەپـیـــــاڵـەیـەکـی ســـــەرڕێژ
سـەرخـۆش و بـەگـەشـکـە بـوون نـە سـەرگـێژ
شـــــەرمـــــێـــــونـی دەرکـــــەوت بـە بـادە
بـەربـوونـە گـــیـــانـی یـەک دوو ســـــادە
بـاوی گـــــەشـــــەکـــــردنـی دڵانـە
بـۆنـکـردنـی خـــــەرمـــــەنـی گـــــوڵانـە
مـــێـــلاقـــەیـی کـــوڵم و لێـــوی تێـــراو
شـەوبـۆی سـەر و بسـک و نـەرگسـی چـاو

سێوی چەنە مەمکی زەردە لیمۆ
هەر یەک یەکی بانگ دەکردە لای خۆ
ئی وا هەبوو تێکیان دەبەستن
هێندێکی دەگەستران بە گەستن
ماچ گەییە هەزار بڵێی نەزۆرە
بۆ ماچ نەژمارە ما نەنۆرە
دەیخستنە جێوە بێ گورِ و هێز
دەستە و مل و هەڵگوشین لە ئامێز
دەتلانەوە یەک بەسەر یەکێدا
بازاڕی گەرم بوو ماچ لەوێدا
کوڵمی گوڵ و لێوی قەندی دڵبەند
تێکەڵ دەبوو دەم بەدەم گوڵ و قەند
وێک کەوتن و لێو لە لێو خشاندن
دوو ئاگری دوو لەشی گەشاندن
چەسپان بە یەکا نەوەک پسووتن
خۆش ئێستەیە جووت و ڕووت و قووتن
پێچیان بوو لەیەک وەکو دوو لاولاو
جووت بوون و بەتاق دەهاتنە بەرچاو
وەک شیر و شەکر لە یەکدی هاڵان
دز ویستی گەنج ببات بەتاڵان
پۆلووی گەش و سوور بەجۆش و پڕ تین
دامرکێ بەلوولە ئاوی زێوین
کلچۆکی سپی و ستوور و سەر سوور
ڕێ تەنگ بوو بە گێر گەییە کولتوور
لەم تەنگیە کوێرەمار بەسەد ڕەنج
زۆری سمی تا گەیشتە سەر گەنج

دەردی دی هەتا گـــەیشـــتـــە ناوی
خـــەســـتـــاوی رژان لە تـاقـــە چـاوی
تیـــری لە گـــوڕی کـــوڕێکی کـــرمـــانج
بێ رێ هـەڵەبـوون گـەیشـتـــە ئـامـــانج
یەک خـــۆی دەچکا لە گـــەرمـــیی رێگە
یەک خـــوێنی تکا لە تـەنگی جـــێگە
جـــــەنـگێ بـۆ دژی تیـــــا شکا بـوو
لـەو نـاوە دڵـۆپـی خـــــــوێـن رژابـوو
حـــــەو رۆژێ لە دەرهـێنان و تێـنـان
بـەولاوە شـــــتـی وەبیـــــر نـەدێـنـان
نـەپشـــوو نـەوچـان نـەخـــواردن و خـــەو
چـەسپین بوو لەیەک کە رۆژ بوو گـەر شـەو
جـــارجـــارە بـەهـێـمـنـی و لەســـەرخـــۆ
دەبـزووتـــەوە بـــەیـنـــی نـــاوک و ئـــەژنـــۆ
دەتـوت کـــــە دوو زێڕگـــــەری هـونـەروەر
لێکیـــان گـــرێ داوە جـــووتێ گـــەوهـەر
زاوا لـە بـەیـانـی رۆژی هـەشـــــــتـێ
نـاچـار چـووەدەر لەنـاو بـەهـەشـــــتـێ
دیـتـی ئـەوە مـــــەم هـەتـا ئـەوێســـتـــا
وێســتـاوە لە دەرکـە شـیـر لە دەسـتـا
پـاســـــداری دەر و دەروونە هـەر گـــــا
گـــیـــانی لە دەســـایـە چـاو لە دەرگـــا
مـــــــەم دیـتـی بـرای لـە پـەردە دەرهـات
وا شـاد بوو مـەپرسـە چی بـەسـەرهـات
گـــــەش بـووەوە گـــــرێی دڵـی کـــــراوە
پـێی وابـوو جـــیـــــهـــــانـی پـێ دراوە

یـارت کـــــــه هـەبـێ دەبـێ وەهـا بـێ
گـــەر وانـەبـێ کـــەڵک و ســـوودی نابـێ
یـارێکـی بـەڕاســـتـی گـــەر هـەبـێ پـیـــاو
ســـــەد خـــــزمـی بـەدی دەنـێ لـەپـێنـاو

تێچاندنی بەکر مەرگەوەڕی شۆفار و دووزمان

داینـاوە خـــوا کـــە ئەم جـــیـــهـــانـە
بێ گـــیـــانـی تـیـــایە یان بـە گـــیـــانـە
ســـەرپاکی بـەڕەنگ بـەکـــار و ئـاکـــار
جـیـاوازە لـە چەشنی نەخش و ساکـار
عـاســمـــان و زەوی گـــەڕیدە و ســـست
هـێندێکی بـە زێڕە هـێند کـــڕ وست
تـاریکی و رووئـی کـــــفـــــر و باوەڕ
یان گـــەرمی و ســـەردی و وشکی و تەڕ
بـڕوانـە بـەهـەشت لـە تـەک جـــــەهـەنـەم
رەش لای ســپی جـووتە شـــادی و خـــەم
لـێک دووڕەوە بـوون و پـێک گـــــەیشـتن
زیندوو لـە نـەبوو کـــــران و کـــــوشـتن
رۆژ و شـــــەوەزەنگ و ســـێـــبـــەر و تـاو
بـا و بـژ و خـــــــاک و ئـاگـــــــر و ئـاو
مـــــاڵدار و هـەژار و تـاڵ و شـــیـــریـن
گـــــریان و کـــــەنـین و شـــــادی و شـین
پیاو هـەن گـوڵی ســەر ســەوەی جیـهـانن
ئـی واش هـــەیـە پـیـس و دووزمـــــــانـن
ئـی وا هـەیـە راست و چـاکـــــە خـــــوایـە
ئـی وا هـــەیـە خـــــوار و ڕووســـــیـــــایـە
گـــشـــتـی دژی یـەک لـە یـەک خـــــەریکـن
لـێـک دوور و بـــەدەم لـەیـــەک نـــزیـکـــن

کـاکڵ چیـیـه لێک جـوێن ئەمـانه
شـــاراوه چیـــیـــه لەناو هـەمـــانه
تـا یـەک بـه یـەکـێ بـدا دیـاری
یـار دیاری دەکـــــا لـه کن نـەیاری
هـۆی دەردە دەزانـی نرخـی ســـاغی
هۆی بەفـرە کە دۆستی مێرگ و باغی
دەس بەردە درێژ دەکـێـشـێ بۆمـان
بـابێـینەوە ســەر وتاری خـــۆمـان
مـیـر لای هەبوو یەک بـه دەرکـەوانی
نـاوبـانـگی هـەبـوو بـه دووزمـــانـی
لـه پیـاوەتیـیـا چرووک و رووڕەش
دڵپـیس و لە شـەرم و شـووره بـێ بەش
فـێـڵـبـاز و بەراز و رق له ســینه
بـەدخـــواز و نـەســاز و دڵ بـەکـــینه
شـــەیتـان و شـــۆفـار و دەم درِاو بوو
ســەگ بێـزی دەهـات ئەوەند گـڵاو بوو
رووزەرد بـوو درۆ لـــه راسـت وتـــاری
ســـەرتاپـێ گـــەمـــاریی لـێ دەبـاری
خـوێنتـاڵ و دزێو گـەمـاڵ و سـەرڕەق
گـۆری بوو نـەچێـتـه دەر لـەبەر شـــەق
دەســتـرژد و چـنۆک و گـونەکـــەر بوو
بـێ دۆست و قـــزه و نەزان و کـــەر بـوو
رووترش و گـزۆک و گـوێ نەبیـسـتـوو
گـرژ و مـرِ و مـۆچ و کـەس نەویسـتـوو
بەدفـەرِ بوو بەگـەرِ بوو دەم گـەوەرِ بوو
ئەم بیـــژووە بەکـــری مـــەرگـــەوەرِ بوو

تاژدین گـــەلێ دەیگەیاند لە مـــیـــری
تـۆ خـــــــاوەنـی نـاو و دەنگ و ژیـری
کێ بـخـوازێ کـە خـێـوی نێـوی چـابێ
زۆر شـــەرمـــە ســـەگـێـکی وای لـەلابێ
چم وت ســـەگی پاســـدەری ئـەمـــەگـدار
بـەدفـــــەڕ دەبەری مـــــرن هـەزار جـــار
هـەر جـــــار لـە وەرامـی پـەندی تـاژدین
دەیگوت ئـەمـــــە باشـــــتـــــری دەزانـین
ئێـــمـــە وەکـــو خـــێـــوی ئـاشـی بـاشین
بـــەرداشـــی لـــە بـــەردی رەق دەتـــاشـــین
ئـاشـی مـــە هـەمـــیـــشـــە ســـەربـەخـــۆیە
بـانیـــــــژە پڕی لـە گـــــاڵ و جـــــۆیـە
پیـــــــسم دەوێ ئـاشـی وا بـگـێـــــڕێ
هـەر زەمـــــهـــەرێ بێـتـــە بـەر بـهـێـــڕێ
گـــولّ چقـــڵی دەوێ کـــە پاســـدەری بێ
گـــــەنج مـــــاری دەوێ لەبـەر دەری بـێ
ئێـــمـــە کـــە بـە دەســـتـــەڵات و زۆرین
جـــارێـک ســـپـــیـــواش و زۆری بۆرین
هـەر نـەرمی بـەکـــــاری ئێـــمـــــە نـایـە
مـــــــــەزنـایـەتـی بـانـی دوو هـەوایـە
جـــــــارجـــــــارە یـەکـێ دەبـەینـە بـاڵا
زۆر جـــار گـــەلێ ون دەکـــەین لە چـاڵا
جـــــارێـکی دروست و راست کـــــارین
ســـــەد جـــاری بـەپێـچ و لار و خـــوارین
تـا یـەک دەکـــــرێ بـەخـــــانـی خـــــانـان
زۆر کـــــــەس دەبـێ ببـنـە تـۆزی بـانـان

نەتبیستووە پیس بە پیسی دەڕوا
کارێکی نەبا درۆ نەدەڕوا
دارۆغە ئەگەر نەزۆڵ و زاڵ بن
خونکار هەیە تووشی رۆژی تاڵ بن
ئەم کارە نەکاری ئێمەیە و بەس
سەی پاسێ هەیە لە دەرکی هەر کەس
بڕوانە تەنانەتی خواوەند
ئەم دەور و دووکانە چۆن دەکا بەند
تا پاکێ دەخاتە سەر زەمینێ
پیاو چاوی هەزاری پیس دەبینێ
بێ هووده بوو گفت و پەندی تاژدین
نەیتوانی لە میر وەکا پەڕۆی شین
ئەو یا نیگرەی بەکین و بەدبین
زۆر ترسی بەدڵ هەبوو لە تاژدین
نەخوازە کە جێ بڵند بوو ئاوا
میر کردی بە یار و خزم و زاوا
وەک ئاگری گرتبێ وەهابوو
هەر مردبوو رەنگ و رووی نەمابوو
مەردی لە دڵا نەماوی بێ پیر
دیتی هەل و خۆی گەیاندە کن میر
دەرچوو لە دەست بەهیچێ ئەستی
تۆ چۆن دەبوو تۆزێ رانەوەستی
ئەو گەوهەری تانج و تانجی گەوهەر
ئەو شۆخی بەناز و نازپەروەر
جوانتر لە پەڕەی گوڵی بەهاری
سەرتۆپی کچانی کوردەواری

چووی داوتە بە نۆکـــــەرێک بە تاڵان
چۆن ناودەبرێی لە گـــــەورە مـــــاڵان
ســوڵتــان دەبوو خــوشکی تۆ بخــوازێ
شـــــا بایە دەبوو بەخـــــۆی بنازێ
پێی گـوت ســەگی پیــسی زۆڵی پڕکین
دوو چاوی مـنن مـــــەمـــــۆ و تاژدین

رۆژی شـــەڕەکـەم لەگـەڵ عــەجـەمـدا
کـــاتێ کـــە ســـــەرنجی ئەو دووەم دا
تـاژدین لـە بـەرێک و مـــــــەم لەلایـە
دوژمـن هـەمـــــوو کـــــەوتـە هـەلـوەلایـە
دووســەد عــەجـەمـی بە تیــر و پەیکان
بە کـــڵاو زرێ و بـە شـیــر و قــەڵغــان
دیل بـوون بەدەس ئـەم دووە بـە تـەنیـــــا
ئـەم دووانـە چلـۆن دەدەم بـە دنـیـــــــا
شـــا کـام ســـەگـــە تا ببێ بە خـــزمم
پـێـت وا نـەبـێ هـێـنـدە پـووچ و نـزمم
ســوڵتــان رەگـــەز و بنیــچــە حــیــزە
رێی ناکـــــەوێ خـــــۆمی بێنمـــــە ریزە
ئـەم رێـویـیـــــــــــــە دی بـەڵا نـزیـکـە
رووی گـــفـــتـی گـــەڕاندە باری دیکە
گـــــەورەم بژی هـەر بـەکـــــامـــــرانـی
هـەر خـــــۆتـی لـە گـــــەورەیی دەزانـی
ژێردەســتـێ کـە خـۆت دەنێی لەپێناو
چـاکـــــــەی دەبـێ ون نـەبـێ لـەبـەر چـاو

پێـــویســـتـــه ئەمـــەگ ببێ لە گـــۆڕا
کـــەس نەبـووەتە یـاری کـــەس لە خـــۆڕا
بـۆ تۆ کـــەسێ تـاڵ و ســـوێری نۆشـی
شـــیـــرن کـــە دەمی لە ڕۆژی خـــۆشی
چووکـەش دەبێ شـوێنی خـۆ نەگـۆڕن
وەک پێـــشـــوو لەخـــۆ و لە تۆ بنـۆڕن
بـا بـادی هـەوا نـەبـن بـە جـــــێـگـە
بـۆ فـــــیـکـەیە دەرنـەچـن لـە ڕێگـە
دژوارە نـەدی و بـدی نـەگـــــــــۆڕێ
ســـەر ئـاو دەکـــەون بـەتـاقـــە چـۆڕێ
تـاژدین کـــە ئـەمـــەی لەگـــەڵ کـــراوە
لـەو ڕۆژەوە شـــۆی لێ هـەڵکێـــشـــاوە
گـــــــرتـوویـەتـە دەم لـەلای ئـەو و ئـەم
زین هـی منـە دەیکـەمـــــە ژنـی مـــــەم
ئـەی بۆچـی گـــوتی لە مـــەی نـەپرسـی
وادیـارە لـە مـن نـەمـــــــــاوە تـرسـی
گـــــــەورەم وتـی لاوە نـۆجـــــــوانـە
مـــیـــــرزادەیـە شـــــێـــــرە پاڵەوانـە
هـەرچی بڵێ دەســـــبـــــەجێ ڕەوایـە
تـــرسـت پـــێ بمـێـنـــێ لـــەو هـــەوایـــە
هیـــوای بـەشـــە تـاج و تەخت لە تۆ کـا
مـــیـــر لـەو وتەدا شـــڵـــەژا پـەشـــۆکـا
نیـــازم بوو گـــوتی کـــە زینـی مـــەم بێ
پێم خۆش نەبوو بەخشیشی وی کەم بێ

وا ســـوێندێ دەخـــۆم بەگـــۆڕی بابم
تـا مـن لەســـەر ئـەم زەمـــینـە مـــابم
نێـــــرینـە لـە رێچـــــەڵاکـی ئـادەم
کـێ لێـــمـی بـوێ بـەمـــێـــردی نـادەم
هـەر کـــەس لەســـەر و گـــیـــانە بێـــزار
وا زیـن و دەبـا بـبـــێـــتـــــە کـــــڕیـار
کـێ قـــــــەڵس و وەڕەز بـووە لـە ژیـنـێ
بـخـــوازێ لـە ئـێـــمـــە دەســـتـی زیـنـێ
خـــــونکـار وەکـــــو ئـاگـــــرن دەر و ژۆر
وا بـاشـــــە تـوخـن نـەبـیـن بـەهـیـچ جـــــۆر
رەنگیـان گـەشـە وەک پـەڕەنـگ و پۆلـوون
دڵیـان رەشـە و وەک خـەڵووز و کـوڵوون
زۆردار کـــەبـرا و کـــوڕ و کـــەسـت بـێ
چـیـت لـێ نـەوێ دووریـی ئـەو بـەسـت بـێ
نـەخـــوازە کـــە پیـــسـی لـێ وەکـــۆ بـن
وەک بـــزنـــی بـــەدەم لـــەنـــاو چـــرۆ بـــن
بـۆ خـــواردن و بـۆ کـــرووسـنـەوەی خـــۆ
بـــەر ســـم دەدرێ هـــەزاری وەک تـــۆ

گریان و شیوەنی زینێ لە تاو و تۆپی ئەوینێ

تاژدین و ستی بەیەکدی شابوون
لەو بەندی جودایەتی جودا بوون
بێ یار و هەواڵ لە گۆشەی خەم
بۆ دەردی جودایی مایەوە مەم
دڵسۆزێ نەبێ ببێتە هاودەم
هەر رۆژێ بە ساڵ دەچێ دەمی خەم
زین تا ستی لابوو هەیبوو ئارام
ئەو شێتی ئەوینە بەو دەبوو رام
تاژدینێ هەبوو مەمی دەلاواند
چوونی گڕی گرت و جەرگی تاواند
دابەش بووبوو خەم لەناو هەماندا
دووی خۆش بەشی خۆشیان بەمان دا
ئەو شاد و ئەمان مەکۆی خەمان بوون
دامان دوو کە ئەو دوو دەمدەمان بوون
وەک هەوری بەهاری چاوی زینێ
فرمێسکی دەڕشت لە ڕێی ئەوینێ
گریان بوو بە ڕۆژ و ناڵە بوو شەو
چل ڕۆژی بڕا لە خواردن و خەو
خوێنی دڵی مایەی ژیان بوو
ئاو بۆ چیە ئاوی چاو ڕەوان بوو
دڵتەنگ بوو لە چەشنی زاری تەنگی
ڕەنگی مەمی زەردی پەڕیە ڕەنگی

وەک مـووی کـەمـەری لەشی بـوو باریک
رۆژی وەکـــــو پرچەکـــــانـی تـاریک
چەند تـایـەن و دۆست و هـاونشـــیـنان
هـاوڕاز و نـیـــــــاز و نـازەنـیـنـان
دڵیـــان بـوو بـەئـاهـی ســـەردی بریان
ویسـتـیـان بەسی کـا لە شـین و گـریان
گـــوتیـــان کـــە بـە ئـاە و نـاڵەنـاڵت
رۆژی مـــە رەشـــە لە رەنـگی خـــاڵت
بـەس بـگـری بـە ئـاوی چـاوی کـــــاڵت
کـــاڵ بـوونەوە کـــوڵم و لێـــوی ئـاڵت
جـــا چ بـووە لە تـۆ بـڕاوە ئـەســـتـی
داخـــوازی دڵی گـــەیشـــتـــە دەســتی
ئـەو وایـە خـــەریکی بـەزم و خـــۆشـی
تـۆ بۆ کـــەســـەر و زووخـــاو دەنۆشـی
تۆش خـۆش بـە بـەوەی کە خـۆش و شـادە
وەک پـرچـی بـڵاو خـــەمـــان بـە بـا دە
هـا شـــەو شـــەوی پرچی ســەر وەبـەر خـە
لاجـــانـگی هـەواڵی مـــانـگ وەدەر خـــە
کـــێـــشـــیـــان بـدەوە بـرۆی کـــەوانـت
هـــەڵبـــێـــتـــەوە مـــانـگی نـاوچـەوانـت
هـــەڵیـــــان بـڕەوە مـــــژۆڵی دڵبـــــڕ
ســـــەد دڵ ببـــــڕە بـە نیـــــوە ئـاوڕ
نـازان بـدەوە بـە چـاوی مـــــەســـــتـت
زەردەی بـە دوو لێـوی کـەس نـەگـەسـتـت
بـەو خـەندە کـە خـونچـە پێـی دەپشکووت
تێـــــراو بـکـەوە پـەڕەی گـــــوڵی رووت

دەوری دە بـە بـسـک و پـرچـی پـڕ چـین
شـــەوبـۆیـە لەگـــوڵ بـکـە بـە پـەرژیـن
هـەر بسکێ ســـەری گـــەیـاندە گـــۆنـە
کـــەرتـی بـکـە لێی مـــەپرســـــە چۆنـە
بســـپـــێـــرە بـە تیـــپـی وردە خـــاڵان
بـا گـــیـــانـی کـــوڕان بـبـــەن بـە تـاڵان
بـا بـێ بـەزەیـیـت بـە بـولبـــــــولانـت
هـەڵبـــێنـە تەرەی لـەســـــەر گـــوڵانت
خـــۆش پـێ کـــەنـە بـا هـەزار دەســـتـــان
دەست پـێ کـــەنـەوە بـە بـەنـد و بـەســتـــان
بـا هـاڕە بـگـاتـە گـــــوێ لـە گـــــواران
پیـــــتـێ بـدە تیـــپـی شـــێـت و هـاران
ســـەرخـــۆش کـــە هـەزار مـــەلا بـە نـازان
ســـــەد پیـــــری بـنـێـــرە بـەر بـەرازان
تێـــیـــان بـگـەیـنـە گـــێـــژ و کـــاسـن
بیـــــانـهـــــێـنـەوە رێـچـکـە ڕێ نـەنـاسـن
چـاوبـەســـــتـــــو چـلـۆن دەبـیـنـێ ڕووڕی
بـونیـــان بـەخـــەیـاڵ چیـــیـــە نـەبـووڕی
تـا دوور لـە جـــــــــوانـی و ئـەویـن
بـا تـــێ بـگـــەن ئـــەو نـــەدیـنـــە دیـــن
گـــومـــڕان لە جـــوانـی بـەشـــبـــڕاون
دڵیـــان کـــەڕ و کـــوێـر و دەمـــدڕاون
وەک گـوێـرەکـە پـەت پسـاو لە دەشـتـا
بێـهـۆش دەگـەڕێـن بـە شـوێـن بـەهـەشـتـا
بـتـــبـــیـــن و ڕێ لـەخـــۆ نـەگـــۆڕن
بـۆ نـەخـــشـی خـــوا لـە ڕووت بـنـۆڕن

بێـــهـــووده بوو پەندی وان لە زینێ
هەر نەیشـیـدەبیـست لەبەر گـرینێ
دڵـداری لـە ریـزی ئـاگـــــــرایـە
ســـــەرکـــۆنەی باوەشـــێن و بـایـە
هـەر چەندی بەســـــەر ئـەوا دەهـاتن
ئـەم بیـــری دەکـــرد لە رێی هـەڵاتن
فـــرمـــێـسکی هـەلی نـەدان بەچـاوان
رێ بـیـنـێ لـەنـاو بـچـێ لـە تـاوان
هێند زۆر بوو هـەنیسک و ئاهی سەردی
نـەیتـــوانـی شـــتـێ بڵـــێت لە دەردی
وایـان دی ئـەوانـی پـەندگـــــــۆ بـوون
بێـــهـــوودەیـە لـەم هـەژارە کـــۆبـوون
بیـــریان بـۆ ببـــات لە تـاوی ئەســـتی
دەگـــری، چـووە هـاودەمـی لە دەســـتی
روون بووەوە کـــە ئـەم گـــرین و شـــینە
پـنـج و رەگـــــەزی لـەســـــەر ئـەوینـە
وا دەردی دەروونـە گـــــێـــــژی داوە
نـاچـار هـەمـــــــوو کـــــردیـان بـڵاوە
زین مـــایـەوە خـۆی تـەنێ لەگـــەڵ خـــەم
هـەر خـــەم دەمـی وا دەبێـــتـــە هـاودەم

زین لەگەڵ پەژارەدا داخێوێ

دەیوت بـە خـــــەم ئەی هـەواڵی ژاریم
فـــــریارِەسـی زام و دەردی کـــــاریم
پـۆشـــاکی نـەدار و خـــاکـــەســـاران
خـــــۆراک و بژێـوەکـــــەی هـەژاران
هـــاوڕاز و نـیـــــــــــازی دەردەداران
هـاودەنگی نەخـــۆش و لـەشـــبـــەباران
پێـــــخـــــوڕی لە بـەردەمـی گـــــەدایان
هـاوپـیـــــاڵەی کـــــۆڕی بـێ نـەوایان
دڵدارە بـە تـۆ دەگـــــــاتـە دڵبـــــــەند
دەرووێـش دەبـەیـە نـزیـک خـــــــواوەنـد
تـۆی لـێ نـەبـی دڵ وێـرانـەمـــــــــاڵـە
بـیـــــابـانـەکـی قـــــاقـــــڕ و کـــــڕاڵـە
لێی دەر مـــەکـــەوە دەری بـبـــەســـتـــە
هـی خـــۆتە کـلـیـلـەکـــەت بـەدەســـتـــە
خـــــــەم بـۆیـە بـەنـرخـــــــە بـۆ هـەواڵی
جـــــــێـت نـایـەڵـێ یـارە رۆژی تـاڵـی
شـــادی چـیـیـــە یـاری جـاری خـۆشـــە
خـــەم دۆســـتی دڵی کـــز و پەرۆشـــە
خـەمـخـۆری کـە نەکـرێ لەم جـیـهـانـە
تێکچـوون بـەشـی هـەردوو عـاسـمـانـە
دڵ هـۆگـــــری تـۆیـە ئـەی خـــــەمـی دڵ
بـێ گـــەنجی تۆ دڵ چـیـیـــە کـــەمـێ گڵ
جـارەجـارە کـە زۆر دەکـەوتـە پەسـتـی
بـەگـلـەیـیـــەوە رووی دەکـردە ئەســتـی

سکاڵای دوور بەدوور لەگەڵ خوشکیا

ئەی هێـزی گـیـان و تیـشکی چاوم
فـــێنکاییـــدەری گـــڕەی هـەناوم
هـاوهـێلکه و هـاوهـێـــلان و هـاونـوێن
هـاوبـاڵ و پـەڕ و ڕەگ و دڵ و خـــــوێن
هـاوشـــــادی و هـاونیـــــاز و هـاونـاز
هـاوگـــــاڵتـــــه و بـازی یـار و هـاوڕاز
ئـاکـــاری مـــه وەک یـەکـــه بەڵان بـەخت
بـۆ تۆ شـلـی گـــرتـووه لـه مـن ســـەخت
بـۆ تۆ دەســـەمـــۆ لـه من چـەمـــووشـــه
بـۆ تۆ گـــوڵه بۆ مـــه دڕک و پـووشـــه
ئـەســـتـــێـــرەی تـۆ هـەڵاتـووه گـــەش
بـۆ بـەخـــتـــەوەریت نـەبـوومـــه هـاوبـەش
لـەو خـــوایـه گـــەلێک ســـوپـاسگـوزارم
لـەو بـەخـــتـــه ڕەشـــەم نـەبـووی بـەیـارم
چـارم چیـــیـــه خـــوایـه بـۆم دەنـێـــرێ
کـــێی وایـه بـەبـەخـــتـی ڕەش بـوێـرێ
تـاژدیـن بـەشـی تـۆیـه شـــــادی هـەردەم
ئـەمـنیـش بـەشـی خـۆم هـەیـه خـەم و مـەم
چـوون مـــــەم بـەهـەواڵی خـــــەم دەزانم
پێـم خـــۆشـــه کـــه هـاودەمـی خـــەمـــانم

زین بوخچەی دڵی

لای مۆمی داگیرساو دەکاتەوە

جـــارێکی بە زاری مـــۆمی دەدواند
دەردی دڵـــی زاری ژاری دەنـــوانـــد
ئـەی هـاوەم و راز و هـاونشـــــیـنـم
من تۆش وەکـو خـــۆم بەســـۆز دەبینم
فـــرمـــێـــسک لـەگـــەڵ منـدا دەڕێژی
چۆن وا دەبـێ هیـچ شـــتـێ نەبێـــژی
نـازانـی دڵـم بـەخـــــۆم دەمـــــێـنـێ
یـەک بـگـری لـەگـــەڵـم و نـەمـــدوێنـێ
دەردی مـن و تـۆ لـەیـەک جـــــودایـە
وەک خـــــاوەر و زەردەپـەڕ وەهـایـە
تـۆ خـــاوەر و شـــۆق دەدەیتـــە چاوم
مـن رۆژپـەڕ و ئـاگـــــــریـن هـەنـاوم
نـاســـووتـێ لـە تـۆ مـــەگـــەر زمـــانـت
وەک مـن نـی بـســـــووتـێ تـای ژیـانـت
شـــۆقت کـــە لە ســـەر ســـەری دیـارە
ســـەوداگـــەری ســـەرســـەری دیـارە
من گـیـان بە بڵـێـســە دڵ بە پشکۆم
ســـووتاو جگـەر و هـەناســـە بۆســـۆم
تیـــشکی ســـەری تـۆ لـە تـۆ زمـــانـە
گـــــڕپـەی دڵـی مـن بـە ئـێـش و ژانـە

هـی من بـه لـەهـی و بـەگـــێـــژەلـووکـــه
ناکـوژێتـەوه هـی تۆ بچـووک و سـووکـه
شـــەو دەبیـــه هـەواڵی شـــەو بێـــداران
رۆژانـه دەنـووی هـەتـا ئـێـــــــواران
مـن رۆژ و شـــەو ســـبـــه و ئـێـــوارم
یـەک لانیـــیـــه ئـایسـانـه کـــارم
جـــارجـــاره لـه دەست دڵی بـریـندار
جـــــارڕ لـه ژیـان دەبـوو بـەنـاچـار
پـەروا نـەدەمـــا لـه ئـاگـــری خـــەم
پـەروانـه دەمـــا ببـــێـــتـــه هـاودەم

زین رووی گفتوگۆی دەکاتە پەروانە

باڵداری هەژاری شـــــۆخ و رەنـگین
دڵداری بە دەرد و ئێش و خـــــەمگین
ئەی ســـەروەری هـۆزی ســینە داغــان
ڕێشـاندەری مـەرگی راست و ســاغـان
مــەردانە دەبەخـشی گـیـان لە ڕێی دڵ
هـەر تـۆی لـە مـــــردنـێ نـاکـــــەی سڵ
لەو ڕێگەیە خـــێـــوی نـێـــوی بـەرزی
داخـم کـــــە دەچـیـــتـــــە بـەر دەڵەرزی
نـاوێســـتـی گـــەڵێک لە رووی ئـەوینـێ
هـەر کـــاڵی دەڕۆی لـە ڕۆی زەمـــیـنـێ
زۆر شـــەرمـــە پەڵەی دەکـــەی ئەوەندە
لـەرزینـە کـــــە تـۆزێ نـاپـەســـــەندە
خـــــۆ رانـەگـــــری لـە کـــــاتـی تـاڵی
مـــەرگت بـوێ پوخـــتـــەنیت و کـــاڵی
دڵدار نـەمـــــــرە لـە رووی زەمـــــیـنـێ
کـــــەی ســـــووتن و مـــــردنـێ دەبینـێ
گـــــەر پـوخـــتـــــە بـبن لە ڕێی ئـەوینـێ
کـــــاتـێ دەمـــــرن دەکـــــەونـە ژیـنـێ
لـەشـــیـــان کـــــە نـەمـــــا یـانی پـاکن
بـەم بـۆنـەوە بـێگـومـــــــان و بـاکـن
هـەرچـی کـــــــە دەدی دڵـی دەبـزوانـد
دەتدی کـــە هـەمـوو شـتـێکی دەدواند

تەنیـــا لە کـــەســـانی پیس و ناڕاست
نێـــوانـی دەگـــرت و خـــۆی دەپاراست
لەزمـانشـڕی دووڕوو و بەدگـومـان بوو
هـاوڕازی هـەمـــیـــشـــە بێ زمـــان بـوو
ســـەرتا بـەپێ نوقـمی گـۆمـی خـــەم بوو
ژینـی هـەمـــوو بۆ خـــەیاڵی مـــەم بـوو

سووتانی مەم لە دەردی دووری زینێ

مـــــــەم زۆرتـری زیـنـێ دەردەدار بـوو
خـــەم لەم کـــە یەکێ بوو لەو هـەزار بوو
رەنگ زەرد و بـەدەرد و بـار لە لێـــــوان
دێوانـە و شـــــێت و دایـە کـــــێـــــوان
پـەتیـــــارەیـی وای لـەســـــەر بووبـوو زاڵ
ئـارامی نـەمـــــا لە شـــــار و نـاو مـــــاڵ
وای گـــــرتبـــــوو ئاگـــــری کـــــڵی دڵ
چـاوی بـە یـەکی دەدیـن گـــــــوڵ و گڵ
دووی تیـنـوو لە دەشت و دەر لـەبـەر تـاو
بـێ هێـــز بکەون لـە تـاو قـــومـــێک ئـاو
لـــە پـــڕێـــکـــی بـــە تـــاوی ئـــاوی ژیـــانـــێ
دابـارێ لـە هـەوری عـــــاســـــمـــــانـێ
یـەک چۆنـی بـوێ هـەڵێـنـجـێ بۆ خـــــۆی
یـەک تـاقـــــــە دڵۆپـەیـەک نـەچـێ بـۆی
یـەک ژیـنـی نـەمـــــر بـخـــــاتـە بن دەست
یـەک بمـرێ هـەتـا هـەتـایـە بـێ هـەسـت
تـاژدین کـــــە نیـــــازی هـاتـە بەر دەست
ئەو رۆژە گـــیـــانـی مـــەم گـــڕی بـەست
بـرژابـوو بـە ئـاگـــــــــری ئـەویـنـی
گـــریان بوو بـە دۆست و هـاونشـــیـنـی
دڵخـۆشـیـی لـە بیـر نـەمـا کـە چۆن بوو
لاوێـنـی لـەلا شـــــتـــــێکـی کـــــۆن بـوو

کـــاتێ کـــە دەهاتە بەردەمی مـــیـــر
وەک بەندییـــەکی بـە کـــۆت و زنجـــیـــر
دڵگەرم و هەناســـەســـەرد و بێ ڕەنگ
دیوان هـەمـــوو لە ســـوێیـــانی دڵتـــەنگ
جـارەجـارە کـە دەچووە مـاڵی تـاژدین
بێـــــچـــــارە لەبـەر گـــــرین و نـاڵین
مـــەودای نـەبوو دەردی دڵ ببـــێـــژێ
بـاری دڵـی ژاری هـەڵبـــــــــــڕێـژێ
نـاچـار دەبـوو دەرکـــــەوێتـــــە دەم چـەم
دەیـدواند و لـە خـــۆی دەکـــردە هـاودەم

پەیوینی مەم لەگەڵ چەمی دەجلەدا

دەجلە چتـــــە هێندە بێ وچانی
وەک ئـاوی دوو چـاوی مـن رەوانـی
تۆش وەک دڵی ئێـمـــە پڕ شـــەپۆلی
تۆش هۆگـری دەشـــتی چۆل و هۆلی
شـێـتی وەکـو من بە پێچ و گـێـژی
هـەر نـاڵـەتـە هـاتـەران دەبێـــــژی
وەک من نـەپشـووت هـەیە نـەوەسـتـان
تۆش داوتە دڵت بـە دیدەمـــەسـتـــان
کـێت هێندە لـە ناو خـــەیاڵ و بیـــرە
گـرتووتـە هـەمـێـزی خـۆت جـزیرە
ئـەم شـــارەیە گـــەر نیـــاز و دڵخـوات
خـۆش بـەختـی گـەیشـتـوویت بـە ئاوات
جـەرگـــەی دڵی تۆیە نـیـشـتـمـــانی
هـەردەم لـەگـــەڵی دەســـەوملانی
دڵخـــۆش بکە بەســـیـــە داد و زاری
لـەو خـــوایـە بکە ســـوپاسگوزاری
شـێـتی کـە دەمێ بەجـێی بهـێـڵی
بـەغـدا چیـیـە تۆ لە شـوێن چ وێڵی
بـەهـرەی مـنـە گـــریـە و هـەنـاســـە
درواوە بـە بـەژنم ئـەو کـــــراســـــە
جـــــاریک بـە دڵی مـنـا بـبـــــووره
بـابـزانی کـــە دۆژەهـیش چە جـــووره

ســـــەرچاوەی چاوی من ببـــــینە
خـــــوێناو دەڕژێ لە گـــــۆلە شـــــینە
بـۆ دەردی دڵـم کـــــــــە دوورە چـارە
چاو بـۆچی لە چی هـومـــــێـــــدەوارە
وەســـتـــانە و نـێـرگـزان و ســـەقـڵان
دەروازە و هـۆمـــــــەران و مـــــــەیدان
ســەیرانگەی تۆن و لێی دەکەی گـەشت
مـن مـــاوم و هـۆگـــری چیـــا و دەشت

رووی وتاری دەکاتە شنەبا

هیـــچی نـەدەگـوت کـــەسی دەگـــەڵ با
ئـاخـــافـــتنی بوو تـەنـێ دەگـــەڵ با
ئـەی ناسکی نـادیار وەکـــو گـــیـــان
پەروەردەی تـۆن هـەچی گـوڵ و گـیـان
رێگـەت هـەیە بچـیـە لای هـەمـوو کـەس
هیـوامـە کـە گـیـر نـەبی دەمـودەس
نـامـــــەم بگـەینـە کـــــۆشکـی یـارم
بـە گـــــرانـی مـــــەزانـە دەردەدارم
کـــۆشکی بەڵـەکـــە و مـــەزن نشـــینـە
شـــــازادەی کـــــورد ببـــــینـە زینـە
پێـشـــان کـــە دەچی بـە چاپووکـــانـە
مـــــاچی بکـە دەرک و ســـــەردەرانـە
کـــاتـێ کـــە دەگـــەیتـــە روبەڕووی یار
ســـەر دابنـەوێنە بـۆی گـــەڵێ جـــار
رووی تـێ کـە بـەهـێـمنـی و لەســـەرخـۆ
تـای بـسـکـی نـەلـەرزێ بـا لـەبـەر تـۆ
راوەســتـە لـە پێـشی دەست بـەسـینـە
خـــۆشی لـە تـۆ تێـــر گـــوڵم ببـــینـە
کـــوڵمی مـــەدە بـەر گـــڕی هـەنـاســـان
زۆر نـاسکـە بـا نـەبـێ هـەراســـــان
نووســراوە کـە بـەخـوونـی دڵمـە رەنـگی
لێکی کـــەوە ســـووکێ بیـــدە چـەنـگی

گـــەر خـــۆیندیەوە کـــەم لە دەم بنۆڕی
راســـــپـــــاردەی چابە دڵ نـەگـــــۆڕی
لـە زمـــــــــان مـنـــەوە بـڵـێ بـە زاری
ئـەی ڕۆژی بە تیـــشکی کـــوردەواری
ســـــــــەرچـاوەی ئـاوی ژیـنـی لاوان
ڕووناکـــــــیـــــــدەری گـلـێنـە چـاوان
جـوانتـر کـر و ڕەنگی دەسـتی یەزدان
وێنـەی تـۆ لـە کـــــامـــــە بـاخ و ڕەزدان
پـەسـنـت چ بـدەم ئـەوەنـدە جـــــــوانـی
وەک هـەرچی بـڵـــێـم جـــوانـی وا نـی
ئـەی شـــــاهـی جـــوانـی پـادشـــــایـان
وابـاشـــــە لەبیـــر نـەکـــەن گـــەدایان
تـا دەرچـێ بـە دادپـەرســـــــتـی نـاوت
بیـــانکوژە بـە تیلی مـــەســـتی چاوت
لـە گـــونـاهـی هـەژاری خـــۆت ببـــووڕە
لێم ڕوون نـیـــیـە گـەرچی ئـەو چ جـورە
هـەر هـێـنـدە هـەیـە دڵـێـکـی مـن بـوو
ڕۆژگـــــارێ لـە لام بوو ئـیـــــدی ون بـوو
گـــوایـە پـەری دەســـتی لێ وەشـــاندم
تـای ژیـنـمـی بـڕی و دڵـی ڕفـــــــاندم
کـــاتـێ لەگـــەڵـم هـەواڵ و جـــووت بـوو
زۆر بادی هـەوا و بـەشـات و شـووت بوو
لاســـــــــــار و بـــزۆز بـووە دیـارە
گش کـــەس بـەشی خـــۆی گـونـاهبـارە
بـۆ دانـەیی خـــــاڵ چوو کـــــەوتـە داوا
گـــیـــــراوە لـە بـەندی بسکی خـــــاوا

هـەرچـی لـەگـــــــەڵـی بـکـەی رەوایـە
بمبـــــووره کـــــە بۆی دەکـــــەم تـکـایـە
بیـــبـــەخـشـــە گـــەلێ نەزان و خـــاوە
بـەو پـرچـە رەشـــــــەت پـەنـای هـێـنـاوە
بەخـشـینـی گـوناە هـەرچـەند کـەمـیـشـە
بەخـشـــەندەیی خـۆشـتـرە هـەمـیـشـە
ئـەی ســـــروەی نـەرم و پـاک و خـــــاوێن
بەســپـایی هـەڵسـتـە مـاچ کـە داوێن
تـوخـــوا شـنـە کـــاتـێ دەردەچـی و دێـی
بـۆم بێنـە کـــەمـــێـک لـە تۆزی بـەر پێـی
تـۆزێ کـــــە لـە ســـــۆلـی ئـەو ســـــواوە
دەرمـــــانـی دڵـە و ســـــۆمـــــای چـاوە

سەرکۆنەی دڵی خۆی دەکات

جـــەنگی بـوو چەلێک دەگـــەڵ دڵی ژار
ئەی نـاکـــــەسی پێنەزانی لاســـــار
تـۆ دڵمـی لـەگـــــــەڵ مـنـا نـەیـاری
داد ناگـرێ فـــەهـێـد و شـــەرمـــەزاری
بۆ کـوێ چـوو ئەوەندە سـوێند و پەیمان
خـۆت چووی و هـەزار گـوتەت لە پەیمان
هـیـچ بـێ ئـەمـــــەگ و نمـەک وەکی تـۆ
هـەرگـیـــز نـەبووە و نـیـــیـــە تـەکی تـۆ
بـێ گـــفـت و بـەڵێنی چـەوت و چـێـــڵـی
بـڕیار ئـەوە بـوو بـەجـــێـم نـەهـێـــڵـی
دەتـوت کـــــە لەگـــەڵ تـۆ راسـت و پاکم
ئـــازام و بـــەدوور لـــە تـــرس و بـــاکـم
ئـــەی بـــۆچـی لـــەبـــەر ئـــەوێن هـــەڵاتـی
ئەی بۆچی دەڕۆســـتی خـــەم نـەهاتی
بۆ خـــۆشـی و شـــادییـــان هـەواڵ بووم
نـامناسی کـــە تووشـی رۆژی تاڵ بـووم
بـڕوانـە گـــیـــــان چ مـــــەرد و رەندە
بـێ هـێـــــز و زەبوون و کـــــز ئـەوەندە
جـێگیـــرە لە گـــرتووخـــانەکـــەی لەش
شـــــاییم چ بـە تـۆ بـێ ئـەی دڵی رەش
تۆ چۆن دەبوو گـــیـــان بـەجـێ بـهـێـڵـی
گـــیـــانت نـەبـێ پارچـەیـەک لـە سـێـــڵـی

زیندوویەتی تۆ لە پیـــتی گـــیـــانە
رووناکـــیی زەوی لە عـــاســـمـــانە
بـێ مـــــــۆم و چـرا چـلـۆن دەوێـری
تـاریکیـــیـــــە رێنەزان و کـــوێری
بۆ یار دەچی یار لەناو گـــیـــاندا
هانای ببـــە بەر کـە پێت نیـشـان دا
تـــۆ ئـاوێـنـــەیـەکـی رووونـــوێـنـــی
گـــیـــانت کـــە لەبەر نەبێ چ دینی
لێی دوور مـــەکـــەوە دەسم بەدامـــان
هـیچ ناکـــرێ پاشـــەرۆژ بـە دامـــان
هـەر دەرچـی لە رێگە نایە ســـــەر رێ
چاری ســەری خـۆت کـە چاری دەبڕێ
پێ مـــەبڕە لە دەرکی ئەو بەهیـچ جـۆر
تـا بـاڵ نەشـکـاوە بـفـــــــڕە بـۆ ژۆر
بۆ کـوێ دەچی چیـتـە بۆچی ون بووی
یادت نیـیـە تۆش بەشـێک لەمن بووی
خـۆ ون مـەکـە خـۆ نە گـێـژ و کـاسی
خـــۆ ناس بکە تا خـــواش بناسی
پێت وایە بەبێ مـــە چوویە لای گـــوڵ
گـــوڵ لای منە تۆ گـــەییت بە پێکوڵ
بە ژن و کـــــەزیـیـــــەک لە تۆ دیارە
راکـــێـــشت دەکـــاتە پای قـــەنارە
چی وێڵی لە شـــوێنی ئەو خـــەیاڵە
بۆ یار دەگـــــەڕێیت و یار لە مـــاڵە
بڕوایی مـــــەکـــــە بەوردە خـــــاڵان
مـــاڵت مـــەدە زەنگیـــیـــان بەتاڵان

پێـوەند مـەکـە خـۆت بەداوی بسکان
بـەس بۆ دەم و لێـــو بدە هـەنیـــسکان
زەردەشت دەپـەرســـتی ئـەی بەڵاگـــر
نێـــزیکی بەســـە دەکـــەویە ئـاگـــر
جـــۆری تۆ هـەزار مـــــەلی بـریندار
شـــینگێـــڕی بکەن بـە داد و هـاوار
مـن جـــۆری پـەپـوولە دەبمـە قـــەقنـەس
تـێ ناگـــەینم لـە رازی خـــۆم کـــەس
ئـەی دڵ دەتەوێ لـە خـــۆشـــیـــیـــا بی
تـا وابـێ هـیـــوات نـەبـێ کـــــە چـابی
پرســـــیم لـە بـژیـشـکی ژیـر و چـازان
بـۆ تـۆ وتـی: داخ و دەردە دەرمـــــــان
پـارێـزی بکـەی لـە خـــۆش و خـــۆشـی
شـــــیـــــرن بـڕژێـنـی تـاڵ بـنـۆشـی
چـیـــت ئـــارەزووە زیـــانـــە بـــۆ تـــۆ
خـــــــەم چـارەتـە ژان ژیـانـە بـۆ تـۆ
هـێـنـد دەردەدڵـی لـە کـن دڵـی گـــــوت
بـەو خـــاکـــە ســـەرەدڵـی دڵـی ســـووت
وەک ئـاگـــرێ بـەربـدەیتـــــە هـەژگـــەل
دای گـــرتـە چـڕە چـەمـــان و دووکـــەڵ
قـورمـی رەشـی خـسـتـە بان مـەڵاشـوو
مـێـشـک و ســـەری ئـاخنـی تـەپ و دوو
ئـــاوێـــنـــەی رووئـــی هـــۆش و ژیـــری
وا لێـڵ بـوو چشت نـەمـــــا لـە بیـــــری
وەک هـەورە رەشـێـکی ســـەربـەخـۆ بوو
هـەوراز چـوو لـە عـــاســـمـــان وەکـــو بوو

خـــــۆیناوی هـەناو و چاوی پـڕ تـەم
دابـاری بـەڕێژنـەیـەکـی کـــــەی کـــــەم
تەرزە کوتی و وردی جـەرگ و سی هات
لەم شـــەســتـــە رەهـێـلّـــەدا لەهـی هات
لافـــــاوێ لـە دەردی دڵ هـەڵسـتـــــا
مـــەم پـێی نەدەوەست و پێی نـەوەسـتـا
پێت وابـوو کـــــە دەجـلـە و فـــــوراتن
جـــەیحـوون چـووە پاڵ و هـەر سێ هـاتن
هـەرچـەندە بـە شـــــیـنـی ئـەو ئـەوێندار
شـین بـوو لەدەم ئـەم چـەمـــە سـپـیـندار
ئـەو دەشـــتـــە بـووبـوو بـە بـاخ و گـوڵزار
تـا چـاو بڕ دەکـا هـەمـووی گـوڵ و دار
ئـەو بـولبـــولی هـێندە ئـارەزوومـــــەند
بـەندی لـەشی لـێ بـووبـوو بـە پـێـــوەند
تـوڵـی رکـــــــە لێـی وەراند پـەڕ و بـاڵ
پۆشـرابوو بـە مـووی سـپی سـیـاخـاڵ
بـاڵای وەکـــو ســـــەوڵی بـوو کـــەوانـی
ئـاوا بـووبـوو مـــــــانـگـی نـاوچـەوانـی
سـەرکـوڵمـەیـی سـێـوی زەردە بـێ بـوون
شـــوێن داخـی لـە ئـاوی چـاوی لـێ بـوون
وا بـووبـووە شـــــەڵاڵ لە ئـاو و خـــــوێنا
ئـاوێـنـــەی رەنـگـی ژەنـگـی هـێـنـا
چـی تین و تـوان و هـێـــز و بـیـــر بـوون
هـەڵیـــان نـەدەکـــرد و لێـی زویر بـوون
چـل رۆژ و شـــــەوان کـــــەوت لەدەم چـەم
زیندوو بوو بـەدەم بـەڵام بـە حـاسـتـــەم

دەرچوونی میری بۆتان بۆ راو و نێچیرێ

نێچیرگری دەنگ و باس و خواسان
وا ریزی وتاری خۆی دەدا سان
رۆژی هەڕەتی بەهار کە خۆشی
دار و دەر و بەرد و هەردی پۆشی
بە گیا و گوڵ و چلووکی بە کڵووک
رازاوە جیهانە پیرە وەک بووک
هەر یەک لە نواڵ و کێو و دەشتی
بووبوونە برەو بەری بەهەشتی
هەر باخچەیە وەک بەهەشتی گەورە
سەرچاوەی ئاوی ژین لە دەورە
هەر کێوە لە جۆری کێوی تووڕێ
موسا دەبوو پاپەتی ببووڕێ
هەر چۆمە لە جۆری هەژدیهایەک
هەر داڕێ بەزاری خوێ خوایەک
هەر سوورەگوڵێ گڕێکی بێ تین
هەر چیمەنێ شین و شادی بێ شین
چی بولبولە کردبوویە گاڵە
هەرچی مەلە بووبووە هاوپاڵە
گاکێوی و ئاسک و مامز و گۆر
کەو قاز و قورینگ و کۆتر و پۆڕ
گەلگەل دەچرین لە کێو و شاخان
پۆلپۆل دەفڕینە مێرگ و باخان

ئەو کـــاتەیە باوی گـــەشت و راوە
هـەر کـەس کـــوڵی دڵ دەنێـــتـــە لاوە
فـــەرمـــانی ســـەرۆکی کـــوردەواری
وابوو کـــە بەیانی خـــەڵکی شـــاری
گش خـــۆرت و جـــوان و پیـــر و لاوێ
بـابـێن لـەگـــــەڵم بـچـــــیـنـە راوێ
زوڕنـا و کـــەڕەنـا و دەهـۆڵ و دنبـــەک
بێـنن هـەمـــوو بێن بـە چـەک چ بـێ چـەک
نێـــــرینـە بمـێنـنـەوە لـە مـــــاڵان
مـــــاڵ و ســـــەریـان دەدەن بـە تـاڵان
ئـامـــــــادە بـەچـەک ئـەوانـی بـوویـان
هـەر کـــون دەبەیان نەبوو هـەمـــوویان
کـــۆبوونـەوە گـــشت لە دەوری شـــارا
رووت و بـەشـــــمـــــەک هـەژار و دارا
پێـخـواس و بـەکـەوش و مـیـر و ئاشێـڕ
سـەربـەرز و نـەوی و بە پێ و شـەل و گێڕ
هـێـنـدێک چـەکـــە چـەک بـڕێک بـە پرتـاو
بـەو بـەزم و هـەرایە گـــەیـنـە جـــێـــڕاو
دابـەش بـوو شـکـار لـە مـــــاهـ و زەنـوێر
جێ لـەق بوو ورچ رەوین گـــور و شـــێـــر
هـەوهـەو گـــوڕەگـــوڕ لـە جـــۆری هـەوران
پـــێـــی تـــۆقـــی دڵـــی پـــڵـــنـــگ و بـــەوران
بـەگـــــــزادە و پـاڵـەوان و ســـــــەردار
هـی گـــورز گـــران و ســـووکـــەڵە ســـوار
دەگـرن سـەری کـێـو و دەشت و قـەدپـاڵ
دەکـــوتـن دەجـنـن بـە گـــورز و گـــۆپـاڵ

دەگـــــرن دەدڕن وەزیر و مـــــیـــــران
ئاسک بـە کـەمـەند و شـێـر بـە شـیـران
تـاژی و تووڵـە پێـش بە پـێـــشی پـێـــڕەو
ڕاوپـچـکـە دەکـــەن کـــە هـەڵـفـــڕن کـــەو
دەگـــــرن بـەرەگـــــە بـە بـاز و تـەرلان
کـــەرۆێشـکی وەدەر دەنێـن لەســـەر لان
ژێ دەکـشـن و تیـــر بـە گـــەل دەهـاوێن
بـاڵـنـدە دەکـــــــەونـە دەشـت و داوێـن
کـێ دێ بـەزەیـیـی بـە بـێ زمـــــــانـان
دەمـــرن دەمـێ بـەزمـــە بـۆ مـــەمـــانـان
ئەســـپی ڕەســـەنی حـــدوودی گـوێبـــەل
گـرتـیـیـە خـــەنە کلک و یـاڵ و چوار پـەل
با کـێـشـــەوە کـــەن لە گـۆشت هـەژاران
ســـاغـــان بـە خـــۆڕا بـەرن ســـواران
ئێـــــواڕە کـــــە هـات و ڕاو بـەتـاڵ بـوو
دڵـخـــۆش هـەمـــوو لایـە ڕوو بـەمـــاڵ بـوو

پەسنی باغی میری بۆتان دەدا

میر بووی لە تەنیشتی کۆشکێ باخێک
چۆن باخ لە دڵی بەهەشتێ داخێک
تانجێکی گوڵان لەسەر جیهانێ
دارسووبوو سەری لە عاسمانێ
باڵندە ئەوەند بوو لەو بەهەشتە
راست بووبووە بەهەشتی پڕ فریشتە
کاژ دەستەملان لەگەڵ سنۆبەر
نێوان بوو لەناو چنار و عەرعەر
نارنج و بەهێ لە رەنگی زینێ
زەردی کەسەر و کوڵی ئەوینێ
خورما و هەنار و سێوی داران
لێو و مەم و کوڵمی نازداران
شەوبۆ و وەنەوشی تازە دەرچوو
لای پۆلە گوڵێکی کات بەسەر چوو
گوڵ پیاڵەیی گەوهەری لەسەر چنگ
سەر ڕێژ لە تنۆک تنۆکی ئاونگ
دێراوە رەزی تەکووزی ڕێز ڕێز
گیرابوو لە کەسک و سوور پەڕاوێز
پێت وابوو ستێرەناسی زانا
ساڵپێوی لەواندەرانە دانا
دەتدی هەموو شوێن و چاوە چاوە
شینایی لەناوە دەوری ئاوە
هێرۆی ڕەش و سوورگوڵی شەق و گەش
لاسا بوو لە خۆشیی دڵ و بەخت ڕەش

ژوانی زین و مەم لە باغی میردا

ئەو ئاسکی نێچیری راوکەری خەم
چاو ســـوور و تەڕی نەدیتنی مـــەم
ئەو تازە نەمـــامی باخی جـــوانی
ســیس و کـــزی دوور لە باخـــەوانی
پێـــوەندی ئەوین بەکـــۆت و زنجـــیـــر
مـــامـــزێکی مـــەمی دەکـــردە نێـــچـــیـــر
ئەو ڕۆژە کـــە دەرچوو کـــاکی بۆ ڕاو
شـــــوفـــــار و نەیار بڕان لەبەر چاو
نێـــــرینە نـــەمـــــا لە باخ و مـــــالاّ
خـــەرمـــانی خـــەیاڵ لە دەوری هـالاّ
تا هـەل هەیە هـەســتـە ئەم جـیـــهـــانە
چـەپـگـەڕە نـەســـــــــازە بـێ وچـانـە
تا دەرفـەتە ســەیری گـوڵ کـە ئەی دڵ
ترسم هەیە زوو بـچـــیـــتـــە بن گڵ
گـــەشـــتـــێکی بکە لە دەم دەراوێ
تـاوێ لـە مـــــەلان بگـێـــــڕە چـاوێ
بیـســتـوومـە هەیە یەکێ بەختـڕەش
وەک ئێـــمـــە بە ئـاخ و داخ و بێـبـــەش
ڕۆژ نـاڵـە دەکـــــــات و داد و هـاوار
بـەخـــوێنی دڵی دەژی بە شـــەوگـــار
بێـــچـــارە لەدەوری گـــوڵ دەدا خـــول
ئـاوارە مـــــەلێکـە نـاوی بـولـبـــــول

دەرمـــــــــانـی دڵـی مـنـی لـەلایـە
بیـــــبـــــینـم و لـێی بکـەم تکـایـە
وا خـــوایـە دەڵێم بەگـــفـت و پـەندێ
ڕێـم پـێ بـڵـێ دەرکـــــەوم لـە بـەنـدێ
خـۆی دزییـەوە کـەوتە بـاخ و گـوڵزار
بـێ تـایەن و ســەرسـپی و پـەرسـتـار
کـــەم ســەیری گـــوڵان دەهـاتە بیـــری
زۆرتـر دڵـی دەچـووە گـــۆشـــەگـیـــری
بـاخ بـۆیـە بـوو چـۆڵ و دوورە خـــــەڵکـە
بـۆ گـــــریـە و داد و شـین بـە کـــــەڵکـە
بـاڵای وەکـو سـەرووی خـسـتـە سـەر گڵ
فـــرمـــێـــسکی رژانـدە بـن گـــوڵ و چڵ
مـــێـــلاقـــە لـە تـاوی پـەڕپـەڕی کـــرد
خـــونچـــە لـەگـــەڵی بـەرۆک درێ کـــرد
هـــەر داری وەکـــی وی لـــەش بـــەبـــارێ
پـشـکۆ بـوو هـەمـــــوو گـــــوڵی هـەنـارێ
لایـان کـــە دەسـی دەکـــرد بـە بـاســـان
خـــۆیـان دەهـەژانـد لـەگـــەڵ هـەنـاســـان
لـە ســوێی وی لـەســـەر لـک و لـە هـەر پـەل
گـــاڵـەی بـوو گـــــەڵا بـە نـاڵـە بـۆ مـــــەل
فـــرمـــێـــسکی ئـەوەنـدە رشـت لـە چـاوان
ئـاڵ و گـــەش و ســـوور بـوو ڕەنـگـی ئـاوان
سـیس بـوو گـوڵ و شـینکـە کـەوتـە نـاو هـەش
ئـاهـــی لـە هـــەوا بـــووە پـــەڵـە و کـــــــەش
بـولـبـول خـــەمـی خـــۆی لـە بیـــر نـەمـــابـوو
بـۆ ئـەو لـە پـەژارە و و خـــــەمـــــا بـوو

زۆر چاوی گەڕاند لە دۆست و هاودەرد
دایبەستە وتار لەگەڵ گوڵی زەرد
تۆش وەک منی رەنگ لەڕ و پەڕیوی
تۆش ئاخۆ ئەوین دڵی بڕیوی
تێڕاوی هەزار پەڕی تەیاری
ئەی چیتە کە زەرد و کز دیاری
تۆش دڵ بە کوڵ و خەمی وەکی من
تۆش دیارە کە بێ مەمی وەکی من
بولبوڵ لە گوڵی گوڵاوە کڕیار
تۆش وەک منی دوور لە دڵبەر و یار
پێم خۆشە کە ببیە هەمدەمی خۆم
دەردی مە یەکە و منیش وەکی تۆم
خوشکێکی منیش وەکو گوڵی سوور
دڵداری گەیشت و ما لە من دوور
من ماوم و بولبوڵێکی داماو
بۆ یەکدی جگەربڕاو و ساووتاو
بێچارەم و چارەڕەش وەکو ئەو
رەنگ زەردم و رۆژ و بەختمان شەو
هەر جارێ کە بمدیایە تەنیا
بڕیارە گلەم نەبێ لە دنیا

مەمیش بەرەو باغ دەڕوا

چی دێتە سەرت لە راست ئەگەر چەوت
هۆیەک هەیە دێتـــە ڕێ بە هەڵکەوت
دوو یار هەیە دڵســـــووتاون بۆ یەک
لە پڕێکی بۆیان دەڕەخـــسێ هۆیەک
ڕێکەوتی دەبێ و دەگـــەن بە دڵخـــواز
نیـازیان چیـیـە تووشی دێن لە ڕێبـاز
مـــــەم هێندە لەشی گـــرانی ئازار
ڕۆژێ کـە نەمـابوو کـەس لەناو شـار
کـــەوتە ســـەری بیـــری دینی زینێ
بیـــمـــاری نەهێـشت گـڕەی ئەوینێ
هـەســـتی نەدەکـــرد بـە لەش بەباری
چـاک بـوو بـە هـــەوای دیـداری یـاری
شـــێـــواویـێ کـــەوتە ناو دەروونی
دەرچوو بوو لە دەســـتی دەرنەچوونی
ئاواتـی دڵی دەچـوو لـە پێـــــشـــــا
وەک خـدری نەمـر دەسی دەکـێـشـا
سـەرکێش بوو دڵی پسـاندی هەوسـار
هێـدی نەبوو تا گـــەیشـتـــە گـوڵزار
زینێک کـــە بەرۆژ و شـــەو دەم و ژەم
گـیـــرابووە ناو تەمی خـــەمی مـــەم
دەیویست هـەر ئەوەند بژی بە ژینـێ
جـــاریک بەتەنێ مـــەمی ببـــینـێ
روانی لە نەکـــاو مـــەمـــە و لەدەر هات
وا داری هـومـــــێـــدی بۆ وەبـەر هـات

عیسا گەیی بۆ نەخۆشی حەستەم
بووراییەوە دڵ گـــــــــــرێ درا دەم
تاســـاو تلی دا دڵی و ســـەری خـــول
پێـــســـیـــری درێ لە تاوی بولبـــول
بـێ هێـــز و توان کـــەوت بە بێ هۆش
سەرچیمەنی کرد بەبەژنی گوڵپۆش
مـــەم هات و لەگـوڵ خـشـاندی چاوێ
وێســـتـــا لە پەنای وەنەوشـــە تاوێ
ئەی گـــوڵ وتی گـــەرچی نازەنینی
کـوا وەک پەڕی کـوڵمی سـووری زینی
لاوچاکی هەرچەند وەنەوشی پەڕگـەش
ڕێت ناکـەوێ بـچـیـە پاڵ کـەزیی ڕەش
هـۆ بولبـــول ئەگـــەرچی دەردەداری
ســـووتاوی گـــڕی گـــوڵی بەهـاری
تاقـە گـوڵەکـەم لە گـوڵتـە گـەشـتـر
خـۆشـم لە تۆ بەخت و چـارە ڕەشـتـر
دڵداری بـەڕاســـــــــتـی مـنـم مـن
بێـــهـــووده ژیانی خـــۆت دەکـــەی ون
گـــوڵ هەر نـە یەکـێکە ســـەد هەزاران
دەڕوێن لـە زەوی هـەمـــــوو بـەهـاران
هـەر دڵبـــەرێ چـەشـن و جـــۆری زۆرە
بـێ نـرخـــــــە هـەچـێـکـی زۆرە بـۆرە
هەر جـێـیـە دەچی گـوڵ و گـوڵۆکـە
هەر جـاییـیـە گـوڵ گـەڕۆکـە سـووکـە
ئەو ســـووڕە گـــوڵەی کـــە من بژاردم
دامـێ دڵ ئەوینـی پـێ ســـــپـــــاردم

وێنەی لە جـیـهـان نـیـیـە یەکی تر
نـایـبـێ زەوی چـەشـنـی زیـنـێ چی تـر
دڵداری گـــوڵێکی وا کـــە نـەمـــرێ
چ بکا و بـە چ بـارێ چاری دەکـــــرێ
ســەرگـــێـــژ دەگـــەڕا بەدەم گـــرینـێ
لـە پڕێکی گـــەیشـــتـــە بـەژنی زینـێ
ئەو زینـە کـە بووی دوو سـەد پەرسـتـار
ئـەو بـەژنـی لـە پـەلکی گـــوڵ بـە ئـازار
خـــۆی داوەتە ســـەر گـیـاوە بـێ هۆش
تومـــەز لـە مـــەی ئەوینـە ســـەرخـــۆش
ئـەو گـــەوهـەری بـێ هـەواڵە لەو شـــوێن
بەرچاوی کـــەوت مـــەمـی جگەرخـــوێن
لەرزی وەکـــو ئاو و چوو لە ســـەر هۆش
پێـــڵـــووی چەمـی بوون لە زینی پاپۆش
فـــرمـــێـــسکی پەڕینـە لاقی زینـێ
دارگـــوڵ وەگـــەشـــا بـە ئاوی ژینـێ
ئـاونگی تکاند و خـــونچـــە پشکووت
زین ژیـایەوە مـــەم بـە تیـــری ئەنگووت
بڕوای نەبوو چـاوی مـــەســـتـی زینـێ
پێـی وابـوو مـــەمـی بـەخـــەو دەبـینـێ
هـەر تاکـــو مـــژی گـــومـــانی لاچـێ
ویســـتـی دەمـی تەڕ بکا بـە مـــاچـێ
خـۆی هێـشـتـە گـەلێک نـزیک نەکـردوو
بۆی ژیـاوە نێـچـیـری نـیـوە مـــردوو
چۆن ژینـێ گـەیشـتـە مـەم کـە هـەسـتـا
زینـی لە تەنیـشـت و دەست لە دەسـتـا

لەو خۆشییە هەردوو گێژ و وڕ مان
بێ ورتە و لاڵ و پاڵ و کڕ مان
داخواز بە دڵە و بەڵێن بە چاوە
تا کاتێ گڕێی زمان کراوە
ئەم جارە بە گازنان و نازان
بەربوونە گلە و نیاز و رازان
دیتیان گلەیی لە دەردی دووری
بێ بەهرە بوو کاتی پێ دەبووری
با دەستێ دەبەژنی یەک وەرێنن
ریشەی کوڵ و کۆ لە رەگ دەرێنن
دووی تازە نەمام لە یەکدی هاڵان
تاڵانە مژینی لێو و خاڵان
نۆشییان مەی دڵتەڕی لە لێوان
نە ژمارە لەوێ هەبوو نە پێوان
کوڵم و چەن و لێو و سنگ و گەردن
هەریەک دەم و دەستی بۆ دەبردن
سەر بوونە گران لە سووکە ماچان
هەر دەرد و کەسەر بۆ دادە پاچان
زین بووبووە گڕ ئاگرێکی حەستەم
پڕ تین و دەئایسا لەبەر مەم
مەم بووبووە پەپوولەیەک مەرگ کڕ
پەروانە بوو خۆی دەخستە سەر گڕ
بیگوێزنەوە ئاشکرایە جێ و شوێن
زۆر خۆشە تلانەوەی لەسەر نوێن
لەو باخە هەبوو چ سەرسەرایەک
ئاوێنەی جەم جیهان نومایەک

مـــەم پیـــادە و زین لە باوەشی مـــەم
وا دەســـتـــەمـــلان و دەم لەناو دەم
ســەرکـــەوتن و گـــەینە شـــانشـــینان
هـەڵچـــوو گـــڕی دڵ لە دڵ بـە تینـان

زین وا دەمی مـــــەم دەبمژە لێـــــوان
مـەم وا مـەمی زین دەبوگشـە سێـوان
با چاو بەبـەفـر کـــەوێ لەســـەر سنگ
بـا پـڕ ببـێ قـــــوڵکی مـل بـەئـاونگ
خـــۆی گـــەردنی یـەکـــتـــری بنۆشن
مـەست ببن و لـە شـەرمێ چـاو بپـۆشن
تـۆڵـەی دەمـی دووری ســـــــێـنـدراوە
هـەر نوێژێ کـــە رۆییـــبـــوو گـــەڕاوە
ئەو نـوێژە کـە مـاچ دەچێـتـە جـێگەی
هـەڵدەگـــرێ ســـەرت بـچـێ لـە رێگـەی
ئـازاد بـووبوو لـەش لـە پـێ هـەتـا ســـەر
بێـجگـە لە نێـوانی چۆک و کـــەمـبـــەر
پـاوان بـوو نـێـــــوانـی رانـی هـەردوو
پاســـداری لـە پاکـــژی لـەســـەر بـوو
دڵداری بـە راست و پـاک و خـــــاوێن
چـاوی تـەڕ و ســـــوور دەبـێ نـە داوێن
ژەنـگ ناگـــرێ هـەرچـی زێڕی چـاکـــە
پـیس نـابـێ کـــەسـێ بـنیـــچـــە پـاکـــە
نـەخـــــوازە ئـەوین وەهـا بـبـــێـت زاڵ
رۆژێـک هـەڵێ هـەڵکـەوێ بـە چـەند ســـاڵ
چـۆن پـەسـنـی بـدەم دەبـێ چ بـێـــــژم
تـێ مـــاوم و کـــاس و گـــێـــژ و وێـژم

میر و راوکەر بەسەریاندا دێن

مـەیگێـڕ نەچی دەست لە ئێـمـە بەردەی
سـەرخـۆشم و مـەست بەڵان بەبێ مـەی
مـەسـتی کـە گـەیشـتـە نازەنینان
ورتـانـدی لـە مـن دەمـی بـریـنـان
هـەرچەند بە روالّەت مـەی پەرسـتین
راسـتی بـە مـەی ئەوینـە مـەسـتین
سـەوداگـەر و مـەستی دەستی تۆ نین
مـەسـتی مـەیەکی لەمـێـژ و کـۆنین
ئەو مـــەی نـە بـە رەنگ و بـۆ دیارە
ئەو مـــەی لە جـــوانیی کـــردگـــارە
دڵمـــان بـە خـــواوە بـەســـتـــراوە
هێـشـووی مـــە لە باغی ئەو چناوە
مـــەیگێـــڕ دەوەرە لە ڕێی خـــوادا
بـۆم تێ کـــــە پەژارە دەین بـە بـادا
لـەو بـادە کـــــە دەتـگـەڕانـد دوێنـێ
ســـەرخـــۆشی هـەتاهـەتا دەمـــێنـێ
بێـــهـــۆشی تیـــا ســـەرەونخـــوونـە
بەپـریشکێ دەروون هـەمـیـشـە روونە
هـەر تاقـــە قـــومـــێکی لێ بـچـێـــژم
یـەکـجـاری خـــەم و خـــەیاڵ بنێـــژم
لادەم لە ســـەرم ســـەرئێـشی دوێشـــەو
وشـــیـــاربمـەوە لە گـــێـــژی و خـــەو

هۆشم له دەسم نەچێ وەکـــو مـــەم
مـــەرگم بەســـەرا نەیە وەکـــو هەم
رۆژی تەمـــەنم گـــەیشـــتـــە ئێـــوار
ئاگـــام نەبڕێ لە خـــۆم بەیەکـــجـــار
هیـــــوای دڵـی ژار و هـەرزەکـــــارم
جـــێگایە هـەبێ کـــە لێی وەشـــارم
ئێـــوارە کـــە مـــیـــر لە راو گـــەڕاوە
لەو باخـــــە بە لەشکر و ســـــوپاوە
فـــەرمـــووی بەهـەواڵی دیوەخـــانێ
بـا دابـبـــــــەزین بـدەیـن وچـانـێ
لێ دەن کـــەڕەنا و دەهـۆڵ و شـــەپـــوور
ئاهـەنگ بگەڕێ بـە ســاز و ســەمـتـوور
بەریان دەنە مـێـشـــە ئاسک و گـۆران
بـریـان ببێ بـۆ مـــــــە سـنگـی پۆڕان
هـاوپیـــاڵە و بادەگـــێـــڕ نەکـــەن رەو
بەزمی مـــە لە کـۆشکی باخـــە ئەمـشـــەو
دیتـیـــان دەر و پەنجـەرەی لەســـەرپشت
پرسـیـــارێ دەهـاتـە ســـەر دەمی گـشت
کـــێـــیـــــە لە ســـەر و ژیان بووە زویر
پێی ناوەتە کۆشک و ســەر ســەرای میر
ئەو دڵتـــــەڕ و دڵســـووتاوی یەکـــتـــر
گـــیـــرۆدەی بـەند و داوی یەکـــتـــر
لـــەو بـــگـــرە و بـــەردە لـــەو هـــەرایـــە
لـەو زرم و کـــــــــوت و زەنـازەنـایـە
وشـــیـــار نەبـووبوون پێـــیـــان نەزانـی
گـوێبـیس نیـیـە مـەسـتی کـامـەرانی

مـیـر راسـتـەخـۆ کـەوتـە شـانشـینێ
جـــێـــژوانـی مـــەمـی هـەژار و زینـێ
گـــۆڕاندی کـــە کێ لـە ژین بـووە تێـــر
وێراویـەتی پـێ بنێـتـــە جـێـی شـــێـــر
تـاریک بـوو نـەکـــاری کـــەس ببـــینـێ
کـــوژایـەوە تیـــشـکی کـــولّـمـی زینـێ
مـــــــەم چـوو لـە نـوێـنـی پـالّـی داوە
زینیـــشـی وەشـــارت لـە ژێر عـــەباوە
بـەچـرا دەر و ژوور کـــە روون کـــراوە
بـەکـــــزێکـەوە مـــــەم وەرامـی داوە
بمبـــەخـــشـــە نـەخـــۆش و بێ بـڕەسـتـم
هـیـچ هێـزی ئـەوەم نـیـیـە کـە هـەسـتـم
گـەورەم تـۆ دەزانـی چـەند نـەخـۆش بـووم
تـا دوێـنێ بـە دوور لـە بیـر و هـۆش بـووم
ئـەمـــڕۆ کـــە ئـەتـۆ دەچـوویـتـــە راوێ
مـن خـــۆم نـەدەگـــرت لـە جـــێـگـە تـاوێ
مـــەم شـــۆڕەســـواری پێـشـــڕەوی مـیـر
بێـبـەش بـێ لـە گـەشـت و راو و نێـچـیـر
ســـــووتـا جـگـەرم نـەمـــــا ســـــرەوتـم
پـەتـیـــــارە و شـــــێـت وەچـۆڵـی کـــەوتـم
شـل بـوو لـە پـڕێـکـی هـێـــــزی ئـەژنـۆم
خـــۆم دیـتـــەوە وا لـە بـاغـــەکـــەی تـۆم
بـێ ئـەرکـە نـەخـۆش وتـی بـە مـــەم مـیـر
تـووشـت نـەبـوو هـیـچ بـە تـووشـی نـێـچـیـر
مـــیـــرم وتـی تـووشـی مـــامـــزێـک بـووم
چـۆن مـــامـــزێ تـووشـی دڵـدزێـک بـووم

سـەرمـێگەلی پۆلی چاو کـەژاڵان
رەوتـی دڵ و هـۆش دەبـا بـە تـاڵان
بۆی خـۆشی دەدا بە ئاسکی چینێ
چم دی وەکـو من چ کـەس نەبینێ
دەیڕوانی هـەرچەند بە نیـوە ئاوڕ
جـەرگم دەتوا دڵم دەبـوو سـڕ
پێم وابوو فـریشـتـە بوو نەئاسک
لە کـوێ هـەیە ئاسکی هێندە ناسک
پێش پێی تۆ لەناو هـەمـێـزی من بوو
تۆ هاتی و ئەو فـریشـتـە ون بوو
تـاژدین لـە وڕێنـەکـانـی زانـی
زین گـەییـوەتە ئێـرە بۆ ژوانـی
مـەم شـێـتـە وتی هەڵەی بپـۆشـە
نازانـێ دەڵێ چی زۆر نـەخـۆشـە
با لەو بگەڕێین ببـێـتـە ئاهـەنگ
با مـەی بگەڕێت و دەنگ بدا چەنگ
با تـاوێ بـەبـادە سـەرگـەرم بـین
بـۆ دەردی ئـەوینـێ دڵـنـەرم بـین

برای چاک بۆ رۆژی تەنگانە بەکارە

ئەو جـۆش و خـرۆش و بەزم و ئاهـەنگ
زۆرتر مـەمی کـرد زەبوون و دڵتـەنگ
تاژدین دی کـە مـەم گـەلێ کـەساسـە
لێـی پرسـی بـە چـاو بـرا چ باســـــە
مـــەم دەســتی لە ژێر شـمـــەک دەرانی
بسکی رەشی زینی دا نیـــشـــانی
پاپوکـــــەیەتی لە پشت مـــــەمی ژار
جـووتێ کـەزی رەش وەکـو دوو شـامـار
دی کـــــارەکـــــە گـــــەند و نـالـەبـارە
بـۆ رۆژی وەهـا بـرا بـەکـــــــــــارە
هـەر لاق و دەســــــــێـکی بـوو بـەبـاڵێ
هـەرچی زووە خـــۆی گـــەیاندە مـــاڵێ
ئـەســـتی وتی رەنگ لە روو نـەمـــاوی
کـێت دوژمنە چیـــتـــە داشـــڵـــەژاوی
تـاژدیـن وتـی مـــــــــاڵـە دوژمـنـی مـن
کـــــۆتێکە لە پـیـل و گـــــەردنی مـن
ســـــەرمـــــایەی گـــــەورە و گـــــرانم
بیـــــبـــــیـلـەی هـەردوو چـاوەکـــــانم
مـەم بوو ئەو و زیـن لە گـێـژی کـەوتوون
ســامـانـی مـە گـەر نەچێ ئـەوان چوون
گـــــەر ئـاگـــــرێ بـەرنـەدەینـە خـــــانوو
بـۆ چـاری ئـەوان نـەمـــــــا بـیـــــــانوو

مـــاڵ بـۆ مـن و بۆ تـۆ کـــۆڕپـه ســـاوات
ئـەم پیـــاوەتیـــیـــەم دەویست بە ئـاوات
بیســتـووومـه کـەســانی خـانـه سـووتاو
ئـاگـــــر دەکـــــوژێنـنـەوە بـەهـۆی ئـاو
مـــن ئـاوی بـــەڵا دەری بـــراگـــــــــــر
ئـەم شـــــەو دەکـــوژێنمـــەوە بـەئـاگـــر
مـــاڵ ئـاگـری گـرت لەســـەر هـەتا خـــوار
تـــاژدیـــن مـــلـــی نـــا لـــه داد و هـــاوار
خـــزم و کـــەس و کـــار و هۆز و هـاواڵ
یەک جێ هـەمـــوو بـازی دا رووەو مـــاڵ
هـەرکـەس کـه لـه بـاغ و ســەرســەرا بـوون
تـاقـــێکـی نـەمـــــا بـەرەو هـەرا چـوون
مـــەم مـــوژده دەدا بـه زیـن کـــه تـاژدیـن
بـڕوانـه کـــــه چـی لـەبـاره کـــــردیـن
دەریـای خـــــەمـی لـێ وشـک هـەڵێـنـاین
بـه گـــــڕێکـی لـه دۆژەهـــی دەرێـنـاین
تۆ هـەســتـــه بـچـۆره کـۆشـکـی شـــایـی
مـن تـووڕ بـده ئـاگـــــری جـــــودایـی
تـاژدیـن هـەچـی بـووی هـەمـووی ســەروبـەر
لـه شـمـەک لـه بـەرگ لـه خـشـڵ و زەنـبـەر
لـه پیـــاوەتیـــیـــا کـــه گـــشـــتـی دانـا
مـــا نـاوی نـەمـــر لـه رووی جـــیـــهـــانـا
لـه دڵـی خـــــۆدراو دەراوێ کـــــاکـــــه
کـــــارت کـــــه هـەیـه بـەنـاوی چـاکـــــه
قـــالۆچـه وەکـــۆ دەکـــەن شـــیـــاکـــه
گـــەر پـاکـی نـەپـاک لـه خـــۆت جـیـــاکـــه

بەختی کە دراو بیبەخشە بیخۆ
دەیبەن کەلەپوورکڕان بە فیڕۆ
ئەو کاتە گیان دەچێتە باڵا
نەدراو نەشمەک بە دەستی والا
بازاڕی ئەوێش وەک ئێرە وایە
هیچت نەبێ چت لە دەستی نایە
کەی نرخی بەهەشتە دوو وتەی ڕووت
کەی ڕێ هەیە بچتە پێشێ نابووت
خۆشیت گەرەکە لە ڕۆژی داوی
پێشبارێ بەڕێ کە تاکو ماوی
یان بەختی بکە لە ڕێی هەواڵان
پاش مردنی خۆت دەچێ بەتاڵان
تاڕدینێ چ خۆشە هەڵکەوێ بۆت
ناوێکی نەمر بسێنی بۆ خۆت
دەستت کەوێ دۆستی راستەقینە
هێژای هەموو گەنجی سەرزەمینە

رازی دڵداریی زین و مەم بە گوێی میر دەگا

شـــای پایە بڵندی خـــۆشـــەویســـتی
خـــونکاری جـــیـــهـــانی دڵپـــەرســـتی
ئەو ســەروەرەی خێـوی تەخت و بەخـتـە
ونبـوونـی لە چاو شـــتـێکی ســـەخـتـە
وەک رۆژ کـــە لە عـــاســـمـــانی چوارەم
لـەم جـــــێگـە و رێگـە دوورە هـەردەم
بـێ بـەرگـــــر و پـەردە تـیـــــشـکـی داوێ
کـــــام چاوە نـەبـیـنـێ تـیـــــشـکـی تـاوێ
دڵداری و خـــــــۆر وەکـــــــو بـرانـە
شـــــێـــــرانـەوەیان گـــــەلێ گـــــرانـە
تـیـــــژبـاڵ دەفـــــرن نـێـــــوانـی دەبـڕن
لـەمـــــپـــــەر دەپـەڕێـنـن و پـەردە دەدڕن
رازی دڵی زین نـهـــــێـنـی یی مـــــەم
هـەر هێـنـدە ژیـا کـــە هـاتـە ســـەر دەم
بـلـوێـری شـــــڕی زمـــــانـی نـاســـــاز
ئـاوازی دەدا لـە چـۆڵ و رێـبـــــــــاز
لـەو جـــــووتـە وەهـا بـڵاو بـووبـوو دەنـگ
بـەو بـوو گـــەڕی کـۆڕی بـەزم و ئـاهـەنـگ
لـەو مـــــــۆم و پـەپـوولـە بـێ بـرەو بـوون
بـــەر هـــەر وتـوێـرەیـــەک هـــەر ئـــەو بـــوون
وەک شـــــەوچەرە بـوو لـە دیـوەخـــانـان
دڵخـــۆشـکـەرە بـوو لـە نێـــو جـــوانـان

دووی دوور لە هەموو گوناە و سووچێک
ناویان چووە هەر کەلێن و سووچێک
هەر زارێ وەکو بنێشتە خۆشە
دەیجوو لە هەموو کەنار و گۆشە
هەر رازێ کە جارێ کەوتە زارێ
وا بزانە کە کەوتە زاری شارێ
وشتر نە بەسی بوو بارگرانی
وا زەنگولّەشی خرا ملانی
بێکار و زمانشرِ و نەزانان
مندالّ و ژنان لە دەرک و بانان
گفتیان گر و ور کە زۆر و کەم بوو
دلّ پێکەوەبوونی زین و مەم بوو
بووبووە سەروین لە بەند و بەیتان
تا تەنییەوە گەییە بەکری شەیتان
دەستەوبەجێ رێ و رێ نەبوو گیر
نووک و بەدی نایە بەردەمی میر
میر پرسی کە چۆن دەزانی وایە
بۆم دەربخە لەم گلّۆلّە تایە
بۆم روون کەوە بیخە بناوان
چۆنی بگرین بە سووچ و تاوان
هاسانە وتی بنێرە مەم بێ
تاق ببنەوە خۆت و ئەم لەیەک جێ
شەترنجێ بکەن لە مەرجێ دلّخواز
لێم روونە کە دێنە روو نیورِاز
دۆرِاندت و بردتەوە لەجێوە
لێی پرسە بلّێ دلّت بەکێوە

ئـازایـه نـەتـرســـــــــــه پـاڵـەوانـه
ســـــینه و دڵی پاکـــــژه و جـــــوانه
دڵـــدارەکـــی راســـت و بـــێ درۆیـــه
دەیڵێ کـــــه دڵی له خـــــوشکی تۆیه
خـۆت ئەو دەمـه خـێـوی بیـر و ژیری
خـــاوەن دەســـەڵات و بەند و شـــیـــری
خـــونکار وەکـــو مـــاری ژەهـردارن
جـــــوان دیاری دەدەن لە بن نـەیارن
مـــاچت کـــه دەکـــەن بتـــرســـه ژەهره
زیانیـــان پتـــره له ســـوود و بەهـره
خـۆت توخنی مـار نـەکـەی کـەم و زۆر
مـار مـاره چووزه و سـپی و رەش و بۆر
هـــەرچـەنـــده لـــەلای بـــەنـرخ و نـــازی
پێک بێنێ هـەچیکی لێ بخـــــوازی
تۆزێک لەگـــــەڵت دڵی کـــــه گـــــۆڕا
جـــێت چا دەکـــرێ له تەنگی گـــۆڕا
نـەخـــوازه کـــه پیس و دووزمـــانیش
لای بن چ دەکـــەی له چنگ ئەمـــانیش
ئەی خـــوایـه نەکـــەی نزیکی ســـەردار
نـەپیـــــاوی هـەژار و پاک نـەبـەدکـــــار

میر و مەم شەترەنج دەلەیزن

شـــاســـواری بناری خـــاوەرســـتـــان
خـــوای بـەرز و بڵندی رۆژپـەرســـتـــان
رۆشنکـەرەوەی بـەژ و کـــــەژ و کـــــۆ
کـــاتێ کـــە وەســـەر کـــەوت لە ئاســـۆ
تیـــرێژی کـــە رشت و دابەشی کـــرد
دەوری شـــەوەزەنگی دا و کـشـی کـرد
مـانگ بـەو کـشـەمـاتە کـۆی سـتـێـران
وەک پیـــــادە لـە گـــــۆڕێ هـەڵوەژێـران
مـیـر ئەو شـەوە چەشنی شـێـری زامـار
هـەر جـــینگڵ و پێـــچی دا وەکـــو مـــار
شـــەوگـــاری گـــەیاندە رۆژ بـەبـێ خـــەو
خـــەم کـــەوتە دڵێکی خـــەو دەکـــا رەو
شـــای تـاوێ کـــە هـاتـە ســـەر زەمـــینـێ
شـــای ئێـــمـــە گـــەیشـــتـــە شـــانشـــینـێ
فـــەرمـــووی ئەوی نـۆکـــەری بـەکـــارن
هـەرچی لـە چـەک و شـــمـــــەک تەیـارن
کـێ دەس کـــــــەرەوەن هـەڵـی بـژێـرن
دەورەم دەن و پـــاســـی مـــن بـــدێـــرن
ئەمـــڕۆ دەمـــەوێ بەســـەر مـــەمـــا بـێم
با بـزانـێ کـــە ئەو چـیـیـــە و ئەمن کـێم
بـۆم بـانـگ کـــــەن و نـابـێ پـێ بـزانـن
تـاژدیـن و ئـەوانـی ســـــــەر بـەوانـن

مـــەم دی لـە تەلاری مـیـــری دوو رەنگ
رازایـەوە کـــــــۆڕی بـەزم و ئـاهـەنـگ
هەر جێ پڕی خـــۆش و بـۆنی خـــۆشـــە
مـەیگێـڕ دەڵـێ خـۆش بە مـــەی بنۆشـــە
پاش تاوێ بە مـەی کە سـەر گـەرم بوون
شـــەرمن کـــە بـەبادە بـێ شـــەرم بوون
هـیـچ دوانـێ نـەمـــــا لـە دێـو و لـە درنج
کـێـشـــای وتـە تا گـەیشـتـــە شـــەترنج
رووی کـــردە مـــەمێ ئـەگـــەر بـخـــوازی
ویســـــــتم لـەگـــــەڵم بکـەویـە بـازی
ئـامـــــرازی لـەیســـتنت لـەپێـــشـــــە
کـێـشـــەی من و تۆیـە دەست بکێـشـــە
کـێ بردیـەوە مـــەرجی ئـێـــمـــە وابـێ
هـــەرچـی بـیـــــــــەوێ دەبـێ رەوابـێ
لاوێکـی لـەلا بـوو مـــــیـــــر چ لاوێک
ئـازا و بـەکـــــار و خـــــێـــــوی نـاوێک
رۆسـتـــەم دەسـی بـەسـتـــرابـوو لای ئـەو
بـۆ جـــوانـی نـەبوو یـەکـــێکـی تای ئـەو
ســـــەرتـۆپی کـــــوڕان و ناوی گـــورگـین
مـــەرد و بـەئـەمـــەگ گـــران و ســـەنـگین
هـاوبـازی و هـاودەمـی مـــــــەمێ بـوو
هـاوشـــــادی هاوخـــــەمـی مـــەمێ بـوو
زانی چـیـــیـــە خـــۆی گـــەیانده تـاژدین
تـاژدیـنـی وەکـــــــو پڵـنـگـی بـە بـریـن
ئـاگـــــایی بـە عـــــارف و چـەکـــــۆ دا
هـەر شـــێـــرە چـەکـی هـەرای لـە خـــۆدا

رازاوە کـەمـەر بەخـەنجـەر و شـیـر
دڵگیـــری برا گـــەهـانە کن مـــیـــر
لـەم هـاتنـە مـــەم دووبـارە بـوو گـــەش
مـــۆرەی لە دووبـارە بـوونە دووشـــەش
ئـەسپ و روخ و فـیـل لـە دەرکـــە هـاتـن
دییـان مـیـر و وەزیر شـاش و مـاتن
مـــەم دیـارە لە وازی کـــاری ســـازە
مـــیـــر بـۆیـە دەڵێ دوودەســـتی تـازە
ئـەم دەســتـــەشی بردەوە دەمـــەو جـار
دیتی لـە روانگـە بەکـــری شـــوفـــار
وا زیـنـــە لـــە پـــەنجـــــــــەران دیـارە
چـــاو و دڵـــی چـــاوەنـــۆڕی یـــارە
رۆژێکە لە مـــانـگ دەگـــێـــرێ چـاوی
بـــڕوانـــە چ داوێ کـــــــــــەوتـــە داوی
کـــایـە وتـی مـــیـــری مـن بـەجـــێـــیـــە
نـابـەیتـــــەوە تـاکـــو مـــــەم لـەوێیـــــە
بـا جـــێـگەی خـــۆی بـەتـۆ وەگـــۆڕێ
لێـم رووبـە دەدەســـــتـی مـــــەم دەدۆڕێ
مـیـر گـۆڕییـەوە جـێ بـەجـێی مـەمی ژار
جـێـگەی مـــەمـێ کـــەوتـە رووبـــەڕووی یـار
هـەر چـاوی مـــەمـێ کـــەوت بـــەڕووی زیـن
گـورجـێ لـە دەسـی چـوو فـیـل و فـــەرزیـن
چـاوبڕکـــە بـەجـــۆرێ هـۆشـی گـــۆڕاند
ئـەســـــپـی بـە پـیـــــادەیـەک دەدۆڕاند
لـەو دیـمـەنـە مـــــەم وەهـا بـووبـوو مـــەسـت
هـۆشـی نـەبـوو دای لـە دەسـتی شـەشـدەسـت

ها مـــەم وتـی مـــیـــر دەبێنە دڵخـــوام
فـــــەرمـــــوو چ دەڵێی وتـی لە رێدام
فـەرمـــووی نە شـــتـێکی وایە دڵخـــواز
ویســـــتم لەگـــــەڵت ببم بە هـاوڕاز
رازی دڵی خـــۆت کـــە ئـاشکراکـــەی
لای ئـێـــمـــە گـــرێی دڵت رەهـاکـــەی
کـــێت دڵبـــەرە کێ دڵت لەســـــەریە
هـەرکێ بـێ فـــریشـــتـــە یـانـە پەریە
هـەر نـاوی بـهـــــــێـنـی بـۆتـی دێـنـم
گـەر خـــواهیش و زۆرە بۆت دەســێنم
هـەل هـاتووە دیـتـی بـەکـــری بـەدفـــەڕ
قـــەل هاتە قـڕین و کـــەوتە ســەر گـــەڕ
هـەر کـــەس وتـی یـاری مـــــەم بـناسـێ
واقـی وڕ دەبـێ و ســـــەری دەمـــــاسـێ
زۆر بۆ مـــەمـی چارەڕەش کـــەســـاسـم
لـەو رۆژەوە دیـومـــــە هـێـــڕ و کـــاسـم
بێـــچـــووە قـــەرەجـێکە لێـــو کـــوتاوە
کـــرمـــە و لـە قـــورم دروست کـــراوە
بـەژنـی وەکـــــــو داری ژەقـنـەبـووتـە
وەک ســـــــەلکە بـزووتـە رووتـە پـووتـە
رێـی نـاکـــــەوێ تۆی ببی بـەداخـــــواز
تـووشـم دێ هـەزاری وا لـە رێبـــــــاز
ئـەو تەوســە شـتـێکـی وای لەم مـەم کـرد
تـاس وڕی کـــــــرد لـە هـۆشـی دەربـرد
گـــەورەم وتـی راست نیـــــیـــــە درۆیـە
هـەڵبـەســتـــەیە گـفـتـی ســەربـەخـۆیە

ئەو شـــۆخـــە کـــە بوومـــە تۆزی ڕێگەی
شـــــازادەیـە شـــــانشـــــینە جـــێگەی
هـێـــــلانە بڵـنـدە تـوخـــــمـی پـاکـــــە
ڕووناکـــیـــیـــە نەک لە ئاو و خـــاکـــە
بـێ هـەمـــــبـــــــەر و وێـنـە نـازەنـیـنـە
شـــــــانـازی زەمـــــــیـنـە نـاوی زیـنـە

ئەو گـــــۆتـنـی نـالەبـار و نـاخـــــۆش
کـیـنـە و ڕقـی مـیـری خـسـتـە سـەرجـۆش
گـــوڕاندی لە پـۆڵی دەست و پـێـــوەنـد
بـۆ نـایـخـــــــەنـە بـەنـد و بـیـکـەنـە پـەنـد
خـــوێـخـــۆڕێ کـــە ئەشکێنێ نمەکـدان
زیـندانـی دەوێ لـە تـەک شـــــەتـەکـــدان
دووســـەد کـــوڕی پـاڵەوانی حـــەسـتـــەم
یەک جـارە هـوڕووژمـی کـردە سـەر مـەم
تـاژدیـن و چـەکـــــۆ و بـرای لـەدوو بـەر
هـەسـتـان وەکـو شێـر و دەس بـەخـەنـجـەر
وتـیـــــان گـــــەلـی نـۆکـــــەران بـووەسـتـن
چـۆن ئـێـــوە دەسـی مـــــەمێ دەبـەسـتـن
بڕوانـنـە مـــە خـــۆ نـەگـــێـــژ و کـــاسـن
خـۆ و هـێـز و گـــوڕی مـە بـاش دەنـاسـن
هـەریـەک لە مـە بـێ و لـە ئـێـوە پـێـنـجـسـەت
دەوکـــــــەیـن بـەدەمـی دەبـان لـەتـوپـەت
تـا مـــــاوە تـنـۆکـی خـــوێـن لـەنـێـــو ڕەگ
یـاریـدەری دەبـیـن و کـــــــۆمـــــــــەگ
هـەرکـــــەس لـەوە چـەپ لـە مـــــەم بـنـۆڕێ
گـــۆڕ گـــۆڕیـەتـی ڕێ لـە لـەخـــۆ نـەگـــۆڕێ

میر سەروەری گشتە خێوی فەرمان
گفتی وی لە بانی چاو و سەرمان
خۆی هەرچی لە مەم بکا رەوایە
گیان و سەری مەش لە دەس ئەوایە
دەس بەستە و بێ دەستین لەبەر میر
وا گەردن و پیل و پێو و زنجیر
میر بەستی بەدەستی خۆی دەسی مەم
تاژدین بەری چاوی گرت تەمی خەم
چاری چییە میرە خاوەنی کار
نانخۆریەتی چۆنی بێت بەرەنگار
خونکار مەمی دایە دەستی دژدار
زیندان بووە جێگە بۆ مەمی ژار
ئەو شارە هەمووی جوان هەتا پیر
بۆ گرتنی مەم پەشێو و دڵگیر
لەو رۆوە لە هەرکەس و لە هەرکۆێ
هەر تووک و نزا دەهاتە بەرگۆێ

مەم لە گرتووخانەدا بووەتە چلەکێش

بڕوانە لە رووی گـــەڕانی گـــەردوون
جـــارێک بزەیە و دە جـــار گـــرژبـوون
هـەرچی کـــە بڕێک بـرەو پـەیاکـــات
گـــورجـێ دەیەوێ لە خـــاکی راکـــات
نزمـــە و هـەرچی بـەرزی ســـەر زەوی بێ
پێی خـۆشـە کـە چەشنی وی نـەوی بێ
نـابینی کـــە رۆژی ســـەر زەمـــینـێ
هـەر رۆژە دەخـــاتـە خـــۆرنشـــینـێ
چـەوتـە دزە لارە خـــــــــوارە دووڕوو
وا هـــاتـــووە وا دەبـــێ وەهـــا چـــوو
نـەخـــــــوازە نـەیـاری دڵتـــــــەڕانـە
هـەر ئێـــمـــە دەهـێـــڕێ لـەم گـــەڕانـە
دڵ مـــــان دەگـــــرێ بـەداوی نـازان
پێـــخـــوســـتی دەکـــا لـەبـەر بـەرازان
پێـشـان بە هومـێـد و شـاد و خـۆشین
پـاشـــان لـە دەسی زووخـــاو دەنۆشـین
مـــــەم دەگـــــرێ بـەداوی بسکی زینـێ
رۆی دێلـێ لـە چـاڵ و ژێر زەمـــــینـێ
ئـەو چـارەڕەشـی کـــزی بـەخت کـــــەم
بـــێ دۆسـت و هـــەواڵ و یـار و هـــاودەم
ئـەو بـولبـولی وێڵی دەشت و چیـمـــەن
زیندانـی رەشـی کـــرا نشـــیـــمـــەن

هاوڕازی خـــەم و کـولّ و کـەســـەر بوو
زیندان نەبوو گـــــۆڕی تەنگەبەر بوو
تووشی بووبوو دەردی گـــۆڕەشـــارێ
هـەر تـاوە هـەزار چـەلان نـە جـــــارێ
چاڵ لێی بووە چاڵی مـانگی نەخـشـــەو
ئەو مـانگە دووحـەوتە بوو بە یەک شـــەو
بێ خـــواردن و خـــەو لە رەنج و ئێـشـــا
بووە گـــۆشـــەنشـین چلەی دەکـــێـشـــا
دەرۆیش کـــە کـورشـمـــە کـا لە قـوژبن
دۆســـتی نـەبێ هـەر شـــتـــێک دەکـــا ون
جـــارێک وەکـــو خـــواپـەرســـتی بەنیـــاز
گـــاگـــا وەکی دڵتـــــەڕان بە دڵخـــواز
هـەر تـاوە لەگـــــەڵ کـــــوڵی گـــــرینـێ
بـەو وێنـەیـە رووی دەکـــــــــردە زینـێ
ئـــەی بـــەنـــدی دڵ و چـــرای دەروونم
ئەی بەســـتـــــە بە تۆ نەبوون و بوونم
مـــەزنیت و لەڕاست گـــەدا بـە فـیـــزی
ناپرسی لە ئێـــمـــــە چیـــتـــــە زیزی
لـە دڵـم دەدڕی کـــــــــراسـی ئـارام
گـــــیـــــــرۆدەی تۆم و نـایـەی بۆ لام
لەیلێ وەرە شـــێـــتـی خـــۆت ببـــینـە
چـاوی تـەڕ و ســـــووڕە ژینـی شـــــینـە
شـیـرینـتـری شـیـرنـێ کـەمـێک داد
یـادێـک بـەدڵـت بـگـا لـە فـــــــەرهـاد
دنیـــــا کـــــە لە من بووە بە زیندان
ئەمـــڕۆ بەتەنـێ منم مـــوســـڵـــمـــان

فەرمایشی خۆشەویستی خوایە
فەرمووەی ئەو دیارە وایە
دنیا کە بەهەشتی گاورانە
زیندانی دڵی بە باوڕانە
هەرچەندە دڵم گەلێک پەرۆشە
چونکە لە ڕێگەی تەدایە خۆشە
سوێندم بە دوولێوی تەنک و ئاڵت
بەو بسکی ڕەشت بە ورده خاڵت
سوێندم بە بەری بەیانی لاجانگ
بەو هەنیە کە شۆق دەدا بە ڕووی مانگ

سوێندم بە دوو چاوە مەستەکانت
سەد جاری بەشیوی ناو مەمانت
سوێندم بە نەمامی بەژن و باڵا
سەد ساڵی تریش بژیم لە چاڵا
تا ماوە هەناسەیەک دەزانم
تۆ ناچیە دەرێ لەناو گیانم
لەو بەندە کەوا شەتەک دراوم
پێت وا نەبێ لێت هومێد بڕاوم
ڕۆشم کە ببەن بەناخی گڵدا
دەرناچێ هومێدی تۆم لە دڵدا
هەرچەندە کە میر بەسەر منا هات
ئەم جارە بەلانی دوژمنا هات
بێ جێ نەبوو زۆر سوپاس کە وابوو
ئەو جل نە بە بەژنی من بڕابوو
شازادەی و من گەدا و هەژارم
چۆن ڕێم دەکەوێ ببیتە یارم

تۆ رۆژی بە تیشک و من گڵی رەش
من چقڵ و درِوو ئەتۆ گوڵی گەش
تۆی تازە نەمامی باخی ژینێ
تۆی گەوهەری شەوچرای زەمینێ
مەم سیسە پەپوولەیەک لە پڕدا
ویستی کە بسووتێ خۆی لە گڕ دا
تۆ مانگی گەشی و لە بێ بەشی من
دادەڕزێ بە تیشکی تۆ لەشی من
من لولوپەڕ و ئەتۆی هەتاوم
لێت دوورم و نوقمی ئاوی چاوم
با یادی گوڵم دڵم دەرێنێ
دڵداری هەزار ئەوەندە دێنێ
با بڕزێ لەشم لە گرتووخانە
ئەسرین لە گلێنە ببنە تانە
دەرۆێشم و ئەشکەوتنشینم
دڵخۆشی ئەوینی رووی زینم
مەم بەر لەوە بمرێ مردنی دی
ئەم مردنە ژینە مردنی چی
پابووبووەوە کەوتە ریزی چاکان
دەرچووبوو لە چینی ئاو و خاکان
تیشکێکی گەیشتە ناو دەروونی
رووناکی دڵی بووبووە رێنموونی
هێشتا چلەیەک نەبووبوو تێپەڕ
سەرپاکی گومانی بوونە باوەڕ
سووربوونەوە بۆی شتی نهێنی
راستی وەڕێ هات و کەوتە شوێنی

هـاویـشـــــتی لـه دڵ ئـەوینـی تێـکـوڵ
گـــــوڵ هـاتـه بـەری لـه بـاتـی تێـکـوڵ
گـیـــان باویـەتی چـی لەلاشـی پووچـەڵ
گـــەپـجـــارِی مـنـاڵـه داری کـــۆتـەڵ

گوڵگەشت و بەهەشت و دەشت و چیمەن
لـەو چـاڵـەوە بـووی بـووبـوونـه دیمـەن
دار و دەوەن و چڵ و چیـــــا و کـــــەژ
بێ گـیـــان و ژیـاو لە ئـاو لەســـەر بـەژ
هـەرچـی کـــــــه بـەدڵ لـەوی دەنـۆڕی
هـەرچـێـکـی بـه بـیـــــــریـا دەبـۆڕی
زیـنـێـکـی دەهـاتـه پـێـــــشـی چـاوان
دڵداری بەڕِاســـتـی راســـتـــه ئـاوان
ئـەســـتـێـــرەگـــەریـی دەکـــرد لـه چـاڵا
چـارەی رەشـی خـــۆی دەدی لـه خـــاڵا

زین گلەیی لە گەردوون و

چارەڕەشیی خۆی دەکا

ئەو زینی بەداوی دڵ گـــرفـــتـــار
ئارامی لەلا نەمـــا بە یەکـــجـــار
تا مـــەم نەخـــرایە گـــرتووخـــانێ
هـیـــــوای نەبڕی لە پێکبـــــڕانێ
لەو کـــاتەوە یاری کـــۆت لە پێ دی
دەورەی دڵی دابوو نـاهـومـــێـــدی
ســـەیرانگە و شـــانشـــینی دڵگیـــر
بۆ ئەو بووە بەند و کـــۆت و زنجـــیـــر
دوژمـن بوو لە خـــواردن و لە خـــەوتن
ئارای نە بەڕۆژ نە شـــەو ســـرەوتن
بێ هێـــز و توان و دەســـتـــەوئەژنۆ
هـەر مـــەم مـــەمی بوو بەداد و ڕۆڕۆ
دەتـوایـــەوە بـــۆی دڵـــی رەقـــی بـــەرد
لاواز بووبوو بووبووە مـــوویەکی زەرد
زەردێک وەکـــو رەنگوروی خـــانی
باریک بووبوو چەشنی بیـــرەکـــانی
گـەر لێی نەدەبووەوە هیچ دەروی روون
هـاواری دەکـــردە چەرخی گـــەردوون
چم کـــــردەوە بـۆچی بـوویە دوژمـن
تۆڵەی چ دەســـێنی دێیـــتـــە گـــژ مـن

مـــەم بووبووە بەشم ئەوەند بەقـــینی
هێـــشـــتـــا بەمنت رەوا نەبینی
تۆ تاقـــە مـــەمـــێک بە زۆر بزانی
لـــێـــم بـــدزی بـــرادەری دزانـــی
تۆی ئاگـری هەڵدەکـەی لە کـوڵمـەم
تا گـــــڕ بـگرێ بە مـن دڵی مـــــەم
خـوێنشـیـرن دەکـەی مـەمێ لە زینێ
تا بیـــخـــەیە بەر گـــڕەی ئەوینێ
ســـوودت چ وەچنگ کـــەوت لە بندا
ئەم قـۆزە کـوڕەت نیـــشـــانی من دا
بۆ تـووشی کـچـێکی وەک منت کـرد
ســـووچم چ بوو پاشی بۆ ونت کـــرد
دوو دڵ کـــە بە ئاگـــرت پـرووکـــان
چیت پێ گـــەیی تۆ جگە لە تـووکـــان
لای هـەرکـــــەسـێ بـەزم و پێکەنینە
هەر لای من و مـــەم شـــەپۆڕ و شـینە
دەردی دڵی خـــۆت بە من ببـــێـــژە
هـەر ژەهرێ کـــە پێـــتـــە رۆی برێژە
تۆ یوســـپی من دەخـــەیتـــە چاڵێ
گـــــــوێ نـادەیـە ئـاخ و نـاڵەنـاڵێ
بۆی تـانـە لە چاو و دڵ کـــەســـاسم
هـەر چـاوەڕوانـی بـۆی کـــــــراسم
من بـوومـــــە گـــەدایە چاو لە رێگە
بـێ یوسـپ و بـێ پـەناو و جـــــێگە
یان بیـــــری لـە دەوری مـــــەم دەهـاڵ
دەم دەم دەگـــــەڵی دەکـــــرد سکـاڵ

پێت وا نەبێ من بەبێ تۆ خـــــۆشم
ســـــەد هێندەی تۆ منیش پەرۆشم
ئارام نیـــیـــە رۆژ و شـــەو لە دووری
ســـووچی منە باشـــە لێم ببـــووری

بەو خـــوایە کـەوا لە ژووری ســەرمـان
دەس نـاکـــەوێ لێم بزێک بەدەرمـــان
هـەر ناوە کـــە مـــاوە خـــۆم نـەمـــاوم
بێـــداریـیـــە بووەتە کـــاری چاوم
رۆژان و شـــــەوان لە چاوی گـــریان
خـــــــوێنـاو دەڕژێ هـەناوی بـریـان
ســوێراوی ســوروشکە بووەتە شـەونم
خـــەو نایەتە چاو کـــە بێـیـــە خـــەونم
ئەو زینـی کـــــە دیـوتە وا نـەمـــــاوە
ژاکـــــــاوە پـەڕ و پـەلـکـی هـەڵـوەراوە
ئەو جـــۆرەیە دەردی من شـــــەو و رۆ
بـــێ تـــۆ ئـــەوە ژیـــانمـــە ئـــەدی تـــۆ
لەو جـــێگەیە کـــێـیـــە هاونشـــینت
چۆن دەیبـــەیە ســـەر بەدوور لە زینت
هـیچ کـــەس هـەیە ئاخـــۆ بتـــدوێنێ
تـووشت بووە یـار و خـــــەمـــــڕەوێنـێ
گـــیـــرۆدەی ئێـــمـــــە چۆنە بـەندت
تۆش کـــەوتووە بـار لە لێـــوی قـــەندت
ئەی دڵ وەرە دەر لە لەش بەبێ هەست
ئەی گیان وەرە بیخە سەر لەپی دەست

پارێزی بکەن گـــــەلێک لەو و لەم
چوســـــتی بکەن و بڕۆنە کن مـــــەم
لە زمـــــــان منـەوە بـەرن پـەیامێ
بۆم بێننـەوە زوو لـە مـــــەم وەلامێ
داخـــــــــۆ لـە چـدایـە یـاری دڵدار
ناوی منی جـــارێ دێتـــە ســـەر زار
داخـــــۆ لەگـــــەڵم تەبایە یان زیز
لەو کـولّمـــە گـەشـــەی نەبووەتە پایز
ئێســتـەش وەکـو ســوورگـوڵی بـەهارە
یـان وێنـەی بـولـبـــــــولـی هـەژارە
کـــۆشک لەمـــە بووەتە بەندیخـــانێک
پێم خـــۆشـــە کـــە هەڵکەوێ بـەهانێک
هـەرچۆنـێ ببـێ هـەلێک ســـــەری دەم
خۆشـتـر لە بەهەشـتـە چاڵ لەگـەڵ مـەم
خـــۆزیا لە منیش قـــەڵس ببـــا مـیـــر
وێڕای مـــەمی پێم دەخـســتـــە زنجـیـر
هـەر جـــــارەکی تر مـــــەمم بدیبـــــا
گـــوێم لێ نەبوو با ببـــا هەرچی با
چەند خـــۆشـــە لە کـــاتی گـــیـــانەڵاوم
پەنجـــەی مـــەمی لێک نێ پـەلکی چاوم

تاژدین و برایانی لە بیری چارەدان

پیـــرێ کـــە لە دەردی دڵ بـووبوو پیـــر
خـۆش گـفت و شـیـار و زیت و دڵگیـر
ئاگـا لە جـیـــهـان گـــەڕاوی شـــاران
گـــێـــڕایەوە ســـــەرپێـــهـــاتی یـاران
گـــیـــرانی مـــــەم و گـــرینی زینـێ
وەک ئـاگـــرێ کـــەوتـە رووی زەمـــینـێ
هـەر تـیـــــــرەو هـۆز و رێـز و چـینـێ
هـەر خـــــێـــــوی ئـەوین و دڵبـــــرینـێ
کـێ بـووبـووە زەدەی دەسـی ئـەوینـێ
بـۆ ئـەم دووە کـــەوتـە کـــۆڕی شـــینـێ
ئـەم ئـاگـــــرە تـەنیـــیـــــەوە لە لاوان
ســـــووتـا دڵی دڵتـــــــەڕان لە تـاوان
پێ چوون ئەوی دۆستی دوور و کۆن بوون
تاژدین و ســتی مـــەپرســـە چۆن بوون
بـۆ زینـێ بـەدەردێ چـووبـوو ئـەســـــتی
گـــریـان و شـــــەپـۆڕ بڕی بـڕەســـــتی
تاژدین کـوڵی مـــەم بەجـۆڕێ گـەسـتی
شـێت بوو دڵ و هۆشی چوو لە دەسـتی
هـــاواری دەبـــــردە بـــەر بـــرایـــان
ئێـــوە و دووسـێ پیـــر و کـــەیخـــوایان
ملکەچ هـەمـوو روو لە کۆشکی شـا کەین
بـا بـۆ مـــــەمـی چـارەڕەش تکا کـــــەین

مـــیـــر بەشکە نەرم ببێ بە جـــۆرێ
لە گـــوناهی مـــەمی هەژار ببـــوورێ
عـــــــارف وتی ئەو لە ژیری دووره
دەوپێکێ پلارێ شـــــەرم و شـــــووره
کـــارێکی نەیێـــتـــە چنگ بە گـــەرمی
بێـــهـــوودەیە نـووکـــە نـووک و نەرمی
خـــۆتان دڵی مـــــەزنو باش دەناسن
کێ بیـــســـتی بە فـــوو نەرم بێ ئاسن
پێک نایە شـــتـــێک لە کـــۆڕ و دیوان
مـــەیدان هەیە لێی ببـــینە مـــیـــوان
کـــــە بمانەوێ بۆ مـــــەمێ بکۆشین
پێـــویســـتـــە بەرگی جـــەنگ بپـــۆشین
چوار ئاوێنـە و زرێ لەبـەر کـــــــەین
خـــود بچنە ســـەر و پەڕی لەســـەر دەین
هـەڵســـــووڕنەوە گـــــورزی پاڵەوانان
بســـــــــــوێنـــەوە دووەمـی دەبـانـان
یان مـــەم دەبێ بێـــتـــە دەر لە ناو چاڵ
یان هەرسێ دەخـەینە چاڵ ســەر و ماڵ
مـــیـــر ئەو دەمـــە باش نەهـاتە پێـــشێ
هەریەک لەمـــە شـــیـــری دەربکێـــشێ
تـاقـــیـــیـــان کـــەنەوە لەلاشی بەکـــرا
نەک ئەو ســـەگـە بـا لە مـــەم چ دەکـــرا
ئەو بکرێ بە خـــــەنجـــــەران لەتوپەت
بۆ تۆڵەی مـــــەم دەبێـــتـــــە دەرفـــــەت
مـیـر بێت و لەســـەر ســـەگێ وەدەنگ بێ
پاداشـــتـی کـڵـۆیە گـاشـــە ســـەنگ بێ

هەرسێکی مە ئاشی شەڕ دەگێڕین
وەک دەنکە گەنم سەران دەهێڕین
هەرچی وتی لەل بجنرێ پەل پەل
هەر سەر کە بزووت بچێتە شاکەل
سازکەین لەهییەک گەرەک لە خوێنێ
کێ سەر بپەڕێنێ بیرفێنێ
بدڕێن بپەڕێن بە شیر و نێزان
سواران و سەران زگان و ڕێزان
ئەو چڵک و گەمەاری زۆری زۆرێ
لاناچێ بەخوێنی گەش نەشۆرێ
پاکەینەوە جێ لە نالەباران
بیکەینە جەژن لەناو هەژاران
دیل بێنە دەرێ لە کۆت و پێوەند
دیلان بگەڕێ و ببێتە گۆوەند
نازدار و جوان لەسەر تەلاران
دەستان نەڕزێ بڵێن هەزاران
بۆو بێو ببیەن لە نازەنینان
چەپڵە و گوڵ و دەنگی ئافەرینان
تاژدین و چەکۆ لە ئەم وتارە
زانیان جگە لەو نییە چ چارە

راسپاردەیەک رادەسپێرنە لای میر

کـــاتێ شـــەوەکی شـــەوی بەڕێ کـــرد
رۆژ زینـی لە پشـتی ئەسـپی شێ کـرد
ئەســپی رەشی شــەو برایـە ســەر خــاو
شێ زەردەی تاوی خـــســـتـــە پرتاو
گـــرتیـــە دەسـی گـــورزە ئـاگـــرینـێ
زەرد بـووەوە لە تـرسی رووی زەمـــینـێ
کـێـشـــای لە کـــەمـــەرگـــە تیـخـی زێڕن
نیـســێ دەرەوین کـــە خـــۆ وەشـــێـــرن
تـاژدین و بـرای لەگـــــەڵ گـــــزنگـێ
ئـامـــادەی کـــار و ســـازی جـــەنگـێ
شـمـشـێر لە کـەمـەر جگەر وەکو شـێر
کـێـشـــرانە دەرێ ئەسـپ لە پشـــتـــێـر
ئەســپـــانـی رەســـەن عـــەرەب نەژادان
پێت وابـوو فـــڕین لەخـــۆ حـــەوادان
رەخـشـان بەچەپـووک و کـۆڵ و سـمکۆڵ
پێـــیـــان دەهـەژا دڵـی چیـــا و چـۆڵ
خـــــــاریـان دەدڕی و دڵـی نـزاران
بـۆ نـاشـــــتـنـی جـــــەندەکی نـەیـاران
زرم و کـــوت و هـەوهـەو و گـــوڕاندن
هـەرکـــەس لە خـــەوا بـوو رای پەڕاندن
گـوتیـان بـە کـوڕان بەرەی کـەسـوکـار
یـان بمـرن و یـانـە مـــــەم بـێ رزگـــــار

وا گـــەردنی ئێـــوە دەکـــرێ ئازا
خـــۆشی لە کـــورێکی بمرێ ئازا
تاژدین یەکی خـزم و کـەیخـوا و ژیر
لە کـوڕانەوە رای سـپـاردە کن مـیـر
تـا کـــەنگێ بـەسـی بێ زۆر و بێـــداد
دۆسـتـــان کـز و دوژمـنان دەکـا شـاد
پێی وا نـەبـێ مـــەم گـــوناهبـــارە
دیـلـی دەسـی دڵـیـــــە ئـەم هـەژارە
نـازانـێ کـــــە پـاتشـــــای ئـەوینـێ
دای گـرتـووە رووی هـەمـــوو زەمـــینـێ
دڵداری لەســـەر کـــەسـێک ببـێ زاڵ
چاوبـەسـتـەیە گـوێ کـەڕە زمـان لاڵ
ئێـمـــە کـــە لەگـــەڵ مـــەمـا چوارین
بۆ بـەخـــتـــەوەری وی چوار دیوارین
هـەرچوار سـەری مـە هـەمیشـە وەک گۆ
ئـامـــــادە و چـاوەڕێی شـــــەقی تۆ
یـان دەربکـەوێ لـە بـەنـد بـرامـــــان
یـان بـەکـــری بنێـرێ بێـتـــە لامـان
چیـــمـــان لـە دڵایـە پێی ببـــێـــژین
تۆزێ کـــــوڵ و کـــــۆ بـەوی دەڕێژین
نـایکـا گـلـەیـی لـە خـــــۆی دواجـــــار
نـاخـــۆشی ئەگـــەر ببـێـتـــە ســـەربار

میر لە بەریان دادەنوێنێ

راسپاردە گەیاندی راسپێری
جێیەک نەبوو بەکری لێ وەشێری
بۆ کەوڵە دەبینێ راوە رێوی
چاڵێکی دەکۆڵی کەوتە نێوی
داخوازی ژیانی شیری رووتە
چاری نەبوو کەوتە کلکەسووتە
میرم وتی شل بچۆرە پێشێ
نابێ دڵی ئەم کوڕانە بێشێ
زۆر حەستەمە ببنە بەرهەڵستت
نەرمی کە نەکەی دەچم لە دەستت
فەرموو کە لە رێی دووچاوی تاژدین
بەخشیم مەم و ببتە هاوسەری زین
ئەم ئاگرە دامرێنە جارێ
تا چاری دەکەین هەلێک بەبارێ
کینەت نە هەمیشە ئاشکراکە
ئاڵۆزی بە هێمنی رەهاکە
دوژمن کە لە تۆ پتر بەهێزە
جێ مەرگی لە باوەش و هەمێزە
پێی ناوێ کە بەرگی جەنگ بپۆشی
ژەهریان لە گەروو بکە بەخۆشی
دوو پیاڵە دەبێ هەبن لەکن میر
یەک شیر و یەکێ ژەهر لەگەڵ شیر

یەک خـۆشی لە دۆسـتـان پەیا کـات
یەک ژینێ لە دوژمنان جـیـا کـات
یەک فـێنکی بدا بەتۆی لەش و دڵ
یـەک زیـندوو بـەڕێ بـکـاتـە بـن گـڵ
پێک نایە چ شت بەتوند و گـەرمی
وەسـتـاییی دەوێ و دەهـۆ بەنەرمی
سـووڕی شـەو و رۆژ لەناو جـیـهـاندا
بـڕوانە خـوا بـەمـەی نیـشـان دا
تـاریکـیـیـە لایە لایە روونـە
داینـاوە لـەبـەرمـە بـۆ نمـوونـە
کـارێکی بەرۆژ نـەهـاتە بـەرچـەنگ
پێک دێ لە شـەوی رەشـا بەبێـدەنگ
ئـەو زۆڵی چـرووکـی دووزمـانـە
بـۆ مـیـری ئەوەندە رست لـەمـانـە
رێی بیـری لە پێش بـڕی بە جـارێک
خـونکـاری لـە بـارێ بـردە بـارێک
هێنـایـەوە هێند شـێـر و رێوی
رازاندیـەوە پـیـسـدڵی و دزێوی
مـیـر بووبووە هەسـانی ژێر زمـانی
پـێـی داسـووەوە ئـەوەندە تـوانـی
زوو باوەڕی کـرد بە گـفـتی بەدفـەڕ
گـەڕناسـیی لە بیرچوو کەوتـە سـەرگـەڕ
فـەرمـووی بە سـپـاردە بێـژە تـاژدین
مـن بۆچمـە بـێ ئـەوان سـەر و ژین
ئـەو مـایـەیـە بـۆ شکـۆھ و بـەخـتـم
لـەوڕایـە کـە خـێـوی تاج و تـەخـتـم

ئەو هۆیە کـــــــە من بڵـنـدە نـاوم
لێم بـبـــــــڕێ مـنـیش لـە ژین بـڕاوم
گـــەنجـــینـەم و هەژدیـهـــامـــە تاژدین
تـاریـکـە شـــــەوم چـرامـــــە تـاژدین
خـــــۆی دانـێ وەکـــــو برابـەشـی من
زین و مـەمی ویسـتـووە پێشکەشی بن
چی خـــواسـتـووە من بەجـێی نەهێنم
لێم زیز بـووە من ســـــەیر دەمـــــێنم
هـــەرچـــی بـــەدڵ و دەمـــی ئـــەوا بـــێ
بـڕیـاربـێ دەســـــــــەولـەجـێ رەوا بـێ
راســـــپـــــاردە گـــــەڕاوە کن برایان
گـــێـــڕایەوە گـــفـــتـی مـیـــر لەلایان
شـــــێـــــرانـی بـەکـــینـە وا نـەرم بـوون
بـۆ مـیـــر بـە نـزایـە ســـەرگـــەرم بـوون

بەکری شۆفار داوی مەرگ بۆ مەم دەنێتەوە

ئێـــــوارە کـــــە رۆژ چـرای کـــــوژاوە
پـەردەی رەشـی شـــــەو کـــــە دادراوە
عـاسـمـان وەکـو سـێـلّـی پڕ لە پشـکۆ
ئەســـتـــێـــرە تـیـــا درەوشـی کـــۆ کـــۆ
ئەو مـیـری هـەمـیـشـە شـاد و دڵـخـۆش
ئەو رۆژە پـەرۆش و مـــات و خـــامـــۆش
دڵـپـــیـــــسـی گـــــلاوی زۆڵـی بـەدناو
مـــــەزنـی بـەکـــــزی کـــــە هـاتە بـەرچـاو
گـەورەم وتـی دامـەنـیـشـــە خـەمـبـار
کـــار وا نـیـــیـــە بۆت نـەیێـتـــە بـەربار
دەخـــوازی کـــە شـــادی بـێـتـــە داوێ
تـۆ زیـن و مـــــــــەمـێ لـە دڵ دەراوێ
هـۆی ئـاگـــری کـــێـــشـــە ئـەم دووانـەن
مـــاکـــەی کـــوڵ دەرد و خـــەم ئـەوانـەن
گـــەر رێـگـە بـدەی گـــەڕێـکـی واکـــەم
بـێ کـــێـــشـــە مـــەمـێ لە ئـاخـی راکـــەم
ژەهـراوێ لە تـۆ کـــە لـێـی نـەکـــەن سـڵ
تـاژدیـن و بـرای دەخـــــــــاتە بـن گـڵ
کـارێـکـی کـە پـێـک دێ سـووک و هـاسـان
پـێـی نـاوێ هـەرا و گـــوڕیـن و راســـان
تـۆ هـەســـــتـــــە بـڕۆ و بـڵـێ بـە زیـنـێ
مـــــەم بـووەتـە خـــــەڵـووز لـەبـەر ئـەوینـێ

مـــەم تینووە تۆی کـــە ئاوی ژینی
هـەتـوان دەســی تـۆیـە بـۆ بـرینـی
تۆ خـــۆت هەڕە مـــەم لە چاڵ دەرێنە
ئەو بەندی لە دەســـیـــە بیـــچـــڕێنە
زانیـــومـــە کـــە مـــەم گـــەلێ نزارە
پـــەروانـــەی ژارە چـــاو لـــە یـــارە
هەر چاوی کـەوێ بەزینی چاومـەست
ناژی دەمێ گـیـــان دەدا دەمـــودەست
ســـووتاوە زووخـــاڵە جـــەرگ و ناوی
خـۆ ناگرێ لەحاندی مـەسـتـیی چاوی
بەو بۆنە گـیـــانی مـــەم بکێـــشـــە
ژێر گڵ بکە مـــاکی دەرد و کـێـــشـــە
ســـەردار هـەنە باش و کـــار دروستن
کـەمـیـان ئەوەیە کـە گـوێ لە مـستن
خـــۆشـــبـــاوەڕ و ســـادەیی لە باوان
رێشـــــاندەرە بـۆ گـــــوناە و تاوان
گـوێ نادەنە دڵ کـە زۆر بەجـێـیـە
گـوێچکەی دڵی وان بەدەستی گـوێیە
بەگلێنە ســپین گـــەلێکی چاوڕەش
پیـســـان بـە جـوان دەگـــرنە باوەش
باوەڕکـــەری پیـــاوی دووزمـــانن
راست لار و خـــوار بەڕاست دەزانن
چیـیـــان پێ بڵـێـی دەڵێن بە چاوان
نایکۆڵنـەوە بیـــــخـــــەنە بـناوان
خـــــۆ ڕانەگـــــرن دژن بەکـــــینن
هێـمـنایی و پشـــوو بەکـــەم دەبینن

گـــــۆێ نـادەنـە راســـــتـی و درۆیـان
زوو بـایـی دەبـن بـە بیـــــری خـــــۆیـان
کـاریـان دەســپـــێـرنە دەس چـرووکـان
بێ بنیـچـە و هـیـچـوپـووچ و ســووکـان
دەزگـــای مـــەزنان کـــە رژد و بەدفـــەڕ
لێـی کـــــــۆوەبـوو بـوو بـەداری بـێ بـەر
ســەردارێ کـە خـێـوی بیـر و هـۆشـە
بـۆ چـیـنـی هـەژار دڵـی پـەرۆشـــــــــە
بـاش تـاقـی دەکـــــــــاتـەوە دەراوان
دانـانـێ لـە دەوری خـــــۆی گـــــڵاوان
چـل جـــــار دەگـــــرن چـەلێـکـی دەبـڕن
گـــۆشـتـــێـکی گـــەنیـــوە چـۆنی دەکـــڕن
هـەرکـــەس کـە دەبـێـتـە کـاربـەدەســتـێ
با هـۆشـی هـەبـێ و بـەخـــۆی بووەســـتـێ
لـەو گـــفـــتـی ژیـانـی گـــەل دەکـــەن تـاڵ
با گـــوێ کـپ و کـــەڕ بکـا و زمـــان لاڵ

میر بەو بیرەوە دەچێتە لای زین

زانایی شـــیـــــار و ژیر و بیـــــر ورد
وای پەردە لە رازی مـــیـــــر وەلا برد
شـــۆفـــار وەکـــو بووبووە رێنمـــوونی
بەم بـیـــــــرەوە چووەوە ئـەندەروونـی
دڵـــداریـــــی زیـــنـــــی داوە تـــاوێ
فـــەرمـــووی کـــۆڵ و کـــۆ لە دڵ دەراوێ
تـا ئێـــســـتـــــە ئەوی کـــــرا بڕاوە
ئـازاری مـــــــەمم بـە هـیـــــــچـێ داوە
بـە خـــــواری بزووتمـەوە لـەگـــــەڵتـــــان
بمبـــــوورن و مـــــەیگرن لـە دڵتـــــان
ئەم کـــارە کـــە کـــاری ســەربـەخـــۆ بوو
تۆزێـکـی گـــــــونـاهـی چـاوی تـۆ بـوو
بێـــچـــــارە ئـەوەندە چـاوی لێت بوو
هـۆش و دڵی لا نـەمـــــابوو شـــێت بوو
بـیـــســـتم لـە بژیشکی ژیر و پڕ بیـــر
شـێت چار دەکـرێن بەکـۆت و زنجـیـر
ئەو مـیـوەی کـاڵ بوو خـسـتـمـە چاڵێ
مـــــاوەی گـــەیـینم گـــەیـانـدە ســـاڵێ
خـۆشـتـر بـووە ئێـسـتـە تێـکـگـەیـشـتن
جـــوێ نـابـنـەوە کـــاتێ پێـک گـــەیـشـتن
وا ئێـسـتـە کـە بوونە یـەک دڵ و گـیـان
بـۆ یـەکـــــتـــــری هـەردوو بوونـە بـریـان

نـرخـی دڵ و دڵـتـــــــــەڕی دەزانـن
دڵ چـەســـــــپی یـەکـن لـەبـەر دڵانـن
ڕێتـــــان دەکـــــەوێ بـبن بـە ئـاواڵ
یـەکـــتـــر بمژن لـە جـــێی دەمـی تـاڵ
دڵداری لـەســـــەر وە پـاتشـــــاهـە
مـــەم ســـووچی نەکـــرد و بێ گـــونـاهـە
ســـەر کـــۆنـەی مـــەم بـکـەم ئـەگـــەر من
پـێـم وایـە خـــــــوام دەبـێ بـە دوژمـن
مـــــەم بـۆ ئـەوینی تـۆ گـــــرفـــتـــــار
جـــــــەرگـی بـە بـژانـگ تـۆ بـریـنـدار
تیـــری دەسـی تـۆی لە دڵ چـەقـیـــوە
کـــــــوڵـمـت دڵ و هـۆشـی لـێ دزیـوە
تـا تـۆی نـەبـوو چـی نـەبـوو لـەپـێـــشـــا
ئـەم ســـورمـــەیـە کێ لە چـاوی کـێـشـا
بسکت وەکـو مـاری ڕەش مـەمـی گـەست
پـرچـت دەس و پـێ و دڵـی ئـەمـی بـەست
زنجـیـری کـەزیت لـە گـەردنی خـست
گـیـان و دڵـی بۆت بـووەتـە پێـخـوست
تـۆ کـــــرتـە نـچـــیـــــری بـازی چـاوت
خـــاوپێـــچـــە بـەتـاڵی بسکی خـــاوت
هـەر خـــۆت بـچـــۆ لای و بیـــدوێـنـە
زنجـــیـــــری لـە دەسـت و پـێ دەڕێـنـە
ئـەو خـونـچـەی سـوورگـوڵـی نـەپـشکـووت
ڕزگـــار بـکـە بـولبـــولـت بـبن جـــووت
ئـەو تـیـنـووە چـاوەکـــــەی فـــــوراتـێ
تـــۆی وا بـــکـــە ئـاوی تـــۆی بـــگـــاتـــێ

ئەی ئاوی ژیان بچۆ بۆ کن مەم
هەر نامرێ کە پێتی تەڕ بکا دەم
زینێکی دووسەد برین لە جەرگی
بەو واتەیە کەوتە گێژی مەرگی
ئەو ئابڕوومەند و خێوی شەرمە
ئەم دڵ بە ئەوین کوڵاو و گەرمە
لەو گفتە کولایەوە بریتی
یەکجارەکی هاتە جۆش ئەوینی
خوێناوی دڵی لە چاو سەری کرد
زووخاوی هەرچی هەبوو دەری کرد
دڵداری بە پێلی چەشنی دەریا
شەرمێونی پەردەبوو لەبەریا
لەمپەر کە وەلا برا لە نێوان
سەرڕێژ بوو زووخاوی دڵ لە لێوان
دەریای کەسەری کە هاتە سەرجۆش
بەکوڵێکی بە گوڕ پەڕاندی سەرپۆش
وای زۆربە ستاند شەپۆلی خوێنێ
کەم مابوو کە خۆشی رارفێنێ
ئاومالکی رقی دڵی رەقی میر
پا بۆ وە چڵک چڵی نەبوو گیر
دووی ئاگری جەرگی زینی برژاو
باراندی لە چاوی میر تکەی ئاو
پێت وابوو هەژا هەزار پیشە
مەی سوورە رژا لە زارە شیشە
پا بووە دڵی لە کێمی کێنێ
گرتی بەزەیی بەدەردی زینێ

زین بێ دڵ و دەم شـــەڵاڵی خـــۆینـێ
بێـــهـــودە بوو ویســـتی بیـــدۆینـێ
گـــریا لەســـەری درێژی شـــەوگـــار
کـــۆبوونەوە لێی بەرەی کـــەســـوکـــار
وتیـــان ئـەمـــە چی بوو بۆچی کـوشـتت
ئەم خـــۆینە بەجێ نەبوو کـــە رشـــتت
زین گـــوڵبنی باخی شـــەرم و پاکی
زینـێ لە جـــیـــهـــان کـــە نەبووە تاکی
بێ ســـووچ و گـــوناهە پاک و خـــاوێن
هـەرگـــیـــز نەکـــەوت پەڵەی لە داوێن
ئەو گـــەوهـەری شـــەوچرای جـیـــهـــانە
چۆن وردی دەکـــــــەی بەبـێ بـەهـانە
کـــەی وا بووە مـــەزن و پاتشـــاهـێ
هـەڵکـاتـە هـەژار و بـێ گـــــــونـاهـێ
بەم جـــۆرە لە خـــاک و خـــۆینی راکـــا
بـەم زۆرە گـــیـــان لە لەش جـیـــاکـــا
چـی ئـێـــــــوە دەڵـێـن وتـی نـە وایـە
کـــەی کـــوشـــتنی زین بـەمن رەوایـە
کـوشـتـــەی مـــەمی بێکەس و هەژارە
بـۆ یـارە نـەخـــۆشـــە گـــەشکـەدارە
زین تاقـــە گـــوڵێکی باخی شـــایی
مـن چـــۆن لـــەدەســـی دەدەم هـــەوایـی
دەسـتـەی کـەسـوکـار بەجـارێ شـێـوان
ئـەســـرین لە دووچاو و بار لە لێـــوان
بـووە شین و شـــەپۆڕ لەناو جـــوانـان
هـاوار دەگـــەیشـــتـــە عـاســـمـــانـان

لـه پـڕێ وتـی یـەک دەهـات لـه ڕێـوه
مـــەم مـــرد و ژیانی دا بـه ئێـــوه
زین پێـــشێ کـــه مـــردبوو ژیاوه
هـەســتـا و لـه ســەنیـرێ پاڵی داوه
دەیـڕوانـی لـه هـاودەم و لـه یـاران
دی مـــیـــر دەگـــری بەتاوی باران

هـەرچی کـــەس و کـــاره دەردەداره
خـــەمـــبـــاره هـەژاره لێـــو بـەباره
رووی کـــرده برای وتی ســـەری من
گـۆڕی تـه کـه بـوویتـــه ڕێبـەری من
گـیـــرا بوو گـیـــانی من له لەشـــدا
مـــابوو وەکـــو مـــەم له چاڵی رەشـــدا
هـەر چاوی له لێـــوی تۆ بوو جـــارێ
چارێکی بکەی کـــه پێی بچـــارێ
بـۆ هـێـــشـــتـنی ئابڕوو دڵی تۆ
دەرچوونی نـەدی هـەتاکـــو ئـەمـــڕۆ
وا ئێستـه کـه خۆت رچـەت نیشـان دا
گـیـــانم دەفـــڕێ بـەدووی گـیـــاندا
رۆژی رەش و لـەش له ئـاو و خـــاکی
رابـرد و گـیـــان گـــەیشـــتـــه پاکی
چەندەی لەشـــەکـــەم له خـۆی وەڕز بوو
گـیـــانم دە ئـەوەند زەبـوون و کـــز بـوو
ڕێی دەرنەدەکـــرد له دەرد و ئێـــشی
گـیـانی مـەمی گـەییـیـه کـەوتە پێـشی

دەرچوون لە جیهانی پووچ و بەرباد
وا گەینە ژیانی خۆش و ئازاد
بەربوون لە کەمەندی دووزمانان
دەستەملی یەکن لە عاسمانان
گیانێکی کە پاک فڕی لەسەر جێ
بێ جێ نییە جێی هەیە لە هەر جێ
هاوجووتی یەکین مەڵێن جودا بوون
بو کنی مە فریشتەیی خوا بوون
گیانی مە کە پاک و پاکڕەوشتن
ئەمڕۆ لە بەهەشتێ پێک گەیشتن
وا ئێستە بەجارێ دڵنیا بوون
مانیان نەمرە و نەما جیابوون
تینوو لە زەوی کە ماوە لەشمان
دەریای بە زەوی خوایە بەشمان
قاپێلکی گڵین کە خاکە سەرمان
گیانمان گەیینە هەواری هەرمان
ئیتر نییە ترس و خۆوەشاردن
نە ژیانی خوشک بەکاک سپاردن
نەتوانەوەیە لەوێ و نەگۆڕان
مایەی ئەوێ بێ بەشە لە دۆڕان
تۆزی مە گەیشتە رۆژی رۆشن
ئەم خۆشن و ئێوە بۆ پەرۆشن
مەیکەن بە کر و هونەروەری من
مەم پێشڕەوە بووەتە رێبەری من
ئەو پیری کە من دەسم بەوی دا
چیم دیتووە ئەو نیشان منی دا

گـــــەرچی لە رواڵەتا گـــــەدا بوو
زۆر پایە بڵندترییش لە شـــــا بوو
جێ بەرزە لە بارەگـــای خـــوایی
پێـخـوستـیـیـە تانجی پاتشـایی
گـیـان و دڵی بووەتە شـیـوی پیـرۆز
بێ ترســـە لە گـێـــژ و تۆز و باهۆز
کـێـشـــای دەسـی من بەڕێی ئەوینا
دوای کـەوتم و گـەیمە کـێـوی سـینا
مـــەم بوو لە بەزەی خـــوای گـــەیاندم
ئەم بوو لە گـــــێـــــژی رای پەڕاندم
هێنامـیـــە دەرێ لە پەردەکـەی خـاک
پاکـــانەمـی کـــرد لە کن خـــوای تاک

پێـــو وانەبێ من ئەوێســـتـــە زیندووم
لەو کـــاتەوە مـــەم نەمـــاوە مـــردووم
خـــوازراوەیە ئەو گـیـانـی ئێـســتـــە
مـــەم پێم دەڵێ تۆزێ تر بوێســتـــە
مـــاڵاوا بکەم لە ئێـــوە گـــشـــتـــو
پێی خـۆشـە خـەمـو نەبێ کـە کـوشـتـو
تەنیـــا هـەر ئەوەندە راســـپـــێـــرن
تەرمی مـــە بەناو و داو وەشـــێـــرن
دیســـان دەگـــەڕێمـــەوە بەهەشـــتێ
هەمـــدەم بە مـــەم لە بەزم و گـەشـــتێ

زین دوا راسپێری خۆی بە کاکی دەڵێ

راســـپـــێـــری زینـێ وابوو بۆ مـــیـــر
ئـەی مـــــــــەزنـی بڵـنـدپـایـە و ژیـر
گـــوڕیت بێ گـــیـــان و دڵ ســـەر و ژین
هـەر دەم لەبـەرت مـــرن دووســـەد زین
ئـەو یەکـــدو هـەناســـە دوا پشـــوومـن
هیـــوام هـەیە خـــەم نـەخـــۆی لـەدوو من
هـەر رۆژی بـەرێ کـــە مـن مـــەمم گـــرت
شـەشدانگی کـەساسـی و خـەمم گـرت
مـــــەم بۆ مـن و کـــامـــڕەوایی بـۆ تـۆ
خـــــەم بـۆ مـن و پـاتشـــــایی بـۆ تـۆ
چـاوت لـە بـەشـم نـەبـێ کـــــەسـی مـن
بـۆ تـۆ هـەمـــوو شت کـــزی بـەسی مـن
دانیـشـە لـە تـەخـتـی سـەروەریی خـۆت
لار دابنـێ تانج لـەســـەر ســـەری خـــۆت
ســـــازی بـدە کـــۆڕی بـەزم و ئـاهـەنـگ
گـــۆوەند بگـەڕێت و چـەنـگ بـدا دەنـگ
ســـــەرخـــــۆش بکـە ســـــادە و روالاّن
دڵ خـــۆش بکـە پیـــر و کـــۆنـەســـالاّن
گش مـــــایـەی بـەزم و شـــــادومـــــانـی
چـی خـــۆشـــیـــدەرن بـە زیـندەگـــانـی
لـە خـــواردن و خـــواردنـەوە بـبن ســـاز
دەنـگ داتـەوە دەنـگـی ســـــــاز و ئـاواز

ئازاد بکرێن کـــەنیـــز و بەندان
رزگـــــاری درێ بـە دیـل و بـەنـدان
پەخـــشـــان بکە زێڕ و پوول و پاران
کـــــۆیان بکـەوە گـــــەلـی هـەژاران
لێم خـــــڕکـــــەوە پۆلی نـازەنـینـان
خـــۆینشـــیـــرین و دەم بـە پێکەنینان
جـــوان بێن و بـچـن لە دەوروبـەرمـــان
بـا بێنـە ســـەمـــا لـە دەوری تەرمـــان
بـا گـــــەورە و کـــــەیخـــــواش لـەنـاوا
پـیـــــــــرۆزی بـکـەن لـە بـووک و زاوا
بـۆنخـــۆش و گـــولاو بلاّ گـــەلێک بـن
پێـویسـتـــە پتـر لە هـەر شـتـێک بن
بـۆ ئێـــمـــــە نەباوی ئـاو و خـــاکـــــە
پێک گـەیشـتـنی دوو گـیـــانی پاکـــە
لەشـمـان کـە دەچێـتـــە گـۆڕ و چاڵێ
گـیـانمـان لە بەهـەشـتێ لێک دەهـاڵێ
لەو بـەزمـــە فـرشـتـــە تێ دەکـــۆشـن
داخـــــوازی بـەرام و بـۆنـی خـــــۆشـن
رۆژێ کـــە ســـتـــیت دەدا بـە تاژدین
ئاواش بکە ئێـسـتـــە بۆ مـــەم و زین
بـازاڕ و شـــەقـــامـی شـــار و دەم چـەم
بـا جـــوان بکرێن بە چـەشـنی ئـەو دەم
بـۆتانـی لێـیـــان ببـــێـتـــە جـــێـــژن
دڵ خـــۆش بن و لاوکـــان ببـــێـــژن

وەک ئەو دەمە خۆت ستیت بەڕێ کرد
چۆنت بەدڵی مە جێبەجێ کرد
هیوامە لەگەڵ منیش وەهابی
بۆ منیش وەکو ئەو چرا و برابی
بۆ تەرمی منیش دوو سێ ئەوەندە
دڵخۆش بی و شاد و دەم بەخەندە
پێشمان خە گۆرانیبێژی خۆشدەنگ
رێکیان خە بە چەپک و بەزم و ئاهەنگ
دەربەستی وەکو کەژاوەیەک بێ
جێی دووکەس و تاقە چاوەیەک بێ
زێڕکفتی بکەن هەمووی دەر و ناو
بتروسکێ لە دوورەوە لەبەر تاو
پەلکی گوڵی رابخەن لە ناوا
دڵیان لە گوڵانە بووک و زاوا
بمگوێزنەوە چەشنی بووکی شایان
کارێ مەکە ووک ببم لەلایان
کێژۆڵە بەدڵپڕی نەبێژن
زینێ نە بەناو و دڵ دەنێژن
بەزمی ستی خۆش و رۆژی گەش بوو
زین مردن و ژینی چارەڕەش بوو
با ئەستی جل و خشڵ لەبەرکا
خۆی بێت لەگەڵم گڵم وەسەرکا
تاژدین دەری خا ئەسپ لە خاوا
سوار بێ و بچێ شان بەشانی زاوا

مـــەم چۆن بـوو کـە ئـەو ســتـــیی درایە
مـــــەم بـێ کـــــەســـــە هـەر ئـەوی برایـە
لـەم رۆوە ئـەتـۆش هـەیـا بـەســـــــالّـێ
هـەر مـــالّـێ کـە دەردەخـــەی لـە مـــالّـێ
هـەر خـــــــواردنـێ دەیـدەیـە هـەژاران
هـەرچێکی بـەخت دەکـــــەی لـە یـاران
چـەنـد دالّـدە دەدەی بـەبـێ پـەنـایـان
دەســپـــرِ کـە بـەرِێ دەکـەی گـەدایان
هـەر بـەرگـێ دەکـــەیتـــە بـەر شـــرِۆلّان
پێت دێنـە گـــەشـــەو بزە کـــلّـــۆلّان
هـەر چـەنـدە دەبـی بـەکـــەس لـە بـێکـەس
هـەر رۆژێ کـە دەگـری دەسـتی بێـدەس
هـەرچـەندی دەگـــــەی بـەدادی دامـــــاو
ئـەســـرین دەســـرِی لـە چاوی گـــریـاو
هـەتـوان کـە دەخـــەیتـــە ســـەر برینێک
شـــادی کـــە دەدەی بـەدلّـخـــەمـــینێک
دیـلان کـــــە وەدەردەخـــــەی لـە زیـندان
دلّـخـــۆشـی دەدەی بـەوی لـە شـــیـندان
تـا پێت هـەیـە پیـــــتـی کـــــوردەواری
چـەنـد هـەلّـدەکـــــــەنـی رەگـی هـەژاری
دەرمـــانگـە و فـــێـــرگـــە رێگـە و پـرد
مـزگـەوت و مـیـوانـگـە چیت دروس کـرد
چـەنـد ریـز دەنـرێ لـە تـەخـت و تـاجـت
چـەند کـــۆوە دەبـێ پیـــتـــاک و باجـت
مـــانگـانـەیـی کـــاربـەدەسـت و نووســـەر
پێـشـمـــەرگـە و ئـەفـســـەران و نۆکـــەر

چەند خـــــوێنێ لە دوژمنان دەڕێژی
هەرچەندی کــە خــوێنمــژان دەنێــژی
تـالّان و بـڕۆ لـە دوژمــنـی کـــــــورد
چی دێتــە دەست هــەمــووی گــر و ورد
بـا گــشــتی لەســـەر نیـــازی من بـێ
وای دانـێ بـەناو جـــــیـــــازی من بـێ

پێم نـاکــرێ هـیـچ بەرم لەگــەڵ خـــۆم
پـاشـــبـــــارێ بلّان بـەڕێ کـــرێ بـۆم
شـــــــانـازی بکـەم لـەکن ئـەو و ئـەم
کـەس نەوشـێ شـتی کـەمــە ژنی مــەم
پەردووی مــە ئـەگــەرچی گــۆڕی تەنگە
بـۆ بـووکـێ کـــــەبـا بـەچـەنگە نـەنـگە
ئـەو جـــــێگەیە دوور لە بـەژن و بـالّات
بـۆ ئێـــمـــــەیە جـــێی نیـــاز و ئـاوات
راســپـــێــری کـــە زۆرە لێم ببـــووڕە
یـەکـــجـــاریـیـــە کـــۆچ و رێگـە دووڕە
چەندی لە دەست دێ زۆر ئەگــەر کــەم
دەر مــاوێ لـە بیــری خـۆت من و مــەم
خـــزمـــایەتیی مـــەم بـەکـــەم مـــەزانـە
مـــەم تـاج بەســـەرێکی ئەو جـیـــهـــانە
تەرمێ کـــە دەچێـــتـــە گـــۆڕخـــانـان
هـەڵدەگـــرێ هـەڵی گـــرن بـە شـــانـان
هـەرچـەندە مـنیش لـەلای ئـەوە جـــــێم
بـۆ گـــــۆڕ و بـەرەو مـــــەرگ بـەپـێ دێم

خـواکـەی نەچی چیـدی بـێ بەشم کـەی
لـەم مـــردنەشـــا بەخـــتـــڕەشـم کـــەی
بمـنێـــژە لـە ژێر گـــلّا دەگـــەلّ مـــەم
روومـــان لـەیـەک و دەسی لـە مـل کـــەم
مـــیـــوانی مـــەمم چ خـــۆشـــە مـــردن
بۆ ئـێـــمـــە نەجـــێـی پەرۆشـــە مـــردن
مـــیـــر کـــەوتـە گـــرین و داد و رۆڕۆ
فـــەرمـــووی دڵەکـــەم ســـووتـاوە بۆ تـۆ
ســـوێندم بە خـــوای خـــویا و نـەدیوان
بـۆ ئـێـــــوە لـە دڵمـــــــەوەم پـەژیـوان
خـــۆت هـەســـتـــە ســـەری دە بیـدوێنە
بیـــــهـــــێنە لـە مـــــردنـی بســـــێنە
زیندوو بن و بـچـنە نـاخـی خـــــاکـــــا
کـــەس نابـێ لە یـەکـــتـــریو جـــوداکـــا

زین سەری کوشتەی خۆی دەدا

زیـــن ئـــەو بـــەزەی لـــە رووی بـــرا دی
ســـــەردانی مـــــەمی گـــــەلێ رەوا دی
رازایـەوە هـەر لـە پـێ هـەتـا ســـــــــەر
دەریای لە جـــوانـی کـــەوتە گـــەوهـەر
ئەســـتی و بە ســـەتان لە دیدە کـــالّان
ئەســـتـــێـــرە لە دەوری رۆژێ هـالّان
چاومـەست و بەلەک خرِ و کـەزی شـۆرِ
دەرچـوون وەکـــو دورِ دەرێن لـە قـــاپـۆرِ
دەرۆێشـــــە دەچـێـــتـــــە دیدەنـی پیـــــر
کـوا مـاوە کـورِی گـەدا و کـچـی مـیـر
هـیـــــوا نـە لـە کـــــۆشکـە وا لـە بـەندە
دلّ بەســـتـــەیە زین و مـــەم کـــەمـــەندە
دەرگـــــا کـــــە کـــــرایـەوە لـە یـاران
زیـــنـــدان بـــووە بـــاخـــی نـــازداران
چووە ســەر مـەمێ بەر لە زینێ ئەسـتی
دی مـــردووە نایـە دەنگ و خـــوســـتی
گـــیـــان چووەتـە دەرێ لـە بەژن و بـالّا
مـــالّ بێکەســـە کـــەس نیـــیـــە لە مـــالّا
والّایـە قـــــوتووی دورِی گـــــیـــــانـی
کـــــــوژاوەتـــەوە گـــــــرِی ژیـانـی
گـــــــولّـزاری وشـک بـووە بـەبـێ ئـاو
بـێ رۆنە چـرا و پـلّـیـــتـــــە ســـووتـاو

پرسی لە کەسانی هاودەمی بوون
هاوبەندی گران و هاوخەمی بوون
وتیان لە دەرێوە هات تروسکێ
دەرچوو لەسەری مەمیش بروسکێ
یەک وێنەی مانگ و رۆژ و ئەوی تر
هالا ئەوی ژوور لەوی نەویتر
یەک بۆ یەکێ کەوتە تیشکە رشتن
تا بوونە یەکێک و پێک گەیشتن
بەم جۆرە دڕەوشی سەردەمێ چاک
شەوڕەش لەمە بوو بە رۆژی رووناک
لەو کاتەوە مەم نەما لەسەر هۆش
پێی خۆش نیە رابێ لەو خەوی خۆش
تا چاوی دڵت لەسەریە تانە
پێت وایە کە نەبووە ئەو شتانە
گیان تیشکی خوایە سەربەخۆیە
راگرتن و توانەوەی درۆیە
خوێن لانەیە بۆی نەخۆی گیانە
چی دی لە گیان بڵێی زیانە
هاوڕێ کە لەگەڵ مەما گرابوون
لەم رازە گرنگە شارەزا بوون
رێ نیشاندەرێ باش بوو بۆ هەواڵان
بردنیە دەرێ لەناو خەیاڵان
ئەستی چووە بن سەری مەمی ژار
تا کەنگێ دەنووی لە خەو بەبێدار
تینووی چووە لەمپەرو لە نێوان
وا ئاوی ژیان و تەڕکە لێوان

لەم مـــــردووە بەو وتار و بـاســـــە
هـەڵچـــوو تـەپ و دووکـــەڵی هـەناســـە
زین دەســـتی گـــەیاندە دەســـتی یاری
فـرمـێـسکی لە چاوی مـەسـتی باری
ئەســـرینی رفـــاندی پووشـی شـــەرمی
ســـــەرپۆشـی درِاند لە سـنگی نـەرمـی
گـــریـەی بـەکـــوڵ و کـــزەی هـەناوان
جـــــەرگی کـــەڤـــری رەقـی دەتـاوان
بـای گـــەرمـی هـەناســـەو و هـەنسکی
رای مـــاڵی لە دەوری کـوڵمـــە بسکی
رووپۆش کـــــە وەلا درا لـە رووی زین
رۆژ تیـشکی گـەیاندە مـانگی بـێ تین
تـاریکیـی مـــەرگ هـەڵات لە جـــێـــدا
پێـت وابـوو کـــــە رۆژ هـەڵات لـەوێدا
ئـەی مـــەم وتی بـۆت گـــەلـێ بەتاســـەم
گـــیـــان بێنەوە بـەر بەبای هـەناســـەم
بـۆی ژیایـەوە مـــەم بـە گـــفـــتی زینـێ
بـووژایـەوە بـەشـــــبـــــرِاو لە ژیـنـێ
دای تیـــــشکی ئـەوین لـەناو دەروونـی
هـێـــز کـــەوتـەوە گـــورِ رەوی زەبوونـی
هـەر چـاوی کـــەوت بـەمـــەســـتی چاوی
تـــین هـــاتـــەوە بـــەر دڵ و هـــەنـــاوی
فـرمـێـسکێ کـە هات بەچاوی رەشـدا
لەو مـــردووە بـوونە خـــوێن لە لـەشـــدا

ئەی مـــــــەم وەرە رابـە لاوی چـابـە
خـــاڵی رەشـــە بۆ تە بـووەتە کـــابـە
رووم تێ بکە رووگـــە خـــۆشـــە مـن بم
لێـــــو بمژە لەبـاتـی ئـاوی زمـــــزم
لەم بەژنە کـە نەخـشـی دەسـتـی خـوایـە
هـەر ســـووڕێ بدەی حـــەجت رەوایـە
بـاوەش وەکـــــــریم و چـاوەڕێـی تـۆم
مـــەم چەشـنـی پەپوولە چوو بەرەو مـــۆم
هـێـــشـــتـــا نـەبـووبوو نـزیـکـی زیـنـێ
ســـــووتـانـدی پـەڕی گـــــڕی ئـەوینـێ
ســـەرخـــۆشـی یەکن بـەڕەنـگ و بۆیـە
جـــێی راز و نیـــاز و گـــفت و گـــۆیـە
زیـن ئـێـــــژێ پـەپـوولـە رێـنـومـــــامـی
پـەروانـە وتـی تـۆ شـــــــــەوچـرامـی
مـــەم خـــۆشـی و فـــێنکیی دڵمـــە ناوت
زیـن گـــیـــانـی مـــەمـێ بەگـــوڕیـی چاوت
مـــەم داومـــە بە تۆ دڵم بەشـــەشـــدانگ
زیـن دڵبـــــڕی تـۆ بـە تیـــــری بـرژانـگ
مـــەم داوی خـــەمی مـــە گـشـتـــە بـێ تۆ
زیـن جـــــەرگ و دڵم بڕشـــتـــــە بـێ تـۆ
مـــــەم ســـینـەی مـن بەهـەشـــتـی تۆیـە
زیـن بـێ تـۆ هـەمـــوو شـــتـــێک درۆیـە
مـەم ئەو مـــەمـــە سـێـوی دەسـتـــە بۆ تۆ
زیـن گـــــەردنـی دڵ لە رســـتـــــە بۆ تـۆ
مـــەم بـۆمـــە ئەوێســتـــە رووگـــەیە رووت
زیـن بەســیـــە گـیـان لە تـاوی تۆ ســووت

ئەستێ و کەسوکار کە بوون لە گۆڕا
خوێنیان لە هەناو و چاو دەچۆڕا
وتیان بدە موژدە بەختە یارت
پێک هاتووە رێکە کاروبارت
بۆ زین کە زەبوون بووبوو گیانت
گەر میر دەگەڕا لە دووی نەمانت

وا میر بەزەیی دەکاتە پیشە
زین بۆت بووە هاوسەری هەمیشە
وا ئاوی ژیان ئەگەر دەنۆشیت
لوقمان ئەوەتا ئەگەر نەخۆشیت
مەجروون ئەوە لەیلە سەرتی داوە
بۆ دەستەملان فرەی نەماوە
بولبول ئەوەتا ئەوی گوڵت بوو
لولوپەڕی رۆژهەڵات بشکوو
پەروانە بی مۆمتە هەڵگیرسا
مردووش بی ئەوا لەسەرتە عیسا
دێوانەی دەردە رابە چا بە
بێگانەی بەردە ئاشنا بە
ئەو پەرییە کە تۆی بە ئارەزوو بووی
ئەو شۆخی هەمیشە چاو لەدوو بووی
هەرچۆنێ دەهاتە بەر خەیاڵت
دەرچوو لە خەیاڵ و بووەتە ماڵت
دەستت مەخە بەر بەشی خوادا
بێهوودە مەدە ژیان بە بادا

دەم نێ دەمی زین و دەس لە گـــەردن
رابوێرە پەلەت چیـــیـــە لە مـــردن
خـۆ ژیرکـە رەهاکـە کـۆت و زنجـیـر
وا باشـە لەگـەڵ مـە بێـیـە کن مـیـر
پیـــرۆزە سـێـبـەری ئەو لەسـەر مـە
بۆتان دڵی ئێـسـتـە گـەرم و نـەرمـە
ئازایە گـــەلێ لە چاکـــە کـــردن
بەخـشندەیە مـەردە خـێـوی بووردن
هەرچی کـەس و دۆستـە بانگ کـراوە
چی مـــایەی بەزمـــە ســـازدراوە
خـۆشبـەختی و خـۆشی رووی لە تۆیە
مـــیـــر دوورەدرۆیە راســـتگۆیە
هـەر بـیگـەیە هـیـچ دڵت نـەمـــێـنێ
ئـاواتـی دڵـت بـەجـێ دەهـێـنـێ
زینـت دەوێ چی تـریش دەخـــوازی
دەتداتێ هـەمـــووی بەســـەرفـــرازی
مـــەم بیـســتی ئەمـانە تۆزێ رامـا
درکـــاندی دەمی لە جـــێی وەرامـــا
لاتان ئـەوی مـــــەزن و پاتشـــــایە
لام بـێـکـەس و دیـل و بـێ پـەنـایـە
تەخـــتی وی بنی لەســـەر خـــەیاڵە
خـــانووچکەیە جـێ گـــەمـــەی منـاڵە
دەزگـــایەکی دوور لە مـــان و پووچە
زیانبـاریـیـە جـێی گـوناە و سـووچە
خـــونکـارێ بە مـــردنـێ نـەوێرێ
پیـاو چۆن دەبێ خـۆی بەوی سـپـێـرێ

خـــۆم داوەتە دەســـتی پاتشـــاهێک
بەخـشـندەیە بۆ هەمـــوو گـــوناهێک
خـــونکار و هـەژار لەلای یەکـــێکن
ئاکـــــاری بـەجـــێن و رێکوپـێکن
هـاوێنـەی رووی زیـنـی چـێ کـــــــرد
نەخش و کـری خـالْ و بسکی لێ کـرد
لـەو ئـاوێـنـەدا ئـەوم دی جـــــــارێک
ئـیـــتـــر بـەکـــەسم نـەمـــاوە کـــارێک
وەســتـــای من و زیـنـێ دلّمی ئـەســتـــاند
گـیـــانی لە خـــەوی نەزانـی هـەســتـــاند
ئـەو خـــێـــوی شکۆیـە پاکـــە تـاکـــە
بـێ مـــــردن و چوون و تـرس و بـاکـــــە

هـەر لـەو دەکـــــرێ ســـــوپاسگـوزاری
خـســـتـــینـیـــە بـەهـەشـــتی نـازداری
دەســـــــتی بـەزەیـیـی درێژە بـۆمـــــــە
خـۆشی و گـەشـیـی گشت بۆمـە کـۆمـە
زۆر باش بوو نەگـەینە یەک لە رووی خـاک
مـــــــۆرین و دەچـین دلّ و دەروون پـاک
دوو نـۆبـەری بـاخـی نـاز و خـــــــۆشـین
مـــــەی پێک گـــــەیـینـێ لـەوێ دەنۆشـین
دلّدار کـــــە لـەســـــەر زەوی دەمـــــێـنن
زۆریـان هـەیـە تـۆوی پـیـس دەچـێـنن
داوێن تـەڕ و شـــەرمـەزار و ســـەرشـــۆڕ
بـێ ئـابـڕوو پـەل دەبـن بـەرەو گـــــــۆڕ

گـۆەندی مـە خـۆشـە لەو بـەهـەشـتـە
رازاوەتـەوە پـەری و فـــریشـــتـــە
مـــزگـــێنی دەدەن لە چـوونـی ئێـمـــە
شـــانـازی دەکـــەن بەبـوونی ئێـمـــە
کـوا ئێـمـە دەچینە کن فـرشـتـان
جـێی ئێـمـە بلّندترە لە گـشـتـان
جـــێی دلّبـــەر و دلّتـــەڕان جـــودایە
بـۆ ئێـــمـــــە ژوانگە لای خـــــوایە
هـیـــوام هـەر ئـەوەند هـەیـە لـە لای ئـەو
هـەرچی زووە بـچـــمـــە بارەگـــای ئـەو
کـــــاتـێ کـــــە نزای لـە دەم بـڕاوە
دەرگـــــای بـەزەییی خـــــوا کـــــراوە
هـەروا نـەژیـیـــــــا لـە ژیـنـی تـالّا
بـالّداری گـــیـــانی فـــڕییـــە بـالّا
گـیـان دەسـتی لە ئاو و گلّ کـە بەربوو
بەنـیـازی گـەیشت و بەخـتـــەوەر بوو
پـــەروانـــە لـــە رۆشـنـــایـــی هـــالّا
جـێ مـــــا لـە زەوی لـەشـــــێکی والّا

شین بۆ مەمی هەژار و
کوژرانی بەکری بەدکار

دەیگوت ئەوی شینی بۆ مەمێ کرد
ئەو رۆژە کە ئەو هەژارە پێ مرد
بوو شین و شەپۆڕ لە ناو جزیرێ
گش پیاو و ژنێک و لاو و پیرێ
بۆتانی لە گەورە تا بچووکان
زاوا و خەسوو خەزوور و بووکان
دارا و نەدار بڵند و نزمان
زانا و نەزان نەناس و خزمان
دەرۆیش و بەڕیش و مەستی بادە
پاک و بەچڵک بەکوڵک و سادە
کۆیخا و بەرەڵا و هەڵە و شەل و گێڕ
گشتی وەکو یەک بووبوونە شینگێڕ
چاویان تەڕ و قوڕ بەشان و رەشپۆش
پەیدا نەدەبوو یەکێکی دڵخۆش
بێگانە و دوورەدەست و خۆیی
هەرکەس بەرەو تەرمی مەم دەڕۆیی
بۆ شۆێنێ دەڕۆیی بەکری پڕ کین
تاگوم ببێ کەوتە داوی تاژدین
بۆ کوێ وتی سیسەماری بەدفەڕ
ئەی ماکی هەموو بەڵا و گزی گەڕ

ئەی لەمـــپـــەڕی بەر دڵ و نیـــازان
پیـــســـتـــر لە هـەمـــوو ســـەگ و بەرازان
ئـاوڕووبـــەری دڵـتـــــــــەڕانـــی دڵـدار
خـــــوێ پێـــــوەکـــــەری دڵی بـریـندار
کـۆسـتت کـەوێ وەک مـەمت لە مـن کـرد
چی دیت دەوێ کـەتنی خـۆت بە من کـرد
ئەو دەردە کـــە دات بە مـــەم لەســـەر چی
هێـشـــتـــا دەتەوێ لە دەس مـــە دەرچی
بـــگـــرە لـــە دەســـم دەبـــانـــی دوو دەم
بتکـەم بـەیـەکـــــەم لە تـۆڵـەی مـــــەم
یەک بڕ ســـەری بەکـــری پێ نـەوی بوو
لاشـەی سـەگی چەسپی سـەر زەوی بوو
کـــــاتێکـی کـــــە هـات بـەلای بـرادا
رووونـاکـــــــــیـی نـەدی لـەنـاو چـرادا
دای گـــرت لـەســـەری کـــلاو و تـۆمـــار
هـاوپشـتـیـیـە ســەر لەشی مـــەمی ژار
دێـــوانـــە و هـــار لـــە تـــاو بـــرایـــێ
شـــــالاوی دەبـرد وەکـــــو زەهـایـێ
نیـــازی هـەبـوو چـی بێـــتـــە پێـــشـی
بـۆ تـۆڵـە گـــیـــانـی ویش بـکێـــشـی
کـێ لـەو دەمـــــەدا ببـــــا تـخـــــوونـی
پـاپـای بـوو لـە مـــــــردن و نـەبـوونـی
هـاوار لـە دەسـی بـرایـە کـن مـــیـــــر
زوو پێ و دەسـی خـسـتـە بـەند و زنجـیـر
تـەرمـی مـــەمـێ کـــەوتە رێ بـەرەو گـــۆڕ
کـــۆمـــەڵ لـە دواوە مـــات و ســـەرشـــۆڕ

کۆتەڵ کە لە پشتی ئەسپی مەم بوو
بۆ هەرکەسێ ماکی دەرد و خەم بوو
تاژدینێ لە بەند شـــــەتەک درابوو
ئاگـــــای کـــــە لە بردنی بڕا بوو

زنجـــیـــــری لە دەست و پێ چڕاندن
دەروازە و بـــەندی تـێـک شـکـانـدن
ئەنگوچکی ســـپی نیـــایە ناوهـەش
تەرمی مـــەمی گـرتە مـێـز و باوەش
خـزم و کـەسـوکـار و دۆست و یاران
گـــــریان لەگـــــەڵی بەتـاوی باران
شـــڵـــپـــەی دەس و سـینەی جـوانان
دەنگی دەگـــەیشـتـــە عـاسـمـانان
هـەرچی ژن و کـــیـــژە پۆڕ کـــراوە
رووبان دەڕنـی بەدەم ســـــەمـــــاوە
گشتی لەپ و پەنجە سوور و ئاڵ بوون
بێ رەنگ و خەنە لە خوێن شەڵاڵ بوون
ریزێک لە کـــــچـــــان یەکێ لە لاوان
پێـــیـــان هـەڵدەگـــوت بە بەند و باوان
پـۆڵـێـک لـە دوایـەوە لـەخـــــــــۆدەر
هـێندێکی لە پێش تـەرم ســـەمـــاکـــەر
پیـــر کـــەوتنە ناو بەتاو دەکـــەن شـین
مـیـر دەسـرە بەچاو و چاو بە ئەسـرین
زین هـاتە ســـەمـــا لە پێـشـی تەرمـــا
چـنـگی دەکـــــوتا بەسـنـگی نـەرمـــــا

پەخشان بووبوو مووی بەسەر لەشیدا
وەک ئاوی ژیان لەناو رەشـــــیـــــدا
ئەو کاتێ سەمای دەکرد لە تاو مەم
زوهرە بەســـەمـــاوە کـــەوتە ناو تەم
رۆڕۆی کـــــە دەهاتە دەر لە لێـــــوان
لە ســـوێی دەتواوە جـــەرگی کـــێـــوان
دار و دەوەنـــی دەگـــــــــــەڵ دەنـاڵـــی
گـــــــریـانـی ژیـانـی کـــــــردە تـاڵـی
لەو شـــینە مـــرۆ ئەوەند وەکـــۆ بوو
جـــەرگ و دڵی ڕێ بەکـــەند و کـــۆ بوو
ڕەوتیـــــان دڵی عـــــەرزی پێ دەلەرزی
بـوولەرزە دەکـــــــــەوتـە نـزم و بـەرزی
هـێند دادەوەرینـە ڕووی وەکـــو گـــوڵ
فـرمـێـسکی کـچـان بەهۆی کـوڵی دڵ
پێت وابـوو لە هـەورەکـــــەی بـەهـارێ
بـارانـە لەســـــــەر گـــــوڵان دەبـارێ
چـارشـــێـــوی ڕەشی ژنـان ئـەوێ دەم
پەیدا بوو نیـــشـــانـی شـــینـە بۆ مـــەم
ڕووپۆش لـە ڕووان کـــــــرایـە پـەرژیـن
ڕەشـــیـــان لەبـەردایە بـۆ مـــەم و زیـن

زین دڵی بە بەکر دەسووتێ و بۆی دەپارێتەوە

دییان کاتێ کە گەینە قسنی بەر شار
لاشـــێکی تخـــێڵ لە بەینی دوو دار
زانیـــان ئەوە بەکـری مـەرگـەوەڕ بوو
ئەو لاکـــە کـــەلاکی مـــاکی گـــەڕ بوو
تاژدینە ســـەری لە لەش جـــیـــا کـــرد
کـێـشـــەی لە زەوی تـەرە و تووڕا کـــرد
چیـــرۆکی بەکـر کـە گـەییـیـە کن زین
پـارایـەوە بـۆی لـە مـــیـــــر و تـاژدین
پیـــــاوچاک لە رق و لـە کـــینـە دوورن
هـەرچەندە بـەســـووچـە لێی ببـــوورن
بـێ فـــەڕ کـــە بـەچاکـــە نەدرێ پـاداش
جـــیـــاوازی بـەچی بـێ بـاش و نـاباش
خـوای ســازدەری هـەردوو عـاسـمـانان
دایـنـا لـە بـەرێـوە بـۆ مـــــەمـــــانان
رۆژێ کـــــــــە ئـەوینـی دا بـــەدڵـدار
ئـەو رۆژە بـــەدیشـی دا بـە بـــەدکـــــار
چۆن دەکرێ کـە پاک لە پیس وەشـێرن
زۆر حـــەســـتـــەمـــە لێکی هـەڵوەژێرن
لای ســـــــووڕەگـــــــوڵان دڕوو رواوە
گـــــەنجـی هـەبـێ مـــــاری وا بـەلاوە

گـولّ سـیـسـه بـەدوور لە دڕک و داڵان
مـــار هـۆیـە کـــە گـــەنج نەچـێ بەتـاڵان
گـــەر پـیـــسی وەکـــو بـەکـــر نـەبووبا
هـیـچ دوور نـەبـوو ئـابڕووی مـــە چـووبا
هـــەرچـــەنـد بـــە رواڵـــە نـــاتـــەبـــا بـــوو
راسـتـیـو دەوێ بۆ مـە دۆسـتـی چابوو
گـــەر ئەو نـەدەبوو بـەلەمـــپـــەری مـــە
گـــومـــڕایـی دەبوو بـەڕێبـــەری مـــە
وا دەرنـەدەچـووین لـە شـــــەرمـــــەزاری
پـیـــــرۆز نـەدەبـووین لـە کـــــوردەواری
ئەو رێگەی پـاکی خـســـتـــە بـەرمـــان
زۆر زۆر ئەمـــەگی هـەیـە لە ســـەرمـــان
هـەرچـەندە بـەخـــۆی گـــەیشت زیـانـی
دۆڕانـدی لـە ڕێـی مـــــــــەدا ژیـانـی
پێم خـۆش نـیـیـە هـیـچ گـرێی وەبـەر بێ
هـیـــوام هـەیـە شـــاد و بـەخـــتـــەوەر بێ
ئـیـــــدی بـەســـــە ئـابـڕووی مـــــەڕێژن
لەو جـــێی کـــە من و مـــەمـێ دەنێـــژن
ئەو بـووبـووە ســـەگـێکـی پـاسـدەری مـە
بـا هـەر بـکـەوێ لـەبـەر دەری مـــــــە
لای ئـێـــمـــــە بـنـێـــژرێ با گـــیـــانـی
پـاسـی مـــە بـدێـرێ لـەو جـــیـــهـــانـی
بـــڕوانـــــە بـــــەزەی دڵ و دەروونـــــی
ئـــاوێـــنـــە بـــەزێـــنـــە ئـــەو بـــەروونـــی
ئـاوێـنـە و ئـاو گـــــەمـــــاری دەگـــــرێ
کێ بـەخـشـی کـەسـێ لـە دەسـتـی بمرێ

هەرکەس کە بەزەی خوا نەبینێ
نەپڕووکێ بە ئاگری ئەوینێ
نەکولّابێ لەناو ئەوینی پاکا
پێی وایە کەس ئەو شتانە ناکا
پاکان کە بەزەی خوا دەبینن
وەک هۆزی فرشتە دووره کەینن

زینیش لە سوێی مەم دڵی دەتۆقێ

دڵ گـــەســتـــەی هەژدیـهـــای ئەوینـێ
کـــوژراوی دوو چاوی مـــەســـتی زینـێ
گـــیـــــراوی گـــــوناهـی بێگوناهـی
ســـــووتاوی گـــڕ و دومـــــانـی ئاهـی
ئـەو تـازە نـەمـــــــامـی وا لـەبـەر دڵ
بـەژنـی بـەنـەکـــامـی کـــــەوتـە بـن گڵ
وەک گـەوهـەری گـەنج بـەخـاک سـپێـرا
مـــــاریشـی لـە پێـــیـنـی وەشـــــێـــرا
ئەو کـــێـڵـی چەقـــا لـە بن ســـەری مـــەم
دەیگوت کـــە ســـــەرم بڵـند و گـــەورەم
کـوا کـێـڵێ کـە شـان لـە شـانـی من دا
کێ نوســـتـــووە وەک مـــــەمی لـە بندا
شـــای کـۆمـــەڵ و هۆزی ســـەرفـیـرازان
مـــیـــــوانمـە دەبم بەجـــێـی نیـــــازان
زیـن هـات و لـە دەوری کـــــــێـڵـی هـاڵا
لـێـی کـــــــــردە نـسـێ بـە بـەژن و بـاڵا
خـــــــوێـن هـەڵدەوەری لـە چـاوی ئـاڵی
دەتـــوایـــەوە دڵ لـــە نـــاڵـــەنـــاڵـــی
چـاوی وەکـــو هـەوری خـــاکـــەلێـــوە
رێـژنـەی بـەگـــوڕی دەڕشت لـەجـــێـــوە
فـرمـێـسکی لـە گـۆڕی مـــەم کـە باری
رەنـگـا بـەمـــــــراری گـــــــۆڕی یـاری

چەندەی دەکـــشـــاند لە دڵ هـەناســـە
تێکڕا ئەوی خـــــزمـــە یا نـەناســـە
فـــــریادی بڵـنـد دەبوو بـەگـــــریان
کـێ بـوو دڵـی بـۆی نـەبـێ بـەبـریـان
پێـشـمـــەرگـە و ئـەفـســەر و وەزیران
دەرۆێش و لـەپـێش و لاو و پـیـــــــران
دڵـدار و جـــــــــوان و نـازەنـیـنـان
دارا و هـــەژار و دڵـبـــــــــــرینـان
وێکڕا وەکـــو زینـێ دڵ بـەخـــەم بـوون
ڕۆژۆ دەگـــەیشـتـــە چـەرخی گـــەردوون
هـاوار و گـــــرین و داد و شـــــیـنی
بـردی گـــــورِ و هـێـــــز و تـاو و تـینـی
رۆنیـشت لە پـەنای ســەری مـــەمی ژار
دەیگوت بـەســـــەد ئـاخ و زاری ئـەی یار
ئـەی خـــێـــوی دڵ و لـەش و گـــیـــانم
بـاخ بـووم و بـووبـوویـە بـاخـــــــەوانم
لـەو ڕۆژەوە بـاخـی خـــــــۆت نـەدیـوە
وشـکـە کـــــــــزە زەردە پـەلـوەریـوە
شـلـێـــرەی لێـــو و پـســـتـــــەی دەم
بادامـی دوو چاو و ســێـــوی کـــوڵـمـــەم
دوو مـــــەمکی بـرەوشکێنی لـیـــمـــۆ
بـــێ نـــاز و لـــە هـــەڵـوەریـنـــە بـــێ تـــۆ
لێت ڕوون بێ کـە نادرێتـە دەس کـەس
تـۆی خـــــــاوەن و تـۆ دەنـاسـن و بـەس
ئـەم بـەژنـە لـەســـــەر تـۆ ڕاوەشـــــێـنم
مـــیـــوە و گـــوڵ و پـەلکی داوەشـــێـنم

شـــــەوبۆن و وەنـەوشـــــە و هـەڵاڵان
بسک و خـــەت و خـــاڵ بدەم بە تـاڵان
وەک گـوڵ شـــمـــەکی درووە لەبـەرکـــەم
بۆ تـۆ قـــورِ و خـــۆڵ و گڵ وەســـەرکـــەم
بسکان هـەمـــــوو تـابـەتـا بـکـێـــــشـم
وەک گـــیـــانی پـەژار و پڕ لە ئـێـــشـم
ئـەم بـاغـی گـــــــوڵـەم بـەڕێـکـوپـێـکـی
هـەر پـەلک و شـکـۆفـــــە و چـڵـــێـکـی
بـۆ تـۆ بـوو کـــــــە بـێـی لـێـی بـنـۆڕی
تۆش جـــێـگـە دەگـــۆڕی جـێ لە گـــۆڕی
مـن جـــــوانـی چ لێ دەکـــــەم بـەبـێ تـۆ
بـۆ تـۆ نـەبـێ بـا بـچـــێ بـە فـــــیـــــڕۆ
تـرسـم کـــــــە نـەبـا دڵـت دەمـــــێـنـێ
هـەر پـارچـەیـەکـم دەخـــســـتـــە شـــوێـنـێ
جـــوانـیـم و مـنـیـش کـــە بـووینـە مـــاڵـت
کـــاتـێ کـــە دەمـــــرم و دێـمـــــە پـاڵـت
لـێـــمـت دەوێ رەنـگ و بـۆی جـــــوانـیـم
چـاوی بـەڵـەک و بـرۆی کـــــــەوانـیـم
ســـەر کـــوڵـمـــە بـەســـووری لـێـــو بـەئـاڵـی
ســـەر ســـیـنـە بـە نـەرمـی مـــەم بـە کـــاڵـی
بـسـکـی رەش و بـەژنـی وەک نـەمـــــامـم
نـــەم مـــــــــابـــێ دەبـــێ چ بـــێ وەرامـم
چـی لامـــــە دەبـێ بـگـا بـە خـــــێـــــوی
نـەیـگـاتـێ کـــەمـــایـەســی و پـەشـــێـــوی
بـۆ وەی کـــــە لـە دیـدەتـا نـەبـم ســـــووک
رازاومـــــەوە بـۆت لـە چـەشـنـی نـۆبـووک

وەک پێشووە بەژنی شۆخ و شەنگم
سەرخۆشت دەکەم بە بۆن و رەنگم
ئامادەی ماچی تۆن دوو لێوم
تورت و شەقە مەمکی شەکرە سێوم
هەرچۆنی منت دەوێ تەیارم
بمگوێزەوە سازە کاروبارم
گۆڕیچەی تۆ دەکەینە پەردوو
ترسی نەگەیین بەیەک بەسەرچوو
هامێزی لە کێلی مەم وەرێنا
ئاخێکی دوای بەژینی هێنا
گیان هەڵفڕی چوو بەلای خواوە
لەش کەوتە زەوی و چرای کوژاوە
لەو کۆمەڵی پڕ پەرۆش و ئازار
نوێ بوو دووبارە داد و هاوار
تۆێژاڵکی برینی کۆنە لاچوون
دیسان لە قوڕی پەژارە راچوون
ژان چووەوە دڵان بەمەرگی زینێ
گیرایەوە کۆز و کۆڕی شینێ
وەک جۆ و پلووسک و چەم هەموو چەم
فرمێسکی وەرانده سەر گڵی مەم
شۆرایەوە گڵ بەتاوی باران
بارانەی چاوی خزم و یاران
قاپۆرە دوڕی کە داخرا بوو
ئەو گۆڕیچە وا مەمی تیا بوو
سەرپۆشی سەری کە هەڵدراوە
بوخچەی گوڵ بۆنی خۆش کراوە

زینی شل و مل خـــرا تەنیـــشـــتی
پێک گـەینەوە دوو مـــەلی بوهیـشـتی
پیـــرۆز بـێ لە تۆ و لە دەزگـــیـــرانت
رابواردنی خـــۆشی ئەو جـیـــهـــانت

لەو گـــــۆڕەوە مـــــــەم وەرامی داوە
خـــۆش هات و جـێگای لە بانی چاوە
ئەو رازە گـــرینگە هەرچی بیـــســـتی
زانی چـیـــیـــە نرخی خـــۆشـــەویســـتی
بـۆ وانـەیە ئـافـــــەرین کـــــەوا چوون
دڵتـــــەنگ دەژیان و دڵنیـــــا چوون
خـــاکـــاوی نەبوون و چوونە ژێر خـــاک
دۆڕاندنـی بـۆ نـیـــیـــــــە دڵی پاک
ئەو یـاری کـــــــە پاک و پـاک رەوشـتن
ژیانیـــــان نـەمـــــرە و لە ناو بەهـەشـتن
لێـــــو تووندی و کـــــام لە یەک نـەدیوان
ئـامـــــــادەیە لای خـــــــوا بـەشـی وان
ژیان خـــۆشـــــە لەگـــەڵ ئەوین برابـێ
گـیـــان خـۆشـە بەهـۆی ئەوین جـیـــا بـێ
هـەرکـــەس بـەجـــوانی چەشـنی زینـێ
دڵـــداری بـــوێ لـــەبـــاتـــی ژیـــنـــێ
یـان وێـنـەیـی مـــــــەم لـە رێـی ئـەوینـێ
خـــۆش و گـــەشـــەیەک لە ژین نـەبینـێ
ســـــەر دانـێ لە ڕێـی نیـــازی پاکـــــا
خـــــوا یـاری دەبـێ و زیـانـێ نـاکـــــا
ئـەی خـــــــوایـە بـەنـازی نـازەنـیـنـان
بـەنـیـــــــاز و نـزای جـگـەر بـریـنـان

ئەی خـــوایە بە شـــیـــرنیی جـــوانی
بەو دڵتـــــەڕی دوور لە کـــــامـــــەرانی
خـــــوایـە بەدڵێ ئەوین دەچـێـــــژێ
بەو چـاوە فـــــــریشـکی ئـاڵ دەڕێژێ
ئەی خـــــوایە بەناڵە ناڵی بولبـــــول
خـــوایە بەخـــوناوی ناوی ســـوورگـــوڵ
ئەی خـــــوایە بەئـاهی لەیلی بێ رەنگ
بەو شـــێـــتی هەژاری لەیلی دڵتـــەنگ
ئەی خـــــوایە بەئـاهی لێـــــو بەباران
ئەی خـــــوایە بە پێکـگـەیینی یاران
ئەی خـــوایە لە رێی کـــوڵی دڵی مـــەم
بەو زینە کـە کـەوتە ســەر کـڵی خـەم
بێ بەش لە ئەوین مـــەهێـڵـــە خـــانی
ئەو کـــاتە کـــە دەردەچـێ گـــیـــانی
پێـغـەمـبـەری خـۆش بوێ هـەتا ســەر
بـۆ دوایی نـەبێـــتـــــە داری بێـــبـــــەر
بـێ کـین و لـە دۆســـــتی پـڕی کـــــە
گـــیـــان و دڵی فـــێـــرە باوەڕی کـــە
ســـــــــەرزارەکـی زۆر بـەچـاووراوە
خـــــاوێن دەمـــــە کـــــردەوەی گـــــلاوە
ئـاکـــــاری لە کـــــاری چاک نـەبانە
ســـەرگـــەرمـــە بەکـــاری پێـــچـــەوانە
مـــەیـهـێـڵـــەوە هـێندە بـۆ کـوڵ و خـــەم
با بـەر بەزەییـــیت کـــەوێ وەکـــو مـــەم
هـەرچـەندە نـەچـووەتە ریزی پـاکـــــان
بیـــبـــەخـشـــە وەکـو بـەکـر بە چـاکـان

چقڵی مەم و زینان

زۆر ســـــەیرە ئەوانە چۆن ژیابوون
دوای کــەوتنە ژێر گـڵـــیش وەهابوون
کێ فـــێـــری چ بوو لە کـــاتی ژینا
پیـــشـــەی ئەمـــە بوو لە ژێر زەمـــینا
لەو گـــۆڕە کـــە زین و مـــەم تیـــابوو
تـۆمـــــــەز بـە ئەوینـێ ئـاو درابـوو
رسکابوو دوو نۆ نـەمـامـی سـەرکـەش
راست و شل و شـین و ناسک و گـــەش
تورت و شـــەق و پڕ گـەڵا و بـە سـێـبـەر
یـەک شـــەنگەبی و یـەکـــیش سنۆبـەر
ئـاڵان بـەیـەکـــــا ئـەمـــــانـە چـین چـین
وەک دەســتـــەمـلان دەبوون مـــەم و زین
گـــڵـکۆی بەکـــری چنۆکی بـەدکـــار
داربـێکی رواند دڕوو و چـقـــــڵـــــدار
تێکوڵ گـــڕ و پـەل پـەل و رەش و خـــوار
وەک کـــوتی بنی لـە بـەهرە بـێـــپـــار
هـاوپشـــــتی پـەلی بەرەو نـەمـــــامـــان
پێـچـــای ســەر و بن لە رەگ لـە دامـان
هـەر تـەنیـــیـــەوە پـێـچی دا هـەتا ســـەر
نـێـــــوانی تـەنین و بـوو بـە لەمـــــپـــــەر
هـێـــدی نەبوو تـا لە یـەکـــدیی کـــردن
چـقـــڵـی مـــــەم و زین بـە ژین و مـــردن

هەر خـــویە کـــە دەیگرێ بە شـــیـــری
نـاچێـــتـــــە دەرێ دەڵێن بـە پیـــــری
وا دیـارە لـە مـــــــردنیـش دەمـــــێنـێ
بەد خـۆی چـووە خـووی دەنک دەچێنـێ
پێـــوازە ســـەگـــانـەیـەک بـکـەی شـین
ســەد ئـاوی بدەی بـە شـیـر و هـەنگـوین
پـەروەردە بـبـێ لـەنـاو گـــــــــوڵاوێ
رای گـــوێزە لـە ســێـبـــەر و هـەتـاوێ
هـەر رۆژە لـەلایـەکـی لـەتـی کـــــــــە
قـــەڵشـــاوی پڕی گـــەزۆی ســپی کـــە
شـــــەکـــری لـە پـەلانـی دابـبـــێـــژە
دۆشـــــاوی لـەســـــەر گـــــەڵا بـڕێژە
پێت وانـەبێ بـۆت بـبـــێـــتـــــە شـــووتـی
بـەهـرەت ئەوە بـۆ گـــــەنیـــــو لە لـووتـی

پیاوچاکێ خەون بە بەکرەوە دەبینێ

ئاگـا لە جـیـهـانی پیـر یەکێ پیـر
گـێـڕایەوە بۆم شـتـێکی دڵگیـر
گـۆیا هـەبوو پیـرێ دووڕە دنیـا
دەژیا لە چیـایەکـدا بەتەنیـا
سـەرگـەرمی هەوای خـواپەرسـتی
دای گـرتبـوو بیـری خـۆشـەویسـتی
خـوانـاسی بەدڵ نە سـەرزمـانی
دڵڕوونی ئەوینی راسـتـەقـانی
چەوسـابوو لە رێگەدا گـەلێ سـاڵ
تا گـیـانی لەسـەر لەشی بووبوو زاڵ
تێکەڵ بەخـوا بووبوو بەجـارێ
بێ ئەو بەکـەسی نەمـابوو کـارێ
خـواخـوا بوو هەمـوو دڵۆپی خـوێنی
دەیزانی گـەلێک شـتی نهـێنی
هـەر لێـکی بـنایـە پـەلـکی چـاوان
دەیـدی لی سـەر بـەژ و بن ئـاوان
جـارێک لە نێـوانی ڕۆژ و شـەودا
یان نیـوە شـیـار بوو یان لە خـەودا
باڵداری گـیـانی کـەوتە گـەشـتێ
چوو گـەردشی کـرد لەناو بەهـەشـتێ
کـۆشکێکی لە زێڕ و گـەوهـەری دی
زۆرتر لە هـەزار کـوڕ و پـەریی دی

پارچەی هەمەڕەنگەیان لەبەر بوون
لەو کۆشکە کەنیز و کارکەر بوون
وا تاج بەسەریێکی شۆخ لە دەرگا
زۆر قۆز و تەیار لە رەنگ و بەرگا
وێستاوە بەهێمنی لە جێوە
روو خۆشە گەشە و بزەی لە لێوە
ئەی پایە بڵند وتی ئەتۆ کێی
ئەو کۆشکە بەکێ دەگا کە تۆی لێی
بەکرم وتی مامی پیری زانا
بەخشیمی بەزەی خوای توانا
ئەو دەرچوو کە بووم دڵ و بەختڕەش
لای زین و مەمێ کراومە هاوبەش
ئەو کۆشکە دەبینی هەشت نهۆمە
هی وانە حەوت یەکێکی خۆمە
لێرەش ئەوە چاوەدێری وانم
پیشەم وەک پێشە دەرکەوانم
زۆر بەختەوەرم گەلێ بەنازم
دۆستیانم و پاسەوانی رازم
لام وایە کە لێرە رادەمێنی
لەو بارەوە دوودڵی دەچێنی
ژین تاڵکەری زین و دوژمنی مەم
چۆن رۆ نەبڕێت لەناو جەحەندەم
ئاگات لە جیهان هەیە نە لێرە
جێم ئێرەیە گوێ لە من بدێرە
هەرچەندە بەدڵ بەوان نەیار بووم
ماکەی گەڕ و بەدفەڕ و گەمار بووم

نەمـهێشت کـه بەیەک بگەن بە خـۆشی
هـەر یـەک لە دەسـم زووخـــاوی نـۆشی
خـــۆم کـــردە چـوقڵ لـە بـەینـی وانـا
خـــۆشـم لەســـەر ئەم شـــتـــانە دانـا
بـــڕوانـــی بـــەڵام بـــە چـــاوی دووربـــین
ئەم تاڵیـــیـــە دای بـەرێکی شـــیـــرین
کێ زۆر لـە جـیـــهـــان ژیانی خـــۆشـــە
زۆر وایـە کـــە لێـــرە دڵپـــەرۆشـــە
کێ رەنجـــدەر و دڵبـــەدەرد و ئێـــشـــە
دوای کـــۆچی دوایی زۆر لـە پێـــشـــە
بـۆ ئـێـــــرە ئـەوێ وەکـی هـەوێـیـــــە
وەک دوژمنی ســەختـی خـوێنەخـوێیـە
تـا تـۆ لـە یـەکـــــێکی چـاونـەپـۆشـی
بـۆ وی دی بـکـۆشـێ بـا بـەکـــــۆشـی
لای وا نـیـــیـــە هـیـچ بەبیـــر و ژیرێ
دوو شـــووتی بـەدەسـتـێ هـەڵدەگـیـرێ
مـن زین و مـــــەمم لەســـەر زەمـــینـێ
تـووش کـــــرد بـە پـەژارە و گـــــرینـێ
کـــێـــشـــامنـە بـەرێ بـە داخ و دەردان
دەســـتم لە جـیـــهـــانـی ئێـــوە بـەردان
ئەو چـەرمـــەســـەرەم کـــە داوە پێـیـــان
وا ئێـســـتـــە دەبینـی چۆنـە جـێـیـــان
هـۆی مـن بوو بـەوان درا بـەهـەشـــتـێک
دایانمێ ئـەویش لە هـەشـتـێ مـشـتـێک
تاژدین وتی چـۆن دەبێ کە تۆی کـوشت
چی دێتـــەوە رێ کـە خـوێنـی تۆی رشت

پێی گـوت کـه خـوا لەویش دەبووڕێ
بەخـشـینی کـڕی بـەقـەڵتی شـووڕێ
بۆتان کـــه وەڕەز بووبوو لە دەســـتم
خـســـتم هـەچی دەبووە بەرهـەڵسـتم
وەک مـار ئەوی هـاتە پێـشـێ گـەسـتم
رزگـــار نـەدەبوون لـە بـەند و بەســـتم
وەک دەردی گـــران لەگـــەڵ پەیا بـووم
وەک کـــــوندەبـەبـوو ژیـاوم هـەیاچـووم
ئەو دەســتی کـە ئـەو لە من وەشـانـدی
هـەر دەردێ لـە دڵ هـەبـوو پـەڕانـدی
ئاســـوودە کـــران هـەژار لە چـەنگم
دەرچـوون دڵـی تـەنگ لـە چـاوی تـەنـگم
گـــــیـــــرا بـووە بـۆ نـزای هـەژاران
نـووســـراوە ئەویش لە چـاکـــەکـــاران
کـــــــار هـەن بـەڕواڵـە نـالـەبـارن
دەیکـۆڵـیـــــیـــــەوە زۆری بـەهـرەدارن
خـوا رازی گـرینگی خـۆی بەهـاسـان
نـاداتـە نیـــشـــانی خـــۆنـەناســـان
بڕوانـە دەبەخـــشـێ بـەکـــر و تـاژدین
دووی دوژمن و دۆست لـەبـەر مـەم و زین
ئـەم رازە گـــەلێ نهـــێن و کـــووڕە
بـیـــــــــری مـن و تـۆ لـەوانـە دوورە
هـەرچـۆنـی ببـێ نـزیـکـی باشـــــان
هەر باشـیـــیـە دێتـە ڕێت لە پاشـان
گـــەر یـاری بـەدڵ لە ڕێت دەکـــۆشـن
پێت شـــادن و کـــزبـی بـۆت پەرۆشـن

گـــەر دوژمـنـی ئەو لە کـــیـنـە دوورن
لە گـــــونـاھ و ھـەڵەی نـەزان دەبـوورن
نـاکـــەس نـەچـی ھـەر ببـی تـخـــوونـی
گـــەر یـار و نـەیـاری ســـەرنـخـــوونـی
مـــرداره لەشت کـــە ســـەگ پـەرســـتـی
گـــەر دوژمـنـی راکـــە قـاچـی گـــەســـتـی

دڵداری گـــــــــەلـێ بـڵـنـد و بـەرزە
گـــەر دوور بـێ لە کـــاری پـیـس و ھـەرزە
ھـەرکـــــەس کـــــە دەبـێ نـزیـک ئەوینـێ
ھـەر چـۆن بـێ بـەزەی خـــــوا دەبـیـنـێ
بـەخـــشـــیـنـی خـــوا بـەدوور مـــەزانـە
ھـەر بـەنـده لـەســـــەر بـڕێـک بـەھـانـە
نـەخـــــوازە لـەگـــــەڵ ھـەژاری دڵدار
ھـەر خـۆی کـەسـی بـێ کـەسـە و بـزی کـار
لـەم شـــیـــوە بـەســـەربـری مـــەبـووره
بـاش ورد بـەوە تـێ بـگـە چ جـــــووره
دوژمـن بـە ئـەوینـــێ بـەھـرەوەر بـن
دۆسـتـــان دەبـێ چـەنـده بـەخـتـــەوەر بـن
تـاژدینـێ دەبـەخـــــشـێ یـاری یـارە
بـەدکـــاریـیـــە بـۆ بـەکـــر بـەکـــارە
دڵداریـیـــەکـی پـاک بـکـە بـە پـیـــشـــە
ھـانـات ببـــە بـەر خـــوا ھـەمـــیـــشـــە

چی نووسیوه و بۆچی نووسی

ئەی گـــۆیگری ژیر و زیت و پیـــتـــۆڵ
پســـپـــۆڕی وتەی بەنرخ و کـــرمـــۆڵ
خـــانی لە مـــەی ئەوینێ مـــەســـتـــە
بێـــهـــۆشـــە وتارپەڕێنە پەســـتـــە
ســـوێراوێ بەشـــیـــرنی دەچێـــژێ
ســـەرخـــۆش بووە هاتەران دەبێـــژێ
نـازانـێ کـــــە تـیـــــرە یان تـراوە
دێـوانـەی بـادە بـیـــــــــر بـلاوە
هـەرچـێکی کـــــە پێت دەڵـێ هـەوایـە
وەک دەنـگـی نـەیـەکـــــە دەنـگی نـایـە
بێ جـێ نـیـــیـــە خـــۆشـــە دەنگی بلـوێر
گـەر شـــۆڕێ بخـاتـە سـینگی گـوێدێر
لـەم نـامـــــــەیـەدا بـەچـەشـنـی مـنـدالْ
چۆن تـازە دەکـەونە ســەر گـڕ و گـالْ
هـەرچـیکی دەسم کـــەوت مـــتـــومـــوور
بۆر و کـەوە زەرد و رەش سـپی و سـوور
هێندێکی چرووکـــە، هێندێ چیـــرۆک
هێندێ شـڕ و رووتە دەسـتـەیەک کـۆک
زاراوەی بـۆتێـــیـــــان و گـــــۆران
وێژەی مـــوکـــری و لـوڕان و ســـۆران
کـــــۆم کـــــردەوە گش درشت و وردی
هـۆنیـــومـــــە بەبەند و بـاوی کـــوردی

پووچیـــشی هەیە و پڕ و بەکـــاکڵ
بێ جـێـشی هەیە و شـــتی لەبەر دڵ
بڕوامـــــە گـــــەلێکی دڵ پەسـندن
بـــڕوانـــە دەزانـــی زۆری پـــەنـــدن
ئـاواتـی دڵـم چ بـوو لـەمـــــــانـە
دەرخـــســـــتنی رازی دڵتـــــەڕانە
جـوانتـر لە هەمـوو شـتـێک ئەوینە
دڵداری بەهـەشـــــتـــــە بینە ژینـە
گـیـــانێ کـــە ئەوینی بووەتە مـــایە
وەک ئاوێنەیە و خـــــوانومـــــایە
وەک رۆژە ئەوین بە تیـــــشکە رووناە
خـــــــــاوێنـکـەرەوەی دڵ و دەروونـە
هـەر ڕێـڕەوێ رووی لەلای خـــــوا بـێ
بـا بـێ و بـە ئەوینـێ شـــــارەزا بـێ
گـیـان و دڵی ســەخت و رەش لە ئاسن
ئـاوێـنـــە دەبـن ئـەوین بـنـاســن
تۆزێک لە ئەوین بەســـەر مـســا کـــە
پـاش تـۆزێ بـنـۆڕە زێـڕی پـاکـــــــە
هـەر دڵ کـــە ئەوین بکا بە پیـــشـــەی
دڵداری بـگـا بـە پـنـج و ریشـــــــەی
گـــــەنجـــینەی رازی بـێ نـیـــــازە
کـــارســـــازی لەلایە کـــاری ســـازە
هیـچ کـــەس نیـــیـــە بـێ بەشی ئەوینـێ
کـــەمـــتـــر هـەیە زۆر بـەکـــەم نەبینـێ
دوو تیـــرەیە چی لەســـەر زەمـــینـە
یـەک چـاوی لـە ژینـە یـەک لـە دینـە

یەک چاو دەبڕێتـــە ســـەر کـــچـــۆڵان
بـــازاڕی نـــەدیـــوە چـــووەتـــە چـــۆلان
ئەو گـــــەوهەری دڵ دەدا بـە مـــــاچێ
پێـی وایـە بـە هـیـــــچـی دیکـە نـاچێ
خـــــۆڕایـی لـە دەســـــتی دەردەهـێـنن
کـــۆشـکێکی بـەپـووشکـە لێ دەســـێـنن
ئـی دیش بـەهـەوا بـەهـەشـــتـێ دەکـــڕێ
فـــیـــزێکی دەگـــاتێ دەســـتی دەبـڕێ
خـــوا لای وی لە کـوڵکە بووەتە چـەرچی
دەیـداتـێ بـەهـەشـت بـە ریـش و پـرچـی
جـــــا هـەرکـــــە لـەوانـە یـان لـەمـــــانـە
بـێ ڕێـبـــــــەرە کـــــوێـرە ڕێـنـەزانـە
لـە ژیـانـی دەتـەکـنـەوە و کـــــە چـووشـن
بـێ چـارە بـەجـــــارێ دەم لـە پـووشـن

وردەکارییەکی دەروێشانە

مـــەیگێـــڕ بدە پێم مـــەیەکی کـــۆنە
پێـــشم بڵێ ئەم جـــیـــهـــانە چۆنە
ئـــەم رایـــەڵ و پـــۆ و چـــنـــین و تـــەونـــە
پێت وا نـەبێ هـیـــچـــوپووچ و خـــەونە
ژینمـــــان لەبەرا ســـــەرێکی بەرگـــــە
لەدوایە نەمـــــانە گـــــۆڕە مـــەرگـــــە
هـەر مـــانـێ کـــە دێتـــە بەر نـەمـــانـە
ریشـەی دڵی خـۆش لەســەر خـــەمـانە
ئەســـتـــێـــرە و مـــانگ و رۆژ لە بەرزی
دەســـمـــایەی ژین و بوون لە عـــەرزی
هێندێکی گـران و هـێندێکی ســووکـــە
هـێندێکی درشـــتـــە هـێندێ چووکـــە
دەزگـــــایەکی جـــــوانە رێکوپـێکە
داخـم کـــە نەمـــر نـیـــیـــە و ســـەرێکە
عـــاســـمـــان بە رۆشـنـی و زەوی شـین
وەک رێکی دەخـــەن کـەرســـتـــە بـۆ ژین
وەک مـــایەی ژینـی خـــۆش ئـەمـــانـن
دیســـــانە ئەون کـــــە هۆی نـەمـــــانـن
ئـاگـــــــر وەکـــــــوژێ هـــەوا هـەوایـە
گـــــەر ئـاو نـەبـێ تۆزی خـــــۆڵ بـەبـایـە
عـاسـمـان کـە گـەڕۆکـە ئـاش دەگـێـڕێ
هـەر لاش و ســـــەری مـــــرۆ دەهـێـــــڕێ

نێـــژراوی لە بن گـــلّا کـــە مـــردوون
تۆزاشـی ئەوە کـــە وردی کـــردوون
هـەر لاش و ســـــــەرن لەوێـوە دەڕژن
هـەر کـــــــــەوتـنـە بـەربـلّاو و پـرژن
ئەم جـــــارە دەشـــــێلدرێن هـەویرن
لای ئـاگـــرە گـشـــتی یەکـــدیگیـــرن
تـووش بـوونـە بـەدەردی داتـولّـیـــــــوی
هـەر مـــــانـەوەیـە بـە بـۆگـــــەنیـــــوی
فـــەرمـــوویـە خـــوا کـــە دەچـنە ئـاور
نـەمـــــر و نـەژیـــــە ژیـانـی گـــــاور
ئەو گـیـــانـی کـە پـاک و پـاک ســروشـتن
خـــــــاوێـن بـەهـەوێـن و چـاک رەوشـتن
جـــووت بـەنـدە بـەتـایبـــــەتـی هـەڵێنـێ
ئـــەو دەنـکـــە بـــەنـــاو و داو دەچـێـنـــێ
دەڕزێـت و بـــلّاو دەبـــێ لـــە بـــن گـــلّ
لێـی دەردەکـــــەون پـەل و گـــــولّ و چلّ
بـەر دەگـــرێ هـەزار ئـەوەندی پـێـشـــوو
گـێـــرەی دەکـــەن و دەبـێ بـە تـێـشـــوو
بێـــژنگە ژیـان جـیـــهـــان وەکـــو کـــەو
تـل پـێ دەدرێ لـە گـــێـــژی گـــێـــژەو
بـــــەرداشـــی خـــلـــێـــنـــە و ددانـــان
لیکی دەم و چـەقـــــچـــــەقـی زمـــانـان
بـانیـــــــژەیـە لێـــــو و زارە ئـاشـــــــە
هـەر چـەرخ و خـولێک و ورد و خـاشـــە
رزگـار بـوو کـە لـەم گـــەڕ و گـــەزەشـدا
دابـەش دەکـــــرێ بـەهـێـــــزی لـەشـــــدا

گـا کـێشـەری ژووڕێ رای دەکـێـشـێ
گـا گـێـرەیێ دەیکوشـێت و دێشـێ
جـــارێکی لە قـــووتدەرێکی بەندە
جـــــارێ بـەهـەڵێـنـەری بـڵـنـدە
تـەنـدووری ورگ ئـەوی دەپـێـــــــژێ
هـەرچی خـت و خـــــاڵە لـێی دەڕێژێ
خـــاوێنی هـەمـــوو دەچێ بـەرەو ژوور
پیـســـایی دەڕێژنە جـێـیـــەکی دوور
کـێـهـەی گـەلێ باشـە با جـیـا بن
هـەر نابـێ ئـەویش لەگـــەڵ یەکـــا بن
دابەشکەری گـەرم و سـاردی نـاو لەش
چـی بـۆ چـی دەبـێ لـەوی دەدا بـەش
رەنگرێژی لەشـان بـەمـانە چەند جـوور
هـەندامـێ وەڕەنگ دەخـــا دەر و ژوور
دڵ شـووشـەیە جـەرگـە بووەتە پاڵوێن
روون بێـتـەوە خـەسـتـە بادەی خـوێن
هـیـچ پـووش و پـەڵاشـی تـێ نـەچـووبـێ
نـابـێ بـەگـــــرێ و گـلـوگـلـو بـێ
هـێـشـتـــا دەیـەوێ هـەتا دەگـــاتـێ
بتکێـتـــەوە تـاوێ بو کـــڵـێ کـــاتـێ
جـــــارێکـی بـڵـق بـدا لـە ئـاوا
جـــــارێ بـهـــــەژێـندرێ لە نـاوا
هـێـــزی لەگـــیـــان دەبـێ بسـێـنـێ
تـا گـــیـــان هـەیە وا ئـەویش دەمـــێـنـێ
بێـــدەنگە هەتا لە مـــاڵی لەشـــدا
ئـاواتـی نـەهـاتـە جـێ لـەمـــــەشـــــدا

گـــەر بەو لەشـــەوە خـــرایە بن گڵ
دووبارە بەشـــینی دێتـــە ســـەر چڵ
بـارانی بـەزەی خـــــوا ببـــــارێ
ئەو ســـەوزە دەبێ بـە شـــەنگە دارێ
پەلک و گـــوڵی لێ دەبن بەســـەرپۆش
بەر دەگـــرێ بەمـــیـــوەی تەڕ و خـــۆش
ئەو مـــیـــوە کـــە باش بگا لە پاشـــا
بۆ دیاری دەچێـــتـــە مـــاڵی پاشـــا
گـــەر بیـــچنێ دەســـتی پاکی پاکێ
دووری خـــــەنەوە لە تـۆز و خـــــاکێ
جێ بدرێ لە بارەگـــا دروســـتـــە
مـــیـــوێکی بەناز و خـــۆشـــەویســـتـــە
ئـەم جـــــــۆرە بـەنـرخـن و نـەیـابـن
کـــەم هـەڵدەکـــەوێ شـــتـــێکی وابن
چی کـــــاڵە لەبەر هـەوا دەمـــــێنێ
پێـــویســـتـــە کـــە گـــەرمی بیگەیێنێ
باشـــتـــر دەگـــەهـن هـەیا پتـــرمـــان
چاودێری کـــرێن لە مـــێش و کـــرمـــان
پەروەردە کـــــرێن بە تیـــــشکی دینی
وێیـــــان کـــــەوێ تاوێ خـــــۆ نەبینی
ئەوســـــا ئەوی زۆر پوخت گـــــەیشتن
وا دادەورن ئـەگـــــــــــــەر درشـتن
تـا دانـەکـــــــــەون لـە پـۆپـی بـەرزی
تـا دانـەنـەوێـنـە رێـکـی عـــــــــەرزی
تا دانەتەکـــێن لە فـــیـــز و مـــینگە
رێیـــان نیـــیـــە بچنە ســـەر گـوشـینگە

زۆر پـان و فـــــــلّـچ دەبـن لـە رێـدا
دەفـلـیـــــــــقـنـەوە لـە ژێـری پـێ دا
رێک لێکی دەدەن ســـــەر و بـەر و نـاو
خـــوێناوی دڵان دەبێـتـــە خـــۆشـــاو
ئـەو مـــیـــوە ئـەگـــەر رەگـــێکی کـــاڵە
خـــۆشـــاوەکـــە تفـــتـــە تـرشـــە تاڵە

نیـــشـــان دەدرێ بە پیـــری مـــەیخـــۆر
پێـــویســـتـــە کـــە خـــۆی بدا هـەل و نۆر
ئـەم جـــار دەکـــرێتـــە ناو بـەرۆشـێ
گـــەرمـــایی دەوێ هـەتـا دەجـــۆشـێ
تیـــــشـکی بـەزەیی خـــــوای بگـاتـێ
تـینـی لـە شـکـۆهـی خـــــۆی بداتـێ
پـوخـــتـــایی بـەســـەر یـەکـــا بـتـــاوێ
مـــــاک و رەگـــــەزی لـەناو دەراوێ
ئـەو تینـە گـــەلێک بـەهـێـــز و تـوند بـێ
بـوکـــلّـــێندرێ هـەڵمـی لـێ بڵند بـێ
ئـەو هـەڵمـــــە ببـێ لـە چڵکـنـی دوور
بـــێ تـــۆز و هـــەوا بـــچـــێ بـــەرەوژوور
لـــەو ژووڕە پـلـێـکـە نـاوی رووت بـــوون
دەتـــکـــێـنـــێ لـــەوێ دڵـــۆپـــی دڵ ڕوون
گـــەر مـــاک و رەگـــەز هـەمـــووی تواوە
بـــەو بـــۆنـــە بـــەشـــی لـــە بـــوون بـــڕاوە
جـــــێی دەشـێ نـەبـوونـی دڵگـوشـــــایـە
نـامـــــــێـنـێ لـەوێش هـەتـا هـەتـایـە
دیســـانەوە جـــێی لـە دەفـــری تـەنگـە

ئەمـــــجـــــارە لـەوێ نـەبۆ نـەرەنـگە
ئەو مـــەی کـــە بـەڕەنگی ســـوور و ئاڵە
رەنـگـێـکـی دەداتـە نـاو پـیـــــــــاڵـە
ئەو هـێـشـــتـــە نەگـــەیوەتە گـــەیشتن
رزگـــــــار نـەبـووە لـە تـرسـی ڕشـتن
تـا بـۆنـی لـە بـوون و مـــــانـی مـــــابـێ
بـۆ کـــــــۆڕی خـــــوا نمـوودی نـابـێ
تـــا رەنـگـی هـــەیـــە نـــەبـــووەتـــە بـــادە
چـەوســـانی بـەهـیـــچـــە رەنج بـەبـادە
مـــــانت گـــــەرەکـــــە بـەری نـەمـــــانـە
مـــاو ئەو کـــەســـەیە لە خـــۆی نـەبانـە
تـا مـــــــاوە لـە بـەندەدا وشـــــــەی مـن
بـێ دۆســـتـــە لـە خـــۆی دەبـێ بـە دوژمن
دڵدارێ دەگـــــــاتـە بـارەگـــــــای یـار
دەرچـووبـێ لـەوەنـدە قـــــــۆرتـی دژوار
ئـەم رێگـەیە ســـەخـــتـــە بـۆ مـــە نـابـێ
رێبـــــەر لـە بـەرێ مـــــەگـین خـــــوا بـێ
ئەی خـــوایە دەزانـی ئێـــمـــە کـــوێـرین
تـۆ بـەرزی و ئـێـــــمـــــە چـاو لـە ژێـرین
دەریـای بـەزەیـیـت دەدا شـــــــــەپـۆلان
ســـەرگـــەرمی مـــەلـەم لـە کـــوێـرە گـــۆلان
چـاوســـاغـی بـەزەییـیـــەکـــەت بـنێـــرە
تـــاریـــکـــەشـــــــــــــەوم چـرا بـــدێـــرە
تـــەم بـــا بـــڕەوێ لـــەســـــــــــەر دڵـی ژار
بـیـنـام کـــــەرەوە بـە شـــــەوقـی دیـدار

ناسینێ کە بۆ مە بووەتە یاسا
هەر دوودڵییە و گومان و لاسا
دڵمان بخەدەر لە بەدگومانی
شانمان دە ئەوینی راستەقانی
باوەڕ هەیە لام و تۆش دەناسم
لەو پێوە کەساس و گێژ و کاسم
زۆر دڵ بەنیازی بارەگاتم
چ بکەم نەبەخۆمە دەسەڵاتم
گرتووتم و خۆت کلیل بەدەستی
رێگەم بدە بێمە تۆ پەرستی
ئەم ژین و نەمانە لەم جیهانە
هەرچەندی کە ئاشکرا و نیهانە

تاپۆیە لە تۆ بەتان و پۆیە
تاریکی و رۆشنی لە تۆیە
چاوت نە لە کاری چاکە یان چەوت
بەخشین بە بەهانەیە و بەڕێکەوت
زۆر نوێژکەری پاکی رێی خوا گر
روبینییەکی کرد و کەوتە ئاگر
زۆری بەگوناە لە کاتی مەرگا
دەیبەخشی و رێی دەدەی لە دەرگا
گەر بەختەوەرە و کەر رەنجەڕۆیە
سەرڕشتە هەمووی بەدەستی تۆیە
هەر رۆژی بەرێ هەڵت بژاردن
چی بۆچی دەبوو بەوت سپاردن

پاڵپـــێـــوەنەریشی لەمـــپـــەریشی
گـــومـــڕاکـــەرە و رێنیـــشـــاندەریشی
ســەرپشکیـــیـــەکـــەت کـــە داوە پێـــمـــان
ئەو نەوسی چنۆک رفـــاندی لێـــمـــان
مـــــاوین و بەزەی خـــــوا ببێ یار
هـەر هـێندەیە چـارە بۆ گـــــوناهـکار
بـڕوای بـەخـــــــوا ببێ و بـەسی بـێ
هـەرچەندە فـــرەش کـــەمـــایـەسی بـێ
با بیـــشـــیـــپـــەرســـتـێ لێی بتـــرسـێ
رێوشـــوێنی لـە پیـــاوی ژیر بـپـــرسـێ
ئەو رێی کـــە دەوێژنـە ئێـــمـــە بگرین
خـــۆمـــان نەگـــرین هـەیا کـــە دەمـــرین
چـاومـــــان لـە بـەزەی خـــــوا بـدوورین
ئـەومـــــان بـێ لـە ئـاگـــــری بـەدوورین

سکاڵایەک لەگەڵ بنووسەکەیدا

ئەی ســـــواری لە راســـــتی پیـــــادە
دڵداری پەڕی دەڵـووس و ســـــــــادە
خـــوبێـــژی هـەژار و ســـەر دبـەر خـــۆ
جـــــادووگـــــەر و گـــەپدەر و بـەداهـۆ
هـۆزانی بـەگـــفـــتـی ســـەر زمـــانـی
شـــێـــــواوی لە شـــیـــــوی ڕێنەزانـی
تاشـیـــوســـەری ڕووڕەشی زمـــان شـــڕ
والا دڵ و دەمـــــــپـــــڕی جـــــڕ و وڕ
وەک تـۆ چـەنـەوەر بـێ هـــەر بـنـووسـێ
زاری شـل و کـــول دەبێ و دەخـــووسـێ
بـەس نـامـــــە بەناوی بسـک و خـــــاڵان
ڕووڕەش بـکـە بـەردە وان خـــــــەیـاڵان
نـووســـــیـنـی فـــــرەی مـنـاڵ چ دێنـێ
خـــــــۆی دەیـدڕێ وازی لـێ دەهـێـنـێ
جـــوانن خـــەتی ورد و نـاسک و کـــەم
نـەک بـگـرێ بـەری هـەیـف مـــــژ و تـەم
خـــەت کـــاتـێ کـــە زبر و زۆر و بـۆرە
شـــــۆراوە خـــەتی جـــوانی شـــــۆرە
خـــەت جـــوانە تـەنک لە لێـــوی لاوان
نـەک بـەرگـنی پـەســـتـــەک و کـــولاوان
دڵخـۆش کـەرە گـەندەمـوو لە ڕووی یار
نـەک ریـشـی وەک گـــوریـس و هـەوســـار

ئی وا هەیە دڵ دەخـــاتە گـــەشکە
هەن دەیکەنە کـــوێنە کـــۆن و ڕەشکە
دەم تیـــــژ و پـەل و زمـــــان درێژی
یەکـجـــار چەنەباز و چەڵتـــەبێـــژی
چێـشـتێ کـە هەمـیـشـە بێـتـە ریزێ
خـــۆشـــیش بێ مـــرۆڤی لێ دەبێـــزێ
گـــەوهەر چیـــیـــە بێ نرخ کـــە نابن
زۆر نـابـن و زۆر کـــــــەم و نـەیـابـن
تۆ کێ کـــــری نـووکی تـۆ ببـــــینـێ
تـوو کـێ هـەیـە بـۆت نـەئـافـــــەرینـێ
بـەد ڕەوت و بـەکـــەوت و چـەوت و لاری
بـەدکـــــــــاری نـەیـاری نـالـەبـاری
شـــێت و ســـــەرەڕۆ و هـەڵە و گلۆکی
شـــەرمت نیـــیـــە بێ فـــەدی و چنۆکی
هێندەی ســـــەری تـۆم پـەڕاند و تاشی
هـەر تـووشـی گـــــوناه دەبم لـە پـاشی
بـا بـەس بـێ گـــزە و جنێـــو فـــرۆشی
ڕەنـگـێ بـدە بـا هـەڵان بـپـــــــــۆشی
دەس بـەردە لـە کـــــاری هـیچ و پـووچت
بـەس بـارکـە لە مـن گـوناه و ســـووچت
لەم چـەپگـەڕیـیـــەت ببـــە پـەشـــیـــمـــان
بـەشکو بـڕەوێ بـەخت ڕەشـــیـــمـــان
لـــە پـڕێـکـی بـنـووســـی وا زبـردەســت
بۆ کـێشـە لـەگـەڵ مـە کـەمبـەری بـەست
کـێـشـــای لە زمـــانی شـــیـــری دوودەم
ڕۆسـتـەم بووە سـواری ڕەخـشـی پـەنجـەم

گـــــەی قـــــامکی تـۆسـنـم مـلـی دا
شـل بـوو لـەســـــــلّـی و تـلـی تـلـی دا
وەک هـەژدەرێ هـاتـە ســـــــەر وەرامم
خـــــانـی بـەســـــــە دڵ لـە تـۆ بـەزامم
خـۆت گـــێل و نـەزان و گـــوێنـەبـیـــسـی
تـۆ هـەرچـی گـــــــوتـت ئـەوم نـویـسـی
بـیـــــری تـۆ کـــــە ڕنـد و بـەهـرەدارە
گـــفـــتـی تـۆ کـــە چـەوت و نـالـەبـارە
نـەمـخـسـتـە ســەری شـتـێک لـەمـەڕ خـۆم
من بـەســتـــەزمـان لـەبـەردەســتـی تـۆم
قـامـیـشـی کـلّـۆڵ لـە قـامـیـشـاوا
دەژیـام شـل و مـل لـە شـــــینـک و ئـاوا
گـوێداری مـەلی چـەلـەنـگ و خـۆشـدەنـگ
دڵداری گـــەلێ چڵـی شـل و شـــــەنـگ
لـەو جـــــێـگـەی بـەزۆر دەرت پـەڕانـدم
بـەرگ و شـــــمـــــەکت لـەبـەر درانـدم
لـەوســـــاوە بـڕام لـە ژیـن و مـــــانـم
ئـاوارە کـــرام لە نـیـــشـــتـــمـــانـم
تـیـــــخـی تـۆ ســـــــەر و بـنـی بـڕیـوم
تـالّاو و ڕەشـــــــاو کـــــــرا بـژێـوم
پـێـــچـــاتـە ســـــەرم هـەوای ئـەوینـێ
ســـووتام وەکـــو مـــەم بـەدەردی زینـێ
چـارەم ڕەشـــــە دڵ بـەژان و تـاســـــەم
بـرش و ڕەشـی دووکـــەڵـی هـەنـاســـــەم
گـــەوبـەنـد و قـــەفـم بـەتـینـی ئـاخـــان
کـون کـون بـوو هـەمـوو لـە دەرد و داخـان

حەوت کون لە لەشم کرا سەر و ژێر
دەرچووم لە بنووس و بوومە بلوێر
تۆ هاتی دەمێ بەدەم دەماندت
چی بەندی دڵم هەبوو پساندت
گیرا بەمە کۆڕی بەزم و ئاهەنگ
ڕێکخستن و فوو لە تۆ لە من دەنگ
گا دەمکەیە سازی پاتشاهان
گا ڕەشکەری ڕووپەڕی گوناهان
چیتم یەکی دیلی بەردەسی تۆم
لاڵ و کپ و دەنگ بڵاوکەری تۆم
نووسەر نەبی کەی دەمم گەڕاوە
نەیژەن نەبێ دمبەگم درِاوە
بلوێر و بنووس نە سەربەخۆنە
هەر کارێ لە چارەنووسی کۆنە
سووچی چیە تیر برینی بێشێ
دەستێک هەیە ژێ و کەوان دەکێشێ
ئەی خوایە ئەتۆ دەزانی خانی
تیرێکە لە تۆ کشا کەوانی
گەر دڵڕەشە یان زمانی لووسە
چیڕۆکی وەکو نەی و بنووسە
دەست و دڵی نەک بەدەستی خۆیە
هی تۆیە کە راستە یان درۆیە
کاتێکی کە دات دەدا زمانی
لێت فێر نەبووایە چیی دەزانی
تۆی بەم هەڵەکارییەت سپاردم
سووچم چیە خۆزگە نەتدەناردم

سەرپشکییەکم هەیە بەلای خۆ
گیرە سەرەتای ئەویش لەلای تۆ
هێندەی چ بنووس بووە و چ بلوێر
گیراوە لە پەنجە تا سەرە و ژێر
بێ سەر دەگەڕا سەر و زمانی
رێی سوود و زیانی خۆی نەزانی

بلوێر بوو چلۆنی لێت بدایە
ئاوازی دەداوە لەم هەوایە
هەرچەندە پەڕی سپیم سیایە
هەویای بەتەنێم ئەتۆی خوایە
روپەڕ گەلێ رووڕەشن لە چەنگم
ژێرباری گرانی شەرم و نەنگم
بەدخووم و لە ڕاستەخۆم چکووسم
سی ساڵە گوناهی خۆم دەنووسم
گەر هاتنە سەر زەوی مە رێک بوو
مێژوو لە هەزار و شێست و یێک بوو
ئێستا بە تەمەن چل و چوارم
پێشەنگی بەرەی گوناهکارم
مەست بووم و نەزانی پیلی بەستم
بۆ چاکە هەژاری با بەدەستم
وەک دات لە ئەوین بەرێ توانام
لەبرانەوەشا بگەی بە هانام

مەم و زینی خانی لێرەدا دوایی هات

هەژار ئامۆژگاری بۆ

شێرکۆی کوڕی خۆی دەکات

شێرکۆ کوڕی خۆشەویست و ژیرم
زاخاوی مژیم و هۆش و بیرم
پنج و رەگەزی دڵ و گیانم
خونچەی شەقی باخەکەی ژیانم
هێشتا بە تەمەن منااڵ و کاڵی
وەک دەربەدەریم دوازدە ساڵی
هەرچەندە کوڕی منی هەژاری
دوا رۆژی هەژارە نادیاری
لێم روون نییە پاشی چت بەسەر دێ
هیوام گەلێ پێتە ببیە مەردێ
مەردێکی بەکار و چاپک و زیت
بیرێ بکەی و بزانی تۆ چیت
دەردی گەلەکەت بزانی چۆنە
بۆت دەرکەوێ چەند بریندی کۆنە
خانی لە هەزار و سەد ژیاوە
ئەو کاتە لە ئێمە چۆن دواوە
حەفتا و حەوت لە سێسەتیش چوون
پیستر لەوە کوردی ئێمە مردوون
ئەودەم کە هەیانبوو میرێ بۆ خۆ
ئەمڕۆکە پساوە رایەڵ و پۆ

بووین ئەو دەمــە پشکی تورک و تاران
زۆر ئێــســتــە خــراترین لە جــاران
نــەوتــت کــــــــە ژیــانــی ئــەوروپــایــە
بۆ تۆ نیــیــە تێــری شــــەوچرایە
بێگانە لە نیــشــتــمــانی ئێــمــــە
تێــــر و قــــەڵەون بە نــانی ئێــمــــە
خــۆمــان هــەمــوو کوێر و کوتر و برسی
ژین کــورت و ئــەویش لەگــەڵ مــەترسی
نــابێ بــەزمــــانی خــــۆ بخــــوێنین
نــاشــێ کــــە هــەنــاســــەیەک هــەڵێنین
کــــــوژران بــەهــەزار هــەزار لــە لاوان
ئــازادیــخــــــــوازی بــووبــووە تــاوان
ئێــســتــەش لەســــەر ئەم ژیانە تــاڵەش
پــاش رژتنــی هــێنــدە خــــوێنــە ئــاڵەش
کــــورد هــەر لــە خــــەوی نــەزانیــــدایــە
هــەر پێــکــەوەیــان گــــــــەڕ و هــەرایــە
بێگانە پــەرســتــــە خــــۆ نەویســتــــە
بۆ هــاوڕەگــــەزی کــــەڕ و نەبیــســتــــە
بــۆ یــەکــــــتــــــری دوژمــن و نــەیــارن
بــۆ نــۆکــــــەری تــا بڵــــــێــی لــەبــارن
ئــەو چاخــــە کــــە خــــانی پێــی ژیــیــــاوە
فــــــەرمــــوویــە هــەرا لــەســــــەر دراوە
ویســــتــــێکــە هــەزار ئــەوەند چــرووکــن
بــۆ پــوولــێ لــەتــای تــەرازوو ســــــووکــن
خــۆ هــەرچی دەخــوێنێ پیت و نیــوێک
ئــەو دەچیــتــە کــەلێک و گــەل لە شیــوێک

لای شـەرمـە کـە هەر بەکـوردی بدوێ
بـۆ چارەڕەشـی مـە بـۆگـەنە خـوێ
خـۆی ناودەنێ مـل بەزەنگی پێـشـڕەو
دەتداتـە دەسـی دژت وەکـو کـەو

زۆرزانـە لـە کـاروبـاری هـەرکـەس
ئاگـای لە ژیانی خـۆی نیـیـە و بەس
رەنگن هەمـوو کەسک و سـوور و شـینن
کـوردایـەتی زۆر بـەکـەم دەبـینن
کێ هـۆنـەری کـوردە یـان هـونـەروەر
کـەم باییـتـرە لـە تـوور و گـێـزەر
وا بیـر مـەکـەوە ئـەمـەم درۆیـە
بـۆ راسـتـی نمـوونـە بـابـی تـۆیـە
کـاتم ئەوە گـەییـیـە سـی و نۆ سـاڵ
هـەر سـاڵە لـە پار پتـر ژیان تاڵ
دڵـخـۆشـی لـە رووپـەڕی ژیـانم
هـەر هـێـنـدە نـاوەکـەی دەزانم
ئـاوارە لە نیـشـتـمـانی خـۆمم
ئـاواتـەخـواز بـە ژیـنـی دۆمم
والاەدەس و دڵـپـڕ و پـەژارم
سـەربـاری هـەژاری دەردەدارم
هـەر مـانگە لـە دێیـەک و لـە جـێـیـەک
هـەر رۆژە مـیـوانی خـانـەخـوێیـەک
دەرکـێ نیـیـە دادی بـۆ بـنـێـرم
هـەردێ نیـیـە خـۆمی لـێ وەشـێـرم

کـــوردایەتیـــیـــە گـــوناھ و ســـووچم
وەک مـــۆمێ دەســـاچم و دەســـووچم
ھەرچەندە کـە نیـمـە ھیچ دەرووی ڕوون
ھـەر دژ دەگـــەڕێ گـــەڕانـی گـــەردوون
دەســـتم لـە ھـومـــێـــدێ بـەرنـەداوە
چـاوم لـە پـســـــــانـی بـەنـد و داوە
پـــێـــم وایـــە دوا بـــە ڕۆژی ڕەش دێ
زۆر نـاچێ کـــە باو و ڕۆژی مـــەش دێ
جـــا با پـتـــریش بەدەرد و کـــوڵ بم
بـا ڕووت و کـــڵـــــۆڵ و داخ لـە دڵ بم
ســـــەد ھـێـنـدە پـەژارە لـێـم وەکـــــۆبـێ
کـــورد ھـەر دەبـێ ڕۆژێ ســـەربەخـــۆ بـێ
بـا مـن بـە ھـەژاری بـچـــمـــــە بـن گـڵ
کـورد ڕۆژێ دەبـن بـە گـوڵ لەســـەر چڵ
ھـــەر ھـێـنـدە تـکـام لـە تـۆیـە ڕۆڵـەم
مـــەڕوانـە کـــە ئـەم شـــڕ و شـــڕۆڵـەم
زۆرتـر لـە مـنـیـش کـــــز و ھـەژار بـی
بـێ یـار و نـزار و لـێـــــــو بـەبـار بـی
دەربـەس مـــەبـە بـۆ گـــەلـت بـکـۆشـــــە
ژەھـراوی لەســـەر بـنـۆشـــە خـــۆشـــە
بـاوکـی تـۆ چـلـۆن بـوو شـــــۆێـنـی بـگـرە
حـــیـــزانـە مـــەژی بـە مـــەردی بـمـرە

پێڕست

مەم و زینی خانی چییە؟ 5
پەسنێ خودێ 25
گازی و لاڤایی 28
پەسنێ پێغەمبەر 33
خواستنامەهدەر ژ پێغەمبەر 39
کول و دەردێ مە کوردا 42
چما ب کوردی نڤیسییە؟ 46
مەی ژ مەیگەر خوەستن 50
مـیـرێ بۆهتـان و خـویشکێت وی 56
رندی و ئەڤین 62
تاجدین و مەم 64
سەرسالّ 67
سەیر و گەشت لە دەشتێ 69
جلکێد کەچکان ل لاوان 71
دوو کوڕێ نەنیاس 72
ژانا برینێ ئەڤینێ 78
نیچیر بوونا نیچیرڤانا 82
حـەیرینا دایین 86
رەمل و مەندەل 89
بژیشکا دەرەوین 91
ئەڤیندار کفشن 95
چاڤ نهێری! 98
خوازگینی 101
شاهی و گۆڤەند 108
قالا شـەمال 115
بویک و زاڤا 118
بەکر عەوان 122
زین و مـەم و خەم 129
زین ژ خـەمێرا دبێژە 134
ب خوەها خوەڕا 135
ل فندێ ب گازنە 136
گلی ل منمنۆکێ 137

مەم و ژانا ئەڤینێ 139
پەیڤینا مەم دگەل چەم 141
لاڤایی مەم ل بەر بایی 143
گلی و گازن ژ دلێ کول 146
دەما بوهارێ و گاڤا شکارێ 151
باغ و بەخچا میر 154
گول ب گولاڕا داخێوە 156
ژوان 160
میر و مەزن سەردا دچن 165
برای تەنگانە 169
ئەڤین نایەتە ڤەشارن 172
میر و مەم دلەیزن 175
مەم د کەلهێدا 181
داغا ئەڤینێ ل زینێ 186
تاجدین دغەیدە 190
مەیدانێ مەردان 193
شوفار بخوە دحەسە 195
شیرەتا بێ بەختی یێ 198
زین ل هەمبەرێ میر 201
وەصیەتا زینێ 208
بویکا زیندانێ 214
شین بۆ مەمێ 222
دلۆڤانییا زینێ 226
زین ل سەر گۆڕێ مەم 228
چقلێ مەم و زینان 234
بەکر و رەحما خودێ 236
ئەڤین گەنجینەیە 241
رێکی خودێ ناس کرنێ 244
بناشتێ خانی ب قەلەمێ خوەڕا 253
مەم و زین بە موکریانی – سۆرانی 259
سەرەتا 261
بەرکولێک لەلایەن وەرگێڕەوە 273
دیباچە 283
پەسەندی خوا و پاڕانەوە 286

چۆنیەتی و گەورەیی پێغەمبەر 291
پێغەمبەر دەکاتە تکاکار 297
بەدبەختی کوردان دەڵێ و بە مەردایەتییان هەڵدەڵێ 300
هۆی ئەم نووسینە و داد لە دەست گەردوونی چەپگەڕ 304
پێشدەستەیەک بۆ چیرۆک 308
پەسندی میری بۆتان و جووتە خوشکە جوانەکەی 314
دیسان رانانی جوانی ئەو دوو چاوبازانەیە 319
ئازایەتی تاژدین و برایانی و دۆستایەتی مەم و تاژدین 321
جێژنی نەورۆز 324
سەیرانی جێژن و دەزگیران گرتن 327
خۆ گۆڕینی تاژدین و مەم لە بەرگی کیژاندا 329
گرفتار بوونی مەم و زین و ستی و تاژدین بە داوی ئەوین 330
تاژدین و مەم بە دەردی خۆیان دەزانن 336
زین و ئەستی بە چ دەردێ چووبوون؟ 340
تایەن لەم وتانە سەرگەردانە 344
تایەن دەچتە کن نوشتەنووس 347
درکاندنی رازی دڵ لەلای تایەن 353
گەڕانەوەی پیرێژن بۆ لای چاومەستان 356
خوازبێنی ئەستی بۆ تاژدین 359
رازاندنەوەی کچان و گواستنەوەی ستی 366
زاوا دەچێتە پەردە بۆ لای بووک 373
پێک گەیشتنی زاوا و بووک 376
تێ چاندنی بەکر مەرگەوەڕی شۆفار و دوو زمان 380
گریان و شیوەنی زینێ لەتاو و تۆپێی ئەوینێ 387
زین لەگەڵ پەژارەدا داخێوێ 391
سکالای دوور بەدوور لەگەڵ خوشکیا 392
زین بوخچەی دڵی لای مۆمی داگیرساو دەکاتەوە 393
زین رووی گفتوگۆی دەکاتە پەروانە 395
سووتانی مەم لە دەردی دووری زینێ 397
پەیوینی مەم لەگەڵ چەمی دەجلەدا 399
رووی وتاری دەکاتە شنەبا 401
سەرکۆنەی دڵی خۆی دەکات 404
دەرچوونی میری بۆتان بۆ راو و نچیرێ 408
پەسنی باغی میری بۆتان دەدا 411

ژوانی زین و مەم لە باغی میردا 412
مەمیش بەرەو باغ دەڕوا 415
میر و راوکەر بەسەریاندا دێن 420
برای چاک بۆ رۆژی تەنگانە بەکارە 424
رازی دڵداری زین و مەم بەگوێی میر دەگا 427
میر و مەم شەترەنج دەلەیزن 430
مەم لە گرتووخانەدا بۆتە چلەکێش 436
زین گلەیی لە گەردوون و چارەڕەشی خۆی دەکا 441
تاژدین و برایانی لە بیری چارەدان 445
راسپاردەیەک رادەسپێرنە لای میر 448
میر لەبەریان دادەنوێنێ 450
بەکری شۆفار داوی مەرگ بۆ مەم دەنێتەوە 453
میر بەو بیرەوە دەچتە لای زین 456
زین داوا راسپێری خۆی بە کاکی دەڵێ 463
زین سەری کوشتەی خۆی دەدا 469
شین بۆ مەمی هەژار و کوژرانی بەکری بەدکار 477
زین دڵی بە بەکر دەسووتێ و بۆی دەپارێتەوە 481
زینیش لە سوێی مەم دڵی دەتۆقێ 484
چقڵی مەم و زینان 490
پیاوچاکێ خەون بە بەکرەوە دەبینێ 492
چی نووسیوە و بۆچی نووسی 497
وردەکارییەکی دەروێشانە 500
سکاڵایەک لەگەڵ بنووسەکەیدا 508
هەژار ئامۆژگاری بۆ شێرکۆی کوڕی خۆی دەکات 513